# دیوان

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز
**مەسعودی مەلا هەمزە**

سەرپەرشتیاری گشتی
**بێکەس حەمە قادر**

بەڕێوەبەری نووسین
**محەمەد گۆران**

ژمارە (٢٠) کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ زایینی - ڕێبەندانی ٢٧٢٣ کوردی


## زمان و ڕێنووس، یان ناوەڕۆک

بەردەوام لێرە و لەوێ، کە باسی کتێبێک، یان وتارێک دەکرێت، نەمبیستووە باسی ناوەڕۆکەکەی بکرێت، هەر گوێم لێبووە گوتوویان زمانەکەی واو ڕێنووسەکەی وا.
مەبەستم ئەوە نییە بڵێم زمان و ڕێنووس گرنگ نین، بە پێچەوانەوە، من ئەم دوو ئامرازە بە کۆڵەکەی بنچینەیی گەیاندنی ناوەڕۆک دەزانم، بەڵام دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە ئەگەر ناوەڕۆکیش هیچی زیاتر نەبێت، کەمتر نییە.
ئەوەی وایکرد ئەو بابەتە بێنمەوەگۆڕێ ئەوەیە، کە لەوەتەی گۆڤاری دیوان دەردەکەین، یەکێ لەو کێشانەی هەمیشە ڕووبەڕووی دەبینەوە، ئەو سەرنجەیە، کە بەدەگمەن نەبێت ڕۆژێک، نەمبینی و نەمبیست، یەکێ لەسەر ناوەڕۆکی بابەتێک شتێکمان پێ بڵێت، بەڵام بەردەوام لەسەر لایەنی زمانەوانی و ڕێنووس و جاروباریش هەڵەی چاپ، مشتومڕمان لەگەڵ دەکەن.
بە دڵنیاییەوە مشتومڕێکی بەسوود، بەڵام بێ ئەنجام، بۆ؟ چونکە ڕاستە لێرە و لەوێ چەند نامیلکەیەک، وەک ڕینمایی بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی ڕێنووسی کوردیی دەرکراون، لەسەرووی هەمووشیانەوە لە لایەن (ئەکادیمیای کوردی)یەوە، بەڵام هەموو ئەمانەش نەبوونەتە هۆکارێک بۆ دروستکردنی بۆچوونێکی هاوبەش، مەگەر لەسەر هەندێکی نەبێت، وەک نەنووسینی دوو (وو) لە سەرەتای وشە و نووسینی (ڕ) لە سەرەتادا و هەندێک وشەی دیکەش، کە ناکرێت لێرە ڕیزیان بکەم، چونکە هەمدیسان ئەوانیش هەموویان کۆدەنگیان لەسەر نییە.
دەکرێت بڵێم، وێڕای کۆدەنگی لەسەر چەند وشە و زاراوەیێک، ئەوانی دیکە هەر نووسەرێک بە ئارەزووی خۆی، چۆنی پێ ڕاستە وای دەنووسێت، کە ئەمەش بۆ ئێمە گرفتێکی گەورەیە و سەریان لێشێواندووین.
ئەگەرچی، ئێمەش وەک گۆڤاری دیوان، هەوڵمان داوە لە پێناو لێک نزیک کردنەوەی بۆچوونەکان و بوونە مینبەرێکی باش بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی ڕێنووس و زمانی کوردیی هاوئاهەنگ بین، بەڵام هەمدیسان ئەوەشیان ئاسان نییە، بۆ؟
چونکە زۆر لەو نووسەرانەی بابەتمان بۆ دەنێرن، یەکێ لە مەرجەکانیان ئەوەیە، دەستکاری ڕێنووسەکانیان نەکەین و وەک خۆی بڵاویان بکەینەوە، بۆیە یان دەبێت بە گوێیان بکەین و وەک خۆی بڵاوی بکەینەوە، یان ئەوەتا بۆی بڵاونەکەینەوە، ئەمەش بۆ ئێمە گرفتە.
نووسەر هەیە تەنیا لەبەر ئەوەی (ر) سەرەتامان لێکردبووە (ڕ) جارێکی دی نووسینی بۆمان نەنارد، هەموو نووسەرێکیش لەو ئاستەدا نییە، ئێمە بە گوێیان بکەین، ئەگەرنا دەکرێت لە پەراوێزی بابەتەکەیدا بۆی بنووسین لەسەر داخوازی نووسەر، ئەم بابەتە وەک خۆی بێ دەستکاری ڕێنووسەکەی بڵاوکراوەتەوە.

*سەرنووسەر*


هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام



دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر (٠٧٥٠٤٤٩٥٦٥٤ - ٠٧٧٠٤٤٩٥٦٥٤)
تیراژ: ١٠٠٠ دانە



هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەکرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە

## لەم ژمارەیەدا


* دۆسیە: (زەینەب خان)
١. بۆ زەینەب خان؟ سمكۆ عەبدولكەریم ..... ٤
٢. زەینەب خان كێیە و كێ بوو؟ محەمەد گۆران ..... ٥
٣. هەڵسەنگاندنێكی دیوانی زەینەب خان .. / د. زرار صدیق تۆفیق ..... ١١
٤. عەبدوڵڵا زەنگەنە لەچاپكردنی دیوانی زەینەب خان پەشیمان بووەتەوە؟ ..... ٣٢
٥. لەبارەی دیوانەكەی زەینەب خانەوە/ سوداد ڕەسووڵ ..... ٣٤
٦. كام سەرنجی دەقناسی، لەبارەی زەینەب خان-ەوە؟ پێشڕەو سەید برایم ..... ٤٥

* مێژوو:
١. شێخ مەحموود، لە نێوان لایەنگرانی ئینگلیز و توركخواكاندا / ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی ..... ٥٢

* ئەدەب:
١. دیوانی (گۆرانییەک لە دڵمایە) خوێندنەوەیەكی ڕەخنەییيانە (بەشی یەكەم) پ.د.ئیدریس عەبدوڵڵا ..... ٦٢
٢. ڕەهەندی مێژوویی زمان لە ڕۆمانی پاشای گەورە دا/ سەدیق سەعید رواندزی ..... ٦٧
٣. سەرەتای خاڵی سفر/ مەهدی زریان ..... ٧٢
٤. سەر بەرە و خوار/ موحسین ئاوارە ..... ٧٣
٥. پاییز قیامەتی زەعفەرانی/ شێركۆ مەحموود ..... ٧٤

* ڕۆشنبیریی گشتیی:
١. دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار، عێراق، وەک نموونەیەک/ محەمەد فاتیح ..... ٧٦
٢. لە سەردەمی جیهانگیریدا (بەشی یەكەم) عومەر عادل عەبدوڵا ..... ٨٢
٣. پێداویستییەكانی بەكوردی كردن، بەكوردی كردنی تابلۆ بە نموونە / پارێزەر تاریق جامباز ..... ٨٧
٤. ناشیرینكردنی بینین/ قەرەنی جەمیل ..... ٨٩

* دیدار:
١. دیداری جەلال بەرزنجی ..... ٩٢

* هونەر:
١. هونەری پۆرترێت و تارا خەلیل / تاریق كارێزی ..... ١٠٠
٢. مۆنۆدرامای نوكتەچی لە فۆرمێكی گرۆتێسكیدا / حەمەسوار عەزیز ..... ١٠٥
٣. سروودی ئەی ڕەقیب لە تای تەرازوودا (بەشی چوارەم و كۆتایی) ئەسعەد قەرەداخی ..... ١٠٩
٤. فیلمی دیكۆمێنتاری لە كوردستان .. هونەرێكی فەرامۆشكراو / ستار محەمەدئەمین ..... ١١٣

* خوێندنەوەی كتێب:
١. مێگەل/ د. مەولود ئیبراهیم حەسەن ..... ١١٨

* لەبری بیرەوەری:
١. شەو لەكێوان (بەشی١٤) د. ئەرسەلان بایز ..... ١٢٤

* وێستگەی دیوان:
١. (١) پرسیار (وەلید مەعرووف) ..... ١٣٠
٢. یەكەم بابەت (حوسامەدین سەرداری) ..... ١٣٢
٣. گۆشەی دیوان (لە مەم- دوە بۆ) ..... ١٣٣
٤. بەدووا داچوون و چەند ڕاستكردنەوەیەک / جیهانبەخش كۆیی ..... ١٣٦
٥. دیوانی هەولێر (مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی) نازم دڵبەند ..... ١٣٧
٦. لە دەفتەری نەمریدا (پ.د. ئازاد عوبێد ساڵح) ..... ١٤٠
٧. لە دەفتەری نەمریدا (عومەر چاوشین) ..... ١٤٢
٨. ساڵۆنی لاپەرە (٩) ..... ١٤٣

* لاپەرە ١٤٤:
١. بە دەستنوێژەوە! مەسعودی مەلا هەمزە ..... ١٤٤

# دۆسیە

# زەینەب خان

## ١٩٠٠/٣/٢١ - ١٩٦٣/١/١٨

زەینەب خان، خوشکێک و حەفت برای هەبووە (عەونی) برا گەورەیان هەر بەمنداڵی کۆچی دوایی کردووە (سەعدی و ئاسەف و حەمید و جەواد و یونس و مەجید و فاتیمە) بوون. زۆربەیان خاوەن بڕوانامەی بەرز و خوێندەوار و ڕۆشنبیر بوون. زەینەب ئەدەبیات و زانستەکانی خوێندووە و ئاگاداری ڕەوشی پەرەسەندووی ئەدەبیات و ڕێبازەکان بووە، زانیویێتی گەلان لەڕێگەی هۆشیارییەوە بەئامانجەکانیان گەیشتوون، هەم دایک و هەم خوشک بوو بۆ خوشک و براکانی دیکەی، بەتایبەتی کاریگەری قووڵی بەسەر دڵدار جێهێشتووە



# بۆ زەینەب خان؟

دوای ئەوەی دۆسیەی ژمارە (١٦)ی گۆڤاری دیوان-مان تەرخان کرد بۆ دڵداری شاعیر، بەبیرمدا هات لە چەند مانگی دادێت زەینەب خان-ی خوشکی دڵداریش بەسەر بکەینەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بینیمان، دوای چاپ و بڵاوکردنەوەی دیوانەکەی لە ساڵی ٢٠١٨ هێشتە مشتومڕ و ڕەخنە و نووسین لە بارەیەوە، لە نێوان ئەوانەی پشتیوانی دەکەن و ئەوانەش، کە دژیین بەردەوامە.
وامان دانابوو دۆسیەی ژمارەی ڕابردوومان لەسەر زەینەب بێت، بەڵام لەسەر داوای کەسێکی وابەستە بە خانەوادەکەی دوامانخست بۆ ژمارەی ئەم مانگە، بەو مەبەستەی دەرفەتێک بدرێتە کەسانێک لە خانەوادەکەی بەشداری دۆسیەکە بکەن و بە گوێرەی پێویست، چ بە نووسین، یان بەڵگەی دەستنووس بتوانن شتێک لەو گومانانە بڕەوێنەوە، کە سەبارەت بە ڕاستی و دروستی شاعیریەتی زەینب خان-ەوە دروست بووە، بەڵام دوای پەیوەندیشمان پێیانەوە، هیچ وەڵامێکیان نەبوو، ئەگەرچی لەوەش ئاگادار بووم، کە بە هۆی بڵاوکردنەوەی بابەتەکەی عەبدوڵڵا زەنگەنە لەسەر بەدواداچوونی دۆسیەکەی سەر دڵدار لە ژمارە (١٨)ی دیوان، نیگەران بوونە و پێیان وایە ئەم نووسینەی زەنگەنە تەشهیری تێدابووە و هەندێک شتی باس کردووە، کە هیچ پەیوەندییان بە بابەتەکەوە نەبووە.
لەگەڵ ئەوەشدا پێمان باش بوو دۆسیەکە زیاتر لەوە دوانەخەین و لەم ژمارەیەدا بڵاوی بکەینەوە.
ئامانجیشمان لەو کارە ئەوەیە، بتوانین ڕۆشنایی زیاتر بخەینە سەر ئەم بابەتە و مینبەرێک بین بۆ بەلایک داخستنی ئەو مشتومڕەی لەم بارەیەوە لە ئارادایە و تا ئێستەش یەکلا نەبووەتەوە.
ئەگەرچی تا ئەوکاتەی دەستنووسی شیعرەکانی زەینەب نەخرێنەڕوو، ئەم گفتوگۆیە هەر بەردەوام دەبێت، ئەنجامەکەشی جگە لە ئاسنی سارد کوتان شتێکی دیکە نابێت.
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆجار واکەوتووەتەوە ئەم جۆرە مشتومڕ و گفتوگۆیانە سەریان کێشاوە بۆ بابەتی دیکەی ڕۆشنبیریی و شتی دیکەی لێ شین بووە، ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە وایکرد دەست لەو بابەتە هەڵنەگرین.
ئێمە جگە لە مینبەر، لایەنگیری هیچ کامێکیان نین، کاریشمان بەسەر ئەوەوە نییە ڕاستییەکان لای کامەیانە، ئەوە باوەڕی خوێنەرانە دوای خوێندنەوەی بیروڕاکانی هەردوولا ئەو تێگەیشتنەیان لا دروست دەبێت، کە ڕاستییەکە لای کامەیانە، بەڵام ئەوەی تا ئێستە تێبینیم کردووە، قسە و باس و ڕەخنەکان زیاتر لە چوارچێوەی زمان و ڕێنووسدا دەخولێنەوە، کە هەندێک لە شارەزایانی زمان باوەڕیان وایە، زۆر وشە لە دیوانەکەی زەینەب-دا بەکارهاتوون مومکین نییە لەو سەردەمەدا ئەو وشانە بەوشێوەیە بەردەست و لەسەر زاران بووبن، ئەگەرنا پێم وانییە کەس بتوانێت، یان بیەوێت ئینکاری بوونی کەسایەتییەکی وەکو زەینەب خان بکات، چ وەکو ژنێکی خانەوادەیەکی دیاری کۆیە و چ وەکو کەسێکی خوێندەوار و خاوەن کتێبخانە، کە من بۆخۆم بەشێکی کتێبەکانی نێو کتێبخانەکەی خۆی و بنەماڵەکەیم دیوە، کە لە پاشماوەی کتێبخانەیەکی ڕۆشنبیریی دەچێت، بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانانەی لەسەر شاعیریەتی زەینەب دروست بووە، بەتایبەتیش ئێستە خودی عەبدوڵڵا زەنگەنەش، کە پێشەکی بۆ دیوانەکە نووسیوە و ئەرکی پێداچوونەوە و ڕێکخستنیشی لە ئەستۆ گرتبوو، کەوتووەتە نێو ئەم خەیاڵی گومانەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە خانەوادەی زەینەب ئامادەنین هیچ پەڕەکاغەزێکی دەستنووسی ئەو ژنەی بخەنە بەردەست، بۆ ئەوەی بتوانێت لە شوێنی خۆی وەڵامی هەموو ئەوانە بداتەوە، کە ئەویان خستووەتە بەردەم قەدەرێکی نادیار، بۆیە نە دەتوانێت داکۆکی لە ڕاستی بوونی شاعیریەتی زەینەب بکات، نە دەشتوانێت ئەو ڕاستییەی پێشتر خۆی دانی پێداناوە ڕەت بکاتەوە، هەربۆیە تا ئێستە بێدەنگی هەڵبژاردووە، ئەگەرچی لێرە و لەوێش ئەو نیگەرانی و گومانەشی، کە لای دروست بووە نەشاردووەتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیار و سەرسوڕمانە، زەنگەنە لەنێو ئەو هەموو بینەوبەردەیەشدا هەستاوە بە دووبارە چاپکردنەوەی دیوانەکەی زەینەب، بەڵام بڵاوی نەکردووەتەوە و نەیخستووەتە بەردەست خوێنەران.
سەرەنجام پێموایە ئەم مشتومڕە تەنیا بەخستنەڕووی دەستنووسەکان و توێژینەوەیەکی زانستیی بۆ ساخکردنەوەیان کۆتایی پێدێت، کە ئەمەش ئەرکی عەبدولڕەحمان بێلاف-ە وەکو کەسێکی نزیک لەو خانەوادەیە، بەو ئەرکە هەستێت و ئاویک بەو ئاگرە دابکات.

**سمکۆ عەبدولکەریم**



# زەینەب خان کێیە و کێ بوو؟

محەمەد گۆران

زەینەبی مەلا ڕەئووف، لەسەردەمی عوسمانییەکاندا کە ئەوکاتە عێراق سێ ویلات بووە و سەر بە ئیستانبۆڵ بووە، ماوەی شەش ساڵ لەبەغدا لەقوتابخانەی ڕوشدیەی کچان دەخوێنێت.

(کچە کورد) جگە لەوەی شاعیر و زمانزان و ڕۆشنبیرەکی سەردەمەکەی خۆی بووە، چالاکوانێکی بواری مافەکانی ژنانیش بووە، هاوکات دەستەی دامەزرێنەری دوو پارتی کوردی و پاڵپشتێکی گەورەی (دڵداری شاعیر)ی برا بچووکی بووە.

زەینەب خان کچە گەورەی مەلا ڕەئووفە فەندی، شاعیر و نووسەر و زمانزان و ڕۆشنبیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە، تاکە ئافرەتی کورد بووە لەو سەردەمەدا، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری دارکەر و هیوا بێت، لەگەڵ بیرە کوردایەتییەکەی، لەهەمانکاتدا کەسێکی ئایینداریش بووە، لەشاری کۆیە زیاتر لە ١٢ هەتیوی گەورە و بەخێو کردوون. لەماڵی باوکی دەرسی بەکچانی کۆیە گوتووە و لەپاڵ ئەوەشدا، بیری نیشتمانپەروەری و کوردایەتی لەمێشکدا چەسپاندوون (دڵدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢٠١٩، ل٢٣).

### خوێندەواری و گرنگی زمان لای زەینەب خان

زەینەب کچی مەلا ڕەئووف ئەفەندی کوڕی مەحموود ئەفەندی کوڕی مەلا سەعیدی بنەماڵەی خادم سەجادیە. لە ٢١ی ٣ی ١٩٠٠ لەگەڕەکی (بەفری قەندی) شاری کۆیە لەبنەماڵەیەکی ئایینی خوێندەوار و نیشتمانپەروەر و ڕۆشنفکر و مەدەنی سەردەمی خۆی لەدایکبووە. دایکی (زەهوە خان) کچی خورشیدە فەندی کوڕی عەبدوڵڵا فەندییە. خورشیدە فەندی باپیرەی زەینەب (لەدایکییەوە) لەبنەماڵە عالیمزادە و خزمی حاجی قادری کۆییە و لەسەردەمی عوسمانییەکاندا قایمقامی کۆیە بووە. (ئەحمەد، ٢٠٢٢، ل١٧٩)

دڵداری شاعیر، لەبارەی دایکییەوە دەڵێت: «فامیلیا (بنەماڵە)ی دایکم عالم زادەن و لەزەهاوەوە هاتوونەتە قەراخ زێی گەورە و ئیسکانیان کردووە، تا حاجی قادری کۆیی مەشهوور لەم فامیلیایەیە« (دڵدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢٠١٩، ل٢٩)

مەلا ڕەئووف ساڵی ١٩٠٦ز (زەینەب خان)ی کچی بردووە بۆ ماڵی (عەبدوڵڵا خورشیدە فەندی) خاڵی زەینەب لەبەغدا. لەوێ لە (قوتابخانەی ڕوشدیەی کچان) کە ئەو قوتابخانەیە، یەکەم قوتابخانەی حکوومی کچان بووە لەبەغدا، زەینەب خراوەتە بەر خوێندن. قوتابخانەی ڕوشدیەی کچان ساڵی ١٩٠٠ز



زەینەب خان



> **زەینەب خان خوازبێنی (عەدەویەی مستەفا فەندی) بۆ دڵدار کردبوو، بوو بە دەزگیراندار، بەڵام مردن بە قسمەتی نەکرد، لەسەر ڕاسپاردەی زەینەب خان-یش دڵدار لە هەولێر نێژرا**

لەسەردەمی (نامیق پاشا) کراوەتەوە و زەینەب خان لەوێ تاکو پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە، دواتر (مەلا ڕەئووف ئەفەندی) باوکی هێناویەتییەوە شاری کۆیە، لەوێش دەستیکردووە بەخوێندنی ئایینی و چەندان کتێبی زانستی، لەگەڵ (بوستان و گوڵستان و ئەدەبیاتی فارسی) زەینەب خان زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی و عیبری زانیوە. ئەحمەد، ٢٠٢٢، ل١٧٩).

پەروین ئاسەف ڕەئووف، دەڵێت: «دێتە بیرم کە منداڵ بووین، پوورم (زەینەب خان) شیعرەکانی حاجی قادر و پیرەمێرد و نالی بۆ دەخوێندینەوە و پێی لەبەر دەکردین، لەگەڵ خوشکەکانم هەرچی زووتری لەبەر کردبا، بەخشیش و دیاری وەک تەشجیعێک پێدەداین. مامم مەجید کە برابچووکی هەمووان بوو، واتا کوڕە بچووکی مەلا ڕەئووف، دەیگێڕایەوە و دەیگوت: زەینەب خان زۆر گرنگی بەزمانی کوردی دەدا و هەمیشە دەیگوت بەزمانی کوردی بنووسن، نابێت زمانی خۆمان لەزمانی بێگانە بەبچووکتر و کەمتر بزانین، نابێت زمانی خۆمان لەنێو زمانی دوژمناندا بتوێنینەوە، گرنگترین شت بۆ ئێمەی کورد زمانەکەمانە، ئێمە جگە لەزمانەکەمان چیدیکەمان نییە خۆمانی پێ بپارێزین.

تورک دەڵێت زمانی کوردی بوونی نییە و نکۆڵیمان لێدەکەن، عەرەبیش هۆکاری دیکە بەکاردەهێنن، فارسیش دەمانگێڕنەوە بۆ مێژووی خۆیان و یەک ڕەچەڵەک، ئێمە میللەتێکی کۆنین و خاوەنی زمان و دابونەریتی تایبەت بەخۆمانین و دۆستایەتی هەموو نەتەوەیەکمان پێ ڕەوایە، بەڵام نابێ ببێتە هۆی توانەوەمان، چەکی دەستمان زمانەکەمانە، دەبێ بیپارێزین»(دڵدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢٠١٩، ل٢٤).



بەشێک لە کتێب و دەستنووسەکانی کتێبخانەی زەینەب خان و بنەماڵەکەی

## زەینەب، هەم خوشک هەم دایک بووە بۆ خوشک و براکانی

زەینەب خان، خوشکێک و حەفت برای هەبووە (عەونی) برا گەورەیان هەر بەمنداڵی کۆچی دوایی کردووە (سەعدی و ئاسەف و حەمید و جەواد و یونس و مەجید و فاتیمە) بوون. زۆربەیان خاوەن بڕوانامەی بەرز و خوێندەوار و ڕۆشنبیر بوون. زەینەب ئەدەبیات و زانستەکانی خوێندووە و ئاگاداری ڕەوشی پەرەسەندووی ئەدەبیات و ڕێبازەکان بووە، زانیویتی گەلان لەڕێگەی هۆشیارییەوە بەئامانجەکانیان گەیشتوون، بۆیە هەم دایک و هەم خوشک بوو بۆ خوشک و براکانی دیکەی، بەتایبەتی کاریگەری قووڵی بەسەر دڵدار جێهێشتووە. (ئەحمەد، ٢٠٢٢، ل ١٨٠).

مەجیدی برای زەینەب دەڵێت: «زەینەبی خوشکم پاڵپشتی زۆری لەخۆم و لەبراکانم کردووە، بەتایبەتی یونس (دڵدار)ی برام، کە هەر لەلای خوشکم بوو، وەک دڵدار خۆیشی لەیاداشتنامەکەیدا دەڵێت مامۆستای هەرە گەورە و مورشیدم، دایکم و خوشکی لەخۆم گەورەتر بووە« (دڵدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢٠١٩، ل٩٧).

دەبێت ئەوەش لەبیر نەکرێت، ئەگەر دڵسۆزی و قەدرزانی شاعیر و ڕۆشنبیرێکی گەورەی وەک (زەینەب خان)ی خوشکی گەورەی دڵدار نەبووایە، کە لەدوای مردنی دڵداری جوانەمەرگی برابچووکی، بەرهەم و دەستنووسەکانی لای خۆی پاراستبوون و دواتر زەینەب خان ئەم ئامانەتییە دەخاتە ئەستۆی برا بچووکەکەی دیکەی (مەجید ڕەئووف) کە ٣٢ ساڵی ڕەبەق وەکو کۆرپەیەکی بەناز ئەم دیوانەی شیعر و سەرجەم بەرهەمەکانی پاراستووە.

(نەرمین ئاسەف) دەڵێت: «لەماڵی زەینەب خانی پوورم، بەرهەمە ئەدەبییەکانی دڵدار، هاوینان هەموو ئێوارەیەک، وەک کۆرپەی ساوا دەمانبردە سەربان، سبەینانیش دەمانهێناوە ناو سندووق»(دڵدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢٠١٩، ل٩)

پەروین ئاسەف ڕەئووف، دەڵێت: «دوای مردنی ئاسەفی باوکمان، ئێمە (نەرمین و نەسرین و پەروین و سمکۆ) کاتێ باوکمان وەفاتی کرد هەموومان بچووک بووین، پوورم زەینەب خان ئێمەی بردە لای خۆیی و بەخێو و پەروەردەی کردین، تاکو هەموومانی پێگەیاند. کاتێ ئێمە گەورە بووین حەزمان دەکرد شوو بەکوڕەکانی پوورم زەینەب خان بکەین. سێ کوڕی هەبوون (فازیل) لەئێمە گەورەتر بوو، حقووقی تەواو کردبوو، ڕۆشنبیرێکی گەورە و زۆر زیرەک بوو، وتاری بەعەرەبی دەنووسی، نەرمین و نەسرین حەزیان دەکرد شووی پێبکەن. ڕەمزیش کولیەی زراعەی تەواو کردبوو، ئێمەیان نەهێنا و دەیانگوت ئێوە خوشکمانن و بەیەکەوە گەورە بووین»..(دڵدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢٠١٩، ل٢٣).



> «لەماڵی زەینەب خانی پوورم، بەرهەمە ئەدەبییەکانی دڵدار، هاوینان هەموو ئێوارەیەک، وەک کۆرپەی ساوا دەمانبردە سەربان، سبەینانیش دەمانهێناوە ناو سندووق»

### کاریگەری زەینەب لەسەر دڵداری شاعیر

پەروین ئاسەف ڕەئووف، کچە برای زەینەب خان دەڵێت: «دڵداری مامم کاتێ لەدایک دەبێت، زەهوە خانی دایکی نەخۆش دەکەوێت، ئیدی زەینەب خانی خوشکە گەورەی بەخێوی دەکات و زۆربەی کاتی ژیانی لای خوشکی بووە، هەر ئەویش پەروەردەی کردووە و پێی گەیاندووە. پوورم زەینەب هەموو جارێک، کە باسی دڵداری دەکرد، فرمێسکی دەوەراند و دەیگوت: کاتێک کە بەپێ ڕێی دەکرد، لەڕۆیشتن، یان پیاسەی کردبا، دەستی ڕاستەی دەبردە پشتەوە و پشتە دەستی بەپشتی خۆی وەدەنا ئینجا دەڕۆیی، لەڕاوەستانیشدا دەستی چەپەی دەکردە ناو گیرفانی بانتۆڵەکەی. بەر لەمردنی دڵدار، زەینەب خان خوازبێنی (عەدەویەی مستەفا فەندی) بۆ کردبوو، بوو بەدەزگیراندار و مردن بەقسمەتی نەکرد، لەسەر ڕاسپاردەی زەینەب خان-یش دڵدار لەهەولێر نێژرا». (دڵدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢٠١٩، ل٢٤)

زەینەب خان دوای ئەوەی شوو بەسەعید ئاغا دەکات، خۆی و هاوسەرەکەی هەمیشە هاوکاری دارایی دڵداریان کردووە، بەڵام بەهۆی بێ نەفسی و خاکەڕایی خۆیەوە، دڵدار بەشێکی زۆری ئەم پارەی لەکاری ڕێکخراوەیی و خەڵکی هەژار مەسرەف کردووە و هیچی بۆ خۆی هەڵنەگرتووە. وەک (مەسعود محەمەد)



دەگێڕێتەوە: «وەها بووە شەوورۆژێک لەیەکتر دابڕاوین بەهۆی خەریکبوونی دڵدار بەحزبایەتییەوە، ئینجا کە ڕۆژی دوایی بەدەوری مێزی چێشتخانەوە کۆبووینەتەوە تێیگەیاندووین، کە لەدوێنیوە هیچی نەخواردووە، چونکە دوایین فلسی لەپێڕێوە خەرج کردووە، بەکەسیشی نەگوتووە برسییە و پارەشی پێ نییە«

حەمیدی براگەورەی دڵدار دەگێڕێتەوە: «زەینەب خانی خوشکە گەورەمان، کە خێزانی سەعید ئاغا بوو، هەموو مانگێک لەگەڵ سەعید ئاغا پارەی باشیان دەدایێ، بەڵام دڵدار پارەکەی هەموو بەحزب دەبەخشی و خۆی بەدەست خاڵی دەمایەوە« (دڵدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢٠١٩، ل١١٣)

لەکاتی وەفاتکردنیشدا، هەر لەسەر داواکاری زەینەب خانی خوشکە گەورەی، دڵدار لەهەولێر نێژرا، لەڕێوڕەسمێکی شایستەدا، بۆ یەکەمجار بووە ئافرەتی کورد (زەینەب خان) وتارێکی لەسەر گۆڕی دڵدار پێشکەش کرد، کە باسی خەباتی کورد و کوردستان و دڵدار و مێژووی کوردی بوو لەهەموو هەولێر دەنگی دایەوە. (دڵدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢٠١٩، ل٩٢)


زەینەب خان و سەعید ئاغای هاوسەری و دڵداری شاعیر

بۆ مەرگی ناوادەی دڵداری شاعیر، زەینەب خان شیعرێکی بەناوونیشانی (شیوەنی دڵدار) نووسیوە و دەڵێت:

***شەهسواری عەرشی کورد و یونسی دڵدارم ڕۆ***
***قەڵەمی عیلم و ئەدەب و شکۆفەی بەهارم ڕۆ***
***سورەتی قەومی خۆی کێشا بۆ ئەجیالی پاشی خۆی***
***دڵ بە ڕەحم و میهرەبان و سوارچاکی نازدارم ڕۆ***
***لە حەسرەتی جەهالەت و لە قەهری بێ دەوڵەتی کورد***
***سەحەت و ڕۆحی خۆی دانا یونسی گوڵعوزارم ڕۆ***
***فەخرە بۆ ئەو غەرقی حوببی نیشتمانی خۆی ببوو***
***حب الوطن من الایمان مەقامی پایەدارم ڕۆ***
***پێم مەڵێن (زەینەب) ناشوکرە شینی دڵدار بۆ دەکا***
***ڕەسمی ئیخلاسی دەکێشم برای تاقە سوارم ڕۆ***
***جەرگ و قەلبی کون کون کردوم***
***جەفای تیری هیجرانی ئەو***

هەر بە قسە و گوفتار خۆشە بڵێم خەونی هەزارم ڕۆ (دیوانی زەینەب خان، کچە کورد، ٢٠١٨، ل١٦٤)

### بەشداریکردنی زەینەب خان لە دارکەر

زەینەب خان، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (حزبی دارکەر) و (حزبی هیوا) بووە لەهەولێر، بەر لەوەش لەگەڵ ئاسەفی برای و سەعید ئاغای هاوسەری لە (خۆیبوون) و (کۆمەڵەی منەوەران) ئەندام بووە، ئافرەتێکی چالاکی کاروباری ژنانیش بووە. خانمێکی ڕۆشنبیر و ژیر و خاوەن مەقام بووە. (ئەحمەد، ٢٠٢٢، ل١٨١).

مەسعوود محەمەدی مەلای گەورەی کۆیە، ئەویش ئەو شایەدیە بۆ زەینەب خان دەدات و دەڵێت: «دانانی دارکەر و حزبی هیوا، هەردووکیان بیرۆکەی دڵدار و زەینەب خانی خوشکی بوون، سەعدی و ئاسەفی براشیان ڕۆڵیان تێدا هەبوو» (دڵدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢٠١٩، ل١٢٩)

زەینەب خان، ساڵی ١٩٣٧ شیعرێکیشی بۆ (دارکەر) هۆنیوەتەوە و دەڵێت:

***دارکەرین، دارکەرین***
***دارکەرین، تێ کۆشەرین***

### کچ و کوڕی کوردستان

هەموومان کوردپەروەرین (مەلا ڕەئووف، ٢٠١٨، ل٩١)

### کتێبخانە و نووسینەکانی کچە کورد

زەینەب خان، بەحوکمی ئەوەی کچی گەورەی ماڵ بووە، کتێبخانەی ماڵەوەی لەدەستدا بووە، دواتر کە شوو دەکات، خۆیشی لەماڵەوە لەسەر قەڵات، کتێبخانەیەکی نایابی هەمەجۆری هەبووە. بەهەموو زمانەکان بابەتی ئەدەبی و مێژوویی و ڕۆشنبیری خوێندۆتەوە و ئاگاداری دواین پێشهات و ڕووداو و دۆخە ژیارییەکان و سەردەمی خۆی بووە. دوو لەو کتێبانەی کە سەرنجی ڕاکێشام لەنێو کتێبەکانی زەینەب خان، کتێبی (دوو ساڵ لەکوردستان)ی کاپتن های حاکمی سیاسی ئینگلیز بوو لەهەولێر، کتێبەکە نوسخەی ئینگلیزییەکەی بوو و پێدەچوو دوای ساڵەک، یان دووساڵ لەدەرچوونی، زەینەب خان دەستی کەوتبێ و خوێندبێتییەوە. کتێبێکی دیکە بەزمانی عەرەبی و لەبەیرووت ساڵی ١٩٢٥ چاپ کرابوو، بەناوونیشانی (ئەتەکێتی جل لەبەرکردن) ئەمەش ئاماژەیە بۆ شارەزایی زەینەب خان لەئەناقەت و ئەتەکێتی جل پۆشینی میللەت و نەتەوە جیاوازەکان لەو سەردەمەدا.

مەجید مەلا ڕەئووفە فەندی برابچووکی زەینەب دەڵێت: «زەینەب خان، بەناوی خوازراوی (کچە کورد) بەرهەمی شیعری و نووسینەکانی لەگۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکردووەتەوە. زەینەب ئافرەتێکی خوێندەواری وریا و زیرەک و دانا بوو، سۆزی بۆ کوردستان و نەتەوەکەی زۆربوو، هەوەسی بەکۆکردنەوەی فۆلکلۆر دەهات، لەکۆیە و هەولێر، دەفتەرێک بەستە و حیکایەتی فۆلکلۆری کۆکردبۆوە، شیعری جوانیشی دەنووسی، ئیشتراکی لەگەڵ هەندێ لەگۆڤارە عەرەبییەکان و گۆڤاری گەلاوێژدا هەبوو. زەینەب خان دوو دەفتەری پڕ کردبوون لەشیعر، دەفتەرێکی هەر زوو لەگەڵ ماڵ بارکردنمان بۆ ڕانیە، فەوتا و گوم بوو. شڕە دەفتەرێکی مایەوە، ساڵی ١٩٦٣ بەر لەوەفاتی، هەندێک لەڕێنووسی شیعرەکانی پاکنووس و پوخت کردن و بەسەردا تووشی نەخۆشی بوو



و نەیتوانی هەموویان پاکنووس بکات و سێ نوسخەی لەبەر نووسینەوە، ئیدی تا دەهات بێ تاقەتتر دەبوو و نەخۆشی تینی بۆ دەهێنا و هێزی لێ بڕیبوو. ڕۆژێکیان (گیوی موکریانی و موفتی قازی ڕەشادە فەندی) هاتنە سەردانی و بووە قسەوباسی ئەدەب، مامۆستا (گیو) بەڵێنیدا کە دیوانەکەی (زەینەب خان) پێشەکی بۆ بنووسێت و لەچاپی بدات، نوسخەی ئەسڵی دەفتەرە شڕەکە و نوسخەکی پاکنووسەکەی برد، کە چاپی بکات، لەدوای چاوەڕوانییەکی زۆر، دیوانەکەی زەینەب خان چاپ نەکرا و مایەوە، بەسەردا مامۆستا گیو موکریانی وەفاتی کرد و دەستنووسەکەمان بۆ نەگەڕایەوە و لەئەرشیفی

**زەینەب خان دوو دەفتەری پڕ کردبوون لەشیعر، دەفتەرێکی هەر زوو لەگەڵ ماڵ بارکردنمان بۆ ڕانیە، فەوتا و گوم بوو. شڕە دەفتەرێکی مایەوە، ساڵی ١٩٦٣ بەر لەوەفاتی، هەندێک لەڕێنووسی شیعرەکانی پاکنووس و پوخت کردن و بەسەردا تووشی نەخۆشی بوو و نەیتوانی هەموویان پاکنووس بکات و سێ نوسخەی لەبەر نووسینەوە**

مامۆستا گیودا بێ سەر و شوێن مایەوە» (دلدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد ، ٢٠١٩، ل٩٧– ٩٨).

### زەینەب و هەولێر

زەینەب خان، پاش ئەوەی ماڵیان هاتووەتە هەولێر و لەسەر قەڵا نیشتەجێ بوون، سەعید ئاغای سەید عومەر ئاغای خانەوادەی (سەید ئەحمەدی) کە بنەماڵەیەکی خانەدان و نەقیبی



ئەشراف و حوکمڕانی هەولێر بوون (سەعید ئاغا) خوازبێنی (زەینەب خان) دەکات و ئەویش شووی پێدەکات و چوار کوڕی لێی بووە بەناوەکانی (عەونی) کە بەناوی برای بچووکی خۆی کردۆتەوە و لەتەمەنی پێنج ساڵیدا مردووە، ئەوانەی دیکەش ناویان (فازڵ و ڕەمزی و غازی) بوونە. لەبەر ئەوەی لەخانەوادەکی خانەدانیش بوونە (زەینەب خان) ژنێکی بەناوی (فاتیمەی سەیدی) بۆ بەخێوکردنی منداڵ و کاروباری نێوماڵ لەقەڵاتی هەولێرێ گرتووە. (ئەحمەد، ٢٠٢٢، ل١٨١).

دڵداری شاعیر لەیاداشتەکانیدا دەنووسێت: «تائێستاکەش کە دەچمە ماڵی خوشکم لەهەولێر، فاتمی سەدیدی دەبینم، حەنانی منداڵیم بۆی دەبزوێ و حەز دەکەم کە خۆمی فڕێدەمەوە باوەشی لەگەڵ ملوانەکە زەرد و سوورەکانی یاری بکەم، بەڵام هەیهات، نەمن وا بچووک مامەوە کە لەباوەشی ئەو جێم بێتەوە، نە ئەو ملوانکەی زەرد و سووری ماوە، چونکە زۆر پیر بووە». دڵدار لێرەدا قەسدی ماڵی زەینەب خانی خوشکیەتی، کە فاتیمەی سەیدی خزمەتچی بووە لەماڵی زەینەب خان. لەدوای مردنیشی ئەم (فاتمی سەیدیە) هەر لەو شوێنە نێژراوە کە زەینەب خان و سەعید ئاغای هاوسەری و سەعدی مەلا ڕەئووفە فەندی لێ نێژراون، واتا لەگۆڕستانی بنەماڵەی سەعید ئاغای سەید عومەر ئاغای هاوسەری زەینەب خانی خوشکە گەورەی دڵدار (دڵدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢٠١٩، ل٣٢).

زەینەب خان، بەنەخۆشی شێرپەنجە لە ١٨ی ١ی ١٩٦٣ وەفات دەکات و لەگۆڕستانی (ئیمام محەمەد) کە گۆڕی باپیرە گەورەی (سەعید ئاغای سەید عومەر ئاغای ئال سەید ئەحمەدی) تێدایە، لەهەولێر بەخاک دەسپێردرێت. لەدوای خۆیشی چەند دەستنووسێک، لەبیرەوەری و چەند کورتە چیرۆک و چەند شیعرێک، کە بۆ منداڵانی نووسیوە، جێهێشتووە.


**سەرچاوەکان:**

١- عەلائەددین، عەبدولخالق، دڵدار بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، چاپی دووەم، ٢٠١٩

٢- ئەحمەد، فائزە (مێژووی کتێبخانەی هەولێر) چاپی یەکەم، ٢٠٢٢

٣- مەلا ڕەئووف، حیکمەت حەمید (دیوانی کچە کورد) زەینەب خانی حیکمەت حەمید مەلا ڕەئووف ئەفەندی خادم سوجادەی کۆیی، چاپی یەکەم ٢٠١٨

* سەبارەت بە سەرچاوەی (دڵدار، بیرمەند و شاعیری شۆڕشگێری کورد) کە چاپی یەکەمی بۆ ساڵی ١٩٨٥ دەگەڕێتەوە بە ناوی (دڵدار، شاعیری شۆڕشگێری کورد) لە چاپی یەکەمدا بەهیچ شیوەیەک باسی ژیان و ڕۆڵی زەینەب خان نەکراوە، بۆیە بۆ ئەم نووسینە گەڕاینەوە سەر چاپی دووەم، کە ساڵی ٢٠١٩ چاپکراوە و ئەوبەشەی تایبەت بە زەینەب-ی بۆ زیادکراوە.




کتێبێکی کتێبخانەکەی زەینەب خان



# هەڵسەنگاندنێکی دیوانی زەینەب خان .. بەپێی بنەماکانی میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستیی



د. زرار صدیق توفیق

**پێشەکی:**

لە سەرەتای مانگی دەی ڕابردوو، کاک سمکۆ عەبدولکەریم-م لە دانیشتنێکدا دیت و دانەیەکی ژمارە(١٦)ی گۆڤاری (دیوان: ئەیلوولی ٢٠٢٢)ی پێدام، کە بابەتێکمی تێدا بڵاوکرابۆوە و دۆسیەی ژمارەکەش، تەرخان کرابوو بۆ دڵداری شاعیر و لەمیانەی گفتوگۆماندا کە برادەرانی دییش دەدوان، باسی ئەوەی کرد بەنیازن بەم نزیکانە دۆسیەی ژمارەیەکی گۆڤارەکە بۆ زەینەب خان تەرخان بکەن و منیش، کە ماوەیەکە تا ڕادەیەک ئاگام لە بۆچوونی جیاواز و مشتومڕی سەر دیوانەکەی هەیە، ئامادەیی خۆم بۆ بەشداری دەربڕی، پاش ماوەیەک تەلەفۆنی بۆ کردم و سەرەتا وا ڕێک کەوتین ئەو چەند پرسیارێکم بۆ بنێرێت تا وەڵامی بدەمەوە، بەڵام ئەو هەر دەنگی نەبوو، منیش بڕیامدا ئەو باس و سەرنجانەی سەبارەت بە دیوانەکە لەلام گەڵاڵە بووبوو، ئەم لێکۆڵینەوەیەی لێ ئامادە بکەم.

ئەوەی زیاتر هانیدام بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، ئەوەبوو، کە چەند ئەدیب و نووسەرێکی ناسراو و بە بەرهەم، هەر پاش بڵاوبوونەوەی دیوانەکە، لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا (٢٠١٨- ٢٠٢٢) بە نووسین و سمینار و بەرنامەی دۆکیومێنتاری ڕای خۆیان لەبارەیەوە خستەڕوو، جێگەی داخە زۆربەیان لەبری ئەوەی بەوردی بیخوێننەوە و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە هەڵیبسەنگێنن و میتۆدی زانستیی لەبەرچاو بگرن، کەوتنە پێداهەڵدانی و بێ دوودڵی چیی لەبارەوە هاتووە پەسندیان کرد. هەرچەند توێژەرانی واش هەبوون لێکدانەوە و ڕای تەواو جیاوازیان هەبوو.

جێگەی خۆیەتی ئەوەش بڵێم، کە ئەو وەصف و ستایشانەی لەبارەی پێگەی کۆمەڵایەتی و خانەدانی و کەسایەتیی بەهێزی زەینەب خان و هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئەندامانی خانەوادەی مەلا ڕەئووفی خادم سەجادەوە هاتوون، هیچ بەدووری نازانم تەواو ڕاست و دروست بن، ژنێک نەوەی ئەمماڵباتە دیندار و ڕۆشنبیر و زانستپەروەرە بێت و خوشکی هەر یەک لە دڵداری مەزن و خاوەنی شیعری (ئەی ڕەقیب) و (کوردستانم نیشتمانی جوان) و ئاسەفی ئەندامی کۆمەڵەی خوێبوون بێت، دواتریش بووبێتە هاوسەری سەعید ئاغای سەید ئەحمەدی، کە ڕۆڵەی بنەماڵەیەکی سەیدزادە و پایەدار و دێرینی هەولێرە، هەر ئەوەی لێ چاوەڕێ دەکرێت وابووبێت و ڕێزی زۆرم بۆ سەرجەم ئەندامانی هەردوو بنەماڵەکە هەیە. کاری من تەنیا سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ئەو دیوانەیە، کە دراوەتە پاڵ زەینەب خانی کچی مەلا ڕەئووفی خادم سەجادە و بێگومان مەبەستیشم تەنیا مەبەستێکی زانستیی ڕەهایە.


مەبەست لە میتۆدی زانستییش ئەوەیە، کە توێژەر دەبێت پابەندی گشت مەرج و پێداویستییەکانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی ببێت و بە بێلایەنی سەرەدەری لەگەڵ زانیاری و داتاکان بکات و بەوردی بەڵگەکان هەڵبسەنگێنێت و بە گیانێکی زانستی و بە پشتبەستن بە بەڵگە، نەک بە سۆزداری و بەپێی بەرژەوەندیی فرەڕەهەندی خۆی، بۆچوونەکانی دەرببڕێت و بڕیار لەسەر



حەقیقەتی ئەو پرسە بدات، کە لێیدەکۆڵێتەوە و ئامانجیشی تەنیا گەیشتن بێت بە ڕاستی، با لە بەرژەوەندی خۆیشیدا نەبێت، ئەگەر بۆیشی چەسپا، کە پێشتر بۆچوونێکی نادروستی دەرحەق مژار و بابەتێک هەبووە، بە سینگفراوانییەوە دانی پێدا بنێت و بڕیار و بۆچوونی خۆی هەموار بکاتەوە...هتد. ئێمە لێرە چەندمان پێ کرابێت کۆششمان کردووە ئاوەها بین، تا بگەینە نزیکترین شوێن لە حەقیقەتەوە و بێگومان لە داهاتووشدا هەر وا دەبین.

**یەکەم- بڵاوبوونەی دیوانەکە و ئەو کتێبانەی لەبارەیەوە دەرچوون:**

لە مانگی دووی ساڵی ٢٠١٨ دیوانی زەینەب خان کچە کورد لە هەولێر بڵاوکرایەوە و کەوتە بەردەست خوێنەران، ئەم دیوانە لە ئامادەکردنی حیکمەت کوڕی حەمید کوڕی مەلا ڕەئووفی برازای زەینەب خان و پێشەکی و پێداچوونەوە و ڕێکخستنی عەبدوڵڵا زەنگەنەیە.




دەرچوونی دیوانێک بە ناوی خانمێکی کوردەوە، کە پێشتر تەواو نەناسراو بوو و بەو زمانە کوردییە پەتی و ڕەوانە و بەو هەموو فۆرم و ناوەڕۆکە نوێیەی شیعرەکانی و هەڵوێستە مرۆڤدۆستانە و کوردانەیەی، دەنگێکی گەورەی دایەوە و بووە پرسی ڕۆژەڤ و لە چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندن هەڤپەیڤین و قسەی لەسەر کرا و چەند جارێک میوانداریی ڕێکخەرەکەی کرا و کۆڕی بۆ ڕێکخرا تا لەبارەیەوە داخویانی بدات، من بەخۆم نەمزانیوە لە ناوەندی ئەدەبیی کوردیدا، هیچ کتێبێک وەکو ئەم دیوانە هەندە دەنگی دابێتەوە و خەڵکی هێنابێتە گۆ و گفتوگۆ و مشتومڕی زۆری بەدووی خۆیدا هێنابێتە کایەوە، ئەوەبوو خوێندنەوە و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کرا، کەسانێک هەبوون ڕەتیان کردەوە و گومانیان لە ڕەسەنیی کرد بێ ئەوەی- بە ئاگاریی خۆم- ڕاشکاوانە بە نووسین و ئاخافتن دید و هەڵوێستیان لەبارەوە دەربڕن، هاودەم کەسانێکی دی بڕوای تەواویان پێهێنا و کەوتنە ستایشکردنی و ئەوەندەی نەبرد ژمارەیەک کتێب و لێکۆڵینەوە بڵاوکرانەوە، لەوانە:

أ- خانم مهاباد قەرەدەغی (١٩٦٦- ٢٠٢٠) کە چەند خەبات و کتێب و لێکۆڵینەوەی هەیە لەبارەی پرس و مافی ژنان و داکۆکیکارێکی چالاکی ئەم بوارە بوو، ئەوەندەی نەبرد لێکۆڵینەوەی (زەینەب خان شاژنی بێ عەرشی شیعرستانی سەدەی بیستەم) بڵاوکردەوە و دواتر کردیە دوابەشی کتێبی (ئافرەتیزم، هەولێر: ٢٠١٨، ل١٢، ٣١٤- ٣٤٤) لە پێشەکیدا دەڵێت: «ئێستا کە دیوانەکەی دۆزراوەتەوە، مێژووی ئەدەبی کوردی لەبەر ئەو پێویستە هەڵبوەشرێتەوە و دووبارە بنووسرێتەوە» و لە (ئەنجام)دا (ل: ٣٤٢) ئەم بۆچوونەی دوپات کردووەتەوە.

ب- ڕێزدار عوسمان ڕەشاد موفتیش، لە هاوینی ٢٠١٨ و بە پێنج مانگێک پاش بڵاوکردنەوەی دیوانەکە، نامیلکەی (زينب خان، الأديبة الكبيرة التي لم ينصفها التأريخ) بڵاوکردەوە و بە میری ژنەشاعیرانی کورد (زينب خان أميرة شاعرات الكورد)ی داناوە.

ج- پ. د. محەمەد نوری عارفیش، هەمان ساڵ، نامیلکەی (زەینەب خان، ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرەی کە مافی خۆی پێنەدراوە)ی بڵاوکردەوە و لە کۆتاییدا سێ پێشنیازی کردووە:

**«ناوهێنانی ئەم کتێب و چالاکییانە زیاتر بۆ ئەوەیە تا بڵێم، کە هیچ چەشنە گومانێک لەکن خاوەنەکانیان گەڵاڵە نەبووە و تەنیا پەسن و ستایشی زەینەب خان کراوە و هەندێکیان بەوپەڕی دڵنیاییەوە ناوەڕۆکی شیعرەکانیان هەڵسەنگاندووە»**



وەک: ئەو دوو بەیتەی زەینەب خان کە لەبارەی هەولێری هۆلاکۆ بەزێن گوتوویەتی، بە وەرگێڕانی کوردی و عەرەبییەوە لەسەر تابلۆیەک بنووسرێت و پەیکەرێکیش بۆ زەینەب خان لەسەر دەرگای باشووری قەڵای هەولێر، یاخود لە دەرەوەی دروست بکرێت و قوتابییەکی بەشی کوردی نامەیەکی دکتۆرا لەسەر دیوان و بەرهەمەکانی بنووسێت و چەند نموونەیەکی شیعرەکانی بخرێنە ناو کتێبە کوردییەکانی قوتابخانەکان.

د- پ. د. شوکرییە ڕەسووڵ هەر هەمان ساڵ، کتێبی (زەینەب خان (کچە کورد) خانمە شاعیری پێشەنگ لە خەبات و کۆڵنەداندا، هەولێر: ٢٠١٨) بڵاوکردەوە و زۆر بەم ژنە شاعیرە داخبار و سەرسام بووە و پێیوایە «هێمای ژنە تێکۆشەر و کۆڵنەدەر و شێرە ژن و شانازیی میللەتی کوردە» و شایەنی ئەوەیە «بە شێرە ژن و پێشەنگی کاروانی ئافرەتان دابنرێت» (ل: ٣١-٣٢) و بە وردی بابەت و ناوەڕۆکی شیعرەکانی شیکردووەتەوە.

هـ- ڕێزدار ڕەهبەر سەید برایم وتارێکی پڕ لە پێداهەڵدان و ستایشکردن و سۆزداری بە ناونیشانی (ئەستێرەیەکی بزر، لە بەرزایی ئاسمان) لە چەند شوێنێک بڵاوکردەوە و وەک لە کوردیپیدیا هاتووە دەڵێت: «شاعیرێکی ون و ناو بزر و سیاسەتمەدارێکی پاک و ڕوناک هزر و بەزانیاری و هوشیار و سەرنج ورد» و» ژنێکی دیندار و هۆشیار و سیاسەتمەدار و کوردی زانێکی ئاگادار و بەرگریکاری کرێکار و فێمینیستێکی بەکار و وەفاداری پێشمەرگەی فیداکار و کۆییەکی عەیار بیست و چوار و گوڵێکی نازداری ئەدەبی کوردەواری بووە، شاعیرێکی نوێخواز و داهێنەر و وشە مرواری بووە، بڕوای بە زانست و خوێندن و خەباتی چەکدار بووە...».

سەید ڕەهبەر، دەیان ساڵە لەمەڕ مێژوو و کلتور و هونەر و ناودارانی کۆیە و « گوڵە یەکەمەکانی کۆیە» و «کۆییایەتی و کوردایەتی» دەنووسێت و شیعر دەهۆنێتەوە و شارەزای کون و کەلەبەری دیرۆکی نوێ و هاوچەرخی کۆیەیە و ساڵانێکی زۆر سەرنووسەری گۆڤاری (کەکۆن)بوو و دەیان ژمارەی لێدەرکردووە، کە پتر تایبەتە بە دیرۆک و شوێنەوار و فۆلکلۆری وڵاتی کۆیە، خۆزگە و هەقیش وابوو بەرلەوەی ئەم پەیڤانە دابڕێژێت لەخۆی بپرسیبایە، ئەرێ بۆچی پێشتر ئاگاداری ئەم شاعیرە نوێخوازە نەبووە؟ تا لە چامەی (بە بەختی حاجی) و کۆگوتارەکانی (سایەی هەیبە سوڵتان ٢٠٠٨) و ( پرشەنگەکانی کۆیە ٢٠١٤) لایەک لەویش بکاتەوە و یادی بەرز ڕابگرێت، بۆچی لەپڕێکدا سەری هەڵدا؟ لە دوا چالاکییشی دەربارەی بنەماڵەی خادم سەجادە و بە بۆنەی یادی مردنی مەلا ڕەئووفەوە، ڕۆژی ٢٩-٦-٢٠٢٢ لە کۆڕێکدا لە کۆیە، گوتارێکی درێژ و لێواولێو لە پێداهەڵدانی خوێندەوە و ڕۆژی ٢-٧-٢٠٢٢ دەقەکەی لە فەیسبوکەکەی خۆی پەخش کرد.

من هیچ ناڵێم دەرهەق ناوەڕۆکی گوتارەکەی تەنیا ئەوە نەبێت، کە بۆ پێمان ناڵێت مەلا ڕەئووفی ڕەحمەتی لە کوێ نێژراوە، لە کۆیە یان لە هەولێر؟ چونکە لە سەرەوەی پۆستەکەی نووسیویەتی: «لە گۆڕستانی عەرەبیان لە کۆیە نێژراوە» و لە کۆتایی پەیڤەکەیشیدا دەڵێت: «لە شاری هەولێر بەخاک دەسپێردرێت»!.

و- ئەمە جگە لە دەیان وتار و پۆستی پەیج و تۆڕە جڤاکییەکان و چاوپێکەوتن و سمینار و بەرنامەی دیوکۆمێنتاری و کۆڕی یادکردنەوە، کە ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆش تێیاندا بەشدار بوون و من لە دوورەوە ئاگام لە بەشێکی ئەم چالاکیانە هەبوو، ڕەنگە وتار و کتێبی دییش لەمبارەیەوە هەبن (بگەڕێوە بۆ پێشگۆتنی چاپی دووەمی دیوانەکە، ل١٧- ٢٧) و تا ئێستاش بەردەوام کاری لەسەر دەکرێت، لەدوا مانگی ساڵی ڕابردووش- ٢٠٢١ دامەزراوەی (هیوا فاوندەیشن) ئەلبومی (زەینەب خان)ی بڵاوکردەوە، کە نۆ ستران لەخۆ دەگرێت و عەدنان کەریم شیعرەکانی لە دیوانەکە هەڵ بژاردووە و ئاوازی بۆ حەفتیان داناوە.

ناوهێنانی ئەم کتێب و چالاکیانە زیاتر بۆ ئەوەیە تا بڵێم، کە هیچ چەشنە گومانێک لەکن خاوەنەکانیان گەلاڵە نەبووە و تەنیا پەسن و ستایشی زەینەب خان کراوە و هەندێکیان بەوپەڕی دڵنیاییەوە ناوەڕۆکی شیعرەکانیان هەڵسەنگاندووە، چونکە هێشتا کەس بە کردار و بەپێی میتۆدی زانستی لە دیوانەکەی نەکۆڵیووەوە، ئەمە لە کاتێکدا خودی ڕێزدار عەبدوڵڵا زەنگەنە نەشیاوە گومانی پەنگخواردووی بەربەست بکات و لە

**“ زەنگەنە وێڕای ئەم ڕاڕاییەی، گەڵێک زیاتر قەناعەتی وابووە، کە ئەم دیوانە ڕاست و بێخەوشە، دەنا دیوانەکەی چاپ ناکرد و دووبارەش چاپی ناکردەوە ”**



پێشەکیی دیوانەکە و لە دیدار و هەڤپەیڤینەکانیدا، ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە هەندێکیان دەدات و خۆشحاڵی خۆشی ناشارێتەوە بەوەی، کە خەڵکی دیش بۆچوونی خۆی دەربڕیت، چونکە سەرباری زمان و وشە نوێیەکانی، نە دەستخەتی دیوانەکەیان پێداوە و نە خۆیشی، کە شاسوارێکی بەبڕشت و بەرچاوی ڕۆژنامەگەریی کوردییە شیعرێکی بڵاوکراوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەرچاوکەوتووە و نە کەسیش لەسەری نووسیوە: «هەوڵدانیشم بۆ چنگکەوتنی ئەم بەڵگانە زیاتر بۆ ڕەواندنەوەی هەر گومانێک بووە» تەنانەت بە ئەنقەست پێشەکیەکەی بە چەند نوقتەیەک «تا دوای ڕاپەڕین لەوێ دەمێنێتەوە........» بڕیوەتەوە (دیوانی زەینەب خان، ل٢٤- ٢٩) وەلێ پێویستە ئەوەش بڵێین، کە زەنگەنە وێڕای ئەم ڕاڕاییەی، گەلێک زیاتر قەناعەتی وابوو، کە ئەم دیوانە ڕاست و بێخەوشە، دەنا دیوانەکەی چاپ نەدەکرد و دووبارەش چاپی نەدەکردەوە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو لە ڕادە بەدەر دڵبەند و سەرسامی زەینەب خان بووە (بڕوانە: دیوانی زەینەب خان، ل٢٨).

> «زەنگەنە هەر بە مەزندە و بێ بەڵگەی گومانبڕ وای بۆچووە، کە دەبێت (کچە کورد)ی گۆڤاری گەلاوێژ هەر ئەو خوشکەی دڵدار و ئەو دۆتمامەی مەحموود جەمیل بێت»

**دووهەم: هەڵسەنگاندنی چەند لایەنێکی دیوانەکە:**

لەم تەوەرەشدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، ئەرێ (کچە کورد) هەر زەینەب خانە؟ ئەرێ زەینەب خان پێشتر وەکو شاعیر ناسرابوو؟ ئەرێ دیوانەکەی دەستخەتی هەیە؟ ئەرێ ئەو بەڵگەنامە و لاپەڕەی دەستخەتەکانی خروانەتەروو، تا چەند ڕاستن؟ ئەرێ ئامادەکاری دیوانەکە هەر ئەو کەسەیە، کە ناوی بە ئامادەکار هاتووە؟ ئەمەو چەندین پرسیاری دیکەش.

**١- ناونەبردنی زەینەب خان وەک شاعیر لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

أ - سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین، کە بەبێ هیچ بەڵگەیەک و تەنیا بە مەزندە و خەملاندن، وادانراوە، ئەو کەسەی بە نازناوی (کچە کورد) وتاری (سکالای دوو مەل لە گولزارێکا) لە (ژمارە٢ ی ساڵی یەکەمی گۆڤاری گەلاوێژ – کانونی دوهەم: ١٩٤٠) بڵاوکردووەتەوە، هەر زەینەب خانە و ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە، کە لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا، وەگ گوتمان ناکرێت بێ پشتبەستن بە بەڵگە و سەرچاوەی باوەڕپێکراو، بڕیار لەسەر شتەکان بدرێت و پرسە ئاڵۆزەکان یەکلا بکرێنەوە، ڕەنگە ئەم (کچە کورد)ە، هەر ژنیش نەبێت، گشتمان دەزانین لەمێژە دیاردەیەک لە ناوەندی ئەدەبی و ڕووناکبیریی کوردیی باوە و چەندین ئەدیب و شاعیر و چیرۆکنووس بە مەبەست و پاساوی جۆربەجۆر، بە ناوی ژنانەوە بەرهەمەکانیان بڵاودەکردەوە و دواتر خۆیان، یان خەڵکانی دی ئاشکرایان دەکردن.

تەنیا لە گۆڤاری گەلاوێژدا دەیان بابەت ناوی خوازراوی پێوەیە لەوانەش (کچە کورد)ە: کچە کوردێک ل. ن، کچە کورد(ن. س)- سلێمانی(٧ جار) کچە کوردێک، گەرەکی دەرگەزێن- سلێمانی، کچە کورد- گەلاوێژ ئەحمەد- سلێمانی، کچە کورد- نەجیبە میرزا حەسەن- ڕواندوز، کچە کوردێک- سلێمانی، کچە کورد- جوان، کچە کورد- شکوفەتین، کچە خوێندەوارێکی کورد- نازەنین ب. خ، کچە کورد- أ. ت- چەمچەماڵ، کچە کورد- ە. خۆشناو- ڕواندوز (بڕوانە: محەمەد دلێر ئەمین، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، سلێمانی: ٢٠٠٤، پاشکۆ، ل٢، ١٧، ٢٤، ٣٣، ٣٥، ٣٩، ٤١، ٤٣، ٥٣، ٦١- ٦٢، ٧٧، ٨٣، ١٢٠- ١٢١) ڕوونە زۆربەی ئەم ناوانە هەر ئەدیب و شاعیرە ناسراوەکانی گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی کوردین، بەتایبەت ئەوانەی نووسەری چالاکی گۆڤارەکە بوون و زۆرترینیان خەڵکی سلێمانی بوون، کە دەکرێت زۆربەیان بە ئاسانی بدۆزرێنەوە، بگرە ژمارەیەکیان ناسراونەتەوە و دیارە ناکرێت لێرە زیاتر لەم دیاردەیە بدوێین.

لە پێشەکییەکەی عەبدوڵڵا زەنگەنە (دیوانی زەینەب خان، ل١٣-١٤) دەردەکەوێت، کە بۆ ناسینەوەی ئەو کەسانەی بە نازناو و ناوی خوازراوەوە نووسینیان لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکردووەتەوە، پرسیار و سۆراخی کردووە و لەوانەش: مەحموود جەمیل و م. جەمیل، سەرئەنجام لە ڕێگای عەبدولکەریم شێخانی- یەوە سەرەداوێکی دەستکەوتووە و نامەیەکی خانمێکیان- کە کوڕەزای زەینەب خانە- بە ڤایبەر بۆ ناردووە لەبارەی مەحموود جەمیلەوە و باسی ئەوەی کردووە، کە ئەو کەسە ئامۆزای

دڵدار بووە و خوشکە گەورەکەی دڵداریش ناوی زەینەب خانە و دیوانێکی چاپنەکراوی هەیە... هتد، بێ ئەوەی بڵێت کە ئەم خوشکەی دڵدار، بە نازناوی (کچە کورد) یان بە ناو و نازناوی دیکەوە، وتاری لە گەلاوێژ بڵاوکردۆتەوە.

دواتر زەنگەنە هەر بە مەزندە و بێ بەڵگەی گومانبڕ وای بۆچووە، کە دەبێت (کچە کورد)ی گۆڤار گەلاوێژ هەر ئەو خوشکەی دڵدار و ئەو دۆتمامەی مەحموود جەمیل بێت و پێشتر بڕوای وابووە کە (کچە کورد ن. س) ناهیدەی شێخ سەلامە. ئەوجا بۆ ئەم مەبەستە دووجار تەلەفۆنی ئەو ماڵەی کردووەتەوە و وەڵامیان داوەتەوە، کە بەڵێ هەر ئەو خۆیەتی، واتا پێش تەلەفۆنکردنەکانی زەنگەنە، خودی خانمێکی نەوەی زەینەب خان نەیبیستووە و نەیزانیووە، کە ئەوەی لە گەلاوێژ بە ناوی (کچە کورد)ەوە نووسینی هەیە داپیرێتی و کەسیشیان بەتەما نەبوونە دیوانێکی بەناوەوە بڵاوبکەنەوە. ئیدی زەنگەنەش بۆ ئەوەی دەربیبخات، کە پەی بە ڕازێکی مەزن بردووە، بڕیاری یەکلاکەرەوەی دا و کچە کوردی بە زەینب خان دانا.

ب- ئاشکرایە ڕاستترین و نزیکترین سەرچاوەی نووسراو بۆ ناسینی زەینەب خان و ئاشنابوون بە ژیان و بەسەرهاتی، یاداشتەکانی دڵداری برایەتی (دڵدار، شاعیری شۆڕشگێری کورد، بەغدا: ١٩٨٥) کە بەردەوام سەردانیی کردووە و لە نزیکەوە ئاگای لە چالاکی و هەڵسوکەوتی بووە و دەمێک تۆماری کردوون، کە زەینەب خان هێشتا زیندوو بووە و چەند جارێک ناڕاستەوخۆ باسی ئەم خوشکەی دەکات: «ماڵی خوشکم لە هەولێر» (ل ١٥) و «سوڵتەی دایکم و خوشکی لەخۆ گەورەترم مورشیدم بوون» (ل: ١٧–١٨) و» سەعیدی سەید ئەحمەدی زاوام» (ل ٥١) بێ ئەوەی کورتترین ئاماژە بەوە بکات، کە دەستی نووسینی هەبووە، بگرە بە پێویستی نەزانیوە هەر ناویشی بهێنێت.

ج- دڵداری نەمر لە تەمەنی پازدە ساڵانەوە خولیای خوێندنەوە و لەبەرکردنی شیعر بووە و بەخۆی دەڵێت «من لە ساڵی ١٩٣٣ سنفی پێنجی ئیپتیدائیم، لەم ساڵە مەجرای ژیانم گۆڕا» و دەگێڕێتەوە، کە دەستی کردووە بە خوێندنەوە و لەبەرکردنی ئەغلەب شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و ئەوجا گوێی لە قەصیدەکانی شاعیرانی گەنجی هاوشار و هاودەمی خۆی (عەونی، ڕاجی، عاصی، حوسەینی) گرتووە و پەسنی شیعرەکانی بورهان جاهیدی هاوڕێی (١٩١٨– ١٩٩١) دەکات و دوو ساڵ پاشتریش»شیعرە جوانەکانی نالی لەگەڵ شیعرە ئاگرینەکانی حاجی قادر» لە مێشکیدا « لەسەر زەعامەتی ئەدەبی شەڕیان بوو» تا ئەو ڕادەیە شەیدا و عاشقی شیعری کوردی بووە هەرچییەکی بکەوتبایە بەرچاو دەینووسینەوە و لەبەری دەکردن، تا زۆربەی شیعرەکانی وەفایی، کوردی، زێوەر، بێکەسی لەبەر کرد (ل ٤١– ٤٣، ٥٠) هەرزەکارێک تا ئەم ئاستە وێڵی شیعری کوردی بووبێت و دیوانی کەڵە شاعیرانی پەیدا کردبێت، ئەدی بۆچی لە شیعری ئەندامانی خودی خێزانەکەی بێئاگایە و نازانێت لە ماڵەبابی شیعری زەینەبی خوشکە گەورەی هەن و بەرچاوی نەکەوتووە تا بیانخوێنێتەوە و تینویتیی خۆی پێیان بشکێنێت و باسیان بکات؟ ئەدی بۆ ئاگای لەو (٣٤) شیعرەی خوشکی نییە، کە لە ماوەی (١٩٢٠– ١٩٣٢) داینراون، تا پێیان کاریگەر بێت و چێژیان لێ وەربگرێت، چ مەنتیق و میتۆدێک قبوڵ دەکات، یاداشتە ڕاست و بێخەوشەکانی دڵدار پشتگوێ بخەین و گوێ لە هەواڵی بێ بنەما و هەڵبەستراو بگرین، کە لە ساڵی ٢٠١٨ بەدواوە پێکەوە نراون.

د- عەلائەدین سەجادی لە چاپی دووهەمی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا- ساڵی١٩٧١ پاش ئاخافتن لە شاعیرە ناسراوەکان، لە پاشکۆی (باخی شاعیران) ناوی (٢٩٦) شاعیری هێناوە، کە زۆربەیان هەندە ناسراو نین، کەچی ناوی زەینەبی نەهێناوە، دیارە ئەمە مەرج نییە بۆ ئەوەی بڵێین شاعیر نەبووە و لەم دواییانە شوێنەواری دەیان شاعیری دی دۆزرانەوە، کە ئەو ناوی نەبردوون، بەڵام هاوکات بەڵگەیە، کە زەینەب خان وەکو شاعیر نەناسرا بوو، دەنا دەنگوباسی دەگەیشتە گوێی سەجادی.


هـا- کەریم شارەزا (١٩٢٨– ٢٠١٤) قەڵەمێکی ناوادرە و پێم وایە شارەزاترین و دڵسۆزترین کەسە لە بواری کۆکردنەوە و تۆمارکردنی مێژوو و کلتووری «وڵاتی کۆیە» و دەیان کتێب و



“ ڕاسترین و نزیکترین سەرچاوەی نووسراو بۆ ناسینی زەینەب خان و ئاشنابوون بە ژیان و بەسەرهاتی، یاداشتەکانی دڵداری برایەتی ”



لێکۆڵینەوە و وتاری ئەدەبیی بڵاوکردووەتەوە و زۆربەی بەرهەمەکانی دەربارەی مێژووی ئەدەبیات و ژیان بەرهەمی ناوداران و شاعیرانی زێدی خۆیەتی، پاش پتر لەنیو سەدە لە چاپکردنی بەرگی یەکەمی کتێبی (کۆیە و شاعرانی، چاپخانەی النجوم، بەغدا: ١٩٦١) بەشی دووەمی کتێبەکەی بڵاوکردەوە (چاپخانەی شەهاب- هەولێر: ٢٠١٣) و وەک کۆییەک زانیاریی تەواوی لەسەر بنەماڵە ناودارەکانی کۆیە هەبووە و بە ماڵی خادم سەجادەوە، ئەوەتا دەڵێت ساڵی ١٩٢٧ ئاسەفی مەلا ڕەئووف بەرپرسی کۆمەڵەی خوێبوون بووە لە کۆیە (ل١٥) لێرەش وەچەی دووەمی شاعیرانی کۆیەی ناساندووە، وەکو: عاصی، خادم، دلاوەر،




زەکی هەناری، سامی عەوداڵ، ڕاجی، عاصم، عوسمان عەونی... هتد، کەچی باسی زەینەب خانی نەکردووە و کەسیش گلەیی لێ نەکرد بۆچی باسی ئەو ژنە شاعیرەی لەبیر کردووە.

و- پاش ساڵێک عەبدولخالق عەلائەدین (١٩٣٢-٢٠٢٢) کتێبی (کۆیە... ناودارانی) بڵاوکردەوە، لێرە نەک وەک شاعیر، بەڵکو وەک ناودارێکی کۆییش لێی نەدواوە.

ز- هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دیوانەکە، ڕۆژانی ٢٠- ٢٠١٨/٢/٢٢ لە زانکۆی کۆیە (کۆنفرانسی دڵدار) بەڕێوە چوو، بێگومان پێشتر بە چەند مانگێک، هەواڵی گێڕانی ئەم کۆنفراسە ڕاگەیاندرابوو تا توێژەرانی پسپۆڕ توێژینەوە بنووسن و بۆیان بینێرن، کەچی جگە لە لێکۆڵینەوەیەکی مامۆستایەکی زانکۆی کۆیە- دواتر دێینەوە سەری- لە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی دی باسوخواسی زەینەب خان نەکراوە (بڕوانە: باسەکانی سێیەمین کۆنفڕانسی ناودارانی کۆیە، یادی سەدساڵەی لەدایکبوونی دڵدار، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر: ٢٠١٨ ل٥١٢.

ح- هەروەها ژمارەیەک کتێب هەن دەربارەی مێژووی سیاسی و بزاڤی ڕوناکبیری و ئەدەبیی کۆیە و ناساندنی زانایان و شاعیران و ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی شارەکە، لەوانە هەردوو بەرگی (مێژووی کۆیە، ١٩٦٢، ١٩٨١) ی تاهیر ئەحمەد حەوێزی (١٩١٩--٢٠٠٠) کە هیچ کەسێکی ناسراوی کۆیەی نەهێشتووە باسی نەکردبێت، ناوی دڵدار و دوو نەوەی مەلا ڕەئووف-یش دەهێنێت و مزگەوتی خادم سەجادە دەناسێنێت، هەروەها جەمال فەتحوڵڵا تەیب، لە ماستەرنامەکەیدا (کۆیە، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، سلێمانی: ٢٠٠٦، ل١٩١- ٢٠٦) لە ڕۆڵی چەندین ڕۆشنبیر و شاعیری کۆیی دواوە و ساڵی ٢٠٠٩ چوار نووسەری کۆیی کتێبی (کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا) لە ٤٧٥ لاپەڕەدا بڵاوکردەوە، لەم سێ کتێبەش، هیچ باسی شاعیربوون و دیوان و کتێبێکی زەینەب خان نەکراوە.

ط- زەینەب خان هەر لە لەدایکبوونیەوە پیرۆز کراوە و ڕۆژی نەورۆز ٢١-٣- ١٩٠٠ بە ڕۆژی

“

**بۆچی دڵدار لە شیعری ئەندامانی خودی خێزانەکەی بێئاگایە و نازانێت لە ماڵەبابی شیعری زەینەبی خوشکە گەورەی هەن و بەرچاوی نەکەوتووە، تا بیانخوێنێتەوە و تێبینیی خۆی پیان بشکێنێت و باسیان بکات؟**

”

لەدایکبوونی دانراوە، ژنێک کەس باسی نەکردبێت، ئەدی چۆن زانرا لەم ڕۆژە پیرۆزەی کورد لەدایک بووە و بە چ پێوەرێک ئەم مێژووە وردە دانرا و نەورۆزیش تەنیا ڕۆژێکە لە ٣٦٥ ڕۆژەکەی ساڵ؟ ئەگەر وایە ئەی کوانێ ناسنامەی، یان هەر بەڵگەنامەیەکی دی ڕاستیی ئەم مێژووە بسەلمێنێت؟ ئاشکرایە ئەو دەمانەش ساڵنامە بە هیجری و ڕومی بووە، نەک بە زایینی.

**٢- نەبوونی دەستخەتی دیوانەکە:**

ناونەبردنی شاعیرێک و ناونەهێنانی دیوانەکەی لە سەرچاوەکاندا، هەرگیز مانای ئەوە نییە ئەو شاعیرە نەبووە و دیوانی شیعریی لەپاش بەجێ نەماوە، ناکرێت و ڕاست نییە تەنیا ئەمە بکرێتە پاساو بۆ نکووڵیکردن لە هەبوونی، بە مەرجێک ئەگەر دەستنووسی دیوانەکە هەبێت و بە شێوازێکی زانستی بسەلمێنرێت، کە ئۆرگیناڵ و حەقیقیە و هەڵبەستراو نییە.

کێشە و گرفتی سەرەکیی ئەم دیوانە بەر لە هەر شتێک ئەوەیە، کە دەستنووسی لەگەڵدا نییە، ڕۆژگاری زەینەب خان-یش هێندە کۆن نییە بڵێین فەوتاوە و لەبەین چووە، بەڵکو سەردەمی برەو و گەشەکردنی ڕۆژنامەوانی و چاپەمەنیی کوردی بووە. بە ئاخافتنێکی دی ئەم دیوانە لەکاتی ساخکردنەوەیدا، دەستنووسەکەی نەبینراوە، بەمەش ڕەچاوی مەرجێکی بنەڕەتیی میتۆدی زانستیی نەکراوە، کە پشتبەستنە بە دەستخەتی حەقیقی، واتە ساخکەرەوەکەی وەکو خۆی لە پێشەکیی دیوانەکەدا (ل ٢٣، ٢٥) دووجار دەڵێت دەستخەتەکەی نەدیوە و دیوانەکەیان بە تایپکراوی خستۆتە بەردەستی: « هەروەها ئەم دیوانەی بەردەست... هەمووی بە تایپکراوی و لەسەر (C.D) خراوەتە بەر دەستی ئێمە» بۆیە دەبوو بەڕێزیان بەهیچ شێوەیەک ئەمەی قبوڵ نەکردایە و بێ دیتنی دەستخەتەکە ئەم کارەی نەکردبا، دەستخەتێک لە ڕۆژگاری خاوەنەکەیەوە، تا کۆتا مانگەکانی ساڵی ٢٠١٧، وادیارە- وەک باسکرا- کەس نەیدیتوە و کەسیش با بە تاکە دێڕێکیش بێت باسی هەبوونی نەکردووە، ئێمەمانان کەی بۆمان ڕەوایە و چۆن دەکرێت ڕێگە بە خۆمان بدەین، بڕوا بە ڕاستی و ڕەسەنیی دیوانە شیعرێک، یان هەر کتێبێکی کۆن بکەین، کە پشتی بە دەستنووس و بەڵگەنامەی ڕاستەقینە نەبەستبێت، توێژەرێکی دڵسۆز و بەتوانا پێیگوتم کتێبێکی ئامادەکراوی ماڵباتی زەینەب خانیان بۆ هێنام و داوایان لێکردم بۆیان ساغ و بڵاوبکەمەوە، منیش پێمگوتن ئامادەم بە مەرجێک دەستنووسەکەیم بۆ بهێنن تا کاری لەسەر بکەم، ئەوانیش ڕازی نەبوونە و بۆیان نەهێناوە! کە دیارە نەیان بووە.

گریمان دیوانەکە بوونی هەیە، ئەدی بۆ لەماوەی ئەو پەنجا و پێنج ساڵەدا (١٩٦٣- ٢٠١٨) تاکە شیعرێکیشی لێ بڵاونەکرایەوە، یان بۆ کەس لە وتارێک، دیدارێک، بەرنامەیەک باسی نەکردووە بە خودی ئەندامانی بنەماڵەی شاعیرەکەشەوە؟ گوایا لە سەردەمی حکومەتی بەعسدا دووجار هەوڵی چاپکردنی دراوە، بەڵام سەری نەگرتووە، ئەگەر ئەمە وایە ئەدی بۆ لە ساڵانی پاش ڕاپەڕین و دەستەبەربوونی دیموکراسی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی و لە ماوەی پتر لە چارەکە سەدەیەک (١٩٩١- ٢٠١٧) چاپ و بڵاونەکرایەوە، لە دەمێکدا سەدان و هەزاران کتێب و دیوان و گۆڤار و ڕۆژنامە دەرچوون؟ بۆیە هەر پشتیوانی و داکۆکییەک لە ڕەسەنایەتی دیوانەکە بکرێت و پاساو بۆ ئەم کەلێنە زلە بهێنرێتەوە و پینە بکرێت، بێ دەرخستن و پیشاندانی دەستنووسێکی ئەصلی- ئەگەر هەبێت- هیچ بەهایەکی زانستی و مەنهەجیی نییە و نابێتە مایەی ڕەواندنەوە ڕەخنە و گومانەکانی سەری.

ئەو هەموو کتێب و وتار و سمینار و بەرنامەیەی بۆ بەرگری لە دیوانەکە پێکەوە نران، ئەگەر دە ئەوەندەی دیش لەمەودوا پێکەوە بنرێن بۆ سەلماندنی شاعیربوونی، هەموویان یەک ڕستەی بڵاوکراوەی ساڵانی سەدەی ڕابردوو ناهێنن بڵێت: «زەینەب کچی ڕەئووفی خادم سەجادە» یان «زەینەبی خوشکی یونس دڵدار» یان هەر ڕستەیەکی دی لەم چەشنانە، شاعیر و خاوەن دیوانی شیعر بووە، ئەگەر پێش ساڵی ٢٠١٨ شتی وانووسرابێت، ئەوە دەگەیێنێت، کە ناوبراو بە ڕاستی شاعیر بووە، بەڵام ئەمە کافی نییە بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەم دیوانە هی ئەوە، هەموو دەزانین دەیان کەسایەتیی کورد هەن لە دەستخەتەکاندا بە شاعیر و دانەر دانراون، بەڵام شیعر و بەرهەمیان نەماوە (بڕوانە: دیوانی ڕەنجووری،



**“ ناونەبردنی شاعیرێک و ناونەهێنانی دیوانەکەی لە سەرچاوەکاندا، هەرگیز مانای ئەوە نییە دیوانی شیعریی لەپاش بەجێ نەماوە، بە مەرجێک ئەگەر دەستنووسی دیوانەکە هەبێت و بە شێوازێکی زانستی بسەلمێنرێت، کە ئۆرگیناڵ و حەقیقیە و هەڵبەستراو نییە ”**



«عەبدوڵڵا زەنگەنە وەک ساخ کەرەوەیەک لە پێشەکیی دیوانەکەدا دووجار دەڵێت: دەستخەتەکەی نەدیوە و دیوانەکەیان بە تایپکراوی خستووەتە بەردەستی، کە دەبوو بەڕێزیان بێ دیتنی دەستخەتەکە ئەم کارەی نەکردبا»

لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی آفاق عربیة، بەغدا: ١٩٨٤، ل٧٠- ٧٢) جاری واش هەیە، کەسانێک باسکردنی شاعیرێک- بەتایبەت ئەگەر لە بنەماڵەکەی، گوندەکەی، شارەکەی، هۆزەکەی بێت، دەستخەتێک دەقۆزنەوە و دەچن شیعریان بۆ هەڵدەبەستن، هەروەها دەیان و سەدان دەستخەتی بێ بنەما و هەڵبەستراو، بەها و بایەخی یەک تاکە شیعری ڕەسەنیان نییە، کە کاتی خۆی لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکرابنەوە.

لە چاپی یەکەمدا، چ دەستخەتێک بە عەبدوڵڵا زەنگەنە نەدراوە، جگە لە چەند پەڕێک نەبێت، ئەویش نەک ئۆرگیناڵەکەی، بەڵکو وێنەکەیان بۆ ناردووە، باشە ئەگەر ئەم دەستخەتە هەیە ئەدی بۆ ناخرێتە بەردەست ئەو ساخکەرەوە دڵسۆز و خەمخۆرە، دەستخەتێک ئەگەر هەبووایە و لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووە نەفەوتابێت و پارێزرابێت، ئەدی کوانێ لەپڕێکدا چی لێهات و بۆچی سەرنگومە، ئەی پاش ئەو ڕەخنە و گومانانەی ئاڕاستەی دیوانەکە و ڕێکخەرەکەی کران و پاش نزیکەی سێ ساڵ چاوەڕێکردنی ناوبراو، بە چ پاساوێک دەستخەتەکەی نادرێتێ، بۆیە ئەویش ناچار بووە بهێتە دەنگ و لە پێشگۆتنی چاپی دووهەمی دیوانەکە (انتشارات کردستان، سنه ٢٠٢٢، ل١٥) ڕاستیی بابەتەکەی ئاشکرا بکات:

«من لە ساڵی ٢٠١٩ەوە هەتا ئێستا، کە خەریکە ساڵی ٢٠٢٢ دابێت، لەسەر بەڵێنی برادەرێکی خۆشەویست و ئەدیب و جێ متمانەم، چاوەڕوان بووم دەقی دەستنووسەکەی زەینەب خانم بکەوێتە بەردەست، هەتا لەگەڵ چاپی یەکەم بەراوردی بکەم، بەڵکو هەر نەبێت بەشێک لە کەم وکوڕوییەکان چارەسەر بن، بەڵام بەداخەوە سەری نەگرت و ئاواتەکەم نەهاتە دی، لە ڕاستیدا، چاپی دووهەمی دیوانەکە تەنیا و تەنیا بۆیە دواکەوت، ئەگینا هیچ گرێ و گرفتێک لەسەر ڕێگە نەبوو».

**٣- پێشەکی دیوانەکە و ئامادەکارەکەی:**

أ- لە قسەکانی عەبدوڵڵا زەنگەنەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت، کە بەخۆی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نەبووە بە حیکمەت حەمید مەلا ڕەئووف و ئەو خانمەی نەوەی زەینەب خانە و نەیدیتوون و کەسێکی دی، ڕۆڵی ئەڵقەی ونی ئەم پەیوەندییەی گێڕاوە، ئەوەتا دەڵێت: «مامۆستا حیکمەت... بەر لە کۆچی دوایی بڕوای پێکردبووم» (ل٦) و «مامۆستا حیکمەت گێڕاویەتەوە...» (ل ٢٣) و «نامەیەکی ئەو خانمەیان بە ڤایبەر بۆ ناردم» (ل ١٣)...هتد.

ب- زەنگەنە لەم پێشەکییە درێژەدا (ل٧-٣٤) و لە پاشکۆکان (ل٣٠٥- ٣١٤، ل٣٢١- ٣٢٢) و لە سوپاس و پێزانیندا (ل٣٣٠) ناوی گشت ئەو ژن و پیاوانەی هێناوە، کە یارمەتییان داوە و وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە و دەنگوباسی زەینەب خانیان پێبەخشیوە، کەچی ناوی ئەو کەسە ناهێنێت، کە زیاتر لە هەمووان هاوکاریی کردووە و بووەتە ئەڵقەی پەیوەندی و نامەکە و شتەکانی دیی بە ڤایبەر بۆ ناردووە، کە پێویستبوو سوپاسێکی تایبەتی بکات، نەک بە «برادەر» و «ئەو» وەصفی بکات: «هاوکاری برادەران ...» (ل٢٢) و «لە ڕاستیدا من ئەو برادەرەم لە نزیکەوە نەدیوە، کە کاری تایپکردنەکەی لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام هەندێ شتم لەبارە بیستووە، وا دیارە ئەو تا تەواوکردنی کارەکە بەردەوام چۆتە ماڵی مامۆستا حیکمەت» (ل٢٣) لە سەرەتای چاپی دووهەمیشدا (ل١٥) گازندە لە «برادەرێکی خۆشەویست و ئەدیب و جێ متمانە»ی دەکات، کە دەستخەتی دیوانەکەی بۆ نەهێناوە، ئەرێ بۆ ناوی ئەو کەسە ئاشکرا نەکراوە؟ بەهێزترین گریمانە ئەوەیە، کە ئەو کەسە بەخۆی نەیویستووە ناوی ببرێت و ئەم داوایەی لە زەنگەنە کردووە و ئەویش بەقسەی کردووە و لە دوا گوتاریشیدا (گۆڤاری دیوان، ژمارە(١٨) تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، ل٦١) باسی «بابایەک» دەکات گوتویەتی: «ناویشم مەهێنن» پێدەچێت ئەم «برادەر» و «بابایە» هەر یەک کەس بێت، لێرە پێویستە پرسیار لە زەنگەنە بکرێت، ئەرێ خێرە مامۆستا ئەوە بۆچی بە درێژایی چوار ساڵ و نیوە (شوبات٢٠١٨- تشرینی دووەم ٢٠٢٢) ناوی ئەو برادەرە خۆشەویستەت ئاشکرا ناکەیت؟

ج- ئامادەکردنی دیوانەکە و ناساندنی زەینەب (زەینەب خانی مەلا ڕەئووف خادم سەجادە



کێیە؟ ل٣٥-٣٧) دراوەتە پاڵ مامۆستا حیکمەت حەمید مەلا ڕەئووف (١٩٤١- ٢٠١٧)ی برازای دڵدار و زەینەب، من گومان لەم درانەپاڵە و ئەم ناساندنە هەیە و پێموایە ناوبراو پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەم دیوانەوە نییە، تا بگاتە ڕادەی ئەوەی بکرێتە ئامادەکار، بەڵکو کەسانی دی تایپکردنی دیوانەکەیان بە ناوی ئەوەوە ئەنجام داوە و هەرچی کاری دی هەیە، ئەوا تەنیا عەبدوڵڵا زەنگەنە ڕایپەڕاندووە (بڕوانە: ل٢٥- ٢٨)، چونکە:

١- مامۆستای ڕەحمەتی دەرچووی بەشی کوردی بووە و ماوەی چوار ساڵ (١٩٦٥- ١٩٦٩) لە زانکۆ، زمانی و ئەدەبی کوردی خوێندووە و پاشتر بە درێژایی سی ساڵ (١٩٧٠- ٢٠٠١) مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی بووە و بەردەوام دەربارەی شیعری و ئەدەبیاتی کوردیی بۆ خوێندکاران دواوە، ئەگەر دیوانەکەی لەکن بووایە، یان بە هەبوونی بزانیایە، هەرچۆنێک بایە لای کەسانی دی باسی دەکرد و لە هەر کەسێکی دی زیاتر بەها و پێویستیی چاپکردنی دیوانی پلکی دەزانی، ئەگەر لەو ماوە درێژەدا ئەم دیوانەی پلکی لەکن خۆی هەڵگرتووە و تا سەرەمەرگی ئەوەندە هیوادار و ئاواتەخواز بووە چاپ بکرێت و دووجاران بە برادەرانی گووتوە: «وابزانم چاپی ئەم دیوانە بە چاوی خۆم نابینم» ئەدی بۆچی ئەوەندە خەمی لێ نەخوارد و تا مردنی بیری لە چاپدانی نەکردەوە؟ بۆ نەیدا بە یەکێک لەو دەیان شارەزا و پسپۆرانەی کۆیە و هەولێر؟ بەوانەشەوە، کە تازەبەتازە هاتوونەتە مەیدانی داکۆکیکردن و سەبارەت بە زەینەب خان پەیتاپەیتا کتێب و وتار بڵاودەکەونەوە، ئەی پێشتر بۆ ئەوەندە بێدەنگ بوون و لەو گشت کتێبانەیان بە تاکە دێڕێکیش باسیان نەکرد؟

٢- کە باسی مەلا ڕەئووفی باپیری و زەینەبی پوری و مامەکانی دەکات، وەک کوڕێکی ئەم بنەماڵەیە نادوێت و ناڵێت (باپیرم، پلکم، مامم، مامەکانم) تەنانەت کە ناوی حەمیدی باوکیشی دەهێنێت، خۆی وا دەرناخات کە کوڕیەتی و ناڵێت (بابم) بەڵکو دەڵێت: «لای حەمیدی برای» و «پاش وەفاتی حەمیدی برای» هۆی ئەمە بە بۆچوونی من بە پلە یەک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کەسێک پێشتر ئەمەی نووسیوە و دواتر داویەتی پاڵ ئەو و نەپەرژاوە، یان لەبیری چووە پێیدا بچێتەوە و وەکو خۆی هێشتوویەتیەوە، یان سەرەتا بە ناوی ئەوەوە نووسیویەتی و لە پەلەپەلیدا ئەمەی بەسەردا تێپەڕیوە.

٣- ئەگەر ئەو خاوەنی ئەم ناساندنە بایە، ئەوا دەبوو بەخۆی لێرە نەک کەسانی دی لە دوا لاپەڕەی دیوانەکە (ل٣٢٩) ئەوە ڕابگەهێنن کە بەڕێزی: «هەموو جۆرە ناخۆشییەکی لە پێناو پاراستنی ئەم دیوانە قبوڵ بووە تا لەدەست نەچێ» و ئومێدەوار بووە دیوانەکە چاپ بکرێت.

٤- مامۆستا پاش ماوەیەک نەخۆشی وەک لە پاشکۆی دیوانەکە باسکراوە، شەوی ١٨/١٧-١٢-٢٠١٧ مردووە، کەچی لە چەند لاپەڕەیەکی دیوانەکەدا، مێژووی درەنگتر و مانگی دووی ٢٠١٨ی هەن، واتا پتر لە مانگ و نیوێک پاش مردنی: (٢٠١٨/٢/٣) (٢٠١٨/٢/٤) (٢٠١٨/٢/٩) (دیوانی زەینەب خان، ل٢٨، ٣٤، ٣٠٩، ٣١١، ٣١٦) و دیوانەکە بە تایپکراوی لەسەر(C. D) دراوە بە عەبدوڵڵا زەنگەنە و هەموو کارەکانی دی هەر ئەو کردوویەتی و (سوپاس و پێزانین)ەکەی زەنگەنەش مێژووی ٢/١٢ /٢٠١٨ پێوەیە - واتە پاش (٥٥) ڕۆژ! (ل٣٣٠).

٥- لەمانە سەرنجڕاکێشتر، نووسینێک بە ناوی خانمێکی ئامۆزای مامۆستا حیکمەت بڵاوکراوەتەوە، کە ڕۆژی ٤-٢-٢٠١٨ لە کەرکوکەوە ناردوویەتی، تیایدا باسی هەبوونی دیوانەکەی پلکی دەکات، کە بۆچی وەختی خۆی چاپ نەکراوە، ئەوجا دەستخۆشی لەو و عەبدوڵڵا زەنگەنە دەکات، بۆ بڵاوکردنەوەی دیوانەکە. کێ باوەڕ دەکات پاش مانگ و نیوێک ئەم خانمە بە مردنی کوڕەمامی نەزانیبێت لەبری ئەوەی ڕەحمەتی بۆ بنێرێت، دەستخۆشی لێ دەکات.

٦- جگە لەمە، ئەم دادەیە دواتر دوو جاری دی دوێنراوە، هەر جارێکیان زانیاریی نوێ و سەیر و ورد دەدات بەدەستەوە، کە لە جارەکەی پێشتر نەیگوتووە و جیاوازی لە ناوەڕۆکی قسەکانیدا هەیە لەگەڵ ئەوەکەی دیوانەکە (ل٣١٠- ٣١١) باشە ئەو زانیارییە گرنگەی کە لە دواندنەکەی ڕێزدار عەبدولرەحمان مەعرووف (گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٢٧٧-٢٧٨)- ١١/٥-٢٠٢٠/١٢، ل٦٧)

**“ ئەو هەموو کتێب و وتار و سمینار و بەرنامەیەی بۆ بەرگری لە دیوانەکە پێکەوەنران، ئەگەر دە ئەوەندەی دیش لەمەودوا پێکەوە بنرێن بۆ سەلماندنی شاعیربوونی، هەموویان یەک ڕستەی بڵاوکراوەی ساڵانی سەدەی ڕابردوو ناهێنن ”**



درکاندوویەتی سەبارەت بە چوونی مەلا ڕەئووفی باپیری و سەعدیی باوکی و زەینەبی پلکی و سەعید ئاغای زاوایان بۆ لوبنان لە ساڵی ١٩٢٧و بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون، بۆچی پێشتر لە قسەکانی ڕۆژی ٢٠١٨/٢/٤ ی نێو دیوانەکە نەی دەدرکاند؟ تەنانەت لێرە یەکە یەکە ناوی زۆربەی ئەندامانی دامەزرێنەری خۆیبوونی لەبەربووە، ئەو ئەندامانەی مەگەر یەکێک پسپۆڕی مێژووی نوێی کورد بێت و شتێکی لەبارەی خۆیبوونەوە نووسیبێت، ئەوجا ئەگەر ناویان بزانێت. ئەی ئەگەر دەیزانی زەینەبی پلکی بیست ڕۆژ لەبەر سیاسەت و کوردایەتی گیراوە وەک لە (گۆڤاری دیوان، ژمارە ١٦، ئەیلوولی٢٠٢٢، ل٥١-٥٢) هاتووە، ئەی بۆچی لە وەڵامی ئەو پرسیارەی وا لێی کراوە و لە وتارەکەی ڕامان بڵاوبووەتەوە، باسی شتی وەهای نەکردووە؟، ڕوونە ئەگەر هەرکەسێک یادگاریی منداڵیی دەرهەق کەسێکی نزیکی هەبێت، هەمووی بە یەکجار و بێ زیاد و کەم دەگێڕێتەوە.

٧- توێژەر زانا طەیفور، کە مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە بە توێژینەوەی (ڕۆڵی دڵدار لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر)دا، بەشداریی لە کۆنفڕانسی دڵدار کردووە، کە ڕۆژانی ٢٠- ٢٠١٨/٢/٢٢ لە زانکۆی کۆیە بەڕێوەچوو، لە توێژینەوەکەیدا پشتی بە ئەرشیف و چاوپێکەوتنی مامۆستا حیکمەت بەستووە، کە ڕۆژی ٢٠١٧/١١/٢٠ لەگەڵی سازی داوە و برێک زانیاریی لەبارەی ڕۆڵی زەینەب خانەوە لێ وەرگرتووە، سەربارەی دوو شیعری سەبارەت بە ڕێکخراوی دارکەر و حزبی هیوا گوتونی، کە لە دیوانەکەشی هاتوون (باسەکانی سێیەمین کۆنفڕانسی ناودارانی کۆیە، یادی سەدساڵەی لەدایکبوونی دڵدار، ل٢٣١-٢٦٠)

بۆ سۆراخی ئەم پرسە، پەیوەندیم بە توێژەری ناوبراوەوە کرد و پێیگوتم، کە ئەو بەخۆی ئەو چاوپێکەوتنەی ساز نەداوە و مامۆستا حیکمەتی هەر نەدیوە، بەڵکو پاش مردنی بە ماوەیەک، هاوڕێی نزیکی، شاعیر عەبدولڕەحمان بێلاف چەند چاوپێکەوتنێکی ڤیدیۆیی و ئەو دوو شیعرەی پێداوە، هەروەها دیارە ئەم توێژینەوەیە پاشتر لێی زیاد کراوە، بە بەڵگەی ئەوەی دیوانی

**"لە قسەکانی زەنگەنەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە بەخۆی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە حیکمەت حەمید مەلا ڕەئووف و بە ئەو خانمەی نەوەی زەینەب خانە، نەبووە و نەیدیتوون"**

زەینەب خانی بەکار هێناوە.

### ٤- لەبارەی ناوەڕۆک و مێژووی دانانی چەند شیعرێکەوە:

لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکاندا، لە ئاست زۆربەیان و لە چەند ڕوویەکەوە، زیاد لە سەرنج و ڕامان و پرسیارێک سەرهەڵ دەدات، دیارە لێرەدا ناکرێت قسە لەبارەی گشتیانەوە بکرێت نەخاسمە سەبارەت بە بوارەکانی زمانەوانی و کێشناسی و هونەرەکانی شیعر، کە لە شارەزایی منەوە دوورن و ئاگاییەکی ئەوتۆم لەسەریان نییە و پسپۆڕانی ئەو بوارانە دەبێت زیاتر لەبارەیانەوە بدوێن. من لێرە لەبارەی ساڵ و بۆنەی دانانی چەند شیعرێکەوە دەدوێم و بۆچوونی خۆم دەردەبڕم:

أ- لە دیوانەکە و لەو کتێبانەی بەم دواییە دانران، زەینەب کراوە بە هێڵی هاوتەریبی دڵداری برای و وەک سێبەری لەگەڵی دایە و هەرچی لەبارەی دڵدارەوە باسکراوە، زەینەبیشی تێئاخێنراوە و ئەو چی بکات، ئەمیش هەمان کار دەکات و بەڵکو کراوە بە مامۆستا و ڕێبەری برای بچووکی، وەک چۆن دڵدار لە دامەزرێنەران و ئەندامانی چالاکی کۆمەڵەی دارکەر و حزبی هیوا بووە و شیعری نیشتیمانی و نەتەوەیی هەیە و لە گۆڤاری گەلاوێژ بەرهەمی بڵاوکردووەتەوە، زەینەبیش کتومت ئاوەهایە، پاش مردنی دڵداریش دیوانەکەی درا بە ڕەحمەتی گیوی موکریانی (١٩٠٤- ١٩٧٧) تا چاپی بکات و ئەویش دووجار چاپی کرد، لێرەش دەڵێن دیوانەکەی زەینەبیش بۆ هەمان مەبەست دراوە بە ئەو، بەڵام چاپی نەکرد و نەشیگەڕاندەوە و تا ئێستا وەرنەگیراوەتەوە (دیوانی، ل٣٧) ئەدی ناوبراو بۆ دیوانی دڵدار و چەندین دیوانیی دیکەی چاپ کرد و خزمەتێکی مەزنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی کرد؟ دواتر عەبدولخالق عەلائەدین، ساڵی ١٩٨٥ یاداشت و دیوان و گوتارەکانی دڵداری بڵاوکردەوە، لێرەش ئاخافتنی بێ بەڵگە بە ناوی ئەو و د. کەمال مەزهەر-ەوە کران، گوایە گوتویەتی کاتی خۆی دیوان و بەرهەمەکانی زەینەبیشیان پێداوە تا چاپیان بکات، بەڵام هەوڵەکانی سەری نەگرتووە و بەچاپ نەکراوی مانەوە (کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی، هەولێر: ٢٠٢١، ل٧-٨) لە

کاتێکدا ناوبراو لە کتێبەکەی لەمەڕ دڵدار، یەک وشەیشی لەمبارەیەوە نەگوتووە.

لەمانەش سەرنجڕاکێشتر، دڵدار نامەیەکی پڕ لە پەیڤی جوان و ئامۆژگاری بۆ نەسرینی برازای- کچی ئاسەفی برای- نووسیوە (دڵدار، شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ل١٣٧- ١٣٨) دەبینین زەینەب-یش شیعرێکی بۆ هەمان برازای داناوە (دیوانی، ل٢٥١) هەروەها لە دیوانەکەدا وێنەیەکی دڵدار لەگەڵ کوڕێکی زەینەب بڵاوکراوەتەوە (دیوانی، ل٢٩٨) لە کتێبەکەی کەمال غەمبار-یش (ژیاننامەی زەینەب خان لە هۆنراوەکانیدا، هەولێر: ٢٠٢١، ل٤٩٣) وێنەیەکی زەینەب خان لەگەڵ هەمان کوڕیدا بڵاوکراوەتەوە، کە دواتر دێینەوە سەر ئەم وێنانە-.

ب –ئەگەر جارێک و دووان و دە جار سەرلەبەری دیوانەکە بخوێنیتەوە، ناتوانیت لە مێشک و خەیاڵدا وێنایەک بۆ کەسایەتیی خاوەنەکەی بکێشیت، ئەم بابەتە تەنیا بەخۆی تۆژینەوەیەکی تایبەت هەڵدەگرێت، بۆ نموونە دیوانەکەی پڕە لە شیعری کوردایەتی و پێداهەڵدان بە کورد و ئاڵای کوردستان و نەورۆز و حزبی هیوا و چوار ئەفسەرە شەهیدەکە و پێشمەرگەکانی قازی محەمەد و گەڕانەوەی بارزانی و «کوردستان بینایی دەیدە» کەچی هاوکات تا سەر ئێسک کۆییاتی دەکات و وەک ڕەهبەر سەید برایم دەڵێت: «کۆییەکی عەیار بیست و چوارە» و (٥٢) جار ناوی کۆیە و(٨) جار ناوی هەیبەت سوڵتانی هێناوە و دوو جاریش خۆی بە قوربانی دار و بەردی کۆیە کردووە. ئەوانەی ئەم شیعرانەیان دارشتووە، دەبێت مەبەست و مەرامیان چی بێت؟ ئەگەر (کۆیییاەتی و خۆیایەتی) نەبێت. ئەگەر زەینەب خان هەندە شەیدا و ئەڤینداری کۆیە بوو، ئەدی بۆ ڕای دایکی و براکانی ڕەتکردەوە و نەیهێشت تەرمی دڵداری برای ببرێتەوە بۆ ئەوێندەر و ڕازیکردن لە هەولێر بنێژرێت- کە دواتریش باس لەمە دەکەین-.

ج- لە شیعری (ئینگلیزی داگیرکەر) ساڵی ١٩٢٨، باس لەوە کراوە ئینگلیز کوردستانی چوار پارچە کردووە»بە چوار بەشدا» «بە چوار لا» «هەڕاجی چوار لا». ئەوەی تەنیا ئاگای لە هێڵە گشتییەکانی مێژووی کورد بێت، دەزانێت کوردستان لە شەڕی چاڵدێرانەوە دووکەرت کرا، ئەوجا دەوڵەتانی ئەوروپی کوردستانی عوسمانییان کردە سێ پارچە و کوردسانی ڕۆژهەڵات وەک خۆی مایەوە، ئینگلیز هیچ پەیوەندیی بەم چوار پارچەکردنەوە نییە و لە شیعری (کەسەری ئینگلیز) ساڵی ١٩٣٢، جارێکی دی باسی پارچەپارچەکردنی کوردستان و ئینگلیزی مەلعوون دەکات، گوایە بەهۆی ئەوانەوە، دێهات سووتاوە و ڕووباری خوێن هاژەی هاتووە و شەپۆلی داوە (دیوانی، ل٧٣-٧٤) دیارە ئەوەی ئەم شیعرەی داناوە چ ئاگاییەکی لە مێژوو نەبووە و نەیزانیوە، کە لەو ساڵانەی سەردەمی دەسەڵاتی ئینگلیزدا کارەساتی وا قەت ڕووی نەداوە.

د- لەو شیعرەی بە بۆنەی مردنی مەلا ڕەئووفی باوکییەوە لە ساڵی١٩٤٣ دایناوە و هەمان ساڵ شیعرێکی دیکەشی داناوە (دیوانی، ل١٢٦-١٢٧، ١٢٩) ئاماژەی بەوە نەداوە باوکی شاعیر بووە و دیوانی شیعری هەبووە، کەچی پاشان بۆ ئەویش سەرباری ژمارەیەکی کتێبی جۆربەجۆر، دیوانێک پێکەوەنرا و چاپ و بڵاوکرایەوە.

ها- لە شیعری (سەربردەی زەمەن)- ساڵی١٩٣٠، لە تەمەنی سی ساڵی دایە و شەش حەوت ساڵە هاتووەتە هەولێر، سەرباری ئەوەی سەرقاڵی ماڵداری و ڕاییکردنی کاروباری خێزان و بەخێوکردنی منداڵ بووە، گشت شیعری جاهیلی و دیوانی موتەنەبیی بەوردی خوێندۆتەوە تا «گیژبووە لە بەحری کەلیمەی جوان جوان» پاشان هاتووەتە سەر ڕۆمانی دایک (الأم)ی مەکسیم گۆرگی، ئەوجا چووەتە نێو دونیای ئەدەبیاتی فارسی و شیعرەکانی حافظ و سەعدی و حەکیم سەنائی مەست و دێوانەیان کردووە و چوارینەکانی عومەری خەیامیش» دڵی پڕ کردووە لە قوڵپەی گریان» ئەوجا «سەدان کتێب و دەستنووسی تورکی»ی خوێندووەتەوە، دیارە پێشتریش ئاگای لە شیعرەکانی بابا تاهیر و مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی بووە، دیارە هەر خوێنەرێک دەیان فەرهەنگ و شەرحی کەسانی شارەزا و پسپۆڕی پێویستە، تا لە وشە ئاڵۆز و دەستەواژە و ڕەمز و لایەنە ڕەوانبێژییەکانی ئەم دیوانە عەرەبی و فارسییانە تێبگات. پێموایە ئەگەر هەر کەسێک ئەم شیعرە بخوێنێتەوە و



**“ تازەبەتازە هاتوونەتە مەیدان و سەبارەت بە زەینەب خان پەیتاپەیتا کتێب و وتار بڵاودەکەونەوە، ئەی پێشتر بۆ ئەوەندە بێدەنگ بوون و لەو گشت کتێبانەیان بە تاکە دێڕێکیش باسیان نەکردووە؟ ”**



نەختێک ژیرانە و بێلایەنانە بیر بکاتەوە، باوەڕ بەوە ناکات ئەو شیعرە زادەی ئەو ساڵەی تەمەنی ژنە کوردێکی هەولێر بێت.

و- ساڵی ١٩٤٩ شیعرێکی بۆ (پایەدار سەید عەلی ئەصغەری کوردستانی) هۆنیەوەتەوە (ئەم هونەرمەندە پێش دوازدە ساڵ- ١٩٣٧ مردووە) ڕەنگە دانەری ڕاستەقینەی ئەم شیعرە کەوتبێتە ژێر کاریگەریی شیعری (پەپوولەی ئازادی)ی عوسمان ئەحمەدییەوە، کە مەزهەری خالقی چریوویەتی و برگەی (ئەو شەوە ئاسمانی ژین ئەستێرە باران بوو)ی گۆڕیوە بۆ (دنیا ئەستێرە باران بوو) و (شەو) ی کردووە بە(شەومان) بردوویەتیە دێڕەکەی پاشترەوە:

***شەومان هەموو پێکەنین بوو، لەحزەیەک خەمبار نەبووین***

***لە مەحەببەتی سەدای ئەو، هەموو بە جاریٚ ڕۆدەچووین***

***سەدای قەوانمان بەرز بوو، زایەڵەی ئەو دەهاتە گویٚ***

***بەبیٚ ورتە لە بۆ بیستن، هەموو گیانمان دەبوو بە گویٚ***(دیوانی، ل١٦٨)

کیٚ باوەڕ دەکات و چ مەنتقێکی تێدایە، ژنێکی دڵشکاو و ڕەشپۆش و لێوبەبار، کە چەند مانگێک پێشتر دڵدار و ئاسەفی برای لەدووی یەک جوانەمەرگ بووبوون و بەم بۆنە جەرگبڕەوە شیوەن و ڕۆڕۆ بۆ دڵدار بکات (دیوانی، ١٦٤) پاشتر ساڵی١٩٤٩ توانا و تاقەتی ئەوەی هەبێت و لە ڕووی بێت ئەم تەرزە شیعرە دابنێت و باسی کەیف و خۆشی و سەدای قەوانی شەوان بکات. شایەنی باسە دڵدار لە ڕۆژی ١٢-١١- ١٩٤٨ و ئاسەفی برای پاش دوومانگێک واتا سەرەتای ١٩٤٩، یان بیست ڕۆژ بەگوێرەی دیوانەکە مردن.

با سەرنجی ئەم ناکۆکییەش بدەین، ژنێک هێشتا کارەساتی مردنی جەرگبڕی هەردوو براکەی لەبیر نەچوبێتەوە و دڵدار بهێتە خەونی، وەک لە شیعرێکی ساڵی١٩٥٠ باسی دەکات و لە شیعرێکی دیکەیی هەمان ساڵدا، یادی ئاسەفی جوانەمەرگ بکاتەوە (دیوانی، ل١٧٤، ١٧٨) چۆن قەناعەت دەکرێت خاوەنی ئەم شیعرەی ساڵی ١٩٤٩ بێت،

**“ پێموایە ئەگەر هەر کەسێک ئەم شیعرە بخوێنێتەوە و نەختێک ژیرانە و بێلایەنانە بیر بکاتەوە، باوەڕ بەوە ناکات ئەو شیعرە زادەی ئەو ساڵەی تەمەنی ژنە کوردێکی هەولێر بێت ”**

یان خوشکێک چۆن دڵی دێت لە لاواندنەوەی برایەکی جوانەمەرگیدا، پێی بڵێت: «بەو زمانە لاڵە پەتەت»

ز - بە بۆنەوەی مردنیانەوە، بە شیعر شیوەنی بۆ شاعیرانی هاودەمی: ئەحمەد موختار بەگ و فایەق بێکەس و پیرەمێرد گێڕاوە، ئەم شیعرانە، ئەگەر حەقیقەتیان هەبووایە، ئەوا دەبوو لە دەمی خۆی و پاش مردنی ئەو شاعیرانە بە ماوەیەکی کەم بڵاوکرابانەوە، تا خزم و کەسی ئەم شاعیرانە پێی بزانن و لەبارچاویان بێت. لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا چەندین شیعری شیوەن و یادکرنەوەی ئەم چەشنە بۆنانە، بڵاوکراونەتەوە.

ح- شیعرێکی بە بۆنەوی مردنی پیرەمێردەوە- ساڵی ١٩٥٠ داناوە، کە گوایا دۆستی مەلا ڕەئووفی بابی بووە و بۆ سەرلێدانی دەهاتە کۆیە و حەفتەیەک دەمایەوە، کەچی پیرەمێرد نە لە ڕۆژنامەی ژین (١٩٣٩-١٩٥٠) و گۆشەی (ئەوانەی ناسیمن) کە باسی ئەو شاعیر و ڕۆشنبیرانە دەکات، کە لە نزیکەوە ناسیونی و نە لە یاداشت و کتێبەکانیدا، هەرگیز باسی شتی وەهای نەکردووە، بەڵکو لە بۆنەی جۆربەجۆردا شیعر و چوارینەی بۆ دەیان کەسایەتی داناوە و لە ڕۆژنامەی (ژیان) و (ژین)دا بڵاوی کردوونەتەوە، وەلیٚ لە هیچ لەمانە باس وخواسی مەلا ڕەئووفی نەکردووە (بڕوانە: ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، دووبەرگ، دەزگای ئاراس، هەولێر:٢٠٠١)

ط- ناوونیشانی شیعری (برای چاوڕەش) ساڵی١٩٥٠، لە دێڕە شیعری (برای عەرەبی چاوڕەشم)ی گۆرانەوە وەرگیراوە، بەڵام لێرە بە پێچەوانەوە، هێرشێکی توند کراوەتە سەر عەرەب و بە «پێپەتی» و «ڕەوە کوللە» وەصفکراون و بە داگیرکەر و دەست نەپارێز و بەدکردار و بردنی ژنان تاوانباریان دەکات و گازندە لە کورد دەکات، کە پەند وەر ناگرن و عەرەب بە برای خۆیان دەزانن.

ئاشکرایە کەسێک لەم دواییانە و لە ژێر کاریگەریی ڕەفتارەکانی حزبی بەعس و شاڵاوەکانی ئەنفال ١٩٨٨ و سەرهەڵدانی داعش، ئەم شیعرەی هەڵبەستووە و گەڕاندوویەتیەوە بۆ زەینەب



خان و بۆ ساڵی ١٩٥٠و ئاگای لەوە نەبووە، کە عەرەبیش پێش شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ وەک ئێمە وابوون و ڕۆشنبیران و ئەدیبانی کورد قەت بەو ئاستە زەمی گەلی عەرەبیان نەکردووە و هەندە بەخراپی هێرشیان نەکردوونەتە سەر، بگرە گۆران عەرەبی بە برا و هاودەرد و هاوچارەنووسی کورد داناوە، لە لایەکی دیکەوە لە سەردەمی مەلەکیدا پرۆسەی بەعەرەبکردن و وێرانکردنی کوردستان و ڕفاندنی ژنان بەو شێوەیە لەئارادا نەبوو و کورد پشکدارێکی بنەڕەتیی حوکومەت و دەوڵەتی عێراق بوو.

ی- نە خودی شاعیر عوسمان عەونی (١٩١٤- ١٩٩٢) و نە کەسی دی ئاگای لەو شیعرە نەبووە کە زەینەب خان لەبۆ سوپاس و ستایشکردنی شاعیری ناوبراو دایناوە (دیوانی، ل١٩٦) تەنانەت فەرهاد عەونیش تا دوا چاپی دیوانەکەی باوکی لە ساڵی ٢٠١١، ئاگای لەو شیعرە نەبووە. کێ باوەڕ دەکات، یەکێک شیعرێکی ستایش و پێزانین بۆ دۆست و هاوشارێکی خۆی دابنێت، ئەویش هیچ ئاگا و خەبەری لەو شیعرە نەبێت، دواتر و پاش بڵاوکردنەوەی دیوانەکەی زەینەب خان، فەرهاد عەونی بەرگی پشتەوەی بەرگی دووەمی دیوانەکەی باوکی بەو شیعرە نەخشاند.

ک- سەیرتر لە هەموو ئەمەناش، زەینەب خان تووشی نەخۆشییەکی کوشندە دەبێت و لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ بۆ چارەسەر دەیبەنە بەغدا و ماوەیەک دەمێنێتەوە و سەردانی چەند شوێنی پێدەکەن، ئەوجا دەیهێننەوە بۆ هەولێر و ڕۆژی ١٨-١- ١٩٦٣ دەمرێت (خودا لێی خۆشبێت)

دەبینین لە دیوانەکەیدا چوار شیعر و شیعرێک بۆ مندالان مێژووی ١٩٦٣ی پێوەیە (دیوانی، ل٢٤٢- ٢٤٥، ٢٧٠) واتە تەنیا لە ماوەی ١- ١/١٨/ ١٩٦٣ ئەو پێنج شیعرەی داناوە، کێ بڕوا دەکات زەینەب خان لە سەرەمەرگدا و لەو چەند ڕۆژە ناخۆش و هەستیارەدا، کە بەدەم دەرد و ئازارەوە تلاوەتەوە و سەرقاڵی چارەسەر بووە تا گیانی سپاردووە، هەر خەریکی شیعر دانان بووبێت و شیعر بۆ «مندالانی ژیکەلەی شاری کۆیە» بهۆنێتەوە؟ بێ ئەوەی بچووکترین ئاماژە بەو دەردە کوشندەیەی خۆی بکات، کە پێشتریش مهاباد قەرەداغی هەستی بەمە کردووە و هەڵوەستەی لەسەر کردووە و پاساوی بۆ هێناوەتەوە (ئافرەتیزم، هەولێر: ٢٠١٨، ل ٣١٨).




> **کێ باوەڕ دەکات، ژنێکی دڵشکاو و ڕەشپۆش و لێوبەبار، کە چەند مانگێک پێشتر دڵدار و ئاسەفی برای لەدووی یەک جوانەمەرگ بووبوون و بەم بۆنە جەرگبڕەوە شیوەن و ڕۆڕۆ بۆ دڵدار بکات؟**

**٥- وێنە و بەڵگەنامە و لاپەڕەی دەستخەت.**

أ- وادیارە زەینەب خان هیچ وێنەیەکی نەماوە و لە دیوانەکەیدا تاقە وێنەیەکی دانراوە لەگەڵ هاوسەرەکەی دانیشتوون و دڵداریش لە پشتیانەوە ڕاوەستاوە (دیوانی، ل٢٧٩) ئەوەی مایەی تێبینی و ڕامانە و گومان لە حەقیقەتی وێنەکە دەکات ئەوەیە، کە وێنەکەی دڵدار هەمان ئەوەیە لە کتێبی (دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ل٣١، ٤٢)یش هەیە، دواتر دوو وێنەی دیکەی لە کتێبەکەی کەماڵ غەمبار (ژیانامەی زەینب خان لە هۆنراوەکانیدا، ل٤٩٣- ٤٩٤) دانراون و یەکێکیان خراوەتە بان بەرگی پێشەوە و پشتەوەی کتێبەکەش.


پرسیار لێرە ئەوەیە، ئەرێ ئەگەر ئەم دوو وێنەیەش هەبوون، ئەدی بۆچی پێشتر لە دیوانەکەی دانەنران، هەروەها ئەم سێ وێنەیە



گەڕێنراونەتەوە بۆ ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەم و ڕۆژگاری گەنجێتی زەینەب خان، من قەت باوەڕ ناکەم ژنی ماڵە کوردێکی ناسراو و دیندار و خۆپارێزی کۆیی- هەولێری، لە سییەکاندا ئەو تەرزە جلانەی پۆشیبێت.

ئەوەتا عەبدولکەریم شێخانی (١٩٣٢) دەڵێت: «زەینەب خان ... کڵاوێکی هەولێرییانەی لەسەر دەنا و کەوا و کراسی کوردی لەبەر دەکرد» (دیوانی زەینەب خان، ل١٧)، من بەخۆم لەگەڵ گومانی زۆریشم، نازانم ئەم سێ وێنەیە تا چەند ڕاستن و پێویستە کەسانی شارەزا و پسپۆر ئەمە یەکلا بکەنەوە.

ب- کارتێکی ئابوونەی ساڵانەی گۆڤاری گەلاوێژ بە ناوی زەینەبەوە بڵاوکراوەتەوە (دیوانی، ل٢٩٥) بۆ ئەوەی وا پیشان بدرێت، کە خوێنەر و بەشداریکەری بەردەوامی گۆڤارەکە بووە، کەچی بەڕوونی دیارە و بە ئاسانی دەبینرێت، کە پێشتر کارتەکە بە مەرەکەبی نەفتیی مەیلەو ڕەش پڕ کراوەتەوە، پاشان ناوی خاوەنە ڕاستەقینەکەی ڕەش کراوەتەوە و مەرەکەبەکەی بە گشت لایەکدا پەرش بووە و لە شوێنەکەی بە پێنووسی مەرەکەب شین ناوی (لە لایەن/ زینب مەلا ڕؤف فەندی) نووسراوە و بەهای ساڵانەی ئابونەدان:(ـــ ١) و (--- یەک) دینار و ساڵەکەی: (٥)هکەی ساڵی ١٩٤٥) لەسەر ناوەکە و تاریخی (٢٠/٥/ ٥ واتا ١٩٤٥) و (ئیمزای) وەرگر لە ژێر ناوەکە، وەک





خۆیان ماون، ئەوجا بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە (کچە کورد) هەر ئەو خۆیەتی، وشەیەکی دی سڕاوەتەوە و لە شوێنەکەی و هەر بە مەرەکەبی شین، (کچە کورد) نووسراوە، واتە تەنیا ناوی خاوەن کارتەکە و وشەیەک گۆڕدراون و لەدووی یەک کراون بە (زینب مەلا ڕؤف فەندی) و(کچە کورد) و مەرکەبی بەکارهاتووش لە پڕکردنەوەی کارتەکە پاش تەزویرکردنی بووە بە (ڕەش، شین، ڕەش، شین) بکەری ئەم دەستکارییە نەپەرژاوە، یان بۆی نەکراوە ئەو زانیاریانەش بگۆڕێت. لە ئەصلی کارتەکەش (لە جەنابی) هەیە و ڕەنگە لە پەلەپەلی بووبێت (لە لایەن)یشی بۆ زیاد کردووە (وێنەی کارتەکە هاوپێچی ئەم بابەتە کراوە)

ج- دیوانەکە وەک گوتمان دەستخەتی لەگەڵ نییە، بەڵام هەشت لاپەڕەی کۆن وەک نموونەی دیوانە دەستخەتەکە بڵاوکراونەتەوە (دیوانی، ل٢٨٩-٢٩٣، ٢٩٦- ٢٩٧، ٣٠٢) ڕوونە ئەم لاپەڕانە بە ئەنقەست شێوێنراون و پێشتر هەندێکیان پیس کراون (ل٢٩٠-٢٩١، ٢٩٧، ٣٠٢) یان خەتی ڕەشی ڕاست و پانیان بەسەردا هێنراوە (ل٢٩٢- ٢٩٣، ٢٩٦) یان لە قەراغەوە تەڕ کراون (ل٢٩٨) تا وانیشان بدرێن، کە کۆن و ڕەسەنن و بەر کاریگەریی ڕۆژگار کەوتوون بۆیە وایان لێهاتووە، ئەوجا دواتر بە شیعرەکان پڕ کراونەتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی دێڕە شیعرەکان بە ئاسانی دەبینرێن و دەخوێنرێنەوە و هیچ وشەیەک نەفەوتاوە و نەکەوتۆتە ژێرەوە تا نەهێتە خوێندنەوە، ئەگەر شیعرەکان کۆن بوونایە و پێش شێواندنی لاپەڕەکان هەبوونایە، ئەوا چەند وشەیەکیان بەهۆی ئەو کاریگەرییانەوە نەدەمان، یان دەکەوتنە ژێر خەتە ڕەشەکانەوە و نابینران، یان بە زەحمەت و گریمانەوە لێک دەدرانەوە و دەخوێنرانەوە.

د- پەڕەکانی دوو شیعری ساڵی ١٩٣٠ (ل٢٩٨-٢٩٩) کە دەبێت لە دەستخەتەکە نزیکی یەک بووبن و دەبوو وەک یەک زیانیان بەربکەوتایە و بشێوایانە، کەچی بە دوو شێوەی تەواو جیاواز شێواون! و یەکێکیان تا ڕادەیەک وەک شیعرەکانی ساڵانی ١٩٣٩، ١٩٤٨، ١٩٥٠ شێواوە. ئەمە دەری دەخات کە شێوانی سروشتی نییە، بەڵکو شێواندنە.



ها- لە لایەکی دیکەوە، لاپەڕەکان لە یەک جۆر پەڕەی خەتخەتن، لەوانەی وا جووت خەتێکی سوور لە سەرەوەیان بوو و بە دووپەڕی- چوار لاپەڕی- یان بە دەفتەر هەبوون و بەبیرم دێت لە حەفتاکان و هەشتاکان دەدران بە خوێندکارانی قوتابخانەکان، ئەم لاپەڕانە شیعری ساڵەکانی ١٩٣٠، ١٩٣٧، ١٩٣٩، ١٩٤٨، ١٩٥٠، ١٩٥٨ لەخۆ دەگرن، ئەمەش ئەو گریمانەیە بەهێز دەکات کە لە یەک کاتدا دانراون و زەحمەتە ڕێی تێ بچێت ئەم شیعرانە لەو ماوە درێژە و دوو شیعر کە نێوانیان بیست و هەشت ساڵ بێت (١٩٣٠- ١٩٥٨) لە یەک جۆرە پەڕە یاداشت بکرێن، ئەمە جگە لەوەی، ئەرێ ئەم جۆرە پەڕەیە لە هەولێری ساڵی ١٩٣٠ دەست دەکەوت؟ ئەگەر ئەم دەستخەتانە لە ڕووی ڕێنووس و جۆری کاغەزەوە بەراورد بکەین لەگەڵ نموونەی دەستخەتی دڵدار (دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ل٢٢٨- ٢٢٩) یان لەگەڵ دەستخەتی ئەو مەولوودنامە تورکییەی بە ناڕەوایی دراوەتە پاڵ زەینەب خان (مەولوودنامەی پێغەمبەر، هەولێر: ٢٠٢١، ل١٧١- ١٩٢) ئەوجا دەزانین تا چ ڕادەیەک جیاوازن.



چەند لاپەڕەیەکی دەستنووسی شیعرەکانی، کە گوایە هی (زەینەب خان)ە و لە دیوانەکەیدا بڵاوکراونەتەوە

**سێهەم- چەند سەرنجێک لەسەر ئەو کتێبانەی لەم سێ ساڵەی دوایی دەرچوون:**

تەنیا بە مەبەستی هەڵسەنگاندێکی زانستییانە و بێلایەنانەی دیوانەکە، م. سوداد ڕەسوول دەستپێشخەریی کرد و لێکۆڵینەوەیەکی وردی بە ناوونیشانی (دیوانی زەینەب خان(کچە کورد) ڕاستییە، یان وەهم) لە هەردوو ژمارە (٢٦٦/ ٥- ٧- ٢٠١٩) و (٢٦٧/ ٥- ٨- ٢٠١٩)ی گۆڤاری ڕامان بڵاوکردەوە و دوو مانگێک پێشتریش لە سیمینارێکدا، لە ئەکادیمیای کوردی پێشکەشی کرد و لەم تۆژینەوەیەیدا، بە لەبەرچاوگرتنی پرۆسەی پەتیکردنی زمانی کوردی و قۆناغەکانی گۆڕین و هەمووارکردنی ڕێنووسی کوردی، زیاتر ڕەخنەی لە زمان و فۆرم و ناوەڕۆکی شیعرەکانی(١٩٢٠- ١٩٤٠) و ڕێنووسی بەکارهاتوو لەو چەند لاپەڕەیەی ناو دیوانەکە گرت و کۆمەڵە وشەیەکی وەک نموونە وەرگرت کە لەو دەمانە نەبوون یان بەکار نەهاتوون و سەرئەنجام گەیشتووەتە ئەوەی کە «هیچ بەڵگەیەکی زانستی و مەنتیقی لە بەردەستدا نییە، کە زەینەب خان وەک براکەی دڵدار شاعیر بووبێت» هاوکات و د. سەروەر عەبدوڵا ڕۆژی ٢٨- ٤- ٢٠١٩ گوتاری (دیوانی زەینەب خان و چەند سەرنجێکی دەقناسی لەمەڕ نادروستیی تێکستەکانی) لە پەیجی چاودێر بڵاوکردەوە.

دوای گێڕانی کۆڕەکە و بڵاوبوونەوەی ئەم دوو نووسینە، قۆناغێکی نوێ (٢٠٢٠- ٢٠٢٢) و تەواو جیاوازی کتێب و وتار بڵاوکردنەوە

**“ کێ باوەڕ دەکات لەو چەند ڕۆژە ناخۆش و هەستیارە، کە بەدەم دەرد و ئازارەوە تلاوەتەوە و سەرقاڵی چارەسەر بووە و لە سەرەمەرگدا بووە، هەرخەریکی شیعر دانان بووبێت؟ ”**



> ❝ بەڕوونی دیارە، کە پێشتر کارتەکە بە مەرەکەبی نەفتیی مەیلەو ڕەش پڕ کراوەتەوە، پاشان ناوی خاوەنە ڕاستەقینەکەی ڕەش کراوەتەوە و مەرەکەبەکەی بە گشت لایەکدا پەرش بووە و لە شوێنەکەی بە پێنووسی مەرەکەب شین ناوی زینب مەلا ڕۆف نووسراوە ❞

لەبارەی زەینەب خان هاتە کایەوە، کە گشتی بۆ داکۆکیکردن لە خۆی و دیوانەکەی بوون وەکو هەوڵدانێکن بۆ پەیداکردنی شاهیدگەلێک لەسەر شاعیریی زەینەب خان و ڕەواندنەوەی گومان و ڕەخنەکان و پینەکردنی خەوش و کەموکوڕییەکانی و پاساوهێنانەوە بۆ بڵاونەکردنەوەی هیچ شیعرێکی لە دەمی خۆیدا و باسنەکردن و ناونەهێنانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، هەبوونی ئەو چەند وشە و دەستەواژە نوێیانەش، کە لە بیستەکان و سییەکان نەبوون، یان لە نووسیندا بەکار نەهاتن، هەندێکی بەوە پینە کران، کە شاعیر، بەر لە مەرگی دووبارە بە هەموو دیوانەکەیدا چووەتەوە و پاکنووسی کردووە و «ئیزافە و هەندێک موفرەداتی» گۆڕیوە، ئەمە لە کاتێکدا لە دیوانەکەدا، ساڵی هۆنینەوەی زۆربەی هەرەزۆری شیعرەکان دانراوە و هەرگیز باسی دەستکاری و پێداچوونەوە نەکراوە.

ئەوەی ڕاستی بێت، دانەرانی ئەم کتێبانە نەشیاون تاکە بەڵگەیەکی مێژوویی بهێننەوە پشتڕاستی قسە و باسەکانیان بکەن و ڕاستییان بسەلمێنن، لە لایەکی دیکەوە لە دووتوێی ئەم کتێبانەدا، ئاخافتن بە ناوی مامۆستا مەجیدی مەلا ڕەئووف (١٩٢٥- ١٩٨٤)ی برای زەینەب خان و چەند کەسایەتییەکی پایەبەرز و ناسراوەوە دارێژراوە، گوایا کاتی خۆی دیداریان لەگەڵ ساز دراوە و ئەوان گەواهییان داوە، کە زەینەب خان شاعیر بووە و چەند شیعرێکیان دیوە، یان گوێ لێبووە، وەک مام جەلال و د. کەمال مەزهەر (١٩٣٧- ٢٠٢١)... هتد و دکتۆر کەمال گوتوویەتی بە گەنجی و لە هەرەتی لاویدا یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی زەینەبی لە گۆڤاری گەلاوێژ خوێندووەتەوە و پێش ئەوەی بچێتە دەرەوەش بۆ خوێندن، فازیلی سەعید ئاغا (م: ١٩٧٤) دەستخەتی شیعرەکانی دایکی بۆ هێناوە، پاشان لە سەرەتای هەشتاکان هاوکاریی عەبدولخالق عەلائەدینی کردووە بۆ چاپکردنی دیوانەکە و هەوڵەکەیان سەری نەگرتووە و ئەم گەواهییانەی بە ناوی خۆیەوە لە پێشەکیی کتێبی (کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی، هەولێر: ٢٠٢١، ل ٧- ٩) بڵاوکراوەتەوە. دەبێت ئەو برادەرانەی خەریکی کۆکردنەوە و لەچاپدانەوەی سەرجەم بەرهەمەکانی دکتۆر کەمال-ن، لە ئاست ئەم پێشەکییە هەڵوێستیان ڕابگەیێنن. ئەمە سەرەڕای دەقی دیدارێک لەگەڵ هونەرمەندی نەمر تاهیر تۆفیق (١٩٢٢- ١٩٨٧) (گۆڤاری کەکۆن، ژمارە (٦٥) کۆیە: شوباتی ٢٠٢١، ل٦٦- ٦٩) و دوواندنی چەند کەسێک (گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٢٧٧-٢٧٨)، ل٥٧- ٦٧).

ئەمە بێ ئەوەی هیچ کام لەم ئاخافتنانە و چەندینی دی، بە بەڵگەیەک، شاهیدێکی بێلایەن، نامەیەک، هەرشتێکی مادی پشتڕاست بکەنەوە، دوای ئەوە بۆ لە ماوەی ئەو ٣٠- ٣٥ ساڵە چ باسێکی ئەم دیدارە گرنگ و پڕبایەخانە نەکراوە و لە شوێنێک بڵاونەکراونەتەوە، یان بۆ نەخرانە نێو پێشەکیی دیوانەکەیەوە؟ بۆ دکتۆر کەماڵ لەو هەموو کتێب و وتارانەیدا باسی شتی وای نەکردووە؟

ئەوەی لەم کتێبانەدا زیاد لەهەر شتێکی دی جێی سەرنجە و بگرە مایەی هەڵوەستە و سەرسوڕمانە ئەوەیە، کە سەرباری شاعیریی، زەینەب خان کراوە بە دانەری مەولوودنامە بە تورکی و کوردی و عەرەبی و فارسی، وەرگێڕی چیرۆک لە فارسییەوە، ئەدیب و شاعیر و چیرۆکنووسی خاوەن بەرهەم بە زمانی عەرەبی، زمانەوان، کۆکەرەوەی فۆلکلۆر، پەروەردەکار، مێژوونووس... هتد و گوایا بەر لە محەمەد ئەمین زەکی (١٨٨٠- ١٩٤٨) و حوسێن حوزنی موکریانی (١٧٩٣- ١٩٤٧) دەستی داوەتە نووسینەوەی مێژووی کورد و تا دێت پەیتاپەیتا بەرهەمی ئەدەبی و زمانەوانی بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکی، فارسی بۆ زیاد دەکرێت، هەریەکەو لەخۆیەوە ناوونیشانی کتێب هەڵ دەبەستێت و بۆ ئەوی دەگەڕێنێتەوە و ئاگای لەوانەی دی نییە، بەڵکو دوو لەم کتێبانەیان بڵاوکردەوە:

- کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی (هەولێر: ٢٠٢١) ئەم کتێبەش تەنانەت یەک لاپەڕە دەستنووسی لەگەڵدا نییە.

- مەولوودنامەی پێغەمبەر (د.خ)ی زەینەب خان، بە تورکی، وەرگێڕاوی کوردی (هەولێر: ٢٠٢١).

کەچی نە لە دیوانەکە و نە تا ماوەیەک پاشتریش، هەرگیز ناوونیشانی ئەم کتێبانە وەک بەرهەمی زەینەب خان نەبراوە و باسوخواسیان لە گۆڕێدا نەبووە. لێرەدا پێوستە ئەوەش بێژین، کە لە




مەولوودنامەکەدا کارێکی بەجێ و زانستی کراوە و دەستخەتەکەی بەگەڵ خراوە، بەڵام چ بەڵگەیەک نەخراوەتەڕوو بیسەلمێنێت ئەم دەستنووسە تورکییە هی زەینەب خانە و کێ دەڵێت هی ئەوە؟

سەبارەت بە ناوەڕۆکەکەیشی، هەر ئەوەندە دەڵێم ئەگەر ژنێک پەروەردەی کۆیەی کوردەواری و مەکۆیەکی کوردایەتی بێت و خوشکی دڵدار و ئەندامی حزبی نەتەوەیی هیوا بێت و دیوانەکەی پڕ بێت لە شیعری کوردپەروەری و خانمی تاکەماڵی قەڵای هەولێر بێت بە کوردی دووابن و تەنیا لەسەر گازکردنی دایکی بە تورکی، بە (شەقازلەیەک لە بناگوێی) وەڵام درابێتەوە (دیوانی، ل٥٥-٥٦) ئەرێ چی لەوە سەیرترە، ئەم ژنە بە کوردایەتی گۆشکراوە، بێت مەولوودنامە بە تورکی لەبۆ هەولێرییان دابنێت!.

ڕێزدار عەبدولڕەحمان مەعرووف، یەکێکە لەوانەی داکۆکیی لە ڕەسەنایەتیی دیوانەکەی زەینەب خان و بەرهەمەکانی دیکەیی دەکات و بە ئاخافتن و نووسین گوزارشتی لە هەڵوێستی خۆی کردووە، جگە لە سازدان و ئامادەکردنی چاوپێکەوتنەکانی گۆڤاری ڕامان، لە (گۆڤاری دیوان، ژمارە(١٤) تەمووزی ٢٠٢٢)یش، وەڵامی ڕەخنەکانی سوداد ڕەسووڵی داوەتەوە و پێیوایە «دیوانەکەی ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە» کەچی وەک بڵێی ئاگای لە بەرهەمەکانی زەینەب خان نەبێت و زانیارییەکانی لەملا و لەولاوە دەست کەوتبێت، لە دوو کتێبی یەک ساڵیدا، زانیاریی جیاواز دەربارەی ژمارە و ناوونیشان ئەم بەرهەمانە دەدات بەدەستەوە، لە پێشەکییەکەی بۆ (مەولوودنامەی پێغەمبەر، ل٢١-٢٧، ٤٨)، ئەم کتێبانەی بە بەرهەمی زەینەب خان داناوە:

– جگە لە دیوانەکەی و مەولوودنامەکەی بە تورکیی عوسمانی و کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی، ئەم بەرهەمانەشی هەبووە:

– مەولوودنامە بە کوردی، مەولوودنامە بە عەرەبی، مەولوودنامە بە فارسی، دیوانی شیعر بە زمانی عەرەبی لە دەفتەرێکدا تۆماری کردوون، قاموسی کۆیە یان قامووسی زمانی کوردی، شنەی وراتی کۆیە- چاپ نەکراوە، شەش کورتە چیرۆکی بە زمانی عەرەبی- چاپ نەکراوە، چەند سەرنج و وتارێکی بە زمانی عەرەبی- چاپ نەکراوە، وەرگێڕانی سەد کورتە چیرۆکی فارسی بۆ کوردی، چەپکێ چوارین، باخچەی ڕەنگین، کۆمەڵێک ناوی کوڕان و کچانی کوردی، شنەی چنارۆک، چەپکێ شیعری ئازاد، پەروەردەی منداڵ و ئایینەدەی ڕوناک، سەرەرای چەندین دەستنووسی دیکە، کە تا ئێستا چاپ نەکراون. کەچی لە ناساندنی زەینەب خاندا لە (ئینسایکلۆپیدیای نووسەرانی هەولێر، تاران: ٢٠٢١، ٩٦٨/٢- ٩٦٩) کە ژمارەی سپاردنی لە ڕۆژی ٢٣- ٩- ٢٠٢١ بۆ وەرگیراوە. جگە لە دیوان و دوو کتێبە چاپکراوەکەی، ناوی زۆربەی ئەم کتێبانەی نەهێناوە و کتێبی دیکەی داوەتە پاڵ:

– بیرەوەرییەکانی، دەستنووس.

– چەند کورتە چیرۆک و شیعرێک بۆ منداڵان، دەستنووس.

– کۆکردنەوە و نووسینەوەی چەند داستان و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، واتا ئەمە (کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆری) نییە، یان ئەگەر ئەوە بۆ دووجار ناوی دێنێت.

ئەدی بۆ لێرە ناوی قامووسەکەی و کتێبەکانی دیی نەهێناوە و بۆ لە کتێبی یەکەمدا ناوی



“

دیوانەکە دەستخەتی لەگەڵ نییە، بەڵام هەشت لاپەڕەی کۆن وەکو نموونەی دیوانە دەستخەتەکە بڵاوکراونەتەوە، روونە ئەم لاپەڕانە بە ئەنقەست شێوێنراون و پێشتر هەندێکیان پیس کراون، یان خەتی ڕەشی ڕاست و پانیان بەسەردا هێنراوە، یان لە قەراغەوە تەر کراون، تا وا نیشان بدرێن، کە کۆن و ڕەسەنن

”



**ئەگەر ئەم دەستخەتانە لە ڕووی ڕێنووس و جۆری کاغەزەوە بەراورد بکەین لەگەڵ نموونەی دەستخەتی دڵدار، یان لەگەڵ دەستخەتی ئەو مەولوودنامە تورکییەی دراوەتە پاڵ زەینەب خان، ئەوجا دەزانین تا چ ڕادەیەک جیاوازن**

بیرەوەرییەکانی نەهێناوە و بۆ ئەو کەسانەی پێشتر یادەوەریی خۆیان لەمەڕ زەینەب خان بۆ گێڕاوەتەوە و لە گۆڤار ڕامان بڵاویکردەوە، هیچیان نەیانزانیوە ئەم کتێبانەی هەن؟ هەروەها بۆ باسی شیعری فارسیی نەکردووە، کەچی کەماڵ غەمبار دەڵێت: «شیعری بە زمانی فارسی هەیە» (ژیاننامەی زەینەب خان، ل٤٥) پێموایە هیچ پاساوێک ئەم حاڵەتە پینە ناکات.

جگە لەم کتێبانە، سەیر لەوەدایە لە کتێبی (کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی، ل٤٩) لە زاری مەجیدی مەلا ڕەئووف-ەوە باسکراوە، کە زەینەب هێشتا گەنج بووە، کتێبێکی (٢٠٠) لاپەڕەیی بە داستانە شیعر لەسەر مێژووی کۆیە و بنەماڵەکەی نووسیووە و لە ئاکامی بۆردمانی کۆیە لە لایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە ساڵی١٩٢٢(ساڵی تەیاران) ماڵیان سووتاوە و ئەم مێژووە فەوتاوە، لەمەش سەیرتر نە دڵدار باسی ئەم کارەساتەی کردووە و نە ئەوانەی لەبارەی کتێبەکانی زەینەب خانەوە ئاخافتوون، ئاگایان لەم کتێبەی هەبووە، دەنا ناوی ئەویشیان زیاد دەکرد.




هیچ بەدوور نازانرێت ئەم پرۆسەیە بەردەوام بێت و لە داهاتوودا، دیوانی شیعری و کتێبی دی بۆ زەینەب و برا و باب و باپیرانی زیاد بکرێت، ئەوەتا عەبدولڕەحمان بێلاف لە دوا چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی و لە وەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری (دیوان ، ژمارە(١٦)ی مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢، ل٤٩) دا، دەڵێت: «ڕەنگە هەر لە مەلا سەعدی و مەلا مەحموود و کوڕ و نەوەکانیان بتوانین بڵێین شەش دیوانی شیعریی، بگرە زیاتریشیان هەبووە، هەتا سەعدی کوڕی مەلا ڕەئووف و برای دڵدار دیوانی شیعریی هەیە و چاپ نەکراوە، ئاصەفی برا گەورەی دڵدار نووسینی هەیە».

لە لایەکی دیکەوە، سەرەتا دەیانگوت زەینەب خان جگە لە کوردی، چوار زمانی زانیوە: عیبری، عەرەبی، فارسی، تورکی (دیوانی، ل٣٥) هەمان زانیاری لە کتێبەکەی عەبدولڕەحمان مەعرووف هاتووە (ئینسایکلۆپیدیا، ٩٦٩/٢) کەچی لە پێشەکیی هەمان نووسەردا بۆ (مەولوودنامە، ل١٧) و دوو کتێبی کەماڵ غەمبار، کە ئەوانیش هەر ساڵی ٢٠٢١ دەرچوونە، زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزییشیان هاتووەتە سەر! (ژیاننامەی زەینەب خان، ل، ١٧، دیوانی ڕەئووف، ل١١)

بە کورتی دەڵێم، ئەم جیاوازییە و ئەم لێزیادکردنە بەردەوامەی کتێب بۆ زەینەب خان، بەڵگەیەکی دی بەهێزە لەسەر ئەوەی کە سەرلەبەری ئەم قسانە لەسەر بناغەیەکی پتەو هەڵ نەچنراون.

مامۆستا عوسمان ڕەشاد موفتی، وەک باسکرا لە هاوینی ٢٠١٨ خان، نامیلکەی (زینب خان، الأدیبة الکبیرة) بڵاوکردەوە، بەپێی ئەوەی لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٨ی قەڵای هەولێرە و کوڕی ماڵباتێکی زانستیی دێرین و خانەدانی هەولێرە و باوانی دەراوسێی ماڵی سەعید ئاغای سەید ئەحمەدی بوونە، هەندێک یادگاریی ڕۆژانی منداڵیی خۆی لەبارەی زەینەب خانی هاوژینی ناوبراوەوە گێڕاوەتەوە، کە هەر یەکێک لە ئێمە دەشێت ئەو جۆرە بیرەوەرییانە دەربارەی دەر و دەراوسێکانی منداڵیی خۆی یاداشت بکات، نووسەر لەم نامیکەیەدا هیچ زانیارییەکی نوێ و گرنگی نەهێناوە سەبارەت بە ژیاننامە و سەربووردەی شاعیر و سەرچاوەی لەبارەیەوە تەنیا دیوانەکەیە و لە لاپەڕە(١٢) دەڵێت: «سنطرق باب دار زینب خان لنطالع علی أصولها وأسرتها

ومسيرة حياتها» و لە پەراوێزی ئەم برگەیەشدا دەنووسێت سەرچاوەمان بۆ ئەم بابەتە دیوانە چاپکراوەکەیەتی «المصدر هنا من الكتاب المطبوع بإسمها بعنوان(؟) وهو ديوان شعر: ديوان زينب خان» و لە لاپەڕە(٢٣) ئەم ڕاستییە دووپات دەکاتەوە، کە دیوانەکەی تاکە سەرچاوەی بووە: «ان ديوان شعرها هو مصدرنا الوحيد لهذه السياحة الفكرية»

کەچی تەنیا پاش دوو ساڵێک- ٢٠٢٠، کتێبی (زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەک) لە نزیکەی (١٤٠) لاپەڕەدا بڵاوکردەوە.

بەپێی ئەوەی وەکو خۆی دەڵێت: «... زۆر لەو بنەماڵەیە نزیک بووم، هەق بەخۆم دەدەم باس لە کەسایەتیی زەینەب خان بکەم» مامۆستا عەبدولخالق عەلائەدین (١٩٣٢- ٢٠٢٢)یش ئەرکی دارشتنەوە و پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی زمانە کوردییەکی ئەم کتێبەی گرتووەتە ئەستۆ، لێرە تەواو بە پێچەوانەی نامیلکەکەیەوە، زۆر بە درێژی و وردی سەبارەت بە بنەماڵەی زەینەب خان و مەلا ڕەئووفی باوکییەوە ئاخافتووە و هاتوچۆ و پەیوەندیی پتەو و پرسوڕایان لەگەڵ ڕەحمەتی ڕەشاد موفتیی باوکی(١٩١٥- ١٩٩٢) و گەلێک ڕاز و نهێنی و زانیاریی سەرنجڕاکێشی نوێ و نەزانراوی ئاشکرا کردووە، کە لە دیوانەکەی زەینەب خانیش نەهاتوون، تەنانەت دەقی گفتوگۆی دانیشتنی نێوان ئامادەبووانی خوازبێنیکردنی زەینب خانی بۆ سەعید ئاغا گێڕاوەتەوە (ل ٣٧- ٤٠) بگرە وردەکاریی مشتومڕی زەینەب خان لەگەڵ دایکی و براکانی و ڕاوێژی بە ڕەشادی موفتی دەگێڕێتەوە لەبارەی شوێن و چۆنییەتی ناشتنی تەرمی دڵداری نەمر و هەر زەینەب خان بەخۆیشی ڕازی نەبووە لە مزگەوت بشۆردرێت و لە ماڵی خۆی و بە دەستی خۆی شووشتوویەتی و لە ڕێورەسمی ناشتنی لە گۆڕستانی (چراغ) ئامادەبووە و گوتارێکی بۆ ئامادەبووان خوێندۆتەوە و پاش شەش ساڵ مەولوودێکی گەورەشی بۆ ساز کردووە...(ل ٤٥- ٥٠)

ئەمە سەرەڕای ئەوەی گوایا لە ساڵانی هەشتاوە خەریکی کتێبێکە سەبارەت بە بنەماڵەی خادم سەجادە و سەعید ئاغا و ناودارانی دی هەولێر و بۆ ئەم مەبەستە دیداری لەگەڵ چەند زانا و ئەدیبێکی پایەربەرز و ناسراو سازداوە و ئەوان باسی پەیوەندی و خزمایەتیی نێوان باپیرانی زەینەب خان و مەولانا خالیدی نەقشبەندی و نالییان بۆ کردووە، کە دەبنە ئامۆزای یەکدی، بۆ نموونە باس لە چاوپێکەوتن دەکات لەگەڵ شاعیر بورهان جاهید لە ڕۆژی١٩٨٣/٦/٢٠ و گوتوویەتی زەینەب خان شیعرەکانی بۆم خوێندووەتەوە، سەرباری چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (١٩٠٥- ٢٠٠٥) لە ١١/٤/ ١٩٩٦ و شێخ محەمەدی خاڵ (١٩٠٤- ١٩٨٩) ل١١٠- ١١٤، ١٣٠- ١٤٠، ١٤٤)

کەچی مەلای مودەڕیس نە لە دیوانی نالی (بەغدا: ١٩٧٦) و نە لە کتێبەکانی دیکەیدا، باسی شتی لەو بابەتانەی نەکردووە، بەڵکو لە (علماؤنا في خدمة العلم والدين، بغداد:١٩٨٣، ص٢٢١) و (بنەماڵەی زانیاران، بەغدا: ١٩٨٤، ل٦٠٥- ٦٠٨) زۆر ستاییشی شێخ سەعدیی خادم سەجادە (١١٥٠- ١٢٦٠ک) دەکات و هەرگیز نەیگوتووە نالی ئامۆزا و زاوای مەلا سەعدی و مەولانا خالیدیش ئامۆزازا و بنعامی بووە.

ئەم کتێبە بە ناوی م. عوسمان ڕەشاد موفتییەوە بڵاوکراوەتەوە و لە دەیان لاپەڕەدا هاتووە: «باوکم ڕەشاد موفتی» و «مامم شەمسەدین موفتی» و «باپیرم محەمەد موفتی» و «سەعید ئەفەندیی مامم» و «دایکم» ...(ل ١٤٢- ١٤٤) ئەوجا نازانم ئەرێ بەڕاستی هی ئەوە یان یەکێکی دی بەناوی ئەوەوە دایناوە؟ خۆزگە بەخۆی ڕوونکردنەوەی دەدا.

ئەم حاڵەتە لەگەڵ ڕەحمەتی عەبدولخالق عەلائەدین دووبارە دەبێتەوە، ئەو ئەدیبێکی ناوداری کورد و نووسەرێکی دیاری مێژووی و ئەدەبیاتی کۆیەیە و لەبارەی دڵدار و مەلای گەورە و ناودارانی دیی کۆیەوە کتێبی هەیە، ئەوەندەی من بزانم پێشتر لەو کتێبانەی وا ساڵی ٢٠١٨ دەرچوون، هیچ دەنگ و ئامادەییەکی نییە و دواتر وەک نووسەرێکی چالاک دەردەکەوێت و داکۆکی لە دیوانەکەی زەینەب خان دەکات و ناوی لەسەر گوتاری (زەینەب خان لە نزیکەوە)ی ژمارە(٢٧٣)ی گۆڤاری ڕامان و هەردوو کتێبی (زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەک) و (کۆمەڵێک هۆنراوەی



**«لە دووتۆی ئەم کتێبانەدا، ئاخافتن بە ناوی مامۆستا مەجیدی مەلا ڕەئووف-ی برای زەینەب خان و چەند کەسایەتییەکی پایەبەرز و ناسراوەوە دارێژراوە، گوایا کاتی خۆی دیداریان لەگەڵ ساز دراوە و ئەوان گەواهییان داوە، کە زەینەب خان شاعیر بووە»**



فۆلکلۆریی کوردی) و چاپی نوێی کتێبی (دڵدار، شاعیری شۆڕشگێری کورد) بەرچاو دەکەوێت.

دیارە ئەو ساڵی ١٩٣٢ لەدایک بووە، واتە کاتێک ئەم کارانەی ئەنجامداوە، تەمەنی سەرووی هەشتا و پێنج ساڵ بووە، ئەرێ چ کەسێک بەو تەمەنە زۆرەوە و بەو نەخۆشییەوە، دەتوانێت ئەوەندە چالاک و بەبڕشت بێت و ئەم کارانە بکات:

– ساڵی ٢٠١٩ و لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا، کتێبی (دڵدار، شاعیری شۆڕشگێری کورد) دووبارە چاپ کردووەتەوە، من ئەم کتێبەم نەبینیوە و نازانم چ گۆڕانکاری و زیادکردنێکی بۆ کراوە، بەڵام وا دیارە عەبدوڵڵا زەنگەنە ئاگای لەم چاپەی کتێبەکە هەیە و لەبارەیەوە دەڵێت: «ڕاستە چاپی دووەمی ئەو کتێبەی ناوبراو، کاتێک بڵاوکراوەتەوە، ئامادەکارەکەی هێشتا لە ژیاندا بووە، بەڵام من ئاگادارم کەسێکی دیکە سەرپەرشتی چاپکردنەوەی کردووە، ئا لێرەدا دەڵێم ئەوەی ئاسایی نییە، ئەو لە لای خۆیەوە هاتووە، جا بۆ هەر مەرام و مەبەستێکی خۆی بووبێت، هەندێک زیادەی تێخستووە»( گۆڤاری دیوان، ژمارە(١٨) ل٥٥).

– ساڵی ٢٠٢٠ و لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا، ئەرکی داڕشتنەوە و پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی زمانە کوردییەکەی کتێب (زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەک) لە (١٤٤) لاپەڕەدا گرتۆتە ئەستۆ.

– ئەوجا پاش ساڵێک، توانی دەستنووسی کتێبی (کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی) لە (٣٥٤) لاپەڕەدا (ل٣٥٢- ٣٨٦) ساخ بکاتەوە و پێشەکییەکی دەیان لاپەڕەیی و زیاد لە سەد پەراوێزی بۆ بکات. پێدەچێت ئەم دوو کتێبەش وەکو چاپی دووەمی کتێبەکەی خۆی، هیچ پەیوەندییەکیان بەوەوە نەبێت.

گریمان ئەم بەرهەمانە بە ڕاستی دانراوی ئەون، دەنا چۆن ڕێگەی دەدا کەسانی دی کتێبی بەناوەوە دەربکەن، بەڵام سەیر لەوەدایە لە کتێبەکانی پێشتریدا تەنانەت بە ناوهێنانیش، ناوی زەینەب خانی نەهێناوە، چ جای باسی دیوان و کتێبی بکات، ئەگەر سەیری دوو کتێبی بکەین، کە یەکەمیان دەربارەی دڵدارە (دڵدار، شاعیری شۆڕشگێری کورد) و لەساڵی ١٩٨٥ دەرچووە و ئەوەی دیان ( کۆیە... ناودارنی) کە ساڵی ٢٠١٤ دەرچووە، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت:

لە کتێبی یەکەمدا دەڵێت: «تا ساڵی ١٩٨٠ لەسەر داواکاری خۆم برای خۆشەویست مجید ڕؤوف، برای دڵدار و زەینەب بە تێرادیتە و پێ خۆشبوونەوە هاتەپێش و ئەم دیوانە دەستخەتەی دڵداری برای خستە بەر دەستم» (ل٧-٨) «خزم و دۆستانی نزیکی دڵدار... بە ئاواتی بەدیهێنانی ئەم ئەرکە پیرۆزە (چاپکردنی دیوانەکەی) بوون (ل٧) ئەمجا دەڵێت کەوتووەتە پرسیار و نامەناردن، بۆ ئەو مەبەستەش چەند جارێک چووەتە کۆیە (ل: ٩) بگرە کاتێک دڵدار دوو سێ جار بێ ناوهێنان باسی زەینەبی خوشکی دەکات (ل ١٥-١٨، ٥١) ئەم بە پێویستی نەزانیوە لە پەراوێزدیشدا بیناسێنێت.

کتێبی دووهەمیشی لە ٣٨٠ لاپەڕەدا- وەک پێشتر باسکرا- تەرخانی کردووە بۆ ناساندنی زیاتر لە سەد کەسایەتیی ناوداری کۆیە لە ئاغا و مەلا و کەڵەپیاو و خەباتگێڕ و شاعیر و ئەدیب و مێژوونوس و هونەرمەند و سیاسی و پیشەور و پزیشک...هتد و هەیانە تا ئێستاش ماون وەکو وریا ئەحمەد، کۆسرەت ڕەسوول، زاهیر محەمەد، دلاوەر عەلائەدین، فؤاد مەعصوم، ڕەهبەر سەید برایم و هەشیانە لەچاو ئەو وێنایەی بۆ زەینەب خان دروستکراوە، ئاسایین و هەندە ناودار و ناسراو نین، سەیرە هەموو ئەوانەی ناساندبێت، کەچی زەینەب خانی لەیاد کردبێت و دواتریش لەمبارەیەوە کەس گلەیی لێ نەکردبێت.

پێموایە ئەم نەناساندن و باسنەکردنە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرە لەسەر ئەوەی، کە زەینەب خان بەلای کەمەوە تا ساڵی ٢٠١٤ تەواو نەناسراو بووە و کەس نەیزانیوە شاعیر و نووسەر بووبێت، تا ئەو ڕادەیەی ئەدیب و شارەزایەکی دێرینی مێژوو و کەسایەتییەکانی کۆیەی وەکو مامۆستا عەبدولخالق، هیچی لەبارەوە نەبیستووە، دەنا لە کتێبەکەی لەبارەیەوە دەدوا.

کەچی لەم وتار و کتێبانەی دواییدا، وا دەردەکەوێت دۆستی نزیکی منداڵەکانی مەلا ڕەئووف بووە و گەلێک زانیاری نوێ دەخاتەڕوو، کە پێشتر هەرگیز نەیدرکاندوە و ناکرێت لێرە

**"سەرئەنجام گەیشتووەتە ئەوەی کە، هیچ بەڵگەیەکی زانستیی و مەنتیقی لە بەردەستدا نییە، کە زەینەب خان وەکو براکەی دڵدار شاعیر بووبێت"**

گشتی باس بکرێن و پێشتریش ئاماژە بە هەندێکیان درا، لە پێشەکیی دوا کتێبیدا (کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی) قسەی نوێتر لە زاری مەجیدی مەلا ڕەئووفەوە وەرگیراوە، کە وەک بیروەرییەکانی وایە و گوایە کاتی خۆی و بەر لە مردنی لە ساڵی ١٩٨٤ لەسەر خواست و پرسیاری نووسەر گێڕاویەتیەوە، ئەویش لەسەر سێ کاسێت تۆماری کردوون، نازانم مامۆستا عەبدولخالق بۆ پاش ٣٧ ساڵ، تازەبەتازە باسی ئەم سێ کاسێتە بیرەوورییە دەکات و چاوەڕێی چی دەکرد، بۆ لەو ماوە درێژە، نەک هەر بڵاوی نەکرەوە بەڵکو باسیشی نەکردووە.

دیارە بڵاوکردنەوەی ئەم بڕە کتێبە بەو کەموکوڕی و لێزیادکردن و ناکۆکیانەیانەوە، سەرباری گومانەکانی سەر دیوانەکە، بوونە مایەی ئەوەی بازنەی گومان لەم دیوانە فراوانتر ببێت و تا دێت ڕازی دی ئاشکرا دەبێت و بەرەبەرە وا ئەو ڕاستییە دەچەسپێت، کە کەسێک- یان زیاتر- لە پشت پەردەوە ئەم کارانە بە ناوی خەڵکانی دیکەوە ئەنجام دەدەن، ئەم بابایەی پشت ئەم کارانە وەک عەبدوڵڵا زەنگەنە دەڵێت: «وا دەزانێ ئەو خەڵکە لە پشت بەردی کەڕ نووستووە، لەولاوە وێنەیەک و لەولاوەش نووسین بە ناوی ئەم و ئەوەوە- بڵاودەکاتەوە-، دەشڵێت ناوم مەهێنن» (گۆڤاری دیوان، ژمارە(١٨) ل٦١)

لە کۆتایدا و پاش خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی دیوانەکە و زۆربەی ئەو کەرەستە و نووسینانەی تا ئێستا لەبارەیەوە بڵاوکراونەتەوە و ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە کەسایەتی زەینەب خان و دیوانەکەیەوە و پێویستن بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە ئەکادیمی لەسەری، بە کورتی دەڵێم: بە بۆچوونی من ئەم دیوانە لە تاقیگای هەڵسەنگاندنی زانستی دەرناچێت و ناکرێت بە ڕاست و ڕەسەن بژمێردرێت، واتا دەست نادات بۆ ئەوەی بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو کەس و ساڵ و سەردەمانەی بۆی دانراون، چونکە پێشتر و تا دەمی ئامادەکردنی بۆ بڵاوکردنەوە، چ بەڵگەیەک لەسەر هەبوونی نەبووە و لە ساخکردنەوە و بڵاوکردنەوەیشیدا، ڕەچاوی میتۆدی زانستی نەکراوە و پشت بە هیچ ئەوەلییات و پێداویستیی نووسراوێکی کۆن نەبەستراوە، بەڵکو کار و ڕەفتاری وا ئەنجام دراون کە تەواو پێچەوانەی بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستین.



### - سەرچاوە(کتێب):


١- زانکۆی کۆیە، باسەکانی سێیەمین کۆنفرانسی ناودارانی کۆیە، یادی سەدساڵەی لەدایکبوونی دڵدار (هەولێر: ٢٠١٨)

٢- زەینەب مەلا ڕەئووف، دیوانی زەینەب خان کچە کورد، ئامادەکردنی حیکمەت حەمید مەلا ڕەئووف، پێشەکی و پێداچوونەوە و ڕێکخستن عەبدوڵا زەنگەنە (هەولێر: ٢٠١٨). چاپی دووەم (سنە: ٢٠٢٢)

٣- کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی (هەولێر: ٢٠٢١)

٤- مەولوودنامەی پێغەمبەر(د.خ)ی زەینەب خان (هەولێر: ٢٠٢١)

٥- د. شوکرییە ڕەسوڵ، زەینەب خان، خانمە شاعیری پێشەنگ لە خەبات و کۆڵنەداندا (هەولێر: ٢٠١٨)

٦- عبدالخالق علاءالدین، دڵدار، شاعیری شۆڕشگێڕی کورد (بەغدا: ١٩٨٥).

٧- کۆیە... ناودارنی (هەولێر: ٢٠١٤)

٨- عەبدولڕەحمان مەعرووف، ئینسایکلۆپیدیای نووسەرانی هەولێر (تاران: ٢٠٢١)

٩- عثمان ڕشاد المفتی، زینب خان، الأديبة الكبيرة التي لم ينصفها التأريخ(أربيل: ٢٠١٨)

١٠- زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەک (هەولێر: ٢٠٢٠)

١١- کەریم شارەزا، کۆیە و شاعیرانی، بەرگی دووەم (هەولێر: ٢٠١٣)

١٢- کەمال غەمبار، ژیاننامەی زەینەب خان لە هۆنراوەکانیدا (هەولێر: ٢٠٢١)

١٣- دیوانی ڕەئووف (هەولێر: ٢٠٢١).

١٤- محەمەد دلێر ئەمین، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا (سلێمانی: ٢٠٠٤)

١٥- د. محەمەد نوری عارف، زەینەب خان، ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرەی، کە مافی خۆی پێنەدراوە (هەولێر: ٢٠١٨)

١٦- مهاباد قەرەداغی، ئافرەتیزم، چاپخانەی شەهاب (هەولێر: ٢٠١٨)


### - گۆڤار و ماڵپەڕ:


١٧- دیوان (گۆڤار) ژمارە (١٤) تەمووزی ٢٠٢٢ ژمارە (١٦) ئەیلوولی٢٠٢٢ ژمارە (١٨) تشرینی دووەم ٢٠٢٢.

١٨- ڕامان (گۆڤار) ژمارە (٢٦٦) ٥- ٧- ٢٠١٩ ژمارە (٢٦٧) ٥- ٨- ٢٠١٩) ژمارە (٢٧٣) ٥- ٢- ٢٠٢٠. ژمارە (٢٧٧-٢٧٨) ٢٠٢٠/١٢-١١/٥

١٩- گۆڤاری کەکۆن، ژمارە (٦٥) کۆیە: شوباتی ٢٠٢١

٢٠- چاودێر(ماڵپەڕ) ڕۆژی ٢٨- ٤- ٢٠١٩.

٢١- کوردیپیدیا، گوتاری ڕەهبەر سەید برایم، ئەستێرەیەکی بزر لە بەرزایی ئاسمان، پێشتر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.




# عەبدوڵڵا زەنگەنە لەچاپکردنی دیوانی زەینەب خان پەشیمان بووەتەوە؟

" من تا ئێستە پەشیمان نەبوومەتەوە، بەڵام منیش گومانم هەیە "

لە میانی ئەو کۆڕەدا کە لە ٢٠٢٢/١١/١٩ لە سالۆنی لاپەڕە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی بۆ پێشڕەو سەید برایم لەسەر زەینەب خان ڕێکخرا، عەبدوڵڵا زەنگەنە، کە لەسەر دەستی ئەو یەکەم دیوانی زەینەب خان چاپ کرا، ڕاو سەرنجی خۆی دەربڕی و ئاماژەی بۆ کۆمەڵێک بابەت کرد، کە پێشتر لە هیچ شوێنێکی دی نەیکردوون، ئێمەش بە باشمان زانی پووختەی قسەکانی لە سیاقی ئەوەی لە کۆڕێکدا دەری برین دابڕێژینەوە و لە چوارچێوەی ئەم دۆسیەیەدا بڵاوی بکەینەوە.

پووختەی قسەکانی عەبدوڵڵا زەنگەنە:

لەکۆڕێکدا مامۆستا سوداد بەرەوڕووم هات،



بەشەرمەوە گوتی: مامۆستا من گومانێکم لە دیوانەکەی زەینەب خان هەیە، حەزدەکەم لەسەری بنووسم،

بۆیە ئەگەر دەزانی شتێک هەیە، هەندێک بەرچاو ڕوونیم بدێ، تا منیش نەینووسم، منیش گوتم: من لەوەتەی چوومەتە نێو بواری نووسین و ڕۆژنامەوانی دژە تەوەر و دژە بۆچوون بوومە، کۆمەڵێک نموونەم بۆ هێنایەوە، گوتم: من نە لێکۆڵەرم، نە دکتۆرم، کەسێکی نیمچە خوێندەوارم، بۆ خۆم ئەو کارانە دەکەم، ئەوە شانسی منە، یان ڕاستگۆیی منە، دەبینم شتەکانم دێنە بەردەست، خەڵکی دی، کە پرۆفیسۆریشن ناتوانن ئەنجامی بدەن، تکات لێدەکەم قسە لەوێ و لەولا بەهەوادا مەدە و برۆ بینووسە، گوتی: پێتناخۆش نییە، گوتم نەخێر.

دیاربوو مامۆستا سوداد بابەتەکەی نوسیبوو، داوای لەئەکادیمیای کوردی کردبوو کۆڕەکی بۆ ڕێکبخەن، کاک محەمەد حەمە باقی بەقسەی خۆی، بە سەرۆکی ئەکادیمیای گوتبوو، کە عەبدوڵڵا زەنگەنە ئەندامی هاریکاری ئێمەیە، پرسێکی پێبکە، نەبادە زوویر بێت، پێیان گوتم پێتناخۆش نییە، منیش گوتم: دەستتان خۆشبێت، کۆڕەکە کرا و منیش لەوێ بووم، دوای کۆڕەکەش ماچم کرد، بەڵام لەگەڵ بۆچوون و ڕەخنە و سەرنجەکانیشی دانەبووم.

دەڵێن کابرایەک چووبووە لای کاکە حەمەی مەلا کەریم، ئەویش قسەیەکی کردبوو، گوتبووی گومانم لەبوونی خودا هەیە، کابراش، کە کەسێکی ئایینی بووە، گوتبووی وەڵڵا مامۆستا دەستتخۆش، باشە گومانت هەیە، چونکە بەگومانکردن کەس کافر نابێت، بەوە کافر دەبێت بڵێت خودا نییە. بۆیە من زۆر بڕوام بەوە هەیە.


کاک سوداد تاوانی ئەنجام نەداوە، هاتووە لەسەر ئەو شتانەی نووسیوە، ئەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەیە، منیش زۆرم پێخوش بووە.

باسی ئەوەش دەکرێت، کە گوایە من پەشیمان بوومەتەوە، ڕۆژێک کاک پێشڕەو لە کۆیە کۆڕێکی هەبوو، هەر هاتینە ژوورەوە کاک ئازاد عەبدولعەزیز برازای عومەر جەلال حەویزی، کە من ڕۆژنامەکانی مامیم کۆکردووەتەوە، گوتی ئەوە کاک پێشڕەو دەڵێت عەبدوڵڵا زەنگەنە پەشیمان بووەتەوە.

با ئەوەش بڵێم، مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی نەیگوتووە زەینەب خان شیعری بۆ خوێندوومەتەوە، نووسینەکەی مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی لەلای من بووە، بە منیان گوت ئەوەی مەنووسە، کێشە بۆ خۆت و کەسی دی دروست مەکە، منیش بەگوێیانم کرد، بەڵام لەوانەیە سبەی بڵێن فەرموو ئەوە دەستنووسی مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی، وادەڵێت.

من تا ئێستە پەشیمان نەبوومەتەوە، بەڵام منیش گومانم هەیە، ماوەیەکیشە چاپی دووەمی لە ئێران تەواو بووە و لە لای خۆمە، تەنیا پێشانی خەڵکیم داوە. ئێستە واملێهاتووە، زۆر بێزار بوومە، چونکە بەڕاستی خراپیان هەڵپێچاوم، بەڕاستی من خراوەمەتە هەڵوێستێک، کە لە شوێنی خۆیدا نییە، بەڕاستی بریندارم، هەشت مانگە، من خەو و خۆراکم لێ براوە، داوای کاغەزێک دەکەم، دەڵێم کاکە دەستنووسێکم بدەنێ، دەڵێن ئەو دەستنووسە لێرە نییە، یان ئاواها نییە، کەچی هەندێک شت پیشان دەدەن و هەندێک شیعری زەینەب خان بڵاودەکەنەوە، کە تائێستە بڵاو نەکراونەتەوە، ئێ باشە بۆ ناڵێن فەرموو ئەوە دەستنووس. سێ چوار پەڕە کاغەزم بدەنێ بزانن چۆنتان بۆ دەڕازێنمەوە، ئەگەر درۆش بێت، دەیکەمە ڕاستی، چونکە من بە زەینەب سەرسام بوویمە، من هیچم نەکردووە تەنیا شیعرەکەی یەکی ئایارم بینیوە هەر ئەویان بۆ هێنام، داوای وێنەیەکم کرد، کە بڵاوکراوەتەوە، هی مەلا مستەفای بارزانی و وابزانم ڕەمزی و زەینەب خان و سەعید ئاغا و کامەران بەدرخان-ن، چوار پێنج کەسێکن گوتم من گومانم لەو وێنەیە هەیە، کە بە فۆتۆشۆپ دروستکرابێت.

کێ بیستوویەتی و گوێی لێبووە مام جەلال لە ساڵی 1992 چووبێتە سەر گۆڕی زەینەب خان و لەوێ گوتار خوێنرابێتەوە، بۆیە من مافم نییە وەکو لێکۆڵەرەوەیەک، کە شتێکی ئەوهام لەبەردەست بوو، بێم بپرسم.




ئەرێ بەمن بڵێن عوسمان موفتی دەتوانێت یەک وشەی بەزمانی کوردی بنووسێت، ئەرێ بەمن ناڵێن عەبدولخالیق عەلائەدین، کە من ساڵی 2016 چوویمە ماڵیان، ئەو کابرایە هیچی پێنەمابوو، کەوتبوو، لەکێ بەپێنج شەش مانگ بەو شتانەدا چووەوە و ئەو هەموو شتەی کرد، ئەوەیە گومانی لێدەکەم، پەشیمان بوونەوەکەی من ئەوەیە، ئەو شیعرانەی زەینەب خان هەمووی سەر بە قوتابخانەی چەپە، ئاخر مەولوودنامەی چی؟

سبەینێ سەروەر، یان سوداد بەمن بڵێن کاکە ئەوە دەستنووسەکانیەتی ئەتو لەکێ نووستی، ئەو دەستنووسانە نوێنە، من بڵێم چی؟



"

هەشت مانگە، من خەو و خۆراکم لێ براوە، داوای کاغەزێک دەکەم، دەڵێم کاکە دەستنووسێکم بدەنێ، دەڵێن ئەو دەستنووسە لێرە نییە، یان ئاواها نییە، کەچی هەندێک شت پیشان دەدەن و هەندێک شیعری زەینەب خان بڵاودەکەنەوە، کە تائێستە بڵاو نەکراونەتەوە

"



# لەبارەی دیوانەکەی زەینەب خانەوە



سوداد ڕەسووڵ

**پێشەکی**

بڵاوبوونەوەی دیوانی زەینەب خان لە ساڵی ٢٠١٨ لە دنیای ئەدەبی کوردیدا ڕووداوێکی سەیر و جێگەی تێڕامان بوو، خانمێک لە پێشدا شاعیر نەبووە، کەچی لە کتوپڕ دیوانێکی گەورەی بە زمانێکی نوێ بە ناوەکەی کەوتە بازاڕەوە، کە لە پێشدا دیاردەی لەم شێوەیە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا نەبووە[١] هەر لە دوای بڵاوبوونەوەی دیوانەکە، لە لایەن چەندین نووسەر و توێژەرەوە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا و لەسەر شیعرەکانیان نووسی و وەک گەنجینەیەکی تازە دۆزراوە ستایشیان کرد و هەڵسەنگادنیان بۆ کرد، هاوکات کۆمەڵێک ڕەخنە و مشتومڕیشی لەگەڵ خۆی هێنا کە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە.

دوو ساڵ دواتر هەر ئەو زەینەب خانە چەندین بەرهەمی دیکەی بە ناو بڵاوکرایەوە، کە لە پێشدا هیچ یەک لەم بەرهەمانە بە ناوی ئەوەوە نەناسراون وەک: مەولوودنامەی پێغەمبەر کە بە تورکیی عوسمانی نووسراوە[٢] کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی، دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە[٣] بێجگە لەم بەرهەمانە وەک لە ژیننامەکەی دەگێڕنەوە گوایە سی ساڵی تەمەنی خۆی بۆ دانانی فەرهەنگێکی (کوردی- کوردی) تەرخان کردووە، بەڵام دەستنووسەکانی ون بوون. دوای ئەوە، باوکی زەینەب خانیش مەلا ڕەئووف خادم سەجادە دیوانێکی گەورەی بە ناو بڵاوکرایەوە[٤] ئەویش لە پێشدا نە شاعیر بووە و نە شیعرێکی بڵاوکراوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کاتی خۆی هەبووە. دەرکەوتنی ئەم میراتە ئەدەبییە بە ناوی بنەماڵەی خادم سەجادەوە، لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بۆ هەموو کەسێک جێگەی پرسیار و گومانە، ئەگەر ئەم دیوانە شیعرییانە هەبوون و ئەوانە خۆیان نووسویانە، بۆچی ئەم هەموو ساڵە کەسێک نەبوو ساغیان بکاتەوە و چاپیان بکات؟ ئەم پرسیارە تا ئێستا بێ وەڵام ماوەتەوە. ئەوەی زیاتریش گومان دروست دەکات، نەبوونی دەستنووسێکی ڕاست و دروستی ئەم بەرهەمانەیە، کە تا ئێستا نەیانتوانیوە دەستنووسە ئەسڵییەکان بخەنە بەر دەستی توێژەران و ڕەخنەگران.

دیوانەکەی زەینەب خان تازە بڵاوبووبووەوە، ئەوانەی خوێندبوویانەوە، زۆر پەسندی شیعرەکانیان دەکرد، کە ئەم هەموو توانایە لەم شاعیرە ژنەدا هەبووە و لەو سەردەمە زووە پەی بەم هەموو بابەتە نوێیە بردووە و شیعری بۆیان نووسیوە، بەتایبەت شیعرە نەتەوەییەکانی، کە باسیان دەکرد بۆ من سەرنجکێش بوون. دیوانەکەم پەیدا کرد و بە تامەزرۆوە دەستم بە خوێندنەوەی کرد. هەر لە سەرەتاوە لێی بە گومان بووم؛ بەپێی ئەو مێژووانەی بۆ شیعرەکان دانرابوون، هەستم کرد ئەم شیعرانە ئەوەندە کۆن نەبن، بەتایبەت ئەو شیعرانەی، کە گوایە لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم نووسراون، بە ڕوونی دیاربوون بە شیعری ئەو سەردەمە نەدەچوون. لە سەرەتادا کۆمەڵێک سەرنجی زمانەوانیم لەلا دروست بوو، پێم وابوو ئەم دیوانە بەپێی زمانەکەی، کە زمانێکی نوێ و پەتییە و ئەو بابەتانەش، کە لە شیعرەکانی باسی دەکات، هەروەها ڕێنووسی ئەو چەند لاپەڕە دەستنووسەی لە کتێبەکەدا بڵاوکراوەنەتەوە، نابێت ئەم شیعرانە هی زەینەب خان بن، کە لە ساڵی ١٩٦٣ وەفاتی کردووە، بەڵکوو دواتر لە حەفتاکان، یان هەشتاکان، یانیش بەپێی هەندێک وشەی نوێ، کە لە شیعرەکانیدا هاتوون پێدەچی لە دوای دوو هەزارەکان نووسرابن. ئەم سەرنجانەم نووسییەوە و کردم بە توێژینەوەیەکی زمانەوانیی ڕەخنەیی و ناردم بۆ گۆڤاری ڕامان، بە دوو بەش لەوێ بڵاوکرایەوە[٥] لە پێش بڵاوبوونەوەشی، لە ڕێککەوتی ٢٩ ی نیسانی ٢٠١٩ هەر ئەم توێژینەوەیەم بە سیمنارێک لە ئەکادیمیای کوردی پێشکەش کرد،



لەم سیمینارەدا گفتوگۆ و مشتومڕێکی گەرمی لێ پەیدا بوو، باسەکە و ڕەخنەکان زیاتر سەرنجیان خرایە سەر و دەوڵەمەندتر بوون، بەتایبەت ئەوانەی، کە پشتگیریی دیوانەکەیان دەکرد و پێیان وابوو دیوانە شیعرێکی ڕەسەنە، لەوێ ئامادە بوون و سەرنجەکانی خۆیان دەربڕی. هاوکات لەگەڵ ڕەخنەکەی من، دکتۆر سەروەر عەبدوڵڵاش توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی لەسەر ئەم دیوانە بڵاوکردەوە و لە ڕووی دەقناسییەوە سەرنجی شیعرەکانی داوە، ئەویش پێی وابوو ئەم شیعرانە لەو کاتەدا نەنووسراون، بەڵکوو دواتر نووسراون[٦] لە بەرانبەر ئەم ڕەخنانەدا، دوو نووسەری دی کاک پێشڕەو سەید برایم[٧] و کاک عەبدولڕەحمان مەعرووف[٨] وەڵامی ڕەخنەکانی منیان داوەتەوە و بەرگری لە ڕاستی و ڕەسەنایەتی دیوانەکە دەکەن.

کردنەوەی دەرگای ڕەخنە و گفتوگۆیەکی زانستی لەسەر بابەتێکی ئەدەبی و ساغکردنەوەی دیوانێکی نوێی شاعیرێک، بابەتێکی یەکجار گرنگ و بنچینەییە بۆ پێشخستنی ئەدەب. هەڵبەت ڕەخنەی زانستیی بنیادنەر لە هەر کارێکدا هەبێت ڕەوڕەوەی مێژوو بەرەو پێش دەبات و هەموو بوارەکانی مەعریفەش هەنگاوی گەورە دەچنە پێشەوە، بەتایبەت ڕەخنە لەسەر بابەتێکی ئەدەبیی پرس هەڵگر و جێگەی مشتومڕ، کە لە ڕابردوو نووسراوە، هەنگاوێکی گرنگ دەبێت بۆ نووسینەوەی مێژوویەکی ڕاستەقینە بۆ ئەدەبی کوردی[٩]

هەر لە سەرەتاوە پێم وابووە هەموو کارەکانمان بە ڕەخنەی زانستی پێش دەکەون و تەواو دەبن، بۆیە بە گەرمی پێشوازیم لە هەر ڕەخنەیەک دەکرد، کە وەڵام بێت بۆ ڕەخنەکانی من لەسەر ئەم دیوانە، پێم ئاسایی بوو یەکێک بێت هەموو ڕەخنە و بۆچوونەکانی من هەڵوەشێنێتەوە و بە بەڵگەی زانستی بیسەلمێنێت، کە ئەم دیوانە ڕاستە و لە لایەن زەینەب خانەوە نووسراوە، چونکە لە ڕەخنەی زانستیدا ڕەخنەگر بێلایەنە و هیچ لایەنگیری و بەرژەوەندییەکی لە باسەکەدا نییە، ئامانجی تەنیا گەیشتنە بە حەقیقەت، بۆیە ئاساییە لە پێناو گەیشتن بە حەقیقەت، ڕەخنەی دژ هەبێت و ڕەخنەش قبوڵ بکرێت. ئەمجارەش هەر لەسەر هەمان ڕەوتی ئەکادیمی، بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکە و هەڵسەنگاندن و ڕوونکردنەوەی زیاتر، جارێکی دی دێمەوە سەر باسی ئەم دیوانە، و هەوڵ دەدەم ئەمجارە چەند تیشکێکی دی بخەمە سەر باسەکە و چەند دیوێکی دیکەی شاراوەی ئەم دیوانە ڕووناک بکەمەوە، کە هەتا دێ زیاتر مشتومڕ هەڵدەگرێت. ڕەخنەگرتن لەم دیوانە، پەلکێشمان دەکات بۆ ئاوڕدانەوە لە چەندین دیوانی دیکەی شاعیرانی کورد، کە بە هەمان میتودی ڕەخنەیی دیوانەکانیان بدەینە بەر نووکی ڕەخنە و توێژینەوە، شیعرەکانیان لە تەتەڵە بدەین و ڕاستی و ناڕاستییان ساغ بکرێنەوە، مێژوویەکی ڕاستەقینەش بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی بنووسرێتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا بۆ ئەوەی باشتر لە دیوانی زەینەب خان تێبگەین، لە پێشدا باسی دیاردەی ئینتیحالی دەقی ئەدەبیم کردووە، وەکو دیاردەیەکی باوی ئەدەبی، کە لە ئەدەبیاتی هەموو میللەتاندا هەبووە، ئاماژە بە ئەزموونی ئەدەبی جاهیلی کراوە، کە لە ئەدەبی عەرەبیدا بە ئەدەبێکی دروستکراو و ئینتیحال دادەنرێت، ئەوجا باسی ئینتیحال لە ئەدەبی کوردیدا کراوە و بەکورتی ئاماژە بە شیعرێک کراوە بە ناوی «هورمزگان» کە بۆ ماوەی نزیک بە سەدەیەکە لە لایەن بەشێک لە نووسەران بە دەقێکی کۆنی ئەدەبی کوردی دانراوە، بەمدواییە ساغ کرایەوە، کە ئەمە شیعرێکی هەڵبەستراوە؛ هەروەها بەکورتی ئاماژە بە ئەدەبیاتی یارسانیش کراوە، کە لە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیدا ناوی کۆمەڵێک شاعیر هاتووە، کە شیعرەکانیان تا ئێستا هیچ دەستنووسێکی ڕاستەقینەیان نییە و لەڕووی زمانەوانییەوەش شیعرەکان نیشان دەدەن کە ئەدەبێکی ئینتیحال بێت و لەم سەردەمەدا تازە نووسرابنەوە. ئەوجا لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕوونکردنەوانە، جارێکی دی باسی دیوانی زەینەب خان دەکەمەوە و هەندێک سەرنج و ڕامانی نوێ سەبارەت بە دیوانەکە و بەرهەمە نوێیەکانی باس دەکەم.

سەبارەت بە ڕەخنەکانی (پێشڕەو سەید برایم و عەبدولڕەحمان مەعرووف)یش وەڵامم ئامادەکردووە، بەڵام لەبەر درێژی ئەم باسە لە وتارێکی سەربەخۆ لە ژمارەی داهاتووی گۆڤاری (دیوان) بڵاو دەکرێتەوە.

**“ بڵاوبوونەوەی دیوانی زەینەب خان لە ساڵی ٢٠١٨ لە دنیای ئەدەبی کوردیدا ڕووداوێکی سەیر و جێگەی تێڕامان بوو، خانمێک لە پێشدا شاعیر نەبووە، کەچی لە کتوپڕ دیوانێکی گەورەی بە زمانێکی نوێ بە ناوەکەی کەوتە بازاڕەوە ”**



### ئینتیحالی دەقی ئەدەبی

ئینتیحال (أنتحال) وشەیەکی عەرەبییە بۆ دیاردەیەکی ئەدەبی بەکار دێت، کە ئەو کەسە بەرهەمێکی ئەدەبی هی کەسێکی دیکەیە و لێی دەدزێ و دەیکات بە هی خۆی، یانیش بە پێچەوانەوە کەسێک شیعرێک دەنووسێت و بە ناوی یەکێکی دی بڵاوی دەکاتەوە. لە قامووسە عەرەبییەکاندا، بۆ نموونە لە قامووسی «تاج العروس» وشەی «انتحال» بەم شێوەیە پێناسە کراوە: «شیعرێک، قەسیدەیەک، یان قسەیەک بیدەیە پاڵ کەسێک، بەڵام لە ئەسڵدا هی ئەو نەبێت و کەسێکی دی ئەو شیعرەی گوتبێت، یان ئەو قسەیەی کردبێت»[١٠] لە قامووسەکانی دیکەی عەرەبییش بە هەمان مانا هاتووە. لە زمانی فارسیدا لە فەرهەنگی عەمید «انتحال» لە بواری ئەدەبیدا بەم شێویە پێناسە کراوە: «قسە، یان شیعری کەسێک بیکەی بە هی خۆت»[١١] لە فەرهەنگە ئینگلیزییەکانیشدا ئەم دیاردەیە پێی دەگوترێت Plagiarism لە فەرهەنگی ئەدەبی ئۆکسفۆرد بەم شێوەیە پێناسە کراوە: «دزینی هزرێک، یان برگەیەکی نووسراو، یان هەر بەرهەمێک (ڕۆمان، شیعر، شانۆ) و کردنی بە هی خۆت بەبێ ئاماژەدان بە سەرچاوەکەی»[١٢] لە ئینگلیزیدا ئەم زاراوەیە ماناکەی زۆر فراوانە و هەموو جۆرە دزی و کۆپیکردنێک دەگرێتەوە لە ئەدەب و زانست و توێژینەوە ئەکادیمییەکان، بە هەموو شێوەکانییەوە، کە ئەم جۆرە دزینە لە بواری ئەکادیمیدا لادانە لە ئەتیک و ئەخلاقی ئەکادیمی و بە تاوان دادەنرێت و سزای لەسەرە. بەپێی پێناسەی ئەم فەرهەنگە ئەدەبییانە، ئینتیحال دزین و کۆپیکرنەوەی هەموو جۆرە دەقێکی ساختە دەگرێتەوە، ئەوانەی، کە دەقێکی ئەدەبی کەسێکی دی نووسیویەتی و دەیکات بە هی خۆی، هەروەها ئەوانەش، کە دەقێکی ئەدەبی بە ناوی کەسێکی دیکەوە دەنووسن و دەیدەنە پاڵ کەسێکی دی، کە لە ئەسڵدا هی ئەو نییە.

> “ دەرکەوتنی ئەم میراتە ئەدەبییە بە ناوی بنەماڵەی خادم سەجادەوە، لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بۆ هەموو کەسێک جێگەی پرسیار و گومانە ”

لە کوردیدا وشەیەکی پڕ بەپێست بۆ ئەم دیاردە ئەدەبییە نییە، بۆیە هەر وشە عەرەبییەکە وەک خۆی بەکار هاتووە، بۆ ئەوەی چەمکەکە بە باشی مانای خۆی بگەیەنێت.

### ئینتیحالی شیعر لە ئەدەبی عەرەبیدا

دیاردەی ئینتحالی شیعر دیاردەیەکی کۆنە و لە ئەدەبیاتی زۆربەی میللەتاندا هەبووە و هەیە. ئەدەبی عەرەبی کە مێژوویەکی کۆنی هەیە، دیاردەی ئینتیحال بەدرێژایی مێژووی ئەدەبەکەی هەبووە، بەتایبەت ئەدەبی پێش ئیسلام، کە بە ئەدەبی جاهیلی ناسراوە، زیاتر مشتومڕی لەسەرە، کە ئەدەبێکی هەڵبەستراو و ئینتیحال بێت.

> زەینەب خان وەکو ئافرەتێکی فێمێنیست و لیبرال نیشان دەدەن کە بانگەشەی بۆ یەکسانیی ژن و پیاو کردووە، لە ساڵانی سی و چل و پەنجاکانی هەولێر، کە کۆمەڵگەی ئەوسا زۆر کۆنەپارێز و داپۆشراو بووە

دیاردەی ئینتیحال لە ئەدەبی جاهیلیدا بە زۆر شێوە هەبووە: شیعرێک دەدرێتە پاڵ شاعیرێک، کە لە سەردەمێکی کۆندا گوایە ئەو شیعرەی نووسیوە، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەو شیعرە ساختەیە و هی ئەو شاعیرە نییە، یان هەندێک جار کەسایەتییەک هەبووە لە مێژوودا، بەڵام شاعیر نەبووە، لە سەردەمی دواتر شیعری بەناو نووسراوە و کراوە بە شاعیر. هەندێک جار کەسایەتییەکەش وجودی نییە، ناوێکی وەهمییە، کەچی شیعری بەناو هەڵبەستراوە و کراوە بە شاعیر. هەندێک لەو شاعیرانەی ئەدەبی جاهیلی ئەمانە: امرؤ القیس، طرفة بن العبد، زهیر أبی سلمي، الحارث بن حلزة، عمرو بن کلثوم، عنترة بن شداد، لبید بن ربیعة، الأعشی الأکبر، النابغة الذبیاني... هی دی.
هەر لە زووەوە گومان لە ئەدەبی جاهیلی کراوە، کە بەشێکی ئینتیحال بێت. لەم ڕووەوە (محمد بن سلام الجمحي) کە لە سەدەی دووەمی هیجری ژیاوە، یەکەم کەس بووە لەنێو عەرەب ئاوڕی لە مەسەلەی ئینتیحالی شیعر داوەتەوە، لە کتێبێکدا بە ناوی «طبقات فحول الشعراء» باسی کردووە،

که هەندێک شیعر ئینتیحال کراوە، هەندێک عەشیرەت، کە لەنێو عەرەب شیعریان کەم بووە و بۆ ئەوەی لە پایەیان کەم نەبێتەوە، لە سەردەمی ئیسلام شیعریان زۆر نووسیوە و داویانەتە پاڵ کەسانێک، کە گوایە لە سەردەمی جاهیلی ژیاون و شاعیریش نەبوونە[13].

ئەم دیاردە ئەدەبییە، سەرنجی خۆرهەڵاتناسە ئەورووپییەکانیشی ڕاکێشاوە، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا باسی ئەم دیاردەیان لە شیعری عەرەبیدا کردووە، وەکو (تیۆدر نۆلدکە و کارل برۆکلمان) کە ئاماژەیان بەم دیاردەیە کردووە، بەڵام خۆرهەڵاتناسی بەریتانی (دەیڤید ساموێیل مارگۆلیوث David Samuel Margoliouth (١٨٥٨–١٩٤٠) لە هەموو خۆرهەڵاتناسانی دی زیاتر ئەم باسەی وروژاندووە. لە ساڵی ١٩٢٥ توێژینەوەیەکی درێژ لەبارەی ئینتیحال لە شیعری عەرەبیدا بە ئینگلیزی بە ناوی The Origins of Arabic Poetry بنەماکانی شیعری عەرەبی لە گۆڤارێک لە بەریتانیا بڵاودەکاتەوە. لەم توێژینەوەیەدا بەتەواوەتی نکوولی لە هەبوونی شیعری عەرەبی لە پێش سەردەمی ئەمەوی دەکات و پێی وایە لە پێش ئیسلامدا لە جەزیرەی عەرەبی شیعر و شاعیر هەبووە، هەروەک لە قورئانیشدا ئاماژەی بە هەبوونی شاعیر داوە لە سەردەمی جاهیلیدا، بەڵام شیعرەکان پێگەیشتوو و کامڵ نەبوون، شیعری پێشبینیی جادووگەرئاسا و فاڵچییەکان بوون[14] هەروەها پێی وایە قورئان باشترین سەرچاوەیە بۆ ناسینی ئەدەبی جاهیلی، کە بە خراپە باسی شیعر و شاعیرە جاهیلییەکان دەکات و بە کەم سەیریان دەکات. لە لایەکی دی، پێی وایە ئەم ئەدەبە جاهیلییە، ناوەڕۆکی شیعرەکانیان بە تەواوی باوەڕەکانی ئیسلام نیشان دەدەن، کە تەئکید لەسەر یەکتاپەرستی دەکەنەوە و باوەڕیان بە یەک خودا و ڕۆژی قیامەت هەیە، هیچ ئاماژەیەک بۆ کۆمەڵگەی جاهیلی پێش ئیسلام نییە، کە باوەڕیان بە بتپەرستی بووە[15] لەبەر ئەم هۆیانە ئەو شیعرانەی بە ئەدەبی جاهیلی دادەنرێن زۆربەی هەر زۆریان، یان هەر هەمووی لە دوای ئیسلامەوە نووسراون و هی سەردەمی جاهیلی نین، چونکە شیعرەکان گەشەکردنی هەمان شێوازی شیعرییە، کە لە دوای دابەزینی قورئانەوە دەرکەوتوون و بە زمانی عەرەبیی قورئان نووسراونەوە.

لە سەردەمی ئیسلام بەتایبەت لە سەدەی دووەمی هیجرییەوە، واتە لە سەردەمی ئەمەوی، عەرەب دەست بە نووسینەوەی دەقی ئەدەبی دەکەن، کە لە سەردەمی عەباسیدا دەگاتە لووتکە، لەو ماوەیەدا بزاڤێکی گەورەی نووسینەوەی دەقی ئەدەبی جاهیلی دەست پێدەکات، هەر لەو سەردەمەش بوو عەرەب جارێکی دی دەگەڕێنەوە سەر بنەماڵە و ئەسڵ و بنەچەی عەشیرەت و قەبیلەیان، هەر قەبیلەیەک بایەخ بە بەرهەمی ئەدەبی خۆی داوە و کۆی کردووەتەوە و تۆماریان کردووە، چونکە تۆمارکردنیان شانازی بووە بۆیان، هەروەها پایەی بە قەبیلەکەشیان دەبەخشی، بەڵام لە سەرەتای هاتنی ئیسلام ئەم شانازیکردنە بە قەبیلە و عەشیرەت و خزمایەتی حەرام کرابوو، چونکە ئەمە بە کلتوورێکی دواکەوتووی سەردەمی جاهیلی دادەنرا[16].

تەها حوسێن بەناوبانگترین نووسەری ئەدەبی عەرەبی، یەکەم کەس بووە لەم سەردەمە لە جیهانی عەرەبیدا سەبارەت بە شیعری جاهیلی توێژینەوەی کردووە، ئەمە هەرچەندە لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی مارگۆلیوث بووە، بەڵام ئەو بەشێوەیەکی فراوانتر لە کتێبێکدا بە ناوی «في الشعر الجاهلي» کە لە ساڵی ١٩٢٦ لە میسر بڵاوبووەتەوە ئەم باسەی شرۆڤە کردووە. ئەم کتێبە لە هەموو جیهانی عەرەب دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، شۆڕشێکی هزری و میتۆدی هێنایە ئاراوە بۆ پێداچوونەوەی مێژووی ئەدەبی عەرەبی. تەها حوسێن پێی وایە زۆربەی ئەو ئەدەبەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێت ئەدەبی جاهیلی هیچ پەیوەندیی بە سەردەمی جاهیلییەوە نییە، ئەدەبێکی ئینتیحالە و دوای دەرکەوتنی ئیسلام لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسی نووسراونەتەوە و دراونەتە پاڵ ئەدەبی جاهیلی، واتە ئەدەبێکی ئیسلامییە، چونکە ئەم شیعرانە، دونیابینی و ژیانی ئایینی و سیاسی و ئابووری و دەروونیی عەرەبی جاهیلی وێنا ناکات، هەروەها بەو زمانە عەرەبییەش نووسراوە، کە لە دوای ئیسلام پەیدا بوو، چونکە عەرەب پێش ئیسلام زمانی یەکگرتووی ئەدەبییان نەبووە، چەندین لەهجەیان هەبووە؛ عەرەبی عەدنانی، کە شوێنی نیشتەجێبوونیان لە یەمەن بووە لەهجەیان جیاواز بووە لەگەڵ



**“ ئەگەر زەینەب خان ئەوەندە سووربووە بە تورکی نادوێ و دایکی فێری کردووە هەر بە کوردی بدوێت، ئەدی بۆ مەولوودنامە بە تورکی دەنووسێت و بە کوردی نایینووسێت؟! ”**



عەرەبی قەحتانی، کە لای حیجاز نیشتەجێ بوون، کەچی ئەم ئەدەبە جاهیلییە هیچیان بەو لەهجانە نین، بە هەمان ئەو زمانەیە، کە لە دوای ئیسلام پێی دەنووسرا، کە ئەویش بە لەهجەی عەرەبیی قورەیشییە، کە زمانی فوسحای عەرەبییە[17].

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش بۆچی شیعر ئینتیحال دەکرێت؟ کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز لە پشت ئینتیحالی شیعرەوەن بە ناوی کەسێکی دیکەوە. هەر لەم ڕووەوە تەها حوسێن چەند هۆکارێک دەستنیشان دەکات، کە ڕۆڵیان هەبووە لە دروستکردنی ئەم ئەدەبە جاهیلییە، گرنگترینیان ئەمانەن:

یەکەم: هۆکاری قەبیلەیی؛ هەندێک هۆز و قەبیلەی عەرەبی شاعیریان نەبووە، یان کەم بووە، بۆ ئەوەی ئەم کەلێنە پڕ بکەنەوە، دەستیان کردووە بە نووسینی شیعر بە ناوی کەسانی دی و شاعیری وەهمییان دروست کردووە و داوایانەتە پاڵ ئەدەبی جاهیلی.

دووەم: هۆکاری سیاسی؛ کێشەی نێوان قورەیش و ئەنسار ئەو هۆزانە، کە پێکەوە کێشەیان هەبووە و دژایەتی یەکدیان کردووە، لە دژی یەکدی لە سەردەمی ئیسلام شیعریان نووسیوە داوایانەتە پاڵ شاعیرانێک لە سەردەمی جاهیلی.

سێیەم: هۆکاری ئایینی؛ بۆ سەلماندنی ڕاستیی پێغەمبەرێتی، هەندێک شیعریان نووسیوە داوایانەتە پاڵ شاعیرانی جاهیلی، کە گوایە ئەم شاعیرانە لە سەردەمی جاهیلی پێشبینی هاتنی پێغەمبەریان کردووە و موژدەیان داوە.

چوارەم: هۆکاری شعوبی؛ لە سەردەمی عەباسی کێشە لە نێوان مەوالی و عەرەب هەبووە، هەردوولایان شیعریان لە دژی یەکدی نووسیوە و داوایانەتە پاڵ شاعیرانێک، کە گوایە لە سەردەمی جاهیلی ژیاون. ئەوانەی شعوبی بوون هەوڵیان داوە لە شیعرەکان بە خراپە باسی عەرەب بکەن، ئەوانەی دژی شعوبییش بوون، شیعریان نووسیوە تیایدا عەرەبیان بە نەژادێکی پاک و باش و ڕاست داناوە[18].

لە بەرانبەر ئەم ڕەوتەدا، کە ئەدەبی جاهیلی ڕەت دەکاتەوە، ڕەوتێکی دی هەیە پشتگیری دەکات و پێیان وایە ئەدەبی جاهیلی هەبووە، بۆ ئەمەش کۆمەڵێک بەهانە و بەڵگە دێننەوە، کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە، بەڵام بەڵگە و شیکردنەوەکانی (مارگۆلیوث و تەها حوسێن) بە ڕادەیەک بەهێز و پتەون، مرۆڤ دێننە ئەو قەناعەتەی، کە ئەدەبی جاهیلی بەشی زۆری، یان هەمووی ئەدەبێکی هەڵبەستراو و ئینتیحالە. دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە هەزار ساڵ بە سەر ئەم شیعرانە، هەتا ئەمڕۆش ئەم باسە لە جیهانی عەرەبیدا جێگەی مشتومڕە، بەردەوام لێکۆڵینەوەی نوێی لەسەر دەکرێت، کە ئاخۆ ئەم ئەدەبە حەقیقەتی هەیە، یان دواتر هەڵبەستراوە؟

ئەوەی لێرەدا گرنگە سەرنجی بدەین، ئەو هۆکارانەی بۆ ئینتیحالی شیعر لە ئەدەبی عەرەبیدا هەبووە، دەکرێت لە هەموو کۆمەڵگەکان ئامادەییان هەبێت، کە پەنا بۆ تەزویری دەقی ئەدەبی دەبەن و شاعیری ساختە دروست دەکەن. لە لایەکی دیکەوە، ئەزموونی ئەدەبی جاهیلی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە دەقی ئینتیحال هەرگیز ناتوانێت لە مێژووی ئەدەب جێگەی خۆی بکاتەوە، ئەگەر هەزار ساڵیشی بە سەردا تێپەڕێت، چونکە لە کۆتاییدا هەر ئاشکرا دەبێت، کە ئەم دەقانە هیچ بنەمایەکی زانستییان نییە و دەقی ساختە و دروستکراون.

**ئینتیحالی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا**

دیاردەی ئینتیحال لە ئەدەبی کوردیشدا هەبووە، بەڵام کەمتر لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، یان هەر نەکراوە، ئەم بوارەی ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا زۆر هەژارە و زۆر کەم ئاوڕی لێدراوەتەوە. هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، کە دەکەوێتە کتێبخانەی کوردییەوە بەبێ ڕەخنە و بەبێ وردبوونەوە لە ئەسڵ و سەرچاوەی ئەم بەرهەمە، نووسەر و توێژەران بە گەرمییەوە باوەشی بۆ دەکەنەوە و ستایشی دەکەن و وەک دەقێکی ئەدەبی باڵا وەسفی دەکەن. یان هەر دەقێکی ئەدەبی بەتایبەت شیعر، مێژووی ئەدەبی کوردی زۆر کۆن نیشان بدات بەبێ لێکۆڵینەوە قبوڵ دەکرێت و پێی دڵخۆش دەبن، کە کورد خاوەن دەقی کۆنی ئەدەبییە.

مێژووی ئەدەبی کوردییش وەکو مێژووی ئەدەبی عەرەبی پێویستی بە هەمان لێکۆڵینەوە و تەتەڵەکردن هەیە، هەتا مێژووی ئەدەبەکەی لە دەقی ساختە و ئینتیحال پاک دەکرێتەوە، بۆیە پێویستە بە گومانەوە تەماشای هەموو دەقێکی ئەدەبی بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، تا ڕاستییەکەی دەدۆزرێتەوە. هەر دیوانێک، یان

**“دیوانەکەم پەیدا کرد و بە تامەزرۆوە دەستم بە خوێندنەوەی کرد. هەر لە سەرەتاوە لێی بە گومان بووم”**




دەقێکی ئەدەبی گومانی لێ بکرێت، پێویستە کۆمەڵێک پرسیار وەڵام بدرێنەوە: ئەم شیعرانە کێ کۆی کردووەتەوە؟ دەستنووسەکانیان لای کێیە؟ ئایا تەنیا یەک دەستنووسی هەیە یان چەندین دەستنووسی هەیە؟ دەستنووسەکان چەند کۆنن؟ دەستخەت و ڕێنووسەکەی هی چ سەردەمێکە؟ ئەمانە و زۆر پرسیاری دی دەبێت وەڵام بدرێنەوە، تا دەگەین بەسەرچاوە ڕاستەکەی.

یەکێک لەو شیعرانەی کە زیاتر لە سەد ساڵە وەک شیعرێکی کۆنی کوردیی بە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوبووەتەوە، شیعرێکی هەورامییە، کە بە ناوی «هورمزگان» ناسراوە.

دێری یەکەمی شیعرەکە ئەمەیە:

**هورمزگان ڕمان، ئاتران کوژان**
**وێشان شاردەوە گەورە گەورەکان**

لە گەلێک سەرچاوە ئاماژە بەم شیعرە دراوە، یەکەم کەسێک کە ئاماژەی بەم شیعرە دابێت سەعید خانی کوردستانی بوو، کە لە پێشەکییەکەی بە فارسی بۆ کتێبی نزانی- مزگانی (تەرجەمەی ئینجیل بۆ هەورامی) بەم شێوەیە باسی ئەم شیعرە دەکات: «هیچ شیعرێکی سەردەمی ساسانی بە خەتێکی دیار و ڕوون لەبەردەستدا




نەبوو، تا بەمدواییە پارچە پێستێک لە سلێمانی بە خەتی پەهلەوی دۆزرایەوە، چەند شیعرێکی لاواندنەوەیە، کە کورد بە زمانی مادیی خۆیان نووسیویانە، بە هەمان وەزن و شێوازی شیعری کوردیی سەردەمی بابا تاهیر و سوڵتان سەهاک و یارانی»[19] لەم پێشەکییەدا، سەعید خان ئاماژە بە شیعرەکە دەکات، بەڵام شیعرەکەی دانەناوە، هەروەها پێی وایە ئەم شیعرە بە زمانی مادییە، لەبارەی پێستەکەش هیچ باسی ناکات، کە لە کوێیە. دوای سەعید خان ئەم شیعرە دەکەوێتە دەست محەمەد تەقی بەهار (ملک الشعراء) لە چەند وتارێک لە گۆڤاری میهر بە ناوونیشانی « شعر در ایران»، ئەویش ئاماژە بەم شیعرە دەکات[20] لەسەرچاوە کوردییەکاندا بۆ یەکەم جار حوسێن حوزنی موکریانی لە گۆڤاری زاری کرمانجی لە ساڵی ١٩٣٠ ئەم شیعرەی بڵاوکردەوە. دوای ئەوە عەلائەدین سەجادی لە کتێبی «مێژووی ئەدەبی کوردی» (١٩٥٢) باسی ئەم شیعرە دەکات و ئاماژە بە سەرچاوەکەی ڕەشید یاسەمی دەکات، کە ئەم شیعرەی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام خۆی دەڵێت: من ئەم چەرمەم نەبینیوە و نازانم ئەمە هەتا چەند ڕاستە[21] دواتر، زۆر نووسەری دیکەی کورد لە کتێبەکانیان ئاماژەیان بەم شیعرە کردووە، هەندێک پەسندی دەکەن و هەندێک نووسەری دیش ڕەتی دەکەنەوە؛ بۆ نموونە د. جەمال نەبەز بەتوندی ڕەتی کردووەتەوە و شیعرەکەی بە ساختە داناوە[22] د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، پێی وایە ئەو شیعرەی، کە یاسەمی ئاماژەی پێ کردووە جێگەی گومانە هەبووبێت[23] بەڵام سەدیق بۆرەکەیی لە کتێبی مێژووی وێژەی کوردی، ئەم شیعرەی وەکو کۆنترین شیعری کوردی لە سەرەتای هاتنی ئیسلام بڵاوکردووەتەوە و ئاماژە بە کتێبەکەی ڕەشید یاسەمی کردووە، هەروەها وێنەیەکی خەتە پەهلەوییەکەشی بەبێ سەرچاوەداناوە[24] ئەم شیعرە سەرنجی خۆرهەڵاتناسەکانیشی ڕاکێشاوە و لە کتێبەکانیان ئاماژەیان پێ کردووە وەکو (باسیل نیکتین، مارگرێت ڕۆدینکۆ، ڤیلچێڤسکی، مەکەنزی) هەندێکیان تەنیا وەک شیعرێکی کۆنی کوردی باسیان کردووە، بەڵام مەکەنزی لە ڕووی زمانەوانییەوە وشە بە وشەی شیکردووەتەوە و بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە ئەم شیعرە نابێت لە سەدەی یەکەمی هیجری و سەدەکانی دواتر

“ **هەمیشە ئەم پرسیارە دێتە پێش، ئەگەر ئەو خانمە شاعیر بووە، ئەدی بۆ لەو سەردەمە، هیچ یەکێک لەم شیعرانەی بڵاو نەکردووەتەوە، هەمووی بۆ ئەمڕۆ ماوەتەوە و تازە ئەم دیوانە بەم هەموو شیعرە نوێیە و بەم ڕێنووسە نوێیە بە ناوی ئەو بڵاودەکرێتەوە؟!** ”



نووسرابێت، شیعرێکی تەواو ساختەیە[٢٥].
عەبدی شاهۆ لە توێژینەوەیەکی لەبارەی ئەم شیعرە، کە لە گۆڤاری «هایا» بڵاوکراوەتەوە، بە وردی لە ئەسڵی ئەم شیعرە دەکۆڵێتەوە، کە چۆن پەیدا بووە، لە کۆتاییەکەی دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە ئەم شیعرە و ئەم پێستە هیچ بوونیکی فیزیکی نییە و شیعرێکی ئینتیحالە و پێیوایە، یان سەعید خانی کوردستانی، یانیش حوسێن حوزنی موکریانی ئەم شیعرەیان هەڵبەست بێت[٢٦] بە بۆچوونی من بە ئیحتیمالی زیاتر سەعید خان خۆی داینابێت، چونکە ئەو خۆی هەورامی باش زانیوە، بە زارەکەش ئاشنا بووە، لە هەمان کاتدا دەستی نووسینی شیعری بە هەوراميیش هەبووە و ئینجیلی تەرجەمەی هەورامی کردووە و هەمووی بە شیعر دارشتووە.
لە بەسەرهاتی ئەم شیعرە ساختە و هەڵبەستراوەدا، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە شیعرێکی ئینتیحال، هەرچەندە زۆریش بڵاوبێتەوە و کاریگەرییش لە دوای خۆی بەجێ بێڵێت، بەڵام بە لێکۆڵینەوە و گەران بە دوای سەرچاوەکانیدا لە ئەنجامدا هەر ئاشکرا دەبێت کە ساختەیە.
لەو ئەدەبیاتە کوردییەی کە بە ئەدەبیاتی یارسان ناسراوە، ناوی کۆمەڵێک شاعیر هاتووە، کە لە سەدەکانی کۆنەوە شیعریان بە کوردی نووسیوە، وەک بالولی ماهی (١٤٦ – ٢١٩هیجری) بابە سەرهەنگ دەودانی (٣٢٤ هیجری) بابە لورەی لورستانی (سەدەی دووەم و سێیەمی هیجری) بابە رەجەبی لورستانی (سەدەی دووەم و سێیەمی هیجری) کە گوایە ئەمانە شیعریان بە هەورامی، یان گورانی نووسیوە. عابدینی جاف (١٣٢٠ – ١٣٩٤م) و عێل بەگی جاف (١٤٩٢ – ١٥٥٣م) یش شیعریان بە کوردیی ناوەندی نووسیوە[٢٧] ئەم ئەدەبیاتە لە کتێبەکەی سەدیق بۆرەکەیی بە ناوی «مێژووی وێژەی کوردی»دا هاتووە، ژیننامەی بۆ ئەم شاعیرانە نووسیوە و چەند نموونەیەکیش لە شیعرەکانیانی بڵاوکردووەتەوە. شیعرەکان بەتایبەت ئەوانەی بە کوردیی ناوەندین هی عابدینی جاف و عێل بەگی جاف، کۆمەڵە شیعرێکن، بە هیچ پێوەرێکی زمانەوانی ناگەرێنەوە بۆ ئەو سەردەمەی، کە گوایە ئەم دوو شاعیرە یارسانییە لە سەدەکانی چواردەم و شازدەمی میلادی ژیاون، بەڵکوو زیاتر پێی دەچێت لەنیوەی دووەمی سەدەی

**“ یان مەلوودنامەکە هی زەینەب خان نییە، یانیش دیوانەکە، یانیش هەردووکیان هی ئەو نین. من ئەوەی دوایی بە راستتر دەزانم ”**

**مەولوودنامەیەکی تورکیی عوسمانی گوایە زەینەب خان نووسیویەتی، بۆ ئەم مەولوودنامەیە دەستنووسی تەواوی هەیە و هەمووی بڵاوکراوەتەوە، ئەدی چۆن دەبێت دیوانی خۆی دەستنووسی نەبێت؟**

بیستەم نووسرابن. ئەمە بێجگە لەوەی تا ئێستا دەستنووسێکی راست و دروستی ئەم شیعرانەیان نەخستووەتە روو بۆ ئەوەی قەناعەت بە توێژەران بێنن، کە ئەم شیعرانە ئەوەندە کۆنن.
کاتێک باسی دەستنووس دەکرێت، دەڵێن: ئەم شیعرانە بە دەماودەم هاتوون و دواتر نووسراونەتەوە، ئەگەر دواتریش نووسرابنەوە پێویستە دەستنووسەکان بخرێنەروو بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت. ئەمە سەرەرای ئەوەی کە هیچ دەستنووسێکی ئەم شیعرانە لە ئەرشیفخانەکانی دەرەوەشدا نییە، ئەمەش جارێکی دی بەڵگەیە، چونکە ئەگەر دەستنووسیان هەبوایە چەند نوسخەیەکیان لێ دەگوێزرایەوە بۆ ئەرشیفخانەکانی دەرەوە[٢٨].
لە دوای سەدیق بۆرەکەیی، د. مارف خەزنەدار لە کتێبەکەی لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، هەمان ئەو قسانەی سەدیق بۆرەکەیی لەسەر ژیننامەی ئەم شاعیرانە و شیعرەکانیانی گواستووەتەوە، بەبێ لێکۆڵینەوە و پرسیار و رەخنە لەسەر شیعرەکان و دەستنووسەکانیان، بڵاویکردوونەتەوە و کردوونی بە بەشێک لە مێژووی ئەدەبی کوردی![٢٩].
ئەمانە چەند نموونەیەکی ئینتیحالی شیعرن بە ناوی کەسانێک لە سەردەمێک ناویان هاتووە و کەسایەتی ئایینی یارسان بوون، بەڵام شاعیر نەبوون، یان ئەگەر شاعیریش بووبن هیچ دەقێکی وایان لە دوا بەجێ نەماوە، بەڵام لەم سەردەمە دەقی شیعری ساختە بە ناویان دەنووسرێت و دەیانکەن بە شاعیر و بە سەر مێژووی ئەدەبی کوردیدا ساغیان دەکەنەوە[٣٠].



## دیوانی زەینەب خان، ئینتیحالە یان کێشەی نەبوونی دەستنووسە؟

لە ئەزموونی ئینتیحال لە ئەدەبی عەرەبی و کوردیدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە دەقی ئینتیحال چۆن دروست دەکرێت و بە چ ئامانجێکیش دروست دەکرێت، ئەوجا دواتر چۆن دێتە نێو مێژووی ئەدەبەوە و بەشێوەیەکی کاتییش جێگەی خۆی دەکاتەوە، بەڵام هەر ڕۆژێک گومانی لێدەکرێت و پێداچوونەوەی بۆ دەکرێتەوە و ڕاستییەکان بۆ خوێنەران ئاشکرا دەبن و دەدرێنە دواوە.

سەبارەت بە دیوانی زەینەب خانیش، هەمان دیاردەی ئینتیحالی دەقی ئەدەبی دووبارە دەبێتەوە، کە زەینەب خان خۆی کەسێکی ناسراوە و خوشکی دڵدار بووە، بەڵام ئەم دیوانە کە دەدرێتە پاڵ ئەو، دواتر نووسراوە. هەمیشە ئەم پرسیارە دێت پێش، ئەگەر ئەو خانمە شاعیر بووە، ئەدی بۆ لەو سەردەمە، هیچ یەکێک لەم شیعرانەی بڵاونەکردووەتەوە، هەمووی بۆ ئەمڕۆ ماوەتەوە و تازە ئەم دیوانە بەم هەموو شیعرە نوێیە و بەم ڕێنووسە نوێیە بە ناوی ئەو بڵاودەکرێتەوە؟! ئەمە شایەنی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونە، نابێت هەر دیوانێکی شیعر چاپ کرا و کەوتە کتێبخانەوە پێمان وابێت ئەم شاعیرە هەبووە و ئەم شیعرانەی نووسیوە.

لە هەمووی گرنگتر ئەم دیوانە هەتا ئێستا دەستنووسی دیار نییە، گوایە چەندین دەستنووسی هەبووە و بزر بووە[٣١] ئەوەی چاپیش کراوە لە ڕووی دەستنووسەوە چاپ نەکراوە، بە تایپکراوی لەسەر سی دی دراوەتە دەست کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە، ئەویش دەمودەست وەک خۆی چاپی کردووە و بڵاویکردووەتەوە. ئەو چەند لاپەڕە دەستخەتەش، کە لە دیوانەکەدا بڵاوکراوەتەوە، تینوویەتی خوێنەر و توێژەر ناشکێنێت بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر کۆنی و ڕاستیی دەستنووسەکان بدات، چونکە ڕێنووسی دەستنووسەکان نوێیە و ناگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی، کە زەینەب خان لە ژیاندا بووە. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش، ئایا دەکرێت دیوانێکی شیعر بێ دەستنووس ساغ بکرێتەوە؟ ئایا دەکرێت بوونی ئەم شیعرانە و ئەم شاعیرە بەبێ دەستنووسی کۆن و کۆپی دەستەختی خۆی بسەلمێ؟

هەندێک پێیان وایە ئەمە ئاساییە، چونکە زۆر شاعیری دی هەبوون، لە مێژووی ئەدەبدا ناویان نەهاتووە و تازە دەستنووسیان دەردەکەوێت کە ئەوانە لە ڕابردوودا شاعیر بوون، زەینەب خان و باوکی مەلا ڕەئووفی خادم سەجادەش هەمان شتە. کاک عەبدولڕەحمان مەعرووف، لە وەڵامی ڕەخنەکەی من، بۆ ئەم پرسیارەی من ئەم بۆچوونەی هەیە[٣٢].

ئەم بۆچوونە لە حاڵەتێکدا بە مەنتیقی دادەنرێت، ئەگەر ئەو شاعیرە لە پێش سەردەمی چاپەمەنی ژیابێت، پێش سەدەی بیستەم، بەڵام ئەو سەردەمەی، کە زەینەب خان و مەلا ڕەئووفی خادم سەجادە ژیاون، سەردەمی چاپەمەنی بووە، لە سلێمانی دوو ئامێری چاپ هەبووە، لە ڕواندز و لە هەولێر چاپخانە هەبووە، نەک هەر چاپ هەبووە بەڵکوو بڵاوکراوەیەکی زۆریش بە کوردی لە سلێمانی و هەولێر هەبووە، چاپەمەنی کتێب هەبووە، لە شارەکان چالاکیی فەرهەنگیی و ئەدەبی هەبووە، ئەم بنەماڵەیەش، وەکو خۆیان باس دەکەن، ئاشنایەتیان لەگەڵ پیرەمێرد و بێکەس و بنەماڵەی بەدرخانیاندا هەبووە؛ کەواتە ئەوانە کەسایەتی نەناسراو نەبوون دەستیان بە چاپ و بڵاوکردنەوە نەگەیشتبێت و نەیانتوانی بێت شیعرێک بڵاوبکەنەوە، بۆیە ئەمانە هیچیان بەهانە نین بۆ ئەوەی پێمان بڵێن ئەوانە شاعیر بوون و لەکاتی خۆیدا نەیانتوانیوە شیعرەکانیان بڵاوبکەنەوە، چونکە هیچ ڕێگرییەکیان لە پێشدا نەبووە، بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە.

مەولوودنامەیەکی تورکیی عوسمانی گوایە زەینەب خان نووسیویەتی، بۆ ئەم مەولوودنامەیە دەستنووسی تەواوی هەیە و هەمووی بڵاوکراوەتەوە.

ئەدی چۆن دەبێت دیوانی خۆی دەستنووسی نەبێت؟ ئەمە بۆ خوێنەرێکی ئاساییش جێگەی پرسیارە؟ ئەو دەستخەتەی لە مەولوودنامەکەدا هاتووە لەگەڵ ئەو چەند لاپەڕەیەی دیوانەکەی، کە گوایە دەستخەتی خۆیەتی، ئەگەر ئەم دوو دەستخەتە بەراورد بکەین، بە ڕوونی دیارە، کە ئەمانە دوو کەسی جودان، ئەم دوو دەستخەتە هی یەک کەس نین، یانیش هەردووکیان هی زەینەب خان نین و دەدرێنە پاڵ ئەو. ئەگەر ئەم مەلوودنامەیە هی زەینەب خان بووە و لە هەولێر خوێندراوەتەوە، ئەدی بۆ تازە بە دەردەکەوێت؟

“

ئەمڕۆ لێکۆڵینەوە لە دەستنووس و ساغکردنەوەی ئەوەندە پێشکەوتووە، کە بواری ئەوە ناهێڵێتەوە دەقێکی ساختە وا بە ئاسانی تێپەڕێ

”



ئەم هەموو مەلوودنامەیە لە کوردستان هەبووە، بۆ تەنیا ئەم مەولوودنامەیە کەس پێی نەزانیوە؟ تەنانەت لە دیوانەکەشی هیچ ئاماژەیەک بەوە ناکات کە مەلووودنامەی بە تورکیی عوسمانی نووسیوە.

لە شیکردنەوەی شیعرەکانیدا، زەینەب خان وەکو ئافرەتێکی فێمێنیست و لیبرال نیشان دەدەن کە بانگەشەی بۆ یەکسانیی ژن و پیاو کردووە، لە سالانی سی و چل و پەنجاکانی هەولێر، کە کۆمەڵگەی ئەوسا زۆر کۆنەپاریز و داپۆشراو بووە، وێنەی بێ سەرپۆش و بە جلوبەرگێکی ستایلی ئەورووپی بڵاودەکەنەوە. ئایا چۆن دەبێت ئەو ژنە بەم پاشخانە هزرییە مۆدێرنە، باسی دینداری بۆ خەڵک بکات و مەلوودنامەش بنووسێت؟! ئەمانە هەموو کۆمەڵێک بابەتی دژبەیەکن، کە نابێت لە یەک کەسدا ئەم هەموو هەڵوێستە دژ بەیەکە هەبوبێت.

> **«سەبارەت بە دیوانی (زەینەب خان)یش، هەمان دیاردەی ئینتیحالی دەقی ئەدەبی دووبارە دەبێتەوە»**

لە دیوانەکەیدا و لە شیعرێکی بە ناوی «سەربردەی زەمەن» لە بەیتێکی ئەم شیعرەدا ئاماژە بە دایکی دەکات، کە لە ماڵەوە فێری کردووە هەر بە کوردی قسە بکات و بە تورکی قسە نەکات و دەڵێت:

***ڕۆژێکیان دایکم بە تورکی بانگ کرد***
***یەک شەقازللەی لە بناگوێم گیر کرد[٣٣].***

ئەگەر زەینەب خان ئەوەندە سووربووە بە تورکی نادوێ و دایکی فێری کردووە هەر بە کوردی بدوێت، ئەدی بۆ مەولوودنامە بە تورکی دەنووسێت و بە کوردی نایوسێت؟! ئایا ئەم هەموو هەڵوێست و کارە دژ بەیەکە چۆن شیدەکرێتەوە؟ مەگەر ئەوە نەبێت، یان مەلوودنامەکە هی زەینەب خان نییە، یانیش دیوانەکە؛ یانیش هەردووکیان هی ئەو نین. من ئەوەی دوایی بە ڕاستتر دەزانم.

ئەمڕۆ لێکۆڵینەوە لە دەستنووس و ساغکردنەوەی ئەوەندە پێشکەوتووە، کە بواری ئەوە ناهێڵێتەوە دەقێکی ساختە وا بە ئاسانی تێپەڕێ، چونکە ئەو کاغەزەی ئەو دەقەی لەسەر نووسراوە دەکرێت لە تاقیگەدا کۆنیی کاغەزەکە ساغ بکرێتەوە و تەمەنی دیاری بکرێت، بۆیە ئەگەر دەستنووسەکان بخرێنە بەردەست، دەکرێت لە تاقیگە بە کاربۆن ١٤ تەمەنی کاغەزەکە دیاری بکرێت، ئیدی ئاشکرا دەبێت، کە ئەم دەستنووسانە هی چەند ساڵ پێش ئێستەن. سەردەمی ئەمڕۆ، سەردەمی ئەدەبی جاهیلی نییە، کە زیاتر لە هەزار ساڵی بە سەردا تێپەڕی، ئەوجا لە سەدەی بیستەم ئاشکرا بوو، کە ئەم ئەدەبە جاهیلییە شیعرەکانیان ئینتیحالە. لەم سەردەمە پشکنینی کاغەز و دەستخەتی کۆن زۆر پێشکەوتووە، مەحاڵە دەستنووسێک ڕزگاری بێ و تەمەنەکەی نەزانرێت. نەبوونی دەستنووسێکی ڕاست و دروست بۆ ئەم دیوانە بە ناوی زەینەب خان، زیاتر ئەو باوەڕە لای خوێنەران دروست دەکات، کە ئەم دیوانە ئینتیحالە!.

لە بەرگریان بۆ زەینەب خان دەیانەوێ بڵێن: زەینەب خان ئەوەندە ژنێکی هۆشیار و بەئاگا بووە، چرکە بە چرکە ئاگاداری هەموو ڕووداوێکی جیهان بووە، ئاگای لە هەموو ڕەوتە هزرییەکانی جیهان هەبووە، کە باسی مافی یەکسانیی ژن و پیاو دەکەن، لە هەموو ڕێکخراوێکی سەردەمی خۆی ئامادە بووە، چالاکوانی سیاسی بووە، بەرگریکاری مافی ژنان بووە، لیبرال و فێمینست بووە، لە هەمان کاتدا دیندار و خواناسیش بووە، مەلوودنامەی بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر(د.خ) نووسیوە، ئاگای لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی سەردەمی خۆی بووە و کەسایەتییەکانی هەموو ناسیوە و شیعری بۆیان هۆنیوەتەوە، هەر لە بیستەکانەوە هەستی نەتەوەیی هەبووە و شیعری نەتەوەیی نووسیوە، بە زمانێک نووسیویەتی کە پەنجا ساڵ بە پێش سەردەمی خۆی کەوتووە، هەرخۆی زمانی پەتی کردووە، لە پێش شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران شیعری نوێی کوردی نووسیوە، بە ڕێنووسێک نووسیویەتی بەپێش هەموارکردنی ڕێنووس کەوتووە، کەواتە هەرخۆیشی ڕێنووسی هەموار کردووە...تاد ئەم جۆرە تێگەیشتنە، لە دەرەوەی تێگەیشتنێکی مەنتیقییە بۆ ئەم شیعرانە و بۆ ئەم خانمە. هەر بۆ پاساوهێنانەوە و سەلماندنی حەقیقەتی ئەم شیعرانە، خەریکە ئەم ژنە لە سەردەمی خۆی دەردێنن و دەیکەن بە بوونەوەرێکی خەیاڵی و ئەفسانەیی، کە ئاگای لە هەموو شتێک هەبووە، لە هەموو شتێکیش بەپێش سەردەمی خۆی کەوتووە!.

ئەگەر سەرنج لە شیعرەکانی ئەدەبی جاهیلی بدرێت، هەر لەبەر هەمان هۆکار لە لایەن مارگۆلیوث و تەها حوسێن ئەم شیعرانە ڕەت کراونەتەوە و بە ئەدەبێکی ئینتیحال دانراون، چونکە ئەم شیعرانە



بە زمان و دنیابینی و دابونەریتی کۆمەڵگەوە، هیچ کامیان پەیوەندییان بە سەردەمی جاهیلییەوە نییە، ژیانی ئەو سەردەمەش لە شیعرەکانیان ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکوو ئەمانە چەند دەقێکن لە دوای هاتنی ئیسلام لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسی نووسراونەتەوە و دراونەتە پاڵ ناوی کەسانێک، کە گوایە لە سەردەمی جاهیلی ژیاون و شاعیریش نەبوون. هەمان دیاردەی ئینتیحالی شیعر لە دیوانی زەینەب خان و مەلا ڕەئووفی خادم سەجادە دووبارە بووەتەوە. ئەم دوو کەسایەتییە گومان لە هەبوونیان ناکرێت، بەڵام ئەم دوو دیوانەی، کە بەناوی ئەوان بڵاوبووەتەوە ئێستا نووسراون و دەدرێنە پاڵ ئەوان.

**ئەنجامی باسەکە**

ئینتیحالی شیعر دیاردەیەکی باوی ئەدەبییە، لە ئەدەبی هەموو گەلان و لە هەموو سەردەمێکدا هەبووە. لە ئەدەبی عەرەبیدا، ئینتیحال ئەزموونێکی کۆنی هەیە، ئەدەبی جاهیلی، بەپێی لێکۆڵینەوەکان، بەشی زۆری یان هەمووی بە ئەدەبێکی ئینتیحال دادەنرێ. ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی کوردیشدا هەبووە و هەیە، بەڵام وەک پێویست لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، چونکە مێژووی ئەدەبی کوردی لە ڕەخنەی زانستی و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی بەپێی پێوەرە زمانەوانییەکان هەژارە. ئەو مێژووەی بە ئێمە گەیشتووە بە ناوی مێژووی ئەدەبی کوردی، بەشی زۆری پێویستی بە شیکردنەوە و تەتەڵەکردن هەیە، بۆ ئەوەی لە دەقی ساختە و ئینتیحال و شاعیری وەهمی پاکسازی بکرێت. ئەوانەی کاریان لەسەر ئەم مێژووە کردووە، لە ڕوانگەی پێشکەوتن و گەشەکردنی دەقی ئەدەبی لە مێژووی ئەدەبیان نەڕوانیوە، زیاتر هەوڵیان داوە ئەوەندەی بکرێت شیعری شاعیران کۆبکەنەوە، لەگەڵ وەسفێکی ئەدەبی و ڕەوانبێژیی شیعرەکانیان، لێکۆڵینەوەیان لەسەر ڕاستی و ناڕاستی دەقەکان نەکردووە. مێژووی ئەدەب، مێژووی گەشەکردنی دەقی ئەدەبییە لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا، بۆیە هەر دەقێکی ئەدەبی زادەی سەردەمی خۆیەتی، ئەگەر هەر دەقێک لە ڕووی زمان و ڕێبازی ئەدەبی و بابەتی شیعرەکانی، تایبەتمەندییەکانی ئەو سەردەمەی تێدا نەبێت کە ئەو دەقەی تێدا بەرهەم هاتووە، لە مێژووی ئەدەب جێگەی نابێتەوە. دیوانی زەینەب خان و مەلا ڕەئووف خادم سەجادە، هەمان تایبەتمەندیی دەقی ئینتیحالیان پێوە دیارە، کە ئەم دەقانە بەهیچ شێوەیەک بەو سەردەمە نابەسترێنەوە، کە ئەوان تێیدا ژیاون، ئەمە سەرباری ئەوەی، دەستنووسێکی ڕاستەقینەی شیعرەکانیشیان نییە، هەروەها زمانی شیعرەکانیان، زمانێکی ئەوەندە نوێیە، زمانی ئەو سەردەمە نییە، کە ئەوان تێیدا ژیاون، لە سەردەمی خۆیشیاندا هیچ یەک لەم شیعرانەیان بڵاونەکردووەتەوە، واتە شیعرەکانیان و شاعیرێتیان بەدۆکۆمێنت نەکراوە؛ لە مێژووی ئەدەبی کوردییشدا تەواو نەناسراون، تا ڕۆژی بڵاوبوونەوەی هەردوو دیوانەکەش، هیچ کەس لە توێژەران و نووسەران بە شاعیریان دانەناون. ئەمانە هەموو بەڵگەی ئەوەن، کە ئەم شیعرانە ئینتیحالن، ئەمە هەرچەندە ئەوانە وەک کەسایەتی لە مێژوودا هەبوون و لە کۆمەڵگەکەی خۆشیاندا چەند ڕۆڵێکی کولتوورییان هەبووە، بەڵام خۆیان شاعیر نەبوون، ئێستا لەم سەردەمە هەوڵ دەدرێ بە دەقی تازە و هەڵبەستراو بە ناوی ئەوان، بیانکەن بە شاعیر و دیوانی گەورە بە ناویان بڵاودەکەنەوە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان**

١ - دیوانی زەینەب خان، کچە کورد ١٩٠٠ - ١٩٦٣، ئامادەکردنی: حیکمەت حەمید مەلا ڕەئووفە فەندی خادم سوجادە، پێشەکی و پێداچوونەوە و ڕێکخستن: عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.

٢ - زەینەب خان مەلا ڕەئووف خادم سوجادە (کچە کورد) مەولوودنامەی پێغەمبەر(د.خ)، وەرگێرانی لە تورکییەوە: شێرزاد شێخ محەمەد، توێژینەوە و پێداچوونەوە: عەبدولڕەحمان مەعرووف، هەولێر، ٢٠٢١.

٣ - زەینەب مەلا ڕەئووف، کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی، هەولێر، ٢٠٢١.

٤ - مەلا ڕەئووف خادم سوجادە، دیوانی ڕەئووف، پێشەکی و توێژینەوە و ساغکردنەوەی: د. کەمال غەمبار، هەولێر، ٢٠٢١.

٥ - سوداد ڕەسووڵ، «دیوانی زەینەب خان (کچە کورد) ڕاستییە یان وەهم؟» گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٦٦ - ٢٦٧، چاپخانەی خانی، هەولێر، ساڵی ٢٠١٩.

٦ - دکتۆر سەروەر عەبدوڵڵا، دیوانی زەینەب خان و چەند سەرنجێکی دەقناسی لەمەڕ نادرووستیی تێکستەکانی. لە ماڵپەڕی چاودێر بڵاو کراوەتەوە: سەیری ئەم لینکەی



خوارەوە بکە:
https://www.chawder.org/detailnews.aspx?jim
are=٢٠٥٤&cor=٦&related=٢٠٥٤

٧ – پێشڕەو سەید برایم: ستەم لە (زەینەب خان) ئەستەمە، وەڵامێک بۆ مامۆستا سوداد ڕەسووڵ، بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم. لە ماڵپەڕی «وتاری کورد» بڵاوکراوەتەوە. سەیری ئەم لینکەی خوارەوە بکە:
https://www.wtarikurd.info/١٤/١٢/٢٠٢١

٨ – عەبدولڕەحمان مەعروف، «وەڵامێک بۆ مامۆستا سوداد ڕەسووڵ، دیوانی زەینەب خان (کچە کورد) ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە»، گۆڤاری دیوان، ژمارە(١٤) چاپخانەی هێڤی، هەولێر، تەمموزی ٢٠٢٢.

٩ – پێم خۆشە لێرە ئەوە باس بکەم، کە کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە ئامادەکاری دیوانی زەینەب خان، پێش ئەوەی ڕەخنەکانم بڵاو بکەمەوە پرسم پێکرد، کە چەند ڕەخنەیەکم لەسەر ئەم دیوانە هەیە و دەمەوێ لەسەری بنووسم، ئەویش بە خۆشحاڵییەوە گوتی: پێم خۆشە ڕەخنەی لەسەر بنووسی، چونکە هەموو بابەتێک بە ڕەخنە و دژەتەوەر پێش دەکەوێت. پشتگیرییەکانی ئەو بۆ ڕەخنە ئەوسا و ئێستاش هاندەرم بوون کە لە ڕەخنە سڵ نەکەمەوە بەبوێری بنووسم. منیش بە هەمان شێوە پێم خۆش بوو ئەویش وەڵامی ڕەخنەکانم بداتەوە، بەڵام ئەو هەتا ئێستا لەبەرانبەر ڕەخنەکانم بێدەنگە!.

١٠ – محمد بن محمد بن عبدالرزاق المرتضى الزبيدي، تاج العروس من جواهر القاموس، الكويت، ٢٠٠٨. ص٤٦٣.

١١ – حسن عميد، فرهنگ عميد، سە جلدى، جلد اول، انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٧٥.

١٢ – Chris Baldick, The Concise Oxford Dictionary of Literary Terms, Oxford University Press Inc., New York, ٢٠٠١. p. ١٩٤.

١٣ – محمد بن سلام الجمحي، طبقات فحول الشعراء، المحقق: محمود محمد شاكر، دار المدني، جدة، ١٩٨٠. ص ٤٦ – ٤٩

١٤ – دیڤید صمويل مرجليوث، أصول الشعر العربي، ترجمة و تعليق دراسة: د. أبراهيم عوض، دار الفردوس، مصر، ٢٠٠٦. ص١٦.

١٥ – نفس المصدر السابق. ص٧٣ و ٩٨.

١٦ – الدكتور على الجندي، تأريخ الأدب الجاهلي، الجزء الأول، الطبعه الثانية، مكتبة الجامعة العربية، بيروت، ١٩٦٦. ص٢١٤.

١٧ – طه حسين، في الأدب الجاهلي، مؤسسة الهنداوى للتعليم و الثقافة، القاهرة، ٢٠١٢. ص٦٦ –٦٨.

١٨ – نفس المصدر السابق. ص ٩٥ –١٤٧.

١٩ – دكتر سعيد خان كردستانى، نزانى(مزگانى)، با مقدمه و حاشيه فارسى، انتشارات نور جهان، تهران، ١٣٠٩ (١٩٣١م). ص. ط

٢٠ – عبدى شاهو، داستان پيدايش هورمزگان ڕمان ئاتران كوژان، هايا، سال ششم، بهار و تابستان ١٣٩٧. ص ٢٢–٢١

٢١ – علاء الدين سجادى، مێژووى ئەدەبى كوردى، چاپخانەى معارف، ١٩٥٢. ل١٢٩ –١٣٠.

٢٢ – جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی.: بڵاوکراوەی یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بامبێرگ، ١٩٧٦. ل ١١١.

٢٣ – عزالدين مصطفى رسول، الواقعيه فى الأدب الكردي، دار نشر آراس، اربيل، ٢٠١٠. ص ٥١ – ٥٢.

٢٤ – سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٢٠٨. ل٣٨ – ٣٩.

٢٥ – عبدى شاهو، داستان پيدايش هورمزگان رمان ئاتران كوژان. ص١٣.

٢٦ – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٧ – سدیق بۆرەکەیی (سەفی زداە)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨. ل٤٧ – ١٢٨.

٢٨ – ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی دەستنووسی کوردی لە بەرلین هەیە کە بەشی زۆری ئەم ئەرشیفە لە لایەن کوردناس و زمانەوانی ئەڵمانی ئۆسکار مان Oskar Mann (١٨٦٧ – ١٩١٧) کۆ کراوەتەوە. ئۆسکار مان لە ساڵی ١٩٠١ بۆ لێکۆڵینەوە لە زارە کوردی و فارسییەکان سەفەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە. بۆ ماوەی دە ساڵێک لەم ناوچەیە دەمێنێتەوە، ماوەیەکی زۆر لە سابڵاغ ماوەتەوە و فێری کوردی بووە. بێجگە لە کۆکردنەوەی دەستنووس، ئەدەبیاتی زارەکییشی کۆ کردووەتەوە وەک داستان و چیرۆک، تۆماری کردووە و کۆپی لەبەر گرتووەتەوە و هەمووی ڕەوانەی ئەرشیفی بەرلین کردووە. د. سەروەر عەبدوڵڵا ئێستا لە بەرلین لەسەر ئەم ئەرشیفە کار دەکات، و بیبلیۆگرافیای بۆ کردووە، لەم ڕووەوە زانیاری پێدام، کە هیچ دەستنووسێک سەبارەت بەو شاعیرانەی یارسان لەم ئەرشیفەدا نییە.

٢٩ – د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢. ل٢٧ تا ٣٥.

٣٠ – سەبارەت بە ئینتیحال لە ئەدەبیاتی یارساندا، ئەم باسە زۆر لەوە درێژترە کە لێرە باسی کراوە، چونکە لەم گۆڤارە بواری ئەوە نابێت هەموو باسەکە بڵاوبکرێتەوە. لەم توێژینەوەیە لە ڕووی زمانەوانییەوە شیعرەکانی عابدینی جاف و عێل بەگی جاف شی کراوەتەوە کە شیعرەکانیان لەم سەردەمە نووسراون، ناگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە ئەوان لێی ژیاون.

٣١ – لە پێشەکیی دیوانەکەی زەینەب خان ئاماژە بەوە دراوە، کە گوایە دەستنووسێکی دیوانەکەی دراوە بە گیوی موکریانی، لەم ڕووەوە پرسیارم لە د. کوردستان موکریانی کرد، کە ئەرشیفەکەی باوکی لای ئەوە، گوتی: هیچ دەستنووسێک بە ناوی زەینەب خان لە ئەرشیفی گیو موکریانیدا نییە.

٣٢ – عەبدولڕەحمان مەعرووف، وەڵامێک بۆ مامۆستا سوداد ڕەسووڵ، دیوانی زەینەب خان(کچە کورد)، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، گۆڤاری دیوان، ژمارە ١٤، تەمموزی ٢٠٢٢. ل٤٦.

٣٣ – دیوانی زەینەب خان.، ل ٥٥.



# کام سەرنجی دەقناسی،
# لەبارەی زەینەب خان-ەوە؟

پێشڕەو سەید برایم



دوای چاپکردنی دیوانەکەی زەینەب خان لە لایەن عەبدوڵڵا زەنگەنە، چەندین وتار و کتێب نووسران، لەوانە د. شوکریە ڕەسووڵ و محەمەد عارف و کەمال غەمبار کتێبیان نووسی، دوو سێ کتێبی (زەینەب)یش دەرچوون، یەکێکیان لەسەر فۆلکلۆر بوو، هەروەک خەڵکانێکیش هەبوون گومانیان هەبوو زەینەب خان شیعری نووسیبێت، دەیانگوت شیعرەکانی زەینەب خان هەمووی وەهمن، وەکو مامۆستا سوداد و د. سەروەر عەبدوڵڵا. کەسانی دیکەش بەگومانەوە سەیری ئەو شیعرانەیان دەکرد، بەهیچ شێوەیەک بڕوایان نەدەکرد ئەو شیعرانە هی زەینەب و ئەو سەردەم بن، هەریەک لە مامۆستا سوداد و دکتۆر سەروەر گلەییان لەوانەش هەبوو، کە لەسەر زەینەبیان نووسیووە، زۆریشیان پێناخۆش بوو، هەردووکیان دەڵێن ئێمە بەلامانەوە سەیرە، وەکو ڕاستییەک باسی زەینەب دەکرێت.

من یەکێک بووم لەو کەسانەی وەڵامی ئەو دوو برادەرەم دایەوە، بەتایبەتی د. سەروەر، چونکە ئەو وتارێکی نووسیوە زیاتر ئەکادیمیانە بوو، بەحیساب زانستیانە نووسیویەتی، باس لەوە دەکات ئەو سەردەمە، بەتایبەتی لەساڵەکانی بیست و سییەکان، کە زەینەب ئەو شیعرانەی تێدا نووسیوە، هەندێک وشەی لەشیعرەکانیدا بەکارهێناوە، لەفەرهەنگی کوردیدا نییە.

ئەو دەڵێت لیکسیکۆن و ناڵێت فەرهەنگ، یان ئەو زاراوانەی، کە ئەو بەکاریهێناون، ئەو دەڵێت (تێرم) لەشیعرەکانی ئەوکاتدا نەبوون، لەو بارەیەشەوە چەندین نموونەی هێناوەتەوە. منیش یەک بەیەک نموونەکانم هەمووی وەکو خۆی هێناوەتەوە. بۆ نموونە وەکو (وردبوونەوە، شووم، قوتابخانە) تەنیا دوو سێیەک نەبن، کە نەمتوانیوە سەرچاوەکەیان، یان ڕاستیەکەیان ببینمەوە و باسی بکەم، ئەویش لەسەر ئەوەیە، کە دەزانن ئەو دیوانانەی ئەو شاعیرانە هەمووی بخوێنیەوە، زۆری دەوێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەستم بەخۆشییەک کرد، کە دوای خوێندنەوەی شیعرەکان، زیاتر لەسەدا نەوەدی ئەو وشانەی، کە ئەو دەیڵێت، من بڵێم نەخێر، ئەوە پێش زەینەب بەکارهاتوون، ئەوەش بە بەڵگەی شیعرییەوە، کە وشەی واهەبووە خانەی قوبادی بەر لەدوو سەد و پەنجا ساڵ لەشیعرەکانیدا بەکاریهێناوە، بۆیە سەرم لەوە دەسوڕمێنێت و دەڵێم تۆ بڵێیت دکتۆر ئاگای لەئەدەبی کوردیی نەبێت، یان لە شیعرەکانی سەیدی هەورامی و وەلی دێوانە و مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی غافڵ بێت.

سوداد ڕەسووڵ دەڵێت: وشەی (قوتابخانە) لەوکاتدا بەکارنەهاتووە، تەنیا (مەکتەب و مەدرەسە و سوڵتەخانە) هەبووە و قوتابخانە بەهیچ شێوەیەک نەبووە، بەڵام پیرەمێردی شاعیر لەساڵی ١٩٢٤ شیعرێکی داناوە، باسی قوتابخانە دەکات، کە خوالێخۆشبوو ئومێد ئاشنا چاپیکردووە و پێداچوونەوەی بۆ کردووە، کەواتە وشەی قوتابخانە هەبووە بێگومان قوتابخانە پێشتریش بەکارهاتووەو شتێکی نوێ نییە، یان وشەی (شووم) کە وشەیەکی عەرەبییە، ئەم وشەیە شتێک نییە بڵێی تازە بێت. لەقورئان و فەرموودەکان و ئەدەبیاتی عەرەبیدا هەن. هەروەتر خانەی قوبادی، کە لە ساڵی ١٧٠٤ تا ١٧٧٨ ژیاوە لەشیعرێکیدا دەڵێت:

***واتش ئەی دوزدان شووم نا بێکار***
***عەزمتان چێشەن نەی زوڵمات تار***
***لەوح گرتش بەدەست ڕووبەڕووی ماران***
***یەکسەر فەرار بین شووم بەدکاران***



واتە نزیکەی ٣٠٠ ساڵێک دەبێت، ئەو بەکاری هێناوە، بۆیە بەڕاستی بەلامەوە سەیرە دکتۆر سەروەر دەڵێت: شووم وشەیەکی نوێیە، لەوەش زیاتر ئەو دەڵێت: نەک زەینەب خان بەکاری نەهێناوە، بەڵکوو بۆیان داناوە.

سەبارەت بە وشەی (نەنگی) دیسان هەمان کێشەی هەیە و دەڵێت: ئەو وشەیە نوێیە و لەحەفتاکان و هەشتاکانەوە سەریهەڵداوە، بەڵام من دەڵێم لەوکاتەدا سەریهەڵنەداوە و لەزۆر شوێن بەکارهاتووە، لەساڵی ١٩٥٨ زەینەب خان ئەو وشەیەی بەکارهێناوە، بەڵام پێشتر مەولەوی شاعیر بەکاریهێناوە و لە شیعرێکیدا دەڵێت:

***بولبولی گولشەن بێ نام و نەنگی***
***تەزەروی سەر سەرو باغچەی بێڕەنگی***

وەلی دێوانە و پیرەمێرد و خادیم، هەر هەمان شت بەکاریان هێناوە، زەینەب خان لەگیرفانی خۆی دەری نەهێناوە، بۆیە ئەگەر پێیان ناخۆش نەبێت من پێموایە ئەو برادەرانە، کە ڕۆشنبیرییەکەیان هی ساڵەکانی شەستەکانە، دەبێت پێشتر ئاگاداری ئەو شیعرانە بووبن، لە کاتێکدا ئەوان مامۆستای زانکۆن و دکتۆرایان لەئەدەبی کوردیی هەیە. چۆن دەبێت ئاگاداری ئەو شتانە نەبن و بڵێن وشەی نەنگی هەر نەبووە.

**وشەی واهەبووە خانەی قوبادی**
**بەر لەدوو سەد و پەنجا ساڵ**
**لەشیعرەکانیدا بەکاریهێناون**

یان وشەی (شەکەت) یان (تەکان) ئەوانە هەر هەموویان زۆر پێش زەینەب خان بەکارهاتوون، حاجی قادری کۆیی و سالم و پیرەمێرد بەکاریان هێناوە، یان وشەی (فریودان) کە وشەیەکە زۆر لەسەر زارانە، بەتایبەتی لەشێوەزاری سلێمانی شتێکی نوێ نییە، ئەگەر لە لای ئێمە لە هەولێریش نەبووبێت، بەڵام لەولاتر هەبووە.

بۆ زیاتر دەرخستنی ئەو ڕاستیانەش دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە زەینەب خان یەکێک بووە لەو کەسە خوێندەوارانەی بە بەردەوامی کتێبی خوێندووەتەوە، من هاتووچۆی کتێبخانەکەیانم کردووە، کتێبم بینیوە هی ساڵی ١٩١٩ بووە، کە ئەوکاتە زەینەب تەمەنی ١٩ ساڵ بووە، کتێبی بە ئینگلیزیی و بەکوردیی هەبووە مۆری زێنەب خان-ی پێوەبووە و نووسراوە کتێبخانەی زینەب، چونکە خوێندەوار بووە ئاگای لە دونیا بووە بڕوا ناکەم لەوکاتەدا، هەر شتێک بڵاوکرابێتەوە زەینەب نەیخوێندبێتەوە، جا بە کوردیی بووبێت، یان بە عەرەبی، هەروەک زمانی فارسیشی زانیوە.

یان وشەی (ڕەزامەندی) هەمان شت کە لەوانەیە زۆر بەئاسایی لەنێو بازار بەکاربێت، کە عەرەبیشە زەینەب ئەو وشەیەی بەکارهێناوە، کە سالم (١٨٠٠ -١٨٦٦) زۆر پێشتر بەکاری هێناوە:

***جوز بووسەیی ئەییامی ڕەزامەندیی دڵدار***
***نەمدی لە جیهانا بە ئەبەد نۆشی بەبێ نێش***

واتە سالم١٥٠ ساڵ لەمەوبەر ئەو شیعرەی نوسیووە، کە یەکێک بووە لەسێکوچکەکەی بابان، یان ئەحمەد موختار جاف، لە کتێبی مەسەلەی ویژدان باسی ڕەزامەندی دەکات و دەڵێت: (ئەو خانووە جوانە، ئەمینم کە زۆر کەس بە ناڕەزامەندی ئیشی تیادا کردووە).

یان وشەی (ئاشنایان) هەر بەهەمان شێوە، هەر زۆر بەکارهاتووە، زیاتریش لە ئەدەبی فارسییەوە هاتووە، کە ئەوسەردەمیش ئەدەبی کوردیی زۆر سوودی لە ئەدەبیاتی فارسی وەرگرتووە. دواتر وشەکە وشەیەکی هیندۆ ئێرانییە، وشەیەکی غەریب نییە، دەمێکە بەکارهاتووە، بۆ نموونە بێکەس لەساڵی ١٩٢٤ بەکاریهێناوە، هەروەها مەلا حەسەنی دزڵی بەهەمان شێوە.

وشەی (سەرنگوم) کە بەبیرم دێت باسیان کردووە، جا بە سەرنگوم و بەسەرنگون-یش دێت، کە هیچ جیاوازیەکیان نییە و هەمان مانایان هەیە. بۆ دەبێت ئەو وشەیە لەدوای ساڵی هەشتاکان بەکارهاتبێت ئینجا یەکێک هاتبێت بۆ زەینەبی نووسیبێت، بەڕاستی ئەوە جێگای پرسیارە. من لەو برادەرانە دەپرسم ئایە ئێوە بەڕاستی گومان لەزەینەب دەکەن؟ بەڕاستی پێتانوایە ئەوە وەهمە،

یان مەبەستێکی دیکەتان هەیە؟ دەبێت ئەوە ساغبکرێتەوە، هیوادارم مەبەستیان ئەوە نەبێت.

من پێمخۆشبوو ئەو دوو برادەرە وەکو تەها حسێن-یان بکردبایە، ئەوکاتەی کتێبێکی نووسی بەناوی (فی شعر الجاهلی) لەو کتێبەدا دەڵێت ئەو شیعرە جاهیلیانەی، کە ئێوە باسی دەکەن ئەسڵ و ئەساسی نییە، هەمووی درۆ و دەلەسە و هەڵخەڵەتان دەرچوو، دوای ئەوە بەدەیان کتێب و بەسەدان کتێب نوسراو وەڵامیان دایەوە، کە لێیان پرسی و گوتیان ئەوە باشە، ئەویش گوتی: منیش مەبەستم ئەوەبوو، واتە جووڵەیەک کەوتە نێو ئەدەبی عەرەبییەوە، هیوادارم ئەو برادەرانەش هەمان شتیان کردبێت، کارێکی وایان کردبێت مەبەستیان ئەوە بووبێت ئەدەبی کوردیی بەرەو پێشەوە ببەن و جووڵەیەک دروست بکەن، بەڵام پێناچێت مەبەستیان ئەوەبووبێت، چونکە ئەوانە گلەیی لەوکەسانەش دەکەن، کە لەسەر زەینەبیان بەچاکە نووسیوە.

بۆیان گێڕاومەتەوە، کە سوورن لەسەر ڕای خۆیان و پێیانوایە زەینەب وەهمە و هەر بوونیشی نییە. بۆ نموونە دەڵێن: زەینەب شیعری نەبووە و کەس نەیناسیوە، ڕاستە بەنووسین لەوانەیە نەیبێت، عەبدوڵڵا زەنگەنەش باسیکردووە، کە بەناوی (کچە کورد) بووە لەوانەیە هەندێک شت هەبێت لە گەلاوێژ بڵاوکرابێتەوە، لەوانەیە باری کۆمەڵایەتی ئەوساکەی قەڵاتی هەولێریش ڕێگر بووبێت بۆ ئەو مەسەلانە، هەندێک کتێبیش دەرچوون لەسەر ئەو مەسەلانە کە باوکی گوتوویەتی کچەکەم شاعیرە و هیوادارم ڕێگەی لێنەگیرێت، بەڵام دیارە ڕێگرییەک هەر هەبووە، گرنگ ئەوەیە زێنەب هەبووە و ئەو شیعرانەش هەبوونە، ئەو شتانەشی بەکاریهێناون، هیچی غەریب و نوێ نین، تەنیا لە وانەیە ڕێنووسەکەیان دەستکاری کرابن.

مامۆستا کەریم شارەزا لەدیوانەکانی کۆتاییدا، بۆ خۆی دەڵێت: فلانە شیعرم دەسکاری کردووە و بەڕێنووسی نوێ نووسیومەتەوە، واتە ئاساییە، تۆ دەسکاری ڕێنووس بکەیت و وشەیەک بگۆڕیت، بەڵام تۆ هەر بە یەکجاری بێت و بڵێیت ئەوە هەر بوونی نییە، بەڕاستی ئەوە بەلامەوە کارێکی خراپە.

سەبارەت بەوشەی (حیکاتەتخوان)یش، باشە هەموومان لەبەردەم ئاگردان دانیشتووین فلانە کەس حیکایەتخوانە، باشە کێ هەیە حیکایەتخوانی نەبیستبێت، بۆیە نازانم بۆ دەبێت وشەیەکی ئەوەندە نامۆ و تازە بێت، کە بەدەردی خۆی گوتەنی تێرمێک بێت تازە سەریهەڵدابێت، ئاخر وانییە حیکایەتخوان لەوانەیە لەگەڵ هاتنی عەرەب پەیدابووبێت و بڵێن ئەوەی کوردەواری، یان لەنێو فارسدا، ئێمەش لەفارسمان وەرگرتبێت یان وشەی (تاتەشۆر) کە شتێک نییە تۆ بڵێیت دروستکراوە، ئەرێ (تاتەشۆر) لەهەموو شوێنێک نییە.

بەڕاستی هەندێک شت دەڵێن جێگەی پێکەنینە. باشە ئەوانە بەڕاستی مەبەستیانە ڕەخنە لەزەینەب بگرن، یان مەبەستێکی دیکەیان هەیە؟

ئینجا دکتۆر سەروەر دەڵێت: ئەوانە لە لیکسیکۆنی کوردیدا نەبووە، واتە لەفەرهەنگی کوردیدا نەبووە.

هەروەها کاک سوداد-یش ئەوەندە موکورە، دەڵێت: مومکین نییە وشەی کرێکار لەو زەمانەدا هەبووبێت، ساڵی ١٩٢٤ زەینەب لەسەر جەژنی کرێکار شیعرێکی نووسیووە، کە ئەو ڕەتی دەکاتەوە، لەکاتێکدا جەژنی کرێکار لەسەدەی نۆزدەوە هەبووە، کتێبەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی حزبی شیوعی بخوێننەوە، دەمێکە سەریهەڵداوە، فەهد بەخۆی لەساڵی ١٩١٩ بەشداری خۆپێشاندانەکانی کرێکارانی لە بەسرا کردووە و یادی جەژنی کرێکارانیشیان کردووەتەوە، کە ئەوەم هەمووی نووسیوە، بەڵام لەهەمووی گرنگتر دەڵێت: ئەوە لەفەرهەنگی کوردیدا نییە، لە کاتێکدا مێجەرسۆن لەساڵی ١٩١٩ فەرهەنگێکی ئینگلیزی کوردیی چاپکردووە و لە ئەرشیفی ماڵی زەینەب خان ماوە (worker) بەئینگلیزی بەرانبەری کرێکار نووسراوە، کەواتە تۆ گلەیی چی لەزەینەب دەکەیت کە وشەی کرێکار بەکاردێنێت، کتێبەکە ماوە و مۆری زەینەبی پێوەیە، کە لەبەغدا کڕیویەتی و بە ئینگلیزی نووسیویەتی (زەینەب، بەگداد ١٩١٩) بۆیە ئەو برادەرانە، چیان لەزەینەب دەوێت و بۆ وا لەزەینەب دەکەن؟



"

**زەینەب خان یەکێک بووە لەو کەسە خوێندەوارانەی بە بەردەوامی کتێبی خوێندووەتەوە، من هاتووچۆی کتێبخانەکەیانم کردووە، کتێبم پێنیوە هی ساڵی 1919 بووە، کە ئەوکاتە زەینەب تەمەنی 19 ساڵ بووە**

"



لێرە و لەوێش هەندێک قسە دەبیستم، کە هی ئەوە نییە باسی بکەم و بڕوام پێی نییە، بەڵام هەر بۆ خۆشی دەیگێڕمەوە:

بە مامۆستا (سوداد)یان گوتبوو ئەوەتا وەڵامیان داویتەوە، تۆ بۆ وات کرد؟ گوتبووی ئەو کۆیییانە ئەوەندە زەینەبیان بەرزکردەوە، بۆیە منیش وامنووسی، کە هیوادارم ئەو قسەیە ڕاست نەبێت و منیش هەر بۆ خۆشی ئێوە دەیگێڕمەوە، چونکە من بڕوام پێی نییە و بڕواناکەم مامۆستا سوداد ئەوەی گوتبێت. جا ئەگەر وابێت، بەڕاستی ئەوە کارێکی خراپە، کە پێدەچێت ئێمە وەکو چۆن لەسیاسەت و حزبایەتی هەموو هەوڵێک دەدەین هەڵەیەکی بچووکی لایەنەکان بەرانبەرمان بەدەرخەین و گەورەی بکەین، پێدەچێت لەئەدەبیش هەروابکەین، کە کارێکی خراپە، ئێمە سوودمان لەو ململانێیە حزبایەتییە نەبینیبێت، ئینجا، ئەوانەی ئەوان دەیڵێن ئەگەر وابێت، ئەوە شتێکی نوێیە و

**من پێموایە ستەمێکی گەورەیە لە زەینەب دەکرێت، ئەو هەقی ئەو جۆرە ڕەخنانەی نییە، دەکرێت ڕەخنەی دیکەی لێبگیرێت**

شانازی پێوە دەکەین، ژنێک باسی کرێکار دەکات و باسی ڕۆمانی دایک دەکات، کە خوێندوویەتیەوە، باس لەوەش دەکرێت، کە لەوکاتەدا ڕۆمانی دایک وەرنەگێردراوە، لە کاتێکدا ڕۆمانی دایک لەساڵی ١٩٠٧ بۆ عەرەبی وەرگێردراوە، (زەینەب خان)یش خۆی لەشیعرەکەیدا دەڵێت ڕۆمانی (الام) کە بەعەرەبیش ناوی دێنێت، دەڵێت خوێندوومەتەوە.

بۆیە بەڕاستی من پێموایە ستەمێکی گەورەیە، لە زەینەب دەکرێت، ئەو هەقی ئەو جۆرە ڕەخنانەی نییە، دەکرێت ڕەخنەی دیکەی لێبگیرێت، بواری ئەوەش هەیە ڕەخنەی ئەدەبیانە و زانستیانە لەزەینەب بگیرێت لەزۆر شت، لەوانە لەسەر ڕایەکانی، بەڵام لەسەر ئەو وشانە جێگەی خۆی نییە، بۆ نموونە وشەی ماف لەساڵی ١٩٢٦ەوە بەکارهاتووە ئێمە تازە مافمان بیستووە، پێشتر هەر گوتومانە (حەق) ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە پێشتر ماف بەکارنەهاتووە، بێگومان هەبووە ئینجا ئەو گلەیی ئەوە دەکات دەڵێت: لە هەمبانە بۆرینەدا نییە، یان لەفەرهەنگی کوردستاندا نییە، کە هەمبانە بۆرینە گەورەترین فەرهەنگی کوردییە، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی دوو فەرهەنگی دی، یەکیان عەبدوڵڵای حەسەن زادە و ئەوی دیکەشیان ڕێژگەیە ئەم وشەیە هاتووە و بڵاویان کردووەتەوە. بەڵام دیارە کاتی خۆی هەژار نەیزانیوە، بەهەمان شێوە ئێوەش نەتانزانیوە، بەڵام پێشتر هەبووە، لەوانە سەید کامیلی ئیمامی بەکاریهێناوە هەروەها شاهۆ بەکاریهێناوە (بێکەس)یش لە ١٩٣٩/١١/٣ لەسلێمانی لەشیعرێکدا بە کاریهێناوە، باشە بۆ یەخەی بێکەس ناگرن بڵێن ئەو وشەیەت لەکوێ هێنا و کێ بۆی دانایت؟ بۆ یەخەی زەینەب دەگرن؟

سەبارەت بە وشەی (سارێژ)یش وشەیەکی کوردیی پەتییە و هیچ نەبێت هەموومان گوێمان لەوشەی سارێژ بووە، زەینەبی قوڕبەسەر لەساڵی ١٩٥٤ باسی سارێژ دەکات، لە کاتێکدا حەمدی و حیلمی کاکەیی و سابیری و مەلا مارفی کۆکەیی و پیرەمێرد و بێسارانی-یش بەکاریانهێناوە، وشەی (جەستە)ش، حاجی قادر جەستەو بەرجەستەی بەکارهێناوە، کە وشەیەکی عەرەبییە و لە (جسد)ەوە هاتووە و کورد گوتویەتی جەستە کە پیتی (د) دەکاتە (ت) و (ە)یکی پێوەناوە، بۆ دەبێت جەستە یەکێک بۆ زەینەبی دانابێت؟ یان زەینەب لەکوێی زانیوە؟ ئەو وشەیە (بێکەس)یش لە شیعری بیست و حەوت ساڵ بەکاریهێناوە، کە هیچ نەبێت هەموومان خوێندوومانەتەوە و لەخوێندنگەش گوێمان لێبووە و لەدیوانەکەیدا هەبووە و لەزۆر بۆنەشدا شیعری بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم گوتراوە، کە باسی جەستە دەکات و دەڵێت:

***بیست و حەوت ساڵە بەبێ زیاد و کەم***
***ئەپاڕێمەوە، هەر هاوار ئەکەم***
***یاخوا کافریش نەبێ بە جەستەم***
***وێڵ و سەرگەردان، بێ تین و خەستەم***



**هیچم پێ ناکرێ، دیل و دەس بەستەم**
**گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟**
**بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم؟**

که بێکەس لەساڵی ١٩٤٦ بەرانبەر بە حاکمی ئینگلیز لەنەورۆزدا ئەوە شیعرەی خوێندووەتەوە، کە زەینەب لەساڵی ١٩٥٤ بەکاریهێناوە، جگە لەوە (ئەحمەد بەگی کۆماسی و خانەی قوبادی)یش بەکاریان هێناوە، یان وشەی (نووشوست) کە وشەیەکی زیاتر فارسییە و کوردیش بەکاریدێنێت، یان وشەی (ڕیسوا) کە وشەیەک نییە نوێ بێت، زاراوەیەک نییە زەینەب هێنابێتی و دروستی کردبێت و بەکاریهێنابێت، یان لەشوێنێکی دیکەی هێنابێت، خۆ ئەگەر بیگوترایە لەفارسییەوە هێناویەتی قسەمان نەدەما، بەڵام بڵێی هەر نەبووە و یەکێک بۆی داناوە ئەوە بەڕاستی غەدرێکی گەورەیە لەزەینەبی دەکەن، کە ئەو وشەیەش (ئەدیب و پیرەمێرد) لەڕۆژنامەی ژین و (نالی)یش بەکاریان هێناوە وشەی (دابڕان) کە مانای بڕان، یان دابڕانە، زێنەب لە ساڵی ١٩٥٤ بەکاریهێناوە سەیفولقوزات لە ساڵی ١٩٤٥ەوە نووسیویەتی.

وشەی (ژەندرمە) هەر زۆر تەئکید لەو وشەیە دەکاتەوە، وەکو زاراوەیەکی فەرەنسی، یان بیانی، کە ژەندرمە چۆن بەکارهاتووە، ئیبراهیم ئەحمەد لە ژانی گەل بەکاریهێناوە، کە بەر لەزەینەب بووە، ساڵح دیلان لە ساڵی ١٩٥٤ دەڵێت:

**ژاندرمە و شمشێر و قلیچ**
**سەری گەیشتۆتە بن میچ**

یان وشەی (ڕەها) کە وشەیەکی زیاتر فارسییە، خۆشمان بەکاریدێنین، ئەحمەدی خانی لە مەم و زین بەکاریهێناوە و دەڵێت:

**گەر وی بە ڤێ ڕەنگی مەم ڕەها کر**
**دەردێ د دلێ مە وی دەوا کر**

بەتایبەتی لەبادینان ڕەها زۆر بەکاردێت، یان ئیبنولحاج لەکتێبی (مەهدینامە)دا بەکاریهێناوە لەساڵی ١٧٠٠ لەدایکبووە و لەساڵی ١٧٧٠ کۆچی دوایی کردووە، ئەگەر ساڵی مردنی بۆ دانانی شیعرەکەی ئەژمار بکەین دەکاتە ٢٠٠ و چەند ساڵێک لەمەوبەر، باشە کاک دکتۆر تۆ بۆ ئەو ستەمە دەکەیت، کە دوو سەد و ئەوەندە ساڵە پێش ئێستە گوتراوە، دەشڵێیت ئەوە بۆیان داناوە و زەینەب لەکوێی بوو.

وشەی (نەفرەت) ئەم وشەیە لەکاتی ئاساییدا بەکاردێت، کە دەگوترێت بەنەفرەت بن، کە ئیبراهیم ئەحمەد و عوسمان عوزێری بەر لەزەینەب بەکاریان هێناوە، یان وشەی (ڕەگەز) هەروەها (ستایش) ئەگەر زەینەب لە ساڵی ١٩٥٦ بەکاری هێنابێت، ئەوە لەمێژووی ئەدەبی کوردیی مامۆستا عەلائەدین سوجادی کاتێک باسی مسباحی شاعیر دەکات وشەی ستایشی بەکارهێناوە، کە چوار پێنج ساڵ جیاوازی هەبووە، دیارە (زەینەب)یش یەکێک بووە لەو دەوارانەی، کە بەردەوام خوێندیتیەوە.

خزمەکانی وەکو (ئەمەل سەعدی) دەڵێت: پلکم زەینەب هەموو جارێک، کە یەکێک دەچووە بەغدا پێان دەگوت چیت بۆ بێنم ئەویش دەیگوت تەنیا کتێبم بۆ بێنن، کە کتێبخانەیەکی گرنگی هەبووە، مام جەلال کە هاوڕێی ڕەمزی و کوڕەکانی بوو، باسی کتێبخانەکەی دەکات، یان مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی هاوڕێی منداڵەکانی بووە و بە شەو و ڕۆژ لەماڵی ئەوان ماوەتەوە، باسی ئەوە دەکات، کە زەینەب خان زووزوو دەهات و دەیگوت: وەرن شیعرێکتان بۆ بخوێنمەوە، یان شتێکمان دەنووسی کتێبێکی بەدیاری پێدەداین.

زەینەب بەڕاستی نموونەیەک بووە. دواتر وێنەکانی زەینەب ببینن، ئەو کەشخەیی و جلوبەرگەی لەبەریکردووە، بۆ ئەوسەردەم تەحەدایەکی گەورە بووە، هەندێک پیاوی پیر لە کۆیە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردوون ئێستە لەسلێمانی و هەولێر دەژین، دەڵێن: لە کۆیە لەگەڕەکی سەر قازی کە بەسفوری دەهات خەڵکی سەیریان پێدەهات، بەڵام دەڵێن: تەحەدای پیاوی دەکرد، ئەوەش بەو مانایە دێت، کە ژنێکی ئازا بووە، ژنێک بووە هەمیشە هانی خەڵکی داوە، زەینەب کۆمەڵێک وشەی داوەتە گیوی موکریانی بۆ ئەوەی فەرهەنگێکی کوردی بنووسێت، کە چاپ نەبووە، وەکو دیوانەکەشی هەر چاپ نەبوو، مامۆستا (عەبدوڵڵا زەنگەنە)ش باسی کردووە، لە ساڵی شەستەکانەوە براوە بۆ وەرگێران، کە ئەویش هەر سەری تێدا چووە و نەدۆزراوەتەوە. بۆ چاپ نەکراوە؟ نازانین، بەڵام ئەگەر تەماشای فەرهەنگی کوردستان بکەن، گیو موکریانی دەڵێت: ئەو وشەیە هی کۆیەیە،

**“ وێنەکانی زەینەب ببینن، ئەو کەشخەیی و جلوبەرگەی لەبەریکردووە، بۆ ئەوسەردەم تەحەدایەکی گەورە بووە ”**



زەینەبیش ئەو وشە کۆییانەی، کە هەرچەندە تائێستە نەگەیشتوومەتە بڕوایەکی تەواو، بەڵام وەکو زانیاری پێتانی دەدەم هەوڵ دەدەم ئەگەر سەرچاوەم دەستکەوت ئیسپاتی بکەم، کە ئەو وشانە هەمووی هی (زەینەب)ن گیو بەکاری هێناون.

بۆیە جگە لەخوێندنەوە، زەینەب لە وشەش ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە، هەوڵیداوە شتی کوردیی بەکاربێنێت خۆشی دەڵێت: کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە لای دایکی و کاتێک لەقەڵاتێ بە تورکمانی قسەی کردووە، دایکی زللەیەکی لێداوە، پێیگوتوە: ئێمە نەوەی (خادیم سەجادە و حاجی قادر)ین چۆن دەبێت بەتورکمانی قسە بکەیت؟ بۆیە لەوێوە هەستی بەوە کردووە، بەردەوام وشەی کوردی بەکاربێنێت، کە هەر شیعرێکی درابێتە دەستی لەو شاعیرانەی، کە باسی دەکات، ئەگەر وشەیەکی عەرەبی تێدابووبێت، هەوڵیداوە بەکوردی بەکاریان بێنێت.

**بەڕاستی هەندێک شت دەڵێن جێگەی پێکەنینە. باشە ئەوانە بەڕاستی مەبەستیانە ڕەخنە لەزەینەب بگرن، یان مەبەستێکی دیکەیان هەیە؟**

دکتۆر سەروەر لەسەر وشەی (ئاریا) زۆر مکوڕە، گوایە ئەو وشەیە تازەیە و هی نەوەدەکانە، لەکاتێکدا محەمەد ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠ – ١٩٤٨) لە کتێبی خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، کە ساڵی ١٩٣١ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩١٩ دەستی بە نووسینی کردووە ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت:

(لافاوی موهاجرینی عونسوری «هیند و ئەورووپی» وەیا ئارایی بۆ زاگرۆس و شەرقی و غەربی لە پاشدا ڕەنگە لە ئیعتباری عەسری دەهەم و نۆیەمی پێش میلادەوە دەسی پێکردبێ) جا خۆشیەکەی ئەوەیە مامۆستا سوداد نموونە دێنێتەوە، کاتێک باسی مێژوو دەکات و دەڵێت:

محەمەد ئەمین زەکی تاریخی بەکارهێناوە کە (خولاسەت تاریخ کورد و کوردستان) وشەی مێژووی بەکارنەهێناوە، زەینەب لەکوێی زانیوە؟

یان وشەی هەرزەکار، وەکو بڵێی ئەوە منداڵە، مێردمنداڵە، هەرزەکارە، کە ئەوە لەگەڵ ژیاندایە و شتێک نییە تازە بێت، کە زەینەب لەساڵی ١٩٤٠ وشەکەی بەکارهێناوە ئەحمەدی خانی ساڵی ١٦٥٠ لەدایکبووە و ساڵی ١٧٠٧ کۆچی دوایی کردووە کە دەڵێت:

***هوون نە ژ مسالێ زولفێ یارن***
***هوون هەردو فوزوول و هەرزەکارن***

باشە دەکرێت تۆ دکتۆرێک بیت و ئەوە نەزانیت، کە ئەحمەدی خانی لە مەم و زین ئەو وشەیەی بەکارهێناوە، دەکرا پێش ئەوەی ئەوە بنووسێت چاوێکی بەو دیوانانەدا گێڕابووایە، بەتایبەتی ئێستە بەرنامەیەکی زۆر چاک لەئینتەرنێت هەیە بۆ گەڕان بەدوای وشەدا، بەتایبەتی ئەگەر دیوانەکە لەئینتەرنێت هەبێت، چونکە هەموو دیوانێکی تێدانییە، بەڵام کۆنەکان، زۆربەیان هەن، من درەنگ پێراگەیشتم هەروەها بۆ وشەکانی لێبووردەیی و ئاشتەوایی و ململانێ، کە ئەوانەم هەموو بە شیعری شاعیرانی کلاسیکی ساغکردووەتەوە، بۆیە ئەو وشە و تێرمانەی دکتۆر باسیان دەکات دەمێکە هەن و هی ئێستە نین.

بەداخەوە ئەوان بەوە ستەمێکی زۆر لەزەینەب خان دەکەن، کە دەکرا وەکو ژنێکی وەکو نازک مەلائیکە تەماشای بکەین، نەک بڵێن زەینەب شیعری ئازادی چۆن داناوە؟

نازک مەلائیکە لەساڵی ١٩٤٨ەوە شیعری ئازادی داناوە، ئێ باشە زینەب عەرەبی زانیوە و خوێندوویەتییەوە، بۆ دەبێت لاسایی ئەوی نەکردبێت؟ کە ئەمەش بۆخۆی بابەتێکی دیکەیە.

*** ئەم بابەتە پووختە و داڕشتنەوەی قسەکانی پێشڕەو سەید برایم-ە، لە سیاقی خۆیدا، کە ڕۆژی شەممە ٢٠٢٢/١١/١٩ لە چوارچێوەی کۆڕێکی ساڵۆنی لاپەڕە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن کردنی.**

# مێژوو

- **شێخ مەحموود .. لە نێوان لایەنگرانی ئینگلیز و تورکخواکاندا (١٩١٩-١٩٢٤)**

ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی

# شێخ مەحموود .. لە نێوان لایەنگرانی ئینگلیز و تورکخواکاندا (١٩١٩–١٩٢٤)



نووسین وئامادەکردنی:
ژیلوان عەبدوڵلا هەڵەدنی

**پێشەکی**

دوای هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە (١٩١٤) و تێوەگلانی دەوڵەتی عوسمانی لە پاڵ ئەڵمانەکاندا، بەشێکی گەورەی کوردستان، بەتایبەتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، کەوتنە نێو جەنگەکە، ئەمەش زەرەر و زیانێکی زۆری بە ناوچە کوردییەکان و خەڵکەکەی گەیاند، چەند ڕۆژێک بە سەر شەڕەکەدا تێنەپەڕیبوو، بەریتانیا ناوچەکانی باشووری عێراقی داگیر کرد و لە یەکەم پەلاماردانیشدا (فاو)ی گرت، دواتر بەسرە و کوت و عەممارە.

لەوکاتەدا (شێخ مەحموود)یش لە ناوچەی (شوعەیبە) دژی بەریتانییەکان بەشداریی شەڕی کرد، ئەگەرچی بەریتانییەکان لە (کوت) تووشی شکست هاتن، بەڵام دوای ڕێکخستنەوەی هێزەکانیان توانیان پێشڕەوی بکەن و لە ئازاری ١٩١٧دا بەغدادش داگیر بکەن.

بۆ ڕاکێشانی هەستی خەڵک بە لای خۆیاندا، بەریتانیا لە بەغدا خۆی وەکو ڕزگارکەر پیشان دەدا، هەروەها گۆڤارێکیان بە ناوی (تێگەیشتن ڕاستی) دەرکرد. ئەم بڵاوکراوەیە هەوڵی جوانکردنی سیاسەتی هاوپەیمانان و ناشرینکردنی سیاسەتی عوسمانی و ئەڵمانییەکان–ی دەدا.

ڕۆژنامەیەک بوو بە زمانی کوردی، کە لە لایەن سوپای بریتانیا لە عێراق دەردەچوو. ڕۆژنامەکە لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩١٨ دامەزرا

بەریتانییەکان بەرەو کفری چوون، لەوێ دەسەڵاتێکی نێوچەییان دروستکرد و دواتر بەرەو کەلار و دوزخورماتوو پێشڕەوییان کرد و پلانی داگیرکردنی کەرکووکیشیان دانا، بۆ دروستکردنی پێوەندیش لەگەڵ سەرانی کورد، جاسووسیان ناردە ناوچەکە، بەم شێوەیە بەریتانیا


تی گەیشتنی ڕاستی

**ڕۆژنامەیەک بوو بە زمانی کوردی، کە لە لایەن سوپای بریتانیا لە عێراق دەردەچوو. ڕۆژنامەکە لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩١٨ دامەزرا**

بۆ داگیرکردنی کوردستان جێ پێی خۆی قایم کرد، پاشان بەرەو ناوچەی کەرکووک چوو، چونکە کەرکووک هەم نێوەندێکی بازرگانی، هەم نێوەندێکی ستراتیژی بوو بۆ بەستنەوەی ناوچەکانی کوردستانی باشوور، ئەوەبوو پاش دانانی پلانێکی سەربازی کەرکووکیان داگیر کرد، بەڵام تەنیا ١٨-٢٠ ڕۆژێک تێیدا مانەوە و کشانەوە، ئەمەیش لەبەر پێویستبوونی دەسەڵاتی ئینگلیز بۆ ناوچەکانی ئێران، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە سەربازییەی لە ئەنجامی کشانەوەی ڕووسەکان، بە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە لەو ناوچەیەدا دروست ببوو، پڕ بکەنەوە و بتوانن بە سەر بەرەی نێوەنددا سەر بکەون، هەروەها بەهۆی دروستبوونی ئەو بارودۆخە ناهەمووارەی لە ئەنجامی پەلاماردانی هێزەکانی بەریتانیا لە کەرکووک دروست ببوو، گەڕانەوەی عوسمانییەکانی بە دوادا هات، بەڵام دواتر بەریتانییەکان داگیریان کردەوە، بەم شێوەیە پرۆسەی داگیرکردن کۆتایی هات.

**کورتە مێژوویەکی حکوومەتی شێخ مەحموود**

دوای ئەوەی ئینگلیزەکان یەکەم جار کەرکووکیان گرت شێخ دوو نامەی بە (موحسین ئاغای کفری) و (عەبدوڵلا سافی یەعقووبی) بۆ ئینگلیز نارد، بەڵام بەهۆی کشانەوەی ئینگلیز لە کەرکووک، نامەکان کەوتنە دەست عوسمانییەکان، لەوکاتەدا عوسمانییەکانیش هێزێک دەنێرن و شێخ دەگرن و لە دادگایەکی تایبەتدا (جەمال پاشای موسڵ) بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەکات، بەڵام دواتر ئەم بڕیارە جێبەجێ ناکەن، هۆکارەکەش ئەوەبوو، کە (جەمال پاشا) لادرا و (ئیحسان پاشا) لە شوێنی دانرا.

هەروەها هۆکارێکی دی ئەوە بوو، کە بارودۆخی ناوچەکانی باشووری کوردستان ئاڵۆز ببوو، پێویستیان بە کەسایەتییەکی وەکو شێخ هەبوو، بۆ ئەوەی کارەکانیان بۆ بەڕێوە بەرێت، هەربۆیە کردیانە موتەسەریف و (٥٠٠٠) لیرەشیان دایێ، ئەمە جگە لە پێدانی چەک و





تەقەمەنی، بەڵام دوای ئەوە ئینگلیزەکان جارێکی دی گەڕانەوە کەرکووک و شێخ مەحموودیش پەیوەندییان پێوە دەکات[2].

هەروەها ئینگلزەکان دوای پەیمانی (مۆدرۆس) موسڵیش دەگرن، ئەو هێزەی عوسمانییەکانیش، کە لە سلێمانی مابوونەوە شێخ لە ڕێگەی کۆیە و هەولێرەوە دەریان دەکات.

دواتر ئینگلیزەکان لە ١٦تشرینی یەکەمی ١٩١٩دا بڕیار دەدەن نوێنەری خۆیان (مێجەر نۆئیل) بنێرن بۆ سلێمانی، کە پێشوازییەکی گەورەی لێکرا، ئەوکاتە شێخ خۆشی لە داریکەلی دەبێت و بە یەکەوە دێنە سلێمانی[3].

> “ ئەو ڕۆژگارە، گەر کەسێک باسی لە زانست و پێشکەوتنیش بکردایە، بە کافر لەقەڵەم دەدرا و دەکەوتنە دژایەتی کردنی ”

لە ڕۆژی ١٧-١١- ١٩١٩ لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا هەریەکە لە مێجەر نوئێل و شێخ مەحموود وتار دەدەن، نۆئێل بە زمانی فارسی وتارێک دەدات و دەسەڵاتی (حوکمدار) دەداتە دەست شێخ[4]، بەم شێوەیە بۆ یەکەمین جار کاروباری خۆجێیەتیی ڕێکخرا و زمانی کوردیی کرایە زمانی فەرمی حکوومەت، بەڵام لێرەدا بەهۆی هەڵەی کوردەکان و سیاسەتی ئینگلیزەکانەوە وردەوردە ئەو پێوەندییە دۆستایەتییە نەما و بەرەو خراپی ڕۆیشت، تویژەرانیش نەرمیی سیاسەتی ئینگلیز لە سەرەتادا بۆ چەند فاکتەرێک دەگێڕنەوە، لەوانە: سیاسەتی خۆگونجاندن و کەمیی هێز، هەروەها هەندێکی دی پێیان وایە بۆ سیاسەتی کەسێتیی مێجەر نۆئیل دەگەڕێتەوە، کە دۆستی کورد بوو[5].

لە ١٩١٩/٦/٢٣ یەکەمین حکوومەتی شێخ ڕووخا و هێزەکانی ئینگلیز هاتنەوە نێو سلێمانی و کەوتنە گرتنی ئەو کەسانەی، کە هاوکاریی شێخیان کردبوو[6] کەسوکاری شێخ ڕەویان کرد بۆ لای سمکۆی شکاک لە خۆرهەڵاتی کوردستان، لە ١٣ی ئابدا (سۆن) ڕایگەیاند: کە سلێمانی ئارام بووەتەوە و (برادفۆرد) کرایە سەرۆکی پۆلیس و (کاپتن هۆڵد)یش کرایە یاریدەدەری حاکمی سەربازی (سدیق مەزهەر) حاکمی شار بوو (غەفوور ئاغا)ش کرایە بەرپرسیاری گەنجینە، دواتر ئینگلیزەکان چاپخانەیەکیان هێنایە سلێمانی و یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) دەرچوو.

لەو ماوەیەدا تاوەکوو هێنانەوەی شێخ مەحموود دەسەڵاتی (ئەنجوومەنی میللی) دروست دەکەن و ئاڵای شێخ هەڵدەکەن، بەڵام پێش ئەوەی شێخ بهێننەوە، کۆمەڵێک گۆڕانکاری بارودۆخی ناوچەکەی شڵەژاندبوو، وەکو سەرهەڵدانی شۆڕشی بیست لە عێراق و لە لایەکی دیکەوە ئەو ناڕەزایی و پشێوییەی، کە لە ناوچەکانی کوردستان دژی ئینگلیز دروست ببوو، هەموو ئەمانە وایان کرد شێخ بگێڕنەوە.

شێخ مەحموودیان هێنایەوە کوردستان و لە ١٩٢٢/١١/١٩وەکو حوکمداری کوردستان ناساندیان، لەم گۆڕانگاریانەدا کابینەی وەزارەت پێکهات و زمانی کوردی کرا بە زمانی ڕەسمی دەوڵەت و ئاڵای کوردستان هەڵکرا، بەم شێوەیە بارودۆخەکە بەرەو هێوربوونەوە چوو[7].

### ململانێی نێوان تورکخواکان و لایەنگرانی ئینگلیز

تورکخواکان ئەوانە بوون، کە خۆیان بەتورک دەزانی، یان تورکیان خۆشدەویست و دژی ئینگلیزەکان بوون و ببوونە هۆی پەرەسەندنی پڕوپاگەندەی ئۆزدەمیر[8].

لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا، بەهاتنی ئینگلیز بۆ شارەکە، سلێمانی پێی نایە سەردەمێکی نوێ، مەسەلە سیاسییەکان زیاتر بەرجەستە بوون، هەرچەندە لە سەرەتادا خەڵکی بەشێوەیەکی ڕەمەکی خوازیاری هاتنی ئینگلیز بوون، ئەمەش بە مەبەستی ڕزگابوون لەو برسێتی و قات و قڕییەی ساڵانی جەنگی جیهانی، کە وایکرد تاساتەوەختی تێکچوونی یەکەمین حوکمدارییەتی شێخ مەحموود و بەدیل گرتنی خۆی، مەسەلەی ئینگلیزخوایی لەهەموو بۆچوونەکانی دیکە زاڵتربێت[9] بەڵام بە مەبەستێکی

نیشتمانییەوە چونکە دوای نەمانی حوکمڕانی عوسمانییەکان، خەڵکی تا ماوەیەکی زۆر لە ژێر ئاڵای شێخ مەحموود-دا کۆببوونەوە و بیریان لە یەکلایکردنەوەی ململانێکانی پێش ساڵانی جەنگی جیهانی نەدەکردەوە، هەستە نیشتمانییەکەش، کە تازە سەری هەڵدابوو وای کردبوو کەس لەوە نەپرسێت ئاخۆ پێشەوای ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشانە کێن؟ هێندە نەبێت، ژمارەیەکی کەم مووچەخۆر و خانەنیشینی سەردەمی عوسمانییەکان لە سلێمانی دا هەبوون، ئەمانە ئینگلیزیان بە غەیرە دین و کافر لە قەڵەم دەدا، پێیان وابوو ئەوانە نابێت شوێنی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی موسوڵمان بگرنەوە[10].

بەڵام کاتێک مەبەستی ڕاستەقینەی ئینگلیز بە دیارکەوت، کە دەسەڵاتەکەی شێخ مەحموودیان نەهێشت و دووریان خستەوە، ئینجا خەڵکەکە بەرەبەرە لە ئینگلیز کشانەوە و هیچ هیوایەکیان پێی نەمان و ئەوەیان بۆ ڕوون بووەوە، کە ئینگلیز هەموو شتێکی بۆ ڕژەوەندیی خۆیەتی و بە سوودی شێخ هیچ هەنگاوێک نانێت.


لێرەوە شێخ لە جیاتی دوژمنایەتی کردنی تورکیا، هەوڵیدا پەیوەندی لەگەڵ تورکیا ببەستێت، ئەمە جگە لەو پەیوەندی و نامە گۆڕینەوانەی، لەگەڵ ئۆزدەمیردا[11] هەیانبوو، بۆ ئەم مەبەستە بڕیاریدا وەفدێک بنێرێتە ئەنقەرە و لەسەر ئیدارەیەکی هاوبەشی کورد و تورک بە سەرۆکایەتی شێخ پێکبێن[12]. ئەمەش نیگەرانی لای ئەفسەرانی ئینگلیز دروست کرد، چونکە ئینگلیز لەگەڵ شێخ مەحموود ڕێککەوتبوون، کە پاشەکشە بەهێزەکانی ئۆزدەمیر لە ڕواندز بکرێت، بۆ ئەودیوی سنووری تورکیا، ئەوکات پاڵپشتی لە داواکەی دەکەن[13].

ئەم هەستەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر تەشەنەی دەکرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز بوون بە حوکمڕانی ڕەهای کوردستان و کەوتنە ئازاردانی خەڵکی، ئەمەش وایکرد لایەنگیری تورک بکەن، کاتێک ئۆزدەمیر و دەستەکەی گەیشتنە ڕواندز، کەوتنە پڕوپاگەندە، تەنانەت ڕەفیق حیلمی لە باسی ئەو سەردەمەدا دەڵێت: خەڵک بۆ ڕزگاربوون لە حوکمی ئینگلیز و لە جەوری دەستوپێوەندە سووک و بێ شەرمەکانیان، دەستیان ئەدایە دەستی هەموو دوژمنێکی ئینگلیز، پەنایان ئەبردە بەر شەیتانیش[14].

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، خەڵکە نیشتمانپەرەوەرەکە بە قەناعەتەوە نەدەچوونە پاڵ تورک، دەشیانزانی تورک سەربەخۆیی بە کورد نادات، بەڵام تەنیا بۆ دوژمنایەتی ئینگلیز، ئەم هەنگاوەیان نا، وێڕای سۆزە ئایینییەکەش.

لەم سەردەمەدا، واتە دوای ئاوارەکردنی شێخ مەحموود، نەک تەنیا ئەو خەڵکە ڕەشۆکی و کۆنە مووچەخۆرانی عوسمانی ببوون بە تورکخوا، بەڵکوو هەندێک لە ڕووناکبیرانیش هەمان بۆچوونیان لا دروست ببوو، بە هەڵە، بەشان و باهۆی تورکیاندا هەڵدەدا، تەنانەت ئەگەر کەسێک لەگەڵ ئەم ڕەوتە نەبوایە بە خائین لەقەڵەمیان دەدا.

**“ دوای ئەوەی ئینگلیزەکان یەکەم جار کەرکووکیان گرت شێخ دوو نامەی بە (موحسین ئاغای کفری) و (عەبدوڵلا سافی یەعقووبی) بۆ ئینگلیز نارد، بەڵام بە هۆی کشانەوەی ئینگلیز لە کەرکووک، نامەکان کەوتنە دەست عوسمانییەکان ”**


پیشکه‌وتن

( سال ۱ ژماره ۱ ) روژنامه‌یه‌ ۱۱ شعبان ۱۳۳۸ ۲۹ اپریل ۱۹۲۰

**یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی پێشکەوتن لە ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠ لەشاری سلێمانی دەرچووەو بەگشتی ١١٨ ژمارەی لێدەرچووەو دوا ژمارەی لە ٢٧ی تەمووزی ١٩٢٢ دەرکراوە**

> **"شێخ مەحموود ئەو مامەڵەیەی بەریتانیای لەگەڵ سەید تەها بەڕکابەری خۆی دەزانی، بۆیە داوای لە ئۆزدەمیر کرد یارمەتی سەربازی و دارایی بۆبنێرێت، هەتا نەخشەی سەید تەها سەرنەکەوێت"**



مستەفا پاشا یامولکی

ئەمە جگە لەوەی، کە ڕووناکبیران و نیشتمانپەروەرانی ئەو سەردەمە لە سلێمانیدا، هیچ ئاگایەکیان لە کوردانی باکوور نەبوو، نەیان دەزانی کەمالییەکان چ کارێک بە کوردەکان دەکەن، ڕۆشنبیرانی باکووریش هیچ هەوڵێکیان نە دەدا بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ کوردەکان باشووردا.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە، کە ڕەوتی تورکخوایی لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئینگلیزدا زیاتر تەشەنەی سەند و تا دەهات زیاتر بەهێز دەبوون، کاتێکیش ئینگلیز لە ژێر فشاری ڕووداوە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا، ناچار بوو شێخ مەحموود لە مەنفاوە بگێڕێتەوە و دووبارە ڕێگەی پێ بدات حکومەت پێکەوەبنێت، تورکخواکان هەر لە ڕێگاوە پەیوەندییان لەگەڵدا بەست و هێندەی دیکە باسکیان بەهێز بوو، بەشێوەیەک هەڕەشەیان لە نیشتمانپەروەران دەکرد، کەسێک باسی نیشتمان و حکوومەتی کوردی بکردایە ئەوان بەنەیاری خۆیانیان دەزانی و بەهەمان چاوی پیاوی ئینگلیز لێیان دەڕوانین، کە تا ئەوکاتەش بەدەر لەوانەی سیخوڕ و بەکرێگیراوی ئینگلیز بوون بەڵام ژمارەیەکی کەم خەڵکی ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەر مابوون باوەڕیان بە ئینگلیز بێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی (مستەفا پاشا یامولکی) گەڕایەوە بۆ سلێمانی و ڕێبەرایەتی ئەم دەستەیەی کرد[١٥].

لەو ڕۆژانەشدا هەر ئەو مابوو بوێریی بە ئاشکرا قسە بە تورکخواکان بڵێت و لەسەر لاپەڕەکانی (بانگی کوردستان) سووکایەتیان پێ بکات، ئینگلیزەکانیش بەر لە کشانەوەیان ڕێگایان پێدا (جەمعیەتی کوردستان) دروست بکات و ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) بڵاوبکاتەوە، پێشتریش دوای هاتنەوەی بۆ سلێمانی پێیان ڕاگەیاندبوو، کە نابێت بێ پرس لە سلێمانی بچێتە دەرەوە[١٦].

دوای گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە نەفیگەری هیندستان، نامەیەک بۆ مستەفا کەمال دەنووسێت و داوای کۆمەکی چەکی لێ دەکات، بۆ دەرکردنی ئینگلیزەکان لە ناوچەکانی سلێمانی[١٧] هەربۆیە بەهاتنەوەی شێخ مەحموود تورکخواکان یەکجار بەهێز بوون، چونکە ئەمانە سوودیان لەو پیاوە ئایینی و خەڵکە دواکەوتوەش وەرگرتبوو، بۆ زیاتر پاڵپشتی کردنی خۆیان، بۆیە تا دەهات زیاتر تەنگیان بە ئینگلیزخواکان و ئەو ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەرانەش هەڵدەچنی، کە بڕوایان نە بەتورک و نە بە ئینگلیز نەبوو. هەروەک ڕەفیق حیلمی وەکو شایەتحاڵێکی مێژوو باسی دەکات، کە لەم ڕۆژانەدا دەستەی تورکخوای نێو شارەکان کوردە نیشتمانییەکانیان بە دوژمن دادەنا و بەچاوی ئینگلیز تەماشایان دەکردن، نیشتمانپەروەرەکانیش ناوێکی سەیریان لەوان نابوو، پێیان دەگوتن (جلخوار) بەڵام سەیر لەوەدایە، کە ئینگلیزەکانیش لەو ڕۆژەدا بە چاوێ تەماشای جلخوار و کوردیان ئەکرد، واتە نیشتمانپەرەوەرەکانی کوردیش بەلای ئینگلیزەوە دوژمن بوون[١٨].

ململانێی ئەو سەردەمە بە ململانێی نێوان تورکخواکان و منەوەرەکان لەقەڵەم دراوە، بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بە بوونی پارت و ڕێکخراوی تایبەت بەم دەستەیە بکرێت، تەنیا

شێخ لەتیفی حەفید ئاماژە بە بوونی پارتێک بەناوی (پارتی نیشتمانی کورد)ی دەکات، کە مەبەست لە دەستەی منەوەرەکانە و گوایە داوای دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردییان دەکرد، کە پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیز باش بێت، ئەمانە بەگوتەی شێخ لەتیف، لە بازرگان و ژمارەیەک ئەفسەر و منەوەری سەردەمی تورک و ئینگلیز پێکهاتبوون، کە لە سیاسەتدا ئیشیان کردبوو[١٩].

دەستەی دووەمیش بریتی بوون لە پارتی ئیسلامی کوردی، لێرەدا مەبەستی تورکخواکانە، کە دژ بە ئینگلیز بوون و ویستویانە لەگەڵ تورک ڕێک بکەون، بە مەرجێک ددان بەسەربەخۆیی کورد-دا بنێت، ئەندامانی ئەم پارتە لە پیاوانی ئایینی و عەشایەر و دۆستانی شێخ مەحموود و ژمارەیەک ئەفسەری کوردی نێو سوپای تورک پێکهاتبوون.

لە ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)دا هاتووە، کە تورکخواکان لەنێو خۆیاندا کۆمەڵێکی نهێنیان پێکهێناوە و هەستاون بە داگرتنی ئاڵای کوردستان، کە لە سەردەمی حوکمداریێتی شێخ مەحموود-دا هەڵکرابوو.

ململانێی نێوان ئەم دوو دەستەیە، واتە (تورکخواکان) و (نیشتمانپەروەران) تەنیا لە بواری سیاسیدا نەبوو، چونکە تورکخواکان مەلا و پیاوە ئایینییە دواکەوتووەکانیشیان بە پاڵپشتی خۆیان دەزانی، هەربۆیە ئەو ڕۆژگارە، گەر کەسێک باسی لە زانست و پێشکەوتنیش بکردایە، بە کافر لەقەڵەم دەدرا و دەکەوتنە دژایەتی کردنی[٢٠].

دەکرێت بڵێین سەردەمی دووەمین حوکمداریێتی شێخ مەحموود، سەردەمی بەهێز بوونی (تورکخواکان) بوو، پلەوپایەی بەرزیان لەو دام و دەزگایەدا هەبوو، کاریگەریان زۆربوو شێخ مەحموودیش لەم نێوانەدا نەی دەزانی چی بکات، خۆی بۆ یەکلانەدەکرایەوە، ئینگلیزەکان هیچ بەڵێنێکیان پێ نەدەدا، تورکخواکانیش لەو ڕۆژانەدا دەسەڵاتیان هەبوو، شێخ مەحموود نەیدەتوانی هەروا بە ئاسانی دووریان بخاتەوە، چونکە هێشتە پاشماوەی دەمارگیریی ئایینی و پەیوەندی کۆنینەی کورد و عوسمانی و خەلافەتی ئیسلامی مابوو، ئەمانەش جڵەوی خەڵکی ساویلکەیان بەدەستەوە بوو، ژمارەشیان کەم نەبوو، بۆیە شێخ مەحموود نەیدەتوانی لە داوی ئەمانە ڕزگاری ببێت. هەربۆیە شێخ مەحموود کەوتبووە ژێر کاریگەریانەوە، لە بەرامبەریشدا (مستەفا پاشای یامولکی) کە وەزیری مەعاریف بوو، لە ماڵەکەی خۆیدا، دەست بەسەر کرابوو، شێخ پیاوەکانی خۆی ڕاسپاردبوو، کە هات پێی بڵێن شێخ مەحموود نووستوە.[٢١] هەر لەم بارەیەوە نووسەرێکی دی دەنووسێت: ڕێگە لە مرۆڤە دڵسۆزەکانی وەکوو تۆفیق وەهبی گیرابوو، بەڵام تورکخواکان ڕێی توانایان بۆ کرابووەوە و بەسەربەستی پڕوپاگەندەیان ئەکرد و مێشکی گەورە و بچووکی دانیشتووانی شارەکەیان بەم جۆرە پڕ دەکرد، کە گوایە ویلایەتی موسڵ (موسڵ، هەولێر، کەرکووک، سلێمانی) بەشەڕ داگیر نەکراوە و بەپێی پەیمانی دەولی ویلایەتی موسڵ ماڵی حکوومەتی تورکە و ئەدرێتەوە بە تورک و لەوکاتەیشدا باسێکی تر لەناو شاردا بڵاوبووبوەوە کەوا چەند مرۆڤێکی تورک بۆگفتوگۆکردن هاتوون بۆ سلێمانی و لەماڵی حوکمدار میوانن، ئەم خەبەرە کاری کردبووە سەر دانیشتووانی سلێمانی، چونکە ئەو دەرد و ئازار و چەرمەسەرییەی بەدەست تورکەوە کێشابوویان لەبیر نەچووبووەوە و هەروەکو خوڵی مردوویان بەسەرداکرابێ ماتەمینی دای گرتبوون و پەشۆکابوون و کەوتبوونە دەریاری خەفەتەوە..)[٢٢].

**لە سەرەتاشدا لە لایەن ئینگلیز هەوڵێکی زۆر هەبوو، بۆئەوەی لەگەڵ شێخ مەحموود بگەنە ڕێککەوتن و بارودۆخی کوردستان ئاسایی ببێتەوە، بەڵام ئینگلیز زوو هەستی کرد پشت بەستن بە شێخ مەحموود بێ سوودە**

هەر لەوکاتەشدا بوو بۆ چاوترساندنی نیشتمانپەروەران و ڕووناکبیران، کەسایەتییەکی وەکو (جەمال عیرفان) لە ڕێکەوتی (١٢/ ١٣ی



**وێنەی شێخ مەحموود لەگەڵ چەند سەربازێکی ئینگلیز لە کاتی دوورخستنەوەی بۆ وڵاتی هیندستان**

کانوونی یەکەمی ١٩٢٣) لە ماڵەکەی خۆیدا تیرۆر کرا، کە ڕای هەرە باو ئەوەیە جەمال عیرفان بە دەستی تورکخواکان کوژراوە[٢٣].

## کاریگەری ململانێی نێوان تورکخوا و لایەنگرانی ئینگلیز

دوای نائومێدبوونی ئینگلیز لەوەی بتوانن بەتوانا و دەسەڵاتی خۆیان هێزەکانی کەمالی لە ڕواندز و پشدەر و ڕانیە دەربکەن، لە ئەنجامی گوشاری خەڵکی کوردستان، هەڕەشە و مەترسی کەمالییەکان بەتایبەتی بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی لە بەڕێوەبردنی ناوچەکە هاتبوونە ئاراوە[٢٤] بەهۆی ئەمەوە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کارگێڕی لە کوردستان، بەتایبەت لە ڕواندز نەهامەتی و برسییەتی و ماڵوێرانی زۆری بۆ خەڵکەکە دروستکرد بوو، لە ئەنجامی ئەم بارودۆخە نالەبارەدا لە سەرەتای ساڵی (١٩٢٢) بیرۆکەی ڕزگارکردنی ناوچەکانی ڕواندز و ڕانیە و کۆیە لە هزری بەشێک لە شۆڕشگێڕانی کورد و ئەفسەرانی ئینگلیز بەرپابوو، بۆ ئەم مەبەستەش کەوتنە دانانی بەرنامەڕێژی بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانی ژێر دەستی کەمالییەکان[٢٥].

> **“ سەردەمی دووەمین حوکمداریێتی شێخ مەحموود، سەردەمی بەهێز بوونی (تورکخواکان) بوو ”**

ئۆزدەمیریش، کە لە حوزەیرانی ١٩٢٢ کاتیک بەخۆی و هێزێکی سەربازی گەیشتە ڕواندز، لە هەوڵی ئەوەدا بوو دەسەڵاتی کەمالییەکان لەناوچەکە جێگیر بکات، بۆ ئەم مەبەستە کەوتە هاندانی خەڵکی ناوچەکە لە دژی سیاسەتی ئینگلیز، لە هەمانکاتدا هەرکەسێک نەیاری ئینگلیز و حاکمە سیاسییەکانی بووایە خۆی دەگەیاندە ڕواندز و دەچووە پاڵ ئۆزدەمیر، بۆیە تا دەهات دەسەڵاتی لەنێو هۆزە کوردییەکانی ڕواندز زیاتر دەبوو، ئەمەش کێشەی بۆ ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز لە ناوچەکە دروستکرد.[٢٦] سەبارەت بە چالاکیی سیاسی تورکخواکان و بەهێزییان لەو کاتەدا، ئەحمەد تەقی دەنووسێت: لەم کاتەدا دووبارە وەفدێکی سلێمانی هات و داوایان کرد، کە بچینە سەر سلێمانی، بەڵام تێمانگەیاندن کە ئێستا چوونە سلێمانیمان مەعقوول نییە و پێویستە چاوەڕێی گەڕانەوەی شێخ مەحموود بکەین و باش نییە بزووتنەوەکەمان زۆر پەرە پێ بدەین و بڵاوی بکەینەوە، نەک تووشی عەکس عەمەل ببین، بەم جۆرە دووبارە داواکارییەکەی سلێمانییمان ڕەت کردەوە[٢٧].

لەوکاتەشدا بەهۆی ئەو ململانێیەوە، کە لەنێوان ئەو دوو گرووپەدا هەبوو، لەنێو کورد-دا هەڵوێستێکی یەکگرتوو بەدی نەدەکرا، چونکە وەکو باسکرا بەشێکیان پاڵپشتییان لە ئۆزدەمیر دەکرد و بڕوایان وابوو هێزەکانی کەمالی سەردەکەون، لە هەمانکاتدا هەندێکی دیکە لەگەڵ ئینگلیز بوون و پێیان وابوو ئینگلیز سەردەکەوێت و ئامانجەکانیان بۆ دێننەدی[٢٨].

لە سەرەتاشدا لە لایەن ئینگلیز هەوڵێکی زۆر هەبوو، بۆئەوەی لەگەڵ شێخ مەحموود بگەنە ڕێککەوتن و بارودۆخی کوردستان ئاسایی ببێتەوە، بەڵام ئینگلیز زوو هەستی کرد پشتبەستن بە شێخ مەحموود بێ سوودە، بۆیە بژاردەیەکی دیکەیان دۆزییەوە و لەگەڵ گەیشتنی سەید تەها بۆ باشووری کوردستان، ئینگلیز مەبەستی بوو، وەک ئامرازێک دژی ئۆزدەمیر لە ڕواندز بەکاری بهێنن[٢٩].

بەریتانیا کە شێخ مەحموودی لە هیندستانەوە گەڕاندەوە بۆ کوردستان لە (٣٠ی ئەیلوولی١٩٢٢) مەبەستی چارەسەرکردنی ئاڵۆزییەکان بوو، کە ئۆزدەمیر لە باشوور دروستی کردبوو، بەڵام

زۆری نەبرد شێخ مەحموود دەستی لەگەڵ ئۆزدەمیر تێکەڵ کرد، بەمەش جارێکی دیکە پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ شێخ مەحموود تێک چووەوە.[30] ئەوەتا هەر سەبارەت بە چالاکیی تورکخواکان لە شاری سلێمانیدا ئەحمەد تەقی ئاماژە بەوە دەکات، کە دیارە ئینگلیزەکان زۆر چاک ئەمەیان ئەزانی، بۆیە لە ترسی ئەوەی، کە نەک بێن سلێمانیش بگرن، بە پەلە پڕۆژە شێخ مەحموودیان هێنایەوە و دووبارە بووەوە بە حوکمداری سلێمانی[31].

تەنانەت ئەم ململانێیانە سەریان کێشا بۆ جۆرێک لە ڕکابەری لەنێوان هەردوو سەرکردە کوردەکەی ئەوکاتەی باشووری کوردستان، چونکە ئینگلیز بڕیاری دەرکردنی ئۆزدەمیر و سوپای تورکیان لە باشووردابوو، شێخ مەحموود-یش ئەو مامەڵەیەی بەریتانیای لەگەڵ سەید تەها بەڕکابەری خۆی دەزانی، بۆیە داوای لە ئۆزدەمیر کرد، یارمەتی سەربازی و دارایی بۆبنێرێت، هەتا نەخشەی سەید تەها سەرنەکەوێت، هەرچەندە لە سەرەتادا پرۆژەکەی سەید تەها پێش ئەوەی شێخ مەحموود هیچ هەنگاوێک لە دژی بهاوێژرێ لەبارچووبوو، بەڵام تا ڕادەیەک بەشداری لە دروستکردنی نێوانیان کردبوو[32].

هەربۆیە کاتێکیش ئۆزدەمیر لە (٢٢نیسانی ١٩٢٣) بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی سووپای ئینگلیز لە باشووری کوردستان کشایەوە، بەرەو ئێران چوون، پاشان لە ڕێگای شەمزینانەوە گەیشتنەوە خاکی تورکیا[33].

ئیتر لێرەوە تورکخواکان ڕۆڵیان نەماو ئەوەی زیاتر دەوریان هەبوو، ئەوانە بوون، کە لایەنگری ئینگلیز بوون، تاوەکوو یەکلابوونەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لەساڵی ١٩٢٦. [34]

---

**پەراوێز:**

١- ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی(١٩١٨-١٩٣٢) چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٩٠-١٩١، ل٨٨-٨٩.

٢- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سدیق ساڵح: حکومەتی کوردستان(١٩١٨-١٩٢٤) بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٦-٢٧.

٣- ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

٤- سدیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

٥- بۆ کارەکانی سۆن لە دوای هاتنی بۆ شاری سلێمانی بڕوانە: سدیق ساڵح، س.پ، ل٤١-٤٢؛ ڕەفیق حیلمی: یاداشت، ب١، ل٧٧.

٦- ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩-١٢٠.

٧- هەمان سەرچاوە، ل١٢٨-١٣٠.

٨- ڕەفیق حیلمی، یاداشت، ل٤٨٢.

٩- ئاکۆشوانی، س.پ، ل١٩٠

١٠- ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٢) چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٩٠-١٩١.

١١- عەلی شەفیق ناسراو بە (ئۆزدەمیر) بەڕەگەز لە چەرکەسییەکانی وڵاتی میسرە، ناوبراو ئەکادیمیی سەربازی تەواوکرد بوو، ئەفسەرێکی گەورە و لێهاتووی تورک و لایەنگری مستەفا کەمال بوو، لە سەرداوای حکوومەتی تورکیا لە حوزەیرانی ١٩٢٢گەیشتە ڕەواندز، مەبەستی لە هاتنی بۆ ڕاکێشانی سۆزی هۆزە کوردییەکانی باشووری کوردستان بوو، لەماوەیەکی کەمدا توانی ژمارەیەک لە نەیارانی ئینگلیز لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەتایبەت دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ شێخ مەحموود، ئینگلیزەکانی تەواو بێزارکردبوو، دواتر سەید تەها لەگەڵ سووپای ئینگلیز هێرشی سەربازی کردە سەر ڕواندز، سوپای تورکیان تێکشکاند، بەم شێوەیە داگیرکاری ئۆزدەمیر لە باشووری کوردستان کرایە دەرەوە.. بۆزیاتر بڕوانە: ئەحمەد باوەڕ، ئۆزدەمیر و کورد، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، سلێمانی، ٢٠٠٠.

١٢- ئومێد حەمە ئەمین: شێخ مەحموودی حەفید(١٩٢٢-١٩٢٥) چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل٥٢.

١٣- پاکیزە ڕەفیق حیلمی: کورد و ژیانێکی پڕ ئەندێشە، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٧٠.

١٤- ڕەفیق حیلمی: یاداشت،چاپی سێهەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٣، ل ١٦٩؛ ئاکۆ شوانی: س.پ، ل١٩١.

١٥- ئاکۆ شوانی: س.پ، ل١٩٢.

١٦- بۆ زیاتر بڕوانە: ڕەفیق حیلمی:سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٤-٣٠٥.

١٧- مەحموود مەلا عززەت: حکوومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی سیاسەتەی بریتانیادا (١٩١٨-١٩٢٤) بنکەی

ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٤٢.

١٨- ڕەفیق حیلمی: س.پ، ل٣٠٢-٣٠٣.

١٩- وەرگیراوە لە: ئاکۆ شوانی: س.پ، ل١٩٣-١٩٤.

٢٠- هەمان سەرچاوە، ل١٩٤.

٢١- ئاکۆ شوانی، س.پ، ل١٩٥-١٩٦.

٢٢- هەڵۆ: ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی هەندێک لە باسەکانی چیم دی، گۆڤاری بەیان، ژمارە(١) ساڵی ١٩٧٢، وەرگیراوە لە: مامۆستا جەعفەر: گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی شاری سلێمانی(١٨٢٠-١٩٢٠) چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٦٢٨.

٢٣- ئاکۆ شوانی، س.پ ، ل١٩٦.

٢٤- دارا تۆفیق کاکە ئەمین: ناوچەی پشدەر لە سەردەمی پاشایەتییدا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٣٤.

٢٥- ڕێبین سەعید مەلا: سەید تەهای نەهری، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٦، ل١٩١-١٩٢.

٢٦- هەمان سەرچاوە، ل١٩٢.

٢٧- ئەحمەد تەقی: خەباتی کورد لە یاداشتەی‌کانی ئەحمەد تەقیدا، ڕێک خستن و ئامادەکردنی بۆ چاپ، بەغدا، بێ ساڵی چاپ، ل٦٦.

٢٨- هەمان سەرچاوە، ل١٩.

٢٩- عوسمان عەلی: چەند لێکۆڵینەوەیەک..، بەرگی دوەم، ل٤٨-٤٩.

٣٠- میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حەقائقی بەسەرهاتی شێخ مەحموود لە پەنای ئیستقلالی کورددا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٩؛ سەلام ناوخۆش، مەسەلەی کوردستان لەنێوان ململانێی تورک و ئینگلیز، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠١، ل٥١.

٣١- ئەحمەد تەقی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦-٦٧.

٣٢- عوسمانی عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٤٩-٥٠؛ ڕێبین سەعید مەلا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٧.

٣٣- ئەحمەد ئەمین ئۆمەر، ڕەواندز، ل٧٩.

٣٤- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئومێد حەمە ئەمین: شێخ مەحموودی حەفید (١٩٢٢-١٩٢٥) ل٣٦-٣٧.

---

**سەرچاوەکان:**


١.ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی:شاری سلێمانی(١٩١٨-١٩٣٢)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢

٢. ئەحمەد تەقی، خەباتی کورد لە یاداشتەی‌کانی ئەحمەد تەقیدا، ڕێک خستن و ئامادەکردنی بۆ چاپ، بەغدا، بێ ساڵی چاپ.

٣. سدیق ساڵح: حکومەتی کوردستان(١٩١٨-١٩٢٤) بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦

٤ . ڕەفیق حیلمی، یاداشت، لەبڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٣

٥. ئەحمەد باوەڕ، ئۆزدەمیر و کورد، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، سلێمانی، ٢٠٠٠

٦. ئومێد حەمە ئەمین: شێخ مەحموودی حەفید(١٩٢٢-١٩٢٥) چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨

٧. پاکیزە ڕەفیق حیلمی: کورد و ژیانێکی پڕ ئەندێشە، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٠

٨. مەحموود مەلا عزەت: حکوومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا (١٩١٨-١٩٢٤) بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦

٩. دارا تۆفیق کاکە ئەمین، ناوچەی پشدەر لە سەردەمی پاشایەتییدا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١١

١٠. ڕێبین سەعید مەلا، سەید تەهای نەهری، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٦

١١. عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، کامەران جەمال بابانزادە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕێ نوێ، ٢٠١٠

١٢. میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، حەقائقی بەسەرهاتی شێخ مەحموود لە پەنای ئیستقلالی کورددا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣

١٣. سەلام ناوخۆش، مەسەلەی کوردستان لەنێوان ململانێی تورک و ئینگلیز، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠١

١٤. مامۆستا جەعفەر، گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی شاری سلێمانی (١٨٢٠-١٩٢٠) چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی، ٢٠١٤.


*** مامۆستای زانکۆ**

# ئەدەب


- **دیوانی (گۆرانییەک لە دڵمایە) .. « خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە» (بەشی یەکەم)**

پ.د.ئیدریس عەبدوڵڵا

- **ڕەهەندی مێژوویی زمان لە ڕۆمانی پاشای گەورە دا**

سەدیق سەعید ڕواندزی

- **سەرەتای خاڵی سفر**

مەهدی زریان

- **سەر بەرە و خوار**

موحسین ئاوارە

- **پاییز قیامەتی زەعفەرانی**

شێرکۆ مەحموود

# دیوانی گۆرانییەک لە دڵمایە

## خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە


پ.د.ئیدریس عەبدوڵلا

### بەشی یەکەم

(گۆرانییەک لە دڵمایە) دیوانێکی شیعریی هاوچەرخی کوردییە، لە نێوان شیعری ئازاد و ستوونی دابەشبوونە، هەیانە کێش و سەروای تەقلدییان هەیە و هەشیانە کێش و سەروای ئازادیان پێدراوە.

لەم توێژینەوەیەدا، تیشک خراوەتە سەر شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە و لە ڕەهەندەکانی زمان و مۆسیقاو وێنەی هونەریی کۆڵدراوەتەوە. وەکو ئەوەی، کە ئایا تا چ ڕادەیەک گەیشتوونەتە ئەوەی خوێنەر بووروژێنن و چێژی پێببەخشن؟ لە کوێدا نەیانتوانیوە ئەو وروژانە بۆ خوێنەر دروست بکەن؟ ئیستاتیکای شیعرەکان چەندە، لە کوێیە؟ بەگشتی دیوانەکە چی بۆ کاروانی شیعری هاوچەرخی کوردی زیادکردووە؟

**مەبەست لە شیعر**

شیعر بەشی هەرەسەرەکی داهێنانی ئەدەبیاتە، بۆ ئەوەیە کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست بکات، ئەو کاریگەرییە هەر چییەک بێت، لە هەر ڕەهەندێکی زمانی، بیری، وێنەی هونەریی، مۆسیقا، مانا، هەر چییەک بێت، بۆ ئەوەی خوێنەر دەستەمۆ بکات و شاعیر لەم ڕێگەیەوە بتوانێت بچێتە نێو دڵی خوێنەر و بەو شێوەیەی ئاراستە بکات، کە جیهانبینی تایبەتی شاعیر خەونی پێوە دەبینێت.

ئەگەر شیعر بەو شێوەیە کاریگەری نەبوو، ئەوا لە هەنگاوی یەکەمیدا شکست دێنێت و تەنیا لە ڕووی ژمارەوە دیوانێک بۆ کتێبخانەی نەتەوەیی زیاد دەکات، بەڵام لە ڕووی ئیستاتیکاوە هیچ زیادییەک بەرهەم ناهێنێت و ڕۆژگار لەنێو پەناوپێچە فەرامۆشکراوەکانی خۆیدا ون دەکات و ئیدی لە ئاسمانی ئەدەبیاتی نەتەوەییدا، وەکو ئەستێرە دوورەکانی گەردوون، بەچەند ساڵیش جارێ دەرناکەون و تەنانەت پسپۆڕ و گرنگیدەرانی بوارەکەش لە بیریان نامێنێت، کە دیوانێکی وەها هەیە، چونکە وەکو گوتمان، دیوان دەبێت شتێکی تیابێت، هۆراس گوتەنی: یان ڕووخسار و پەیامی بەهێز و جوانی هەبێت، یان ئەگەر هەردووکیانی نەبوو، پەیامێکی بەهێزی هەبێت، یان ئەگەر ئەوەشی نەبوو، مۆسیقا و زمانێکی بەجۆشی هەبێت، خۆ ئەگەر هیچ یەکە لەوانەشی نەبوو، ئەو کاتی حەیفە ناوی بنێین شیعر.

لە ئەدەبیاتی هاوچەرخیشدا، شیعر دەبێت ڕەچەشکێن بێت و قەدەغەشکێنی بکات و ئەوەی پێویستە بگوترێت، بە باشی بیڵێت.

**مۆسیقای جوان**

مۆسیقای شیعریی، بەتایبەت مۆسیقای دەرەوە، کە بە کێش و سەروا دروست دەبێت، شیعر جوان و دڵگیر دەکات. لەم پارچەیەی خوارەوەدا، هەم کێش و هەم سەروا لە بەیتی یەکەمی زۆر جوانن:

***سڵاوت لێ بێ***
***لە باخچەی دڵما شوێن پێت ئەدوێنم***
***لە جێی هەر یادێ، گوڵێ ئەڕوێنم***
***کە بەدمەستیش بم، پێکت ناشکێنم***
***بە ئیشقی تووە، کە خۆم ئەنوێنم***
***سڵاوت لێ بێ...*** ل٩٦

پارچەیەکە لە زۆر ڕووەوە جوانە، بەڵام بەشی یەکەمی جوانترە لە بەشی دووەمی، زمان و وێنە و مۆسیقا لە بەشی یەکەمدا یەکجار جوانە. ئەگەر ئەم بەیتە بە تەنیا بووایە، هۆنراوەیەک بوو لە بەیتێک، قەسیدەیەک بوو، دەیتوانی بە جوانی خۆی بنوێنێت! بەڵام ئەوەی بۆی زیادکراوە، وەکو ئەوەی سەرەتا نییە!

باخچەی دڵم.. وێنەی لێکچوواندنە، واتە: دڵم باخچەیە. دواندنی شوێن پێ! وێنەی خواستنی درکاوە، کە ئەمە ڕۆحی ئەدەبی داهێنانە، دواندن بۆ ئینسانە، بۆ ئەوەیە عەقڵ و زمانی هەبێت، درابێتە شوێن پێ، کە هیچ ئەو تایبەتمەندییانەی ئاخاوتنی نییە، ئەمە داهێنانە و زۆر جوانە!

**دێڕی دووەم:**

کە بەدمەستیش بم، پێکت ناشکێنم
بە ئیشقی تووە، کە خۆم ئەنوێنم
زمانەکەی وەکو بەیتی یەکەم پڕ و خۆش نییە،

نیوەی دووەمی بە پاشخراوە، هەقی پێشخستنی هەبوو، بەڵام هەموو جارێک پێشخستن و پاشخستن چێژبەخش نییە، ئەو دێڕە بەگشتی پێویستی بە وشەی دی هەبوو، تا پڕی بکات، بەڵام کە ئەوەش نەکراوە، بەیتەکە وەکو بەیتی یەکەم جوان دەرنەکەوتووە.

**سەروای جوان**

سەروا کۆڵەگەیەکی سەرەکی مۆسیقای دەرەوەی شیعرە، لە کۆنەوە بایەخی زۆری پێدراوە، شیعری ئازادیش زۆری دەستبەرداری سەروا نەبووە و کۆتایی کۆپلەکانی هەر بە سەروا جوان دەکات، عەبدوڵڵا پەشێو نموونەی ئەو شاعیرانەیە، کە تا سەر ئێسقان عەشقی کێش و سەروایە، هیچ کۆپلەیەی نییە بەبێ سەروایەکی خۆش پێشکەشی کردبێت. لای کاک ئازاش هەندێک جار سەروای زۆر جوانی بۆ هەندێک لە بەیتەکانی داناون، بۆ نموونە:

***من ئەو دەنگە دەناسمەوە***
***پەیوەستە بە شوناسمەوە...*** ل١٣١

وشەکانی: (دەناسمەوە) و (شوناسمەوە) سەروایەکی زۆر خۆشیان بۆ ئەم بەیتە دروستکردووە.

***خۆشم دەوێ، خۆشی دەوێم***
***ئەو لە کوێ بێ، منیش لەوێم...*** ل١٣١

وشەکانی: (دەوێم) و (لەوێم) سەروایەکی زۆر خۆشیان بۆ ئەم بەیتە دروستکردووە.

***لە بێداری و لە ناو خەوا***
***لە تاریکی نیوەی شەوا***
***لە ڕووناکی سبەینانا***
***لە ناو چێژی پارووە نانا***
***لە ناو نەشئەی بۆنی چایا***
***لەگەڵ گڤەی جوڵەی بایا***
***لە تەک لەرەی گەڵاو چڵا***
***لە شەونم و هەنگ و گوڵا***
***لە ناو حەزی قومێ ئاوا***
***لەگەڵ خۆزگەی نەبیستراوا***
***لە کەسەری نەویستراوا***
***پڕ بە گڕی ئاهی بە کوڵ***
***وەکو ئامێز بۆ ئۆخەی دڵ***
***ئەو هەر ماوە...*** ل٧

وشەکانی (خەوا و شەوا) (سبەینانا و پارووە نانا) (بۆنی چایا و جوڵەی بایا) (گەڵا و چڵا و هەنگ و گوڵا) (قومێ ئاوا و نەبیستراوا و نەویستراوا) (کوڵ و دڵ) هەموویان سەروای بەهێز و مۆسیقای خۆشیان دروستکردووە، مۆسیقا و سەرواکەش ئازادە، پارچەکە هەمووی بەیت بەیت هاتووە، لە پڕ سێ دێڕی بەسەر یەک و بەیەک سەروا هێناوە:

***لە ناو حەزی قومێ ئاوا***
***لەگەڵ خۆزگەی نەبیستراوا***
***لە کەسەری نەویستراوا***


کە ئەوەش داهێنانە، دیسان برگەی پاشتری کردووەتەوە یەک بەیت، بەم شێوەیە ئەو پارچەشی لە ڕووی مۆسیقییەوە، زۆر جوان و نایابە.

**پارچە نایابەکان**

ئەوانە شیعرن، کە داهێنانی چەند سەرەیان تیایە، لە ڕووی وێنەی هونەریی، لە ڕووی مۆسیقا، لە ڕووی کورتبڕی و درێژبڕی هونەری جوان، لە ڕووی وێنەکانی جوانکار و ڕوونبێژیی، لە زیاتر لە یەکێ لەم ڕووانە، ئەو پارچانە نایاب بونیاد نراون و بەڕاستی تینوەتی دەشکێنن و وروژان و کاریگەریی دروست دەکەن، بۆ نموونە:

***سەر لێشێواو نیم، یار وا مەزانە***
***ئەم پرسیارانە، پرسی نەزانە!***
***ماوەی نێوانی بڕۆم و نەڕۆم***
***گرەوی سەختی مان و نەمانە...*** ل٦٤و٦٥

دیالۆگێکی



**ئازا حەسیب قەرەداغی**

پوخت و مۆسیقاییێکی زۆر خۆش و کورتبڕیەکی جوان، کە (پرسیار)ی لە دووبارەبوونەوەیدا، کورتکردووەتەوە بۆ (پرس) و وێنەی دژیەکی بڕۆم و نەڕۆم و مان و نەمان. وێنەی سەرەوای (نەزانە) و (نەمانە) هەموو ئەوانە چەندە جوانن، چەندە پارچەکەیان خۆش و دلگیر کردووە.

***ڕێگەی سەفەرم هەر بۆ لای ئەوە، تا ڕۆژی دیدار***
***ڕۆحم تەزیوە، نابووژێتەوە، نەگەم بە بەهار...*** ل٦٧

ڕێگە بەرەو لای ئەو نییە، ئەوە شاعیر خۆیەتی بۆ لای ئەو دەڕوا، چونکە ڕێگە چەسپاوە و ناڕواتە ڕێوە، ئەوەش وێنەی خوازەی بە پەیوەندی شوێنییە، بکەری داوەتە شوێن، بەوە جەمالیەتی بۆ شوێنەکە دروستکردووە، کە دەڕوات، بەڵام ناشڕوات و مەبەستیش خۆیەتی، کە بۆ لای ئەو دەڕوات!

ڕۆژی دیدار، ڕۆژێکی ونە، بەڵام خەون و ئومێدێکی هەمیشەیی و زیندووە، دیدار خاوەنی ڕۆژەکە نییە، دەبوو دیدارەکە بدرێتە پاڵ ئەوی شاعیر و یارەکەی، بەڵام دراوەتە پاڵ ڕۆژەکە، خوازەی بە پەیوەندی کاتییە، جەمالیەتێکی جوانی بەرهەمهێناوە. تەزین بۆ ڕۆح نییە و دراوەتە ڕۆح، ڕۆح دیار نییە تا بتەزێت، وێنەی خواستنی درکاوە. بووژانەوەش دیسانەوە دراوەتە ڕۆح، ئەوەش هەر وێنەی خواستنی درکاوە. گەیشتن بە بەهار، لێرەدا بەهاری چوار وەرزەی ساڵ نییە، بەهاری ڕۆژی دیدار و پێگگەیشتنە، هەر کاتێک ئەو ڕۆژەی بۆ هاتەپێش، ڕۆحیشی دەبووژێتەوە و وەرزەکەشی بۆ دەبێتە بەهار، با چلەی زۆر ساردی زستان، یان چلەی گەرمای هاوینیش بێت.

***هەزار ئەوەندەش پێچ و پەنا کەی***
***لە دووڕیانێکا دێیەوە سەر ڕێم***
***ئەی غەریبەکەی کۆچی نەبڕاوە***
***چەند دەڕۆی منیش هاودەم و هاوڕێم***
***چەند جێگۆڕکێ کەی، تۆ هەر لە دڵمای***
***منیش لە دڵتام هەر ئەوێیە جێم...*** ل٧٨

ڕێم و هاوڕێم و جێم، سەرواییەکی زۆر خۆشیان دروستکردووە. غەریبی کۆچی نەبڕاوە.. وێنەی ئیدیۆمییە، بانگکراوە، غەریبی هی دوورکەوتنەوەیە، نەک هی کۆچ، ئەو داویتیە کۆچەکە! جوانە.

***چەند جێگۆڕکێ کەی، تۆ هەر لە دڵمای***
***باسی دوو بوونە، بوونێکی فیزیکی یار، کە زۆر دەڕوات و کۆچ دەکات و بەجێی دێڵێ، لەگەڵ بوونێکی مەعنەوی، کە ئاوێزانی مەحەببەت و خۆشەویستییە، ئەویان لەنێو دڵی شاعیرە و ناڕواتە دەر و ون نابێت. وشەکانی هاودەم و هاوڕێم... دووبارەی دەنگییان تیایەو جوانن.***

***ویستیان بمانسووتێنن، نەیانزانی ناسووتێین***
***چونکە خۆمان لە نەوەی: خۆر و گڕ و ئاگرین...*** ل١٤٢

شیعرەکە بەرگرییە و تەحەددایەکی بەهێزی تیایە، نیوەدێڕی دووەمی پاساوی نیوەدێڕی یەکەمیەتی، پاساوێکی مەعقوڵ و ڕەهەند قووڵ و نایابە، وێنەیەکی فراوانی بۆ ماهییەت و هەقیقەتی بەرخودان و هەبوونی کورد وێناکردووە، کە ئەمە لە شیعر داواکراوە و شیعرییەت بەوە قووڵکراوەتەوە. ئەوەش ئەو بەیتەیە، کە لە شوێنێکی دیکە دەڵێم: بەهێزە و پێشتر ئاماژەم بۆ کردووە.

بڕوابوون بە قەدەر

قەدەر واتە ئەوەی [الله]ی خالقی هەمووان، بە حیکمەت و عیلم و ئاگاداری خۆی لە شتەکان و مەخلوقەکان و ئەوەی دەیکەن و نایکەن و ئەو ئەنجامانەی بە زمان و قاچی خۆیان بۆی دەچن، بۆ هەریەکە لە عەبدەکانی نووسیوەتەوە، سەرەنجام هەرئەوەش لە عەبدەکان وەدی دێت، کە ئەمە ئەنجامی سروشتی قسەو هەڵوێست و کردەوەکانی مەخلوقات خۆیانە، واتە: [الله] هیچ خراپە و تاوانێکی بە زۆر لەسەر کەس نەنووسیوە، بەڵام وەهای نووسیوە، کە عیلمی ڕابردووی بە کردەوەی عەبدەکانی هەیە و دەزانێت ئەوان لەبەر کەم عیلمی و لەبەر هەڵە و تاوانی خۆیان ئەو تاوان و گوناحە جۆراوجۆرانە ئەنجام دەدەن، بڕوابوون بە قەدەر یەکێکە لە شەش پایەکانی ئیمان لە ئایینی موسلمانان.

ئازا قەرەداغی بڕوادارە بە قەدەر و بە ڕوونی ئاماژەی بۆ دەکات و دەریدەخات، کە بڕوای پێی هەیە:

***لە چاوەڕوانی یاری یارانم***
***گفتارمە لەگەڵ هیوای جارانم***
***ئەمە قەدەرمە و لێم نابێتەوە***
***نە من وازدێنم، نە ئەو دێتەوە...*** ل٣٢

دیارە قافیەی ئەو بەیتی دووەمەشی زۆر جوانە و مۆسیقایەکی خۆشی داوەتە بەیتەکە.

**زێدەڕۆیی لە دەربڕین**

زێدەڕۆیی لە گوتن، لە کۆندا مەبەستێکی شیعریی بووە، بەڵام هەتا ڕەچاوی ئەو بارە بکرێت، کە زێدەڕۆییەکەی تیا دەکرێت، باشترە، چونکە هەموو زێدەڕۆییەک پەسند نییە، بە تایبەت ئەوەی بە ئاشکرا دیارە، زێدەڕۆیی نابەجێیە.

***بینیم دڵ وا بە کوڵ***
***لە دووت ئای ئایەتی***
***خۆی هەر تێۆکێکە***
***ئیشقت هەر زەریایەتی...*** ل١٢٨

ئیشق زەریایە، زێدەڕۆییە، بەڵام جوانە، ئەو جۆرە زێدەڕۆییە، بە ئاسایی وەرگیراوە و ڕەتنەکراوەتەوە. شیعری بە زێدەڕۆیی جوان، ئاخاوتن لە ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ دەربڕین لە ڕێگەی وێنەی هونەرییەوە، ئەوەتا کاتێک خەم گەورە دەبێت، تۆ دەڵێی: من غەمی گەورەم هەیە، ئەوە هەستی مرۆییە، سۆزێکی ئاگرینی لە پشتەوەیە، جێی بەزەیی پێداهاتنەوەیە، بەڵام کاتێک ئەو ڕستەی (من غەمم گەورەیە) بە شێوەی هونەریی و لە ڕێگەی وێنەی هونەرییەوە پێشکەش دەکرێت، ئەوکاتی سۆزەکە بەهێزتر دەبێت، ئەدەبیەتیش بەرهەم دێت و بەرانبەر زیاتر دەخاتە ورووژان و ژێر کاریگەری.

ئازا لە بارەی ئەو غەمەی خۆی، بۆ لە دەستچوونی (ئارا) کە برینێکی لە دڵی خستووە و خستوویەتییە نێو ئاگرێکی بەتینەوە، بۆیە بەقەد ئەو هەست و ئاگرە بەتینە، وێنەی جوان و هونەری هێناوە و قەوارەی ئازار و سووتانەکەی خۆی لە ڕێگەی ئەوانەوە بەرجەستە کردووە. ئەوەتا هاتووە، چوار نامەی بۆ هەر چوار وەرزەکانی ساڵ نووسیوە و ئەوانی هێناوەتە ئاخاوتن و هەموویان دانیان ناوە، کە ناتوانن وەکو دڵی ئەم بە غەم و سووتاو و بە ئازار بن:

***نامەیەکم بۆ هاوین نارد***
***لە وەڵامدا بۆی نووسیبووم***
***کوا من هێندەی خەمی بە سوێت***
***ئاهی گەرمم لە سینگایا؟***
***تا لە جیاتی دڵت، دڵم بسووتێنم؟!***

دەبینین هاوین بەو هەموو گەرمییەی، هێشتا خۆی بەلاوە کەمتر سووتاوە لە دڵی شاعیر، بەو ئازارەی بە هۆی (ئارا)وە بۆی دروستبووە! زێدەڕۆیی جوان ئەوەیە، کاریگەرە و گرنگە.

***نامەی دووەم بۆ پاییز بوو***
***لەو وەڵامەی کە پێمگەیشت***
***نووسیویەتی لێمببوورە***
***من ئەوەندەی حەسرەتی تۆ***
***گەڵای زەردم پێوە نییە!***
***تا لە جیاتی عومرت، عومرم بووەرێنم!!***

پاییزیش دێتە وەڵام و دەڵێت: من بە قەد تۆ ڕەنگم زەرد نەبووە و هێشتەش ناتوانم وەکو تۆ گەڵاکانی تەمەنی خۆم هەڵوەرێنم! ئەوەش هەر زێدەڕۆیی جوانە، لە چەندین وێنەی هونەری جوان پێکهاتووە.

***سێیەم نامەم بۆ زستان نارد***
***زۆر زوو جوابی بۆ ناردمەوە***
***بۆی نووسیبووم وا دەگرییەم***
***بەڵام هەرگیز***
***پڕ بە دەریای ئەوینی تۆ***
***نیمە باران!!***
***تا لە جیاتی ئەشکت ئەشکم ببارێنم!!***

زستانیش نامەی سێیەمی بۆ چووە، ئەویش هاتووەتە قسەو وەڵامی شاعیری داوەتەوە، کە ئەو غەمەی بۆ تۆ دروستبووە، ئەوەندەی فرمێسک لە چاوتا هێناوە، من ئەوەندەم باران نییە لە پانتایی وەرزەکەی خۆما بۆ زەویی ببارێنم! ئەوەش هەر زێدەڕۆیی جوانە، ئەمە هونەرە و داهێنانە!




***ئینجا نامەم بۆ بەهار نارد***
***ئەویش دەڵێ لێم ببوورە***
***شەرمەزارتم***
***خۆم لە خۆما هەڵوەریم و***
***وەکو پاییز کزبووم بە دیار ئەم***
***خەمەوە***
***کوا من هێندەی جوانی (ئارا)***
***چرۆم هەیە بیکەمەوە؟!...*** ل٢٠٩

نامەی چوارەمیش بەهاری دواندووە، بەهاریش وەکو ئینسان هێنراوەتە قسەو دەریخستووە، کە: بەو هەموو جوانیەی هەیەتی، بە قەد ئارا جوان نییە؟! ئەوەش هەر زێدەڕۆیی و وێنەیەکی داهێنانی گەورەیە، بەڵام لەم وێنەیەی خوارەوەدا زێدەڕۆییەکە بەو شێوەی وێنەکانی سەروو پەسند نییە، چونکە هەقیقەتێکی شاردووەتەوە، کە ئەویش هەقیقەتی بوونی خوایە و نیشتومان و هەموو ئەوەی تیایەتی موڵکی خوایە، شاعیر داویەتیە نیشتمان، ئەمە زێدەڕۆیی دروست نییە، چونکە نیشتومان خۆشەویستە، بەڵام ئەو خوایەی ئەو نیشتومانەی بەم هەموو جوانی و بەرەکەتەوە بۆ خولقاندووین و پێشکەشی کردووین، بێگومان ئەو خۆشەویستترە:

***لە سەرەتای بوونمانەوە، هەر تۆ نیشتومانمانی***
***خاک و هەوات پێبەخشین، خۆت سەرچاوەی ژیانمانی***

**تۆ فێرت کردین کوردین، بنچینەی زمانمانی**
**چاوگی شکۆمەندی و خەبات و ڕاسانمانی**
**لە ئاسۆی ئازادیدا، تۆ بەری بەیانمانی...** ل٦٨

پارچەکە باسی نیشتومانە، کە دەڵێت: هەرچی هەمانە نیشتمان پێیبەخشیوین؟! بەڵام ئەمە زێدەڕۆییەکی دروست نییە، چونکە نیشتومان خۆی هیچی نییە، ئەگەر خالقی گەورە تیایدا دانەنێت، بۆ نموونە هەرچی لەنێو خاکەکەو لەسەر خاکەکەیە و تەنانەت خودی خاکەکەش، هی خالقە، ئەوەی بڕوای بە [الله]ش نەبێت، هەر بڕوای بە هێزێکی خولقێنەری پشت ئەو گەردوونە هەیە، هەر لە کۆنەوە گوتوویانە لەو میتافیزیکایە خولقێنەرێک هەیە! لە لاییکی دیکەوە، ئەم پارچەیەش لە ڕاستیدا دەچێتەوە سەر ئەو بەیتەی دڵداری شاعیر و لەوی هەڵمژیوە، کە دەڵێت:

**دینمانە ئاینمان، هەر نیشتمان**

دڵداریش دیارە هەر کارتێکراو بووە بە شیعری ئەوسای شۆڕشگێریی عەرەب و بە تایبەت شاعیر ئیبراهیم تۆقان، کە دەڵێت:

**دِیننا حبک یا هذا الوطن**
**سِرُّنا فیه سِواو والعَلَن**

**لە هۆنراوەی دیکەیشیدا دەڵێت:**

**من و تۆ هەمانین**
**یەک شوێن و زەمانین**
**هەم لێکچوو، هەم ناکۆک**
**بەرهەمی یەک ژیانین**
**یەک شادی و یەک سەمای**
**ئاهەنگی جوانانین**
**یەک خەم و یەک کۆستی**
**زۆر سەخت و گرانین**
**ئاوازی بە ڕەزم و**
**پڕ جۆشی سترانین**
**یەک ئاه و فرمێسکی**
**شیوەن و گریانین...** ل٣٦

زۆر بە ئاشکرایی لەو گۆرانیەی (ئیبراهیم خەیات)ی وەرگرتووە، کە ئەو گوتوویەتی:

**ئێمە گیانێکین لە یەک جەستەدا**
**وەک شیعر و ئاواز لە یەک بەستەدا**

لەو شیعرەی خوارەوەیشی، ئازا قەرەداغی لە بێخودی شاعیری وەرگرتووە، بێخود گوتوویەتی:

**لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من**
**هەرچەند دەگەڕێم بێسەر و شوێن ماوە دڵی من**

ئازا قەرەداغیش ئەو پێشەکی و واتایەی وەرگرتووەو نووسیویەتی:

**لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتوویت، گیانم هەروا بە پێوە**
**ئاشقێکی چاوەڕێ، مەولانایەو پەشێوە...** ل١٦

ئەوەشی لەو پارچەی سروودەی هونەرمەند محەمەد جەزای هەڵمژیوە، کە منداڵەکان بە باوکیان دەڵێن:

**مەڕۆ مەڕۆ بابە مەڕۆ بۆ جێمان دێڵی؟**
**تاکەی ژیان بەرینە سەر هەر وا بە وێڵی؟!**
**ژینی شارمان دوای تۆ بابە، ئەو ماڵەو ماڵە**
**ڕاکردنە، ئەشکەنجەیە، ژەهرێکی تاڵە!!**

ئازاش دەڵێت:

**بێ من سەفەر ناهەقییە**
**بێ تۆ مانم زۆر ناخۆشە**
**چاو بێ سۆما تار و تاریک**
**کە ڕۆح ڕۆیی، بەدەن بۆشە...** ل١٤٧

بەڵام بێگومان ئەو پارچەیەی ئازا، هەمان ئەو سەداو چێژەی نییە، وەکو ئەوەی سروودەکەی محەمەد جەزا هەیەتی. بۆیە لە باری وەرگرتنی وەها، کە ڕاستەوخۆ بێ، یان بە هەڵمژین بێت، وەکو لێرە دەقئاوێزانە بە هەڵمژین، ئەگەر دەقی دووەم لە دەقی یەکەم جوانتر نەبێ، پەسند نییە، دەقی دووەم لە دەقی یەکەم هەڵمژێت، یان ڕاستەوخۆ لێی وەرگرێت، چونکە هەمیشە داواکراو ئەوەیە، دەقی تازە، لە دەقە کۆنەکە کاریگەرتر و بەجۆشتر بێت.

**وێنەی ئیدیۆمی**

ئەو وێنانەیە، کە بە ڕستەیەک هاتوونەو مەبەستیان واتایەکی غەیری واتای دروستی وشەکانە، ئەوانەش هەیانە سوواون و هی نەتەوەن و هەشیانە شاعیر دایان دەهێنێت، جوانیان لەوەدایە، کورتن و واتای قووڵتر دەگەیەنن، بۆ کەسی وەئاگانە و خوێنەری کەم ئاگا تێیان ناگەن.. بۆ نموونە:

**دەسا بەسیەتی تاقیکردنەوەم**
**خولی ژیان تەواو، بانگم کە با بێم...** ل٧٩

خولی ژیان تەواو. وێنەی ئیدیۆمییە، واتا تەمەنم گەییە کۆتا، دیسانەوە وێنەیەکی لە (خولی ژیان)دا خوازەی بە پەیوەندی گشتییشە، چونکە دەڵێت: ژیان تەواو، بەڵام مەبەستی ژیانی خۆیەتی، نەوەک ژیانی ئەم کەوکەبە بەگشتی. واتە باسی گشتی کردووە و مەبەستی کەرتە.

# ڕەهەندی مێژوویی زمان لە ڕۆمانی پاشای گەورە دا

سەدیق سەعید ڕواندزی



پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لە نێوان زمان و کۆمەڵگەدا هەیە، زمان ڕەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجە سیاسی و ژیاریی و کۆمەڵایەتییەیە، کە کۆمەڵگە تیایدا دەژیت. زمان، بە پێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم پێش دەکەوێت، زمانی ئێستا وەک زمانی دوێنێ نییە و لەگەڵ هەر دەرکەوتەیەکی ژیاریی و مرۆیی نوێدا، زمانیش گۆڕانکاریی بە سەردا دێت. ئیدی ئەو گۆڕانکارییانە، کاریگەرییەتییان لە سەر زمان و فەرهەنگی زمان دەبێت و لەو ڕوانگەیەشەوە هەر سەردەم و قۆناغێک، زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە پەیوەستە بەو ئاگاییە هزریی و فەرهەنگییەی لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە. گەلێک جار ئەو گۆڕانکارییانە، چەمک و زاراوەی نوێ لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن، کە پێشتر بوونییان نەبووە. بۆ نموونە: تاکو کۆرۆنا وەک نەخۆشییەکی ڤایرۆسی دەرنەکەوت، وشەیەک بەو ناوە لە زمان و فەرهەنگی کوردیدا نەبوو، بەڵام ئێستا کۆرۆنا بووەتە بەشێک لە پێکهاتەی زمانەوانی فەرهەنگی ئێمە و بگرە نەتەوەکانی دیکەش. بە هەمان شێوە سی ساڵ لەمەوبەر، لە کۆمەڵگەی کوردیدا، وشەیەک نەبوو بە ناوی (ڕام، گیگابایت، برۆسیسەر، هارد) و گەلێک وشەی دیکەش، تەنانەت ئایتی و فەیسبووکیش، بەڵام لە ئێستادا، ئەمانە بە شێکن لە زمانی دەربڕین و ئاخاوتن و نووسین، ئەگەرچی وشەکان کوردیش نین. بێگومان ئەمە بۆ ڕابردووش هەمان شتە، چونکە بە دەیان وشەی کۆن، کە هێماو ئاماژە بوون بۆ سەردەمێک و ئامرازێک و کارێک، لە ئێستادا بوونییان نەماوە. کەوتە لە هەموو بارێکدا زمان ڕەنگدانەوەی سەرخانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە و کەس ناتوانێت لە دەرەوەی زمانی باوی سەردەم و لە دەرەوەی ئەو سەرخانە کۆمەڵایەتییە، زمانێکی دیکەی نوێ، کە هەڵگری دەستەواژە و دەربڕینی نوێ بێت، دروست بکات و بیهێنێتە ئاراوە. زمان پەیوەستبوونێکی گشتی هەیە و ڕەنگدانەوەی لایەنە ژیاریی و فەرهەنگییەکەی کۆمەڵگەیە. لەهەر قۆناغێکی کۆمەڵگەشدا، جۆرە زمانێک لە ئاستی دەربڕین و نووسین، گوتن و گوزارشت بوونی هەیە، کە گوزارشت لە پاشخانی هزریی و ڕۆشنبیریی سەردەمەکە دەکات. بۆ نموونە: زمانی شیعری سەردەمی کلاسیک، وەکو هی سەردەمی گۆران نییە و زمانی سەرەتای بیستەکان، وەکو کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو نییە، بەڵکو گۆڕانکاریی گەورەی لە ڕووی بونیادی ڕێزمانی و واتایی بە سەردا هاتووە، تا دەگاتە ئەو زمانەی ئێستا لەنێو ئێمەدا بەرکارە. بۆیە زمانی هەر سەردەمێک، گوزارشت لە سەردەمەکە دەکات، لەگەڕانەوەمان بۆ هەر ڕووداوێکی سیاسی و مێژوویی و باسکردن لە ڕووداوەکانی ئەوکات،



دەبێت ئەم تایبەتمەندییە لە بەرچاو بگیرێت. لێرەدا گرنگە دووبارە لە یەکدی جیابکەینەوە، کاتێک ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمێکی ڕابردوو، ڕووداوێکی سیاسی و مێژوویی و دەگێڕینەوە، دەشێت زمانی پەیڕەوکراوی گێڕانەوەمان، جیا بێت لە زمانی ئەو کات و سەردەم، چونکە بگێڕەوە لێرەدا کەسێکی دیکەیە، کە بە تێڕوانین و زمانی خۆی ڕووداوەکانی ئەوکات دەگێڕێتەوە و لە ڕوانگەی خۆیەوە دەیانبینێت. بەڵام کاتێک بکەرێکی نێو سەردەم و قۆناغەکە دەدوێت، یان کارەکتەرێکی ئەوکات، ڕووداوێک پەیوەست بەو زەمەن و قۆناغە دەگێڕێتەوە، بێگومان دەبێت زمانی گوزارشت و گێڕانەوەی یەکانگیر بێت لەگەڵ سەردەمەکە، چونکە لێرەدا بگێڕەوە لە دەرەوەی زەمەنی گێڕانەوەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو لەنێو زەمەنی ڕووداوەکەدایە، دواجار ئێمە لەبەردەم دوو بگێڕەوەی جیاواز داین، کە

> ***لە ڕۆمانەکەدا دەیان کارەکتەری وەک: (پاشای گەورە، سەرۆکی دیوان، سەیدا، مەلابرایم، مەلا عەزیز، میر مستەفا، میر یەحیا، عەلیە کتک و نەسرینە دۆم) و چەندان کارەکتەری دیکەش هەن، کەچی زمانی هەموویان بە ئەندازەیەک هاوشێوە و لەیەک چووە***

هەریەکەیان لە کات و سەردەمێک ژیاون و هەریەکەیان بە زمانێک ڕووداوەکەمان بۆ باس دەکەن.

لە ڕۆمانی پاشای گەورەدا، ڕووداوەکانی زەمەنێک دەگێردرێنەوە، کە پەیوەستە بە سەردەمی میرنشینی سۆران و دووسەد ساڵ زیاتر بە سەر ئەو قۆناغەدا تێپەڕیوە. کەواتا ئێمە بە تەنیا ناگەڕێینەوە سەر زەمەنێک و ڕووداوەکانی میرنشینێک، بەڵکو دەگەڕێینەوە سەر قۆناغێکی فەرهەنگی و کلتووریی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، کە جیاوازە لە سەردەمی ئێستا. ئەدگارە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان، زمان و فەرهەنگ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕووداوە سیاسییەکان، جیاوزن لە سەردەمی ئێستا، بۆیە کە دەگەڕێینەوە نێو ئەو قۆناغە، دەبێت تێڕوانین و زمان و وێناکردنمان بۆ قۆناغەکە، ڕەنگدانەوەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆیی ئەوکات بێت، نەک بە ڕوانگەی ئێستا ڕووداوەکانی ئەوکات ببینین و گوزارشتیان لێ بکەین، بەتایبەتیش کاتێک یەکێک لە کارەکتەرەکانی ئەو سەردەم، خۆی دەبێتە بگێڕەوەی ڕووداوەکان و کەسێکە لەنێو جەرگەی ڕووداوەکانی ئەوکاتدا ژیاوە. بە درێژایی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانی پاشای گەورە، کە باسی سەردەمێکی مێژوویی وەک سەردەمی دەسەڵاتی (میر محەمەد) دەکات، درک بەوە دەکەین، کە ئەوەی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، دەنگی زاڵی ڕۆماننووسە نەک هی سەردەمە مێژووییەکە. بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی زمانی کارەکتەرەکان و قسە و دەربڕینەکانییان دەردەکەوێت.

لە ڕۆمانەکەدا دەیان کارەکتەری وەک: (پاشای گەورە، سەرۆکی دیوان، سەیدا، مەلابرایم، مەلا عەزیز، میر مستەفا، میر یەحیا، عەلیە کتک و نەسرینە دۆم) و چەندان کارەکتەری دیکەش هەن، کەچی زمانی هەموویان بە ئەندازەیەک هاوشێوە و لەیەک چووە، کە هیچ جۆرە جیاواز کەوتنەوەیەکی پیشەیی، کەسی و هزری لە نێوانیاندا نەبێت. زمانی پیاوی ئایینی میرنشینەکە، وەکو زمانی سەردەستە و فەرماندارە سەربازیەکانە، هیچ جیاوازیەکییان لە ئاست وێناکردن و دەربڕین نییە. بۆ نموونە: موفتی، پێگەیەکی بەرزی ئایینی هەیە، دەبێت شارەزایەکی گەورەی لە هەر دوانزە عیلەمەکە هەبێت، کە گوزارشت لە شوناسی ئەو بکات، فەرماندە و سەردەستەکان، هیچ ڕاوێژ و سەرنج و پلانێکی سەربازیان نییە، بەڵکو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی میرن، لە کاتێکدا مەرج نییە ئەوەی سەرۆکی وڵات بوو، ئیدی لە هەموو بوارێکی سەربازی شارەزا بێت. میر بە جۆرێک دەدوێت، وەک ئەوەی میرنشینی سۆران، ئێستا هەبێت نەک لە ڕابردوو، میریش لە سەردەمی عەولەمە بژیت، چونکە زمانەکەی بە هیچ جۆرێک گوزارشت لە سەردەم و قۆناغە مێژووییەکە ناکات. دەکرێت لێرەدا، نموونەیەک لە قسەکانی میر مستەفای باوکی پاشای گەورە بێنینەوە، کاتێک لە ڕێوڕەسمی دانانی کوڕەکەی وەک میر لە جێگەی خۆی، میر مستەفا دەڵێت: (دوای پرس و ڕاوێژێکی زۆر، بە لە بەرچاوگرتنی داب و نەریتی میرایەتی، بۆ بەرژەوەندی گشتی وڵات و دواڕۆژێکی باشتر کەسێکم دەست نیشان کردووە، کە لە زیرەکی و لێهاتوویی ودڵسۆزی و تواناکانی دڵنیام. ل٥٨) گەر سەرنج لەو زمانەی میر مستەفا بدەین، دەبینین زمانێکی پەیڕەوکراوی دوو سەد ساڵ لەمەوبەر نییە، بەڵکو بە هەموو پێوەرێک، لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە، زمانی ئێستایە و زمانی ڕۆماننووسە، لە سەردەمی میر دەڵێت، چونکە میرەکان هیچ کاتێک

هێندە هوشیار و زمانزان و زمان پاراو نەبوونە، بەو شێوەیە قسە بکەن. بەهەمان شێوە، کە سەرنج لە زمانی شازەمانی هاوسەری میر مستەفا و دایکی میر محەمەد دەدەین، هەمان شێوە ئاخاوتنی سەردەمیانە، نەک مێژوویانە دەبینین، شازەمان دوای وەرگرتنی ڕوخسەت لە میر مستەفا، لەکاتی دانانی کوڕەکەی بە میری نوێ، دەڵێت: (هەرچەندە من ژنم، بەڵام هەمووتان دەزانن، کە لە وڵاتی ئێمەدا، ئەگەر تاک تاکەش بێت، ژنانێک هەبوون، کە بتوانن لە ناو پیاواندا قسەی خۆیان بکەن، من بەو پێیەی هاوسەری میر مستەفا و دایکی میر محەمەدم، ماف بە خۆم دەدەم لە بەرامبەر ئەو پایەدارە بەڕێزانە قسەیەک بکەم، ل٦١) ئەگەر سەرنج بدەین، ئاستی گوزارشتکردنی زمان لەنێوان هەردووکیاندا هاوشێوەن، لە کاتێکدا بە ئێستاشەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، دەرفەتی قسەکردنی ئازادانە بۆ ڕەگەزی مێ نییە، ئیدی نازانم چۆن لە سەردەمێکی دواکەوتووی وەک دەسەڵاتی میرنشینی سۆراندا، ژنێک هەبووە بەو شێوەیە قسە بکات؟ ئەمە وێرای ئەوەی دەکرێت بپرسین شازەمان خان، چۆن لە بری هەمووان قسە دەکات و دەڵێت هەمووتان دەزانن، ئایا مەرجە لەنێو دەیان سەردەستە و پیاو ماقووڵ و ڕیشسپی و دارو دەستەی میر، هەمووان هەموو شتێک بزانن؟ دیسانەوە، گەر سەرنج لە زمانی پاشای گەورەش بدەین، هەمان سیمای فەرهەنگییانەی زمان لە ڕووی دەربڕینەوە دەبینین. بۆ نموونە: کاتێک پاشای گەورە، لەگەڵ میرزا نیگار دەدوێت، دەڵێت: (میرزا نیگار، لە ئەمڕۆوە، دەفتەرێکی نوێ بە دەستەوە دەگریت و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەدەیتەوە، بە خامە نوک ڕەنگینەکەت و بیرە تیژەکەت، ئەو ڕووداوانە تۆمار دەکەی کە شایستەی تۆمارکردنن. ل٦٩) ئەو زمان و شێوە ئاخاوتنانەی لە سەرەوە وەک نموونە هێناومانەتەوە، بە هیچ شێوەیەک زمانی ئەوکات و سەردەم نەبووە، ئەو زمانە هونەری و پەخشان ئامێزە، کە هەڵگری چەندین وشە و دەربڕینی هونەری و ئستاتیکین، زمانی میرەکان نییە، بەڵکو زمانی نووسەری ڕۆمانەکەیە، بەمەش ڕۆماننووس درکی بەوە نەکردووە، کە ئەو گەڕاوەتەوە سەردەمێک کە دووسەد ساڵی بە سەردا تێپەڕیوە و دەبێت زمانی ڕۆمانەکەش گوزارشت لەوکات و سەردەم بکات، بەر دەیان چەمک و دەستەواژە دەکەوین، کە نەک هی ئەوکات نین، بەڵکو هەندێک لەو وشانە، لە دوای هەفتاکانەوە دێنە نێو فەرهەنگی کوردییەوە، وشەکانی (خامە، دەفتەر، تۆمارکردن، لە بەرگرتنەوە، ماف، پایەدار، بەو پێیەی، بەرژەوەندی گشتی، وڵات، ڕاوێژ، زیرەک، لێهاتوو، چەند دانەیەک، پارەی کاش، دەستدرێژی سێکسی، ڕێسا، هەڵو مەرج، بڕیارێکی چارەنووسساز، واڵا، شکۆ، خوێندکار، نێردە، کەمپ) ئەمانە و گەلێک چەمک و دەستەواژەی دیکەش، گوزارشت لە سەردەم و ڕووداوێکی مێژوویی ناکەن. بە بڕوای من، ڕۆماننووس بۆ ئەوەی نەکەوتایە ئەو هەڵانەوە، دەکرا سوود لە زمانی شیعری کلاسیکی کوردی وەرگرێت و تێکهەڵکێشیەک لەنێوان زمانی ئەوکات و ئێستا دروست بکات. هەریەک لە نالی و حاجی قادر، هاوسەردەمی میرنشینەکە بوونە، کەچی زمانی شیعرە کانییان، تەژییە لە وشە و دەربڕینی عەرەبی و تورکی و فارسی، نەک زمانێکی کوردییانەی پەتی وەک ئەوەی لەو ڕۆمانەدا، لە سەردەمی میر و دارودەستەکەی گوێبیستی دەبین. لەلایەکی دیکەوە، دەکرێت بپرسین، ئەگەر پاشای گەورە، هێندە کوردییانە بیری کردووەتەوە و دیدگایەکی هێندە نەتەوەیانەی هەبووە، بۆچی بە زمانی عەرەبی لە سەر لوولەی تۆپەکانی نووسیوە؟ دەبێت ئەوە بزانین، هەرگیز دەرفەتێک بۆ بیرکردنەوەی نەتەوەیانە، لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی ئاییندا نییە، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو دەسەڵاتە، کار بە بنەماکانی خەلافەتی ئیسلامی و سوڵتان و خەلیفەکانەوە بکات و فەتوای مەلایەکی ناپاک، بتوانێت سەرلەبەری دەسەڵات هەڵبگێڕێتەوە. ئیدی ئەو پەسنە مێژوویی و کوردانەی زیاد لە پێویست، ڕۆماننووس داویەتییە پاڵ میرنشینی سۆران و پاشای گەورە، لە ڕاستیدا لە خەیاڵ دەچێت، نەک باسکردنی سەردەمی مێژوویی میرێک، کە کەسە هەرە نزیکەکانی لە پێناو دەسەڵاتی تاکڕەویانەی خۆی کوشتوە. هەڵبەتە زمان ڕەنگدانەوەی بونیادی کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگەیە، ئیدی زمان بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم پێشدەکەوێت و چەمک و دەستەواژەی کۆن نامێنن و هی نوێ دێنە نێو زمان. با لێرەدا، نموونەیەک باس بکەین، لە

“

**به بڕوای من، ڕۆماننووس بۆ ئەوەی نەکەوتایە ئەو هەڵانەوە، دەکرا سوود لە زمانی شیعری کلاسیکی کوردی وەرگرێت و تێکهەڵکێشیەک لەنێوان زمانی ئەوکات و ئێستا دروست بکات**

”

کۆمەڵگەی کوردیدا، بە ئێستاشەوە، بەتایبەتی لە ناوچە خێڵەکی و عەشائیرییەکاندا، کاتێک کچێک پەردەی کچێنی لە دەست دەدات، ناگوترێت لە کچێنییان خست، بەڵکو دەگوترێت (بێ بنیان کردبوو، یان ئاوسیان کردبوو) بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی زیاتری زمان و کراوەنەوەی کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگە، ئەو وشە زەقە و ناشیرینانە، چیتر لەنێو زمانی کوردیدا، وەک فەرهەنگ بەکارنایەن، بەڵکو دەگوترێت (لە کچێنییان خست، یان دەستدرێژی کراوەتە سەر) هەردوو دەربڕینەکە، کە بۆ یەک باری بایۆلۆژی کچ بەکاردێن، لە ڕووی زمانەوە، ئاماژەن بۆ دوو قۆناغی ژیاری و کۆمەڵایەتی جیاواز، کەچی لە ڕۆمانی پاشای گەورەدا، ڕۆماننووس درکی بەو جیاوازییە فەرهەنگییانەی زمان نەکردووە. کاتێک ئافرەتێک بە توورەبوونەوە دەچێتە بەردەم پاشا، پێی دەڵێت: (جەنابی پاشا، وامان دەزانی ئەنگۆ ئێمە لە دەست تورکە ستەمکارەکان ڕزگار دەکەن، بەڵام مخابن لەشکرەکەی جەنابت، لەوان خراپتر دەجوولێنەوە و هەر دوێنێ دوو

***ئەگەر پاشای گەورە، هێندە کوردییانە بیری کردووەتەوە و دیدگایەکی هێندە نەتەوەییانەی هەبووە، بۆچی بە زمانی عەرەبی لە سەر لوولەی تۆپەکانی نووسیوە؟***

جەنگاوەری تۆ، لە کچێنییان خستم، لا١٣١) دیسانەوە، کاتێک عەلیە کتک، بە هەڵە دەستدرێژی دەکاتە سەر نەسرینە دۆم و وادەزانێت ژنەکەیەتی و لەگەڵی جووت دەبێت، لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەشدا، ڕۆماننووس گەلێک هەڵەی کردووە، کە لە ڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە، بەهیچ شێوەیەک گوزارشت لەو سەردەم ناکەن. چونکە کاتێک چیرۆکەکە بە پاشا دەگات، ئەو سووک و ئاسان بە نەسرینە دۆم دەڵێت: (لەژێر سایەی دەسەڵاتی مندا ئەوەی بە سەرت هاتووە، قەرەبووت دەکەمەوە، بە پاسەوانەکانی خۆشم دەتنێرمەوە لای دایک و باوکت، نەسرین پێکەنی و عەلییە کتکیش لە خۆشیان شاگەشکە بوو، پاشا گوتی کچم نەسرین تۆ بڕۆ عەلی تۆش بمێنەرەوە، هێشتا نەسرین لە دەرگا ئاوا نابێ فرمێسکەکانی شادی پاشا، لەبەر پێکەنین جۆگەڵە دەبەستن. لا١١٣) سەرەتا دەبێت ئەو پرسیارە بکەین، ئەگەر کچێک، پەردەی کچێنی لە دەست دا، سووک و ئاسان دەنێردرێتەوە لای دایک و باوکی و پێدەکەنی؟ مەگەر بە ئێستاشەوە، لە کۆمەڵگەی ئێمە، بەو هەموو کرانەوە و پێشکەوتن و هوشیارییەوە، کاتێک کچێک دەستدرێژی دەکرێتەسەر، لە داڵدەدانی ژنانیش، هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات؟ ئیدی نازانم چۆن دووسەد ساڵ لەمەوبەر، پاشا قسەیەکی وەها دەکات؟ ئەمە مانای وایە، پاشای گەورە، بچووکترین شارەزایی لە لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی خۆی نەبووە. دواتر کاتێک کچێک ڕووبەڕووی حاڵەتێکی لەوشێوەیە دەبێتەوە پێدەکەنێت؟ یان شۆک دەبێت و دەتۆقێت؟ لەوە سەیرتریش، پاشا بەو ڕووداوە پێدەکەنێت، کە ئەمەش مانای وایە، هیچ باکی بە ئەتککردن و بێ بەهاکردنی ژن لە ژێر سایەی دەسەڵاتەکەی نەبووە. ئەم جۆرە گێڕانەوەیە، وێناکردنی سەردەمێک و کارەکتەرەکان، لە ڕووی مێژوویی و ڕەهەندی مێژووییانەی زمانەوە، هەڵەی گەورەی تێدایە، چونکە هەرڕووداوێک، ڕەنگدانەوەی باری سەردەمەکەیە و بەپێی کات و شوێن، ئاستی هوشیاریی و ژیری کەسەکان، لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، ئەگەر پاساوی ڕۆماننووس ئەوە بێت، کە نەسرین دۆم بووە و دۆمەکانیش بە چاوێکی نزم لە کۆمەڵگەدا سەیر دەکرێن، ئەوا تێگەیشتنێکی هەڵەیە، چونکە دوا جار نەسرینیش هەر مرۆڤە. بە هەمان شێوە، لە بەسەرهاتی سیامەندی برایمە قوت وگوڵخاتردا، ڕۆماننووس گەرچی ڕووداوێکی کۆنی مێژوویی دەگێڕێتەوە، بەڵام بە زمانی دەربڕین ڕووداوەکە گوزارشت لە ئێستا دەکات، چونکە باس لەوەدەکات، کە سیامەند پێشتر (نێردەیەکی _مەندوب) ناردووەتە لای حەسەن بەگی باوکی گوڵخاتر، کە خۆشەویستی بووە، بە بڕوای من، دەبوو ڕۆماننووس لە بری نێردە (قاسید) بنووسێت، چونکە نێردە، دەربڕینێکی زمانەوانی زۆر سەردەمیانەیە و بەهیچ شێوەیەک گوزارشتێکی مێژوویی نییە، لەکاتێکدا ڕۆماننووس مێژووی دەسەڵاتێک دەگێڕێتەوە. دیسان کاتێک پاشا پرسیار لە سەیدا دەکات، کە بۆچی هاوینان هەر لە شەقڵاوە دەبێت و نایەتەوە خەتێ؟ سەیدا لە وەڵامدا دەڵێت (خوێندکارم زۆرن. لا ٢٠٧) دەبوو بڵێت فەقێم زۆرن، چونکە سەیدا مەلا بووە. هەر لە میانەی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا، لە پەراوێزی گێڕانەوەی ڕوواوەکان، نووسەری ڕۆمانەکە لەگەلێک شوێن کەوتووەتە هەڵەوە و ساتمەی مێژوویی بردووە، یاخود هەڵەی گوزارشت و دەربڕینی کردووە، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

– لە لاپەڕە ١٧ ڕۆماننووس نووسیویەتی: (ڕێک پایزێکی درەنگی ساڵی ١٩٦١ بوو، شەوێکیان لەعلیخانی دایکی

سمایل بەگ بە دوای باوکمی دانـارد و گوتی سمایل بەگ کەل و پەلی مێژوویی بە نرخی لە پاش بە جێماون، من هەست دەکەم بە هۆی شەڕێکی نوێوە بارودۆخی کورستان تێکدەچێتەوە)

دیارە لێرەدا، مەبەست هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولە، بەڵام ئەگەر بەپێی ئەو گێڕانەوەیە بێت، هێشتا بارودۆخەکە تێکنەچووە، ئەمەش هەڵەیە، چونکە بارودۆخی کوردستان، لە سەرەتای پایزێکی زوو تێکچوو، کە ئەویش سەرەتای مانگی ئەیلول بوو، نەک پایزێکی درەنگ وەک ئەوەی ڕۆماننووس دەیڵێت.

– لا٢١ نووسیویەتی: (تیشکی مانگەشەو لە سەر لووتکەی چیای هەندرێن هەڵدێ) بێگومان مانگەشەو، ڕووناکی هەیە تیشکی نییە، چونکە مانگ ڕۆژ نییە تا تیشکی هەبێت، بۆیە ڕووناکی، یان شەوق جوانتر بوو.

– لا٩١ نووسیویەتی: (چەند دانەیەکم لەبەر گرتنەوە) بە بڕوای من، نووسینەوە جوانترە لە لەبەر گرتنەوە، چونکە ئەوکات ئامێری کۆپیکرنەوە نەبووە.

– لا١٢٩ نووسیویەتی: (پاشا بەرە بەیان، دکتۆر ڕۆسی بە گەرمییەوە بەرەو بەغدا بەڕێکردەوە) لێرەدا دکتۆر ڕۆس پاشای جێهێشتووە، کەچی لە لاپەڕەی دواتر دەنووسێت: (تا دەرەوەی ئۆردوگای لەشکر، پاشا لەگەڵ دکتۆر ڕۆس چوو) ئەمەش مانای وایە هێشتا ڕۆس نەڕۆیشتوە و بەڕێ نەکراوە.

– لا١٥١ نووسیویەتی: (بەندەش پاشای ئەو ویلایەتە بم) بەڵام ویلایەت والی هەیە، نەک پاشا.

– لا١٦٨ نووسیویەتی: (کابرا لە ناخی خۆشیەوە حەزی دەکرد ئەو نهێنییەی ئەو دەیزانێ بە هەموو خەڵکی ڕابگەیەنێ) لێرەدا مەبەست لە گفتوگۆی نێوان خۆشبەز و ڕێبوارەکەیە، کە لە سپیلک دەگەنە یەکدی. کەچی لاپەڕەیەک دواتر دەنووسێت: (لۆت دەگێڕمەوە، بەڵام بە خوای گەورە سوێندت دەدەم کە نابێ لای کەسی باس بکەی) بێگومان ئەمەش دوو گوزارشتکردنی پێچەوانەی یەکدین.

– لا٢١٢ نووسیویەتی: (لەو لاپەڕەیەدا، کاتێ عەلییە پووت، ئەنوەر بەگ دەکوژێت، کە پیاوێکی پیس و چەوسێنەر و خراپ بووە، دەڵێت خەنجەرێکم لە دەندەرانی سینگی داو تەمەنی درێژی بۆ ئێوە بە جێهێشت) ئایا کاتێک مرۆڤێکی خراپ دەمرێت، کەس دەڵێت با تەمەنی درێژی بۆ ئەوانیتر بێت؟

– لا٢٢٣ نووسیویەتی: (لەگەڵ لەشکری جەنابتان چووە بۆ ئامێدی) بەڵام لە ڕۆمانەکەدا، پاشا چووە بۆ ئاکرێ، نەک ئامێدی!

– لا٢٥٥ نووسیویەتی: (لە نزیکترین گەڕەکەکانی وەرتێ و نزیکترین گوندەکانی شاورێ) نووسەری ڕۆمانەکە، جیاوازی لەنێوان وەرتێی کۆن و نوێ نەکردووە، چونکە کێ دەڵێت وەرتێی کۆنی سەردەمی میرنشینی سۆران، گەڕەکی هەبووە؟ مەبەست لە گەڕەکە، بە مانا مۆدێرنەکەی، نەک هەڵدانی ناوی شوێنەکان بە ناوە جوگرافیەکەیان.

هەڵبەتە، هێشتا زۆر سەرنجم ماون لە بارەی ڕۆمانەکە، وەک ئەوەی ڕۆماننووس زۆر پەسنی ئایینی ئیسلام و سەیدا و سەلاحەدینی ئەیوبی دەدات، لە کاتێکدا هەموومان دەزانین کورد بە زەبری شمشێر بووە بە ئیسلام و

**ڕۆماننووس درکی بەوە نەکردووە، کە ئەو گەڕاوەتەوە سەردەمێک کە دووسەد ساڵی بە سەردا تێپەڕیوە و دەبێت زمانی ڕۆمانەکەش گوزارشت لەوکات و سەردەم بکات**

هاوکات سەلاحەدینی ئەیوبیش، خزمەتی عەرەبەکانی کردووە، نەک کورد. هاوکات وێنەیەکی زۆر کۆمێدی و هەمەجیانەی داوەتە پاشا، لە قسەی میللی و خێڵەکی، کەچی بە درێژایی ڕۆمانەکە باس باسی پاشایە. دواجار دەڵێم، میرنشینی سۆران، تەنیا ئەو ڕووە جوانەی نییە، کە ڕۆماننووس بە ئارەزووی خۆی دەیەوێت پیشانی بدات، چونکە لە سەردەمی ئەو میرەی، کە ئەو زۆر پەسنی داوە، جینۆسایدی ئێزیدیەکان کراوە، کریستانییەکان چەوسێنراونەتەوە، پاشا کەسە هەرە نزیکەکانی خۆی لە پێناو دەسەڵاتی تاکڕەویانە و ویستی شەڕانگێزیانەی خۆی کوشتوون، ئەمە مێژووە نابێت خۆمانی لێ ببوێرین، چونکە مێژوو ئەوەیە، کە ڕوویداوە، نەک ئەوەی ئێمە بە ویست و ئارەزووی خۆمان پیشانی دەدەین!

**پەراوێز:** ڕۆمانی پاشای گەورە، نووسینی: ئارێز عەبدوڵڵا، ساڵی چاپ ٢٠٢٢

شیعر

# سەرەتای خاڵی سفر



مەهدی زریان

شووشەی گوڵاو خەیاڵێکە
بەدەستی ژنێکی بێ ئاگاوە دەڕژێ
گوڵ وەهمێکی چوار وەرزەیە
بەدەستی پیاوێکی خەواڵووەوە هەڵدەوەرێ
ژنێکی بێ ئاگا
پێی ناوە بەسەر پەڕەی هەڵوەریوی گوڵدا و
خەمی ڕژانی شووشەی گوڵاو دەخوا
پیاوێکی بەندی خەواڵو لەنێو وەهمی
ژوورێکی تاکەکەسیدا
هەڵوەرینی گوڵێک دەیتاسێنێ و
بیر لەڕژانی شووشەی گوڵاو ناکاتەوە
ژنێکی بێ ئاگا
چەقۆیەکی تیژی بەدەستەوەیە
بۆنی گوڵاوی لێ دەڕژێ
پیاوێکی خەواڵو
پشتی لە چەقۆیەکی تیژ کردووە و
سەرقاڵی کۆکردنەوەی پەڕی هەڵوەریوی
گوڵە
ئاسمان گوڵاوی لێدەڕژێ
پەڕی هەڵوەریوی گوڵێک
هەموو زەوی دادەپۆشێ
لەودەمدا قیژەی ژنێکی بێ ئاگا
ترسناکتر دەبێ لە دەنگی هەورەتریشقە
ترپەی لێدانی دڵی پیاوێکی ترساوی خەواڵو
خێراتر دەبێ لە دەنگی بارینی گوڵاو
هەرکاتێ گوڵاو دابکات
بەسەر پەڕە هەڵوەریوەکانی گوڵدا
حەقیقەت سەری خەیاڵ و وەهم دەبڕێ
لەودەمەدا سێبەری سەری بڕاوی خەیاڵ
بەسەر سنگی ژنێکی بەئاگاوە جێدەمێنێ
سێبەری لاشەی بێ سەری وەهمیش
دەکەوێتە باوەشی پیاوێکی ترساوی بێدارەوە
سێبەرەیک گەورەتر لەباوەشی پیاو
سێبەرێک قورستر لەسنگی ئافرەت
ڕێک لە سێبەری ئەو درۆیانە دەچێ
کە لەئەزەلەوە سروشت بۆمانی
دووبارەدەکاتەوە و
ئێمەش خۆمان لەسەر بڕواپێکردنیان
ڕادەهێنین
عیشق چەقۆیەکی بەدەستەوەیە
بەردەوام خوێنی لێدەچۆڕێ
شووشەگوڵاێک هەمیشە
بەدەستی ژنێکی بێ ئاگاوە دەڕژێ
گوڵێکی چوار وەرزە بەردەوام
بەدەستی پیاوێکی خەواڵووە هەڵدەوەرێ!
لەسەرەتای خاڵی سفرەوە
لە نێوانی ژنێکی بێ ئاگا و پییاوێکی خەواڵودا
شووشە گوڵاوێکی ڕژاو هەیە
لەپاڵ شووشە گوڵاوی ڕژاودا
گوڵێکی هەڵوەریو هەیە
لەنێو سێبەری هەموو ڕژانێکدا
چیرۆکی پیاوێکی نەناسراوی خواڵو وندەبێ
لەنێو پەڕی هەڵوەریوی هەر گوڵێکدا
بەسەرهاتی ژنێکی نەبیندراو لەبیردەکرێ!

# سەر بەرە و خوار

١

کانی بە نوێ بەفری ساڵی گوت
یارە جوانەکەم، بۆ سەردانم ناکەی بێ وەفا
وەرە بتوێوە لە نێومدا
بەفر گوتی: خۆ هەر دەبێ بێم
دێم و دەبین بە بەفراو
هەڵمدەگری و دەمبەیتە نێو جۆگەلە و
ڕووبار
سەر بەرەو خوار
بۆ گەرمەسێر و بیابانەک
ن بە دڵێکی خەمبار و داماو
ناوەستی و ناوەستی
تا خۆمان ئەدۆزینەوە لە کەنداو

٢

ڕووبار دەڕوا و دەڕوا
خورە خوری سازە و گۆرانیە
شڵپە شڵپی
ساتمەیە، هەڵبەزینەوەیە، بێزارییە
دەڕوا و دەڕوا
شەپۆلەکان بە تاشە بەردان دەکەون
بە برینداریش ناوەستن و ئاودیو دەبن
لەو سەفەر و سەرهەڵگەردانیەدا
بە باسکە مەلە و ناڵە و گریان
هێزێک نییە بیانگێڕێتەوە بۆ سەرچاوەی
خۆیان
ناچاریە، دەڕۆن و دەڕۆن، بێ دەرەتان

٣

ئەو درەختانەی بە سەر ڕۆخی زێ و
رووبارەکانەوەن
ترسی پایزیان هەر لە دڵدایە
کاتێ گەڵاکانیان دەوەرن
دەکەونە ئاوەکان و گوزەردەکەن
بە چاوە فرمێسکاویەکان
شەتاو ڕایان دەماڵێ و ناتوانن ئاوڕێکیش
بەرنەوە
(بەیبا)یەکیش لە درەختەکانیان بکەن

٤

ئەگەر ڕووفاتی داری سووتووت
نەناسییەوە
لە هەناوی خەڵووز وەڵامی خۆت
وەرگرەوە
ئەگەر ئاوی کانی لێڵ بوو
بە چاوی قرژاڵ لێی ورد بەرەوە
ئەگەر پەلک و توێکڵت داماڵی
ناوک بە دیار دەکەوێ
گەلۆ ئەو ناوکەی نەرم و شیرینە
عاشقی هەتاوە و پێدەکەنێ
ئەوەی ڕەق و تاڵە، حەزی لە تاریکییە
خۆی مەلاس داوە بۆ نیوە شەوێ

٥

ئەو منداڵەی لە کەمپێکەوە
کۆلارەکەی هەڵدایە ئاسمان
کۆلارە بەرز بۆوە .. بەرز بۆوە .. دوور
کەوتەوە
لە گەڵ کۆلارەیەکی دی تێکئاڵان
داوەکان پسان
کاتێ ڕایان کرد، کۆلارەکانیان بهێننەوە
جلەکانیان لە دڕکزی و سیمی خارداری
ئابلۆقە دراو گیر بوو
لەو دیوی سیمەکانیش
کۆلارەکانیان لە سەر خاک ڕاکشا بوون
نەیانتوانی بپەڕنەوە
کۆلارەکانیان بهێننەوە
ئێستاش لە مێشک و یادەوەریاندا
کۆلارەکان
باڵە فرکەیانە و دەفڕنەوە



**موحسین ئاوارە**

# پاییز قیامەتی زەعفەرانی



شێرکۆ مەحموود

تاڵە گیایەکی وەرزیم و
هاوین لە ڕەحمی پاییزدا چاندمی
لەنێو زەردە تەرمی گەڵاکان
چاوم هەڵێناوە
سەرم دەرهێنا
لە خۆم سەوزترم نەدی
قیامەتێکی زەعفەرانی جممەی دێت
لاشەی چرۆ
ناڵەی چرۆ
خشخشەی چرۆ
گوڵ و گیا
پاشای نیشتمانێکی خالیم
لە عەشق و بۆن
گوڵ و لالە
پەپوولە و ڕەنگ
زەلان، زۆربایانە دەیرەقساندم
بەسەر ئەو هەموو تەرمەی
بەرەو مەحشەر
ڕێیان دەکرد
ئەوەی پێی ڕاگەیشتم
ماچێکیم کرد
هێی وەریوەکان بۆ کوێ دەچن؟
من تەنهامە تەنها
مەڕۆن
مەڕۆن ئەوەی لەوێن هێشتا نەگەڕاونەتەوە
نامەکیشیان نەناردووە.
مەڕۆن
من ئامادەم لە حزوورتان بزریکێنم
لەگەڵ ژانی پێش گریانی هەور
ئەشک ببارێنم

پرسە بگرم
جێم مەهێڵن
ئێسک و پرووسکی ئێوە
لە تەنهایی ئاوەدانترە
مەڕۆن
تەنهاترم مەکەن
پاییزی ترم مەکەن
جانتای بێدەنگیتان
پڕە لە سەفەر
ئێوە چۆن هەڵوەرین؟
کێ ئێوەی گلاند؟
من بە لێشاوێک سروود
ئیدانەیان دەکەم.
ئەدی ئێوەش
لە ڕەگەزی جووت جووتەکانی نووح نین؟
لە نەژادی مەتەڵی
بوون و مەرگ، مەرگ و بوون نین؟
یەکێ ئەو بێدەنگییە پڕ لە هەرایە
وردوخاشکا
هەراسانیم بە قومێ وەڵام
لە زنەی ئاوێتە بە مەرگ و گیانەڵڵا
بدوێنێ
ئای کە بینم تەنگە و
فارگۆنەکانی هەناسەم
سواری پشتی یەکترین
خەریکە بە سەفەری ئێوە
بە مەرگی ئێوە
منیش لە پاییزدا
دەمرم
**٢٠١٤/٥/٢٨**

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- ***دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار .. عێراق، وەک نموونەیەک***

محەمەد فاتیح

- ***لە سەردەمی جیهانگیریدا .. هەژاری فەرهەنگی ئـاوەزی ئـاخێوەران، لە بەرهەمهێنانی وشە و زاراوەی نوێیدا***

عومەر عادل عەبدوڵا

- ***پێداویستییەکانی بەکوردی کردن « بەکوردی کردنی تابلۆ بە نموونە »***

پارێزەر/ تاریق جامباز

- ***ناشیرینکردنی بینین***

قەرەنی جەمیل



محەمەد فاتیح

# دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار

## عێراق، وەک نموونەیەک

> “ئەنجومەنی وەزیران وەک بەرزترین پێکهاتەی حکوومەت، ئاگاداری زۆرشت نەبووە، ئەندامی حزبی نزیک لە سەرۆک وەزیران دەستی لە وەزیر زیاتر دەڕۆیشت”

لەتوێژینەوە سیاسییە هاوچەرخەکان، بەکارهێنانی چەمکی دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار، زۆر بەکارهێنراوە، هەروەها زۆرێک لەتوێژەران سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەو زاراوەیە بۆ چەند قۆناغێکی کۆن دەگەڕێننەوە و داکۆکیش لەسەر بەستنەوەی زاراوەکە لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەچەند شێوە پەیوەندی و کارلێکردنێکی سیاسی کۆن دەکەن. کەسانی دیکە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە زاراوەکە لەگەڵ گۆڕان و پەرەسەندنەکان لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییە تازەکان و لەگەڵ ڕوودانی شۆڕشە جەماوەری و بارودۆخە سەردەمییەکان لەنێو کۆمەڵگەکانی سەدەی بیستەم سەری هەڵداوە.

چەمکەکە چەند ئاڵۆزی و ناڕوونییەکی پێوە دیارە لەپەیوەندییە سیاسییەکان، ئەگەر ناوخۆیی بن، یاخود دەرەکی، ئەویش نەک تەنیا لەبەر ئەوەی زاراوەیەکی ئاڵۆز و بە پەر و باڵە، بەڵکو تا ئاستێکی گەورەش لەگەڵ چەمکەکانی (دەوڵەتی هاوتەریب) و (حکومەتی سێبەر) لەیەک دەچن.

دیاردەکە لەبارودۆخی وڵاتێکدا ڕوودەدات و بەکاردەهێنرێت، کە بەدەستی گەندەڵی و ناشەفافیەت دەناڵێنێت، سەرەڕای قوڵبوونەوەی حاڵەتی بیرۆکراسییەت و ڕێگریکردن لەچارەسەرییە دیموکراسییەکان بۆ کاروبارە جیاوازەکانی دەوڵەت.

چەند توێژەرێک بۆچوونیان وایە، کە چەمکی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و بەدیاریکراوی ساڵی ١٩٢٣ دەرکەوتووە، لەگەڵ دەرکەوتنی مستەفا کەمال سەرۆکی تورکیا، ئەگەرچی بیروڕای جیاوازیش هەیە و دیاردەکە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆنتر لەو مێژووە دەگەڕێنێتەوە[1]

ئەم چەمکە گفتوگۆ و بیروڕای زۆر دەوروژێنێت، دەربارەی پێناسەکردنیشی ڕێککەوتنی دیاریکراو نییە، هەروەها دەربارەی بنەما و دیاردە و ڕەهەندەکانی. هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر پەیدابوونی چەمکەکە، لەگەڵ گرنگترین خەسڵەت و ئامرازەکانی، پاشان باس لەدۆخی عێراق دەکەین، وەکو نموونەیەکی زەق بۆ ئەم چەمکە.

**دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار:**

دەکرێت بگوترێت، کە دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار تەنیا دەوڵەتێک نییە لەنێو دەوڵەت، بەڵکو بەخۆی دەوڵەتە، بەهەموو پێکهاتەکانی لەدامەزراوە و ڕێکخراوەکان لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی، لە دامەزراوە سەربازیی و ئەمنییەکانەوە بۆ سیخوڕی و ڕاگەیاندن و هەندێک لایەنی ئایینیش دەگرێتەوە، کە هەموویان کاردەکەن بۆ بونیادنان و بەدەسهێنانی شەرعییەت، بۆ ئەوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانیان پێ برازێننەوە.

بەوپێیەی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار، بەچەمکە نەریتگەرییەکەی، گوزارشت لەبوونی کۆمەڵێک دەکات، بەشاراوەیی و بەنهێنی لەقوڵایی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا کار دەکەن. ئەوانە دەسەڵاتیان بەسەر تواناکانی حوکمڕانی هەیە و زاڵن بەسەر ڕووە دیارەکانی سیاسەت لەوڵاتدا، ئەوەی ئەو توانایەشی پێداون، بوونی هێزی ناچار پێکدرن و زۆردارییە بەهۆیەوە دەتوانێت هەڵوێست و هێزی کارا بەکاربهێنێت، لەکاتی پێویستدا دژی کەسە یەکەمەکانی سیاسەت، کە حوکمڕانی دەوڵەتیان بەدەستەوەیە.

شارەزا و توێژەران لەبواری پێناسەکردنی زاراوەکە، چەندین پێناسەی جیاوازیان خستووەتەڕوو بەپێی جیاوازی بیروباوەڕەکانیان، لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێک لەو پێناسانە بخەینەڕوو:

١- کۆمەڵە هێزێکی شاراوەی نادیار، دوور لەهێزی یاساو شەرعییەت کار دەکات[٢]

٢- هەردوو توێژەر (داناپریست) و (ولیام ئەرکن) بۆچوونیان وایە، کە دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار بریتییە لە دەوڵەتێکی نابینراوی نهێنی و هاوتەریب لەگەڵ حکومەتی ئاشکرای شەرعی[٣]

٣- دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار هاوپەیمانیەتییەکی قووڵ دەگرێتە خۆی، لە چوارچێوەی کارەکانی پێکهاتەکانی دەوڵەتی جیاواز، لەبوارەکانی کارگێڕیی، سیاسی، ڕاگەیاندن، دامەزراوە سەربازییەکان، ئاسایش و هەواڵگریی، دادوەریی، پیاوانی ئایینی و سەرمایەداران. هەموو ئەوانە پەیوەستییەک بەیەکیان دەگەیێنێت، ئەویش پاراستنی بەرژەوەندی و دەسکەوتە تایبەتەکانیانە، هەروەها دوورخستنەوەیان لەهەر جۆرە لێپرسینەوەیەک[٤]

٤- دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار، یان دەوڵەت لەنێو دەوڵەت، وەکو چەمکێکی باو بەکاردەهێنرێت بۆ باسکردنی دامەزراوەکانی دەسەڵاتێکی هەڵنەبژێردراو، کە چارەنووسی دەوڵەتیشی بەدەستەوەیە.

٥- دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار، بریتییە لەچەند پەیوەندییەکی ڕێکوپێک لەنێوان کۆمەڵە کەسانێکی هەڵنەبژێردراو، ئەوانە ئینتیمایان بۆ ڕێکخستنێکی نارەسمی هەیە، کە بەرژەوەندییەکی فراوان و لق و پەلی بڵاوبۆوەی زۆر لەخۆ دەگرێت. ئەوەندەی پەیوەندی بەهێزی ئەو ڕێکخستنەوە هەیە، ئەوە ڕەگەزەکان بوونیان لەدامەزراوە جیاوازەکانی دەوڵەت (مەدەنی، سەربازی، سیاسی، ڕاگەیاندن، ئاسایش و هەواڵگری) هەیە.

**تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار:**

١- شاراوەیی و نهێنی، زۆربەی توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە دوو[٥] خەسڵەتی سەرەکی ئەو چەمکەن، ئامرازەکانی ئەو دەوڵەتە بەئاشکرا و نهێنی بوونیان نییە (وەکو حکومەتی ڕەسمی) بەڵام ئەو کاروکردەوانەی، کە پێی هەڵدەستن جێگەی سەرنجدانە و هەست بەئەنجامەکانی دەکرێت.

٢-قەوارەیەکی نایاسایی، ئەو دەسەڵاتە نهێنییە لەدەرەوەی یاسا کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەڵسوکەوتەکانی بەشێوەیەکی ئاشکرا دەرچوونە لە یاسا، ئەویش بەهۆی دیاردەکانی گەندەڵی و فێڵ و ساختەکاری و بەرتیل وەرگرتن، تا دەگاتە ڕادەی تیرۆرکردنی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن. ئەوانە ملکەچی لێپرسینەوەش نابن، بەهۆی هێز و دەستڕۆییان لەنێو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.

٣- دۆخی دەوڵەت لەبارێکی ئیداری کۆنی باو، کە ناکرێت بەخێرایی گۆڕانی بەسەردا بێت و ڕوو لەپەرەسەندن بکات.

٤- ئاڵۆزی و تێکەڵاوبوونی بەرژەوەندییەکان، چونکە دابینکردنی بەردەوامبوونی خۆی لەو تۆڕە ڕێکخراوەییە دەبینێتەوە، واتە پشتبەستنی هەرلایەک بەسەر لایەکی دیکەدا لە پێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان.

لەهەر سیستمێکی سیاسی، کە دۆخی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەداری تێدا بەدی بکرێت، سێ گروپ دەردەکەون، ئەوانە لەململانێ و ڕکابەریدا دەبن لەنێوان خۆیاندا، ئەو گروپانەش بریتین لە[٦]:

أ- سیستمی سیاسی ڕەسمی: دەسەڵاتەکانی تەشریعیی، دادوەریی، جێبەجێکردن.

**سادق ئەلحوسینی سکرتێری تایبەتی حەیدەر ئەلعەبادی، بەرپرسی دەستەی حیمایە، بە ئارەزووی خۆی دەهاتە نێو هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران**

ب- ئۆپۆزسیۆن: حزبە سیاسییەکان، کۆمەڵە و گروپەکانی فشار، ئەو کەسولایەنانەی زەرەرمەند بوونە.

ج- ئەوانی لایەنگرن و سوودمەندن لەبوونی ئەو سیستمە، یان ئەو دۆخە.

**دیاردەی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار دوو لایەنی دەبێت:**

حاڵەتێکیان، هاوپەیمانییەتیەکە بەشێوەیەکی نهێنی ماوەکەی درێژ خایەن دەبێت، حاڵەتی دووەم، قووڵی و بەهێزی هاوپەیمانییەتیەکە.

ئەو هاوپەیمانییەتیەی لەنێوان تاکەکانی ئەو دیاردەیە پێکدێت و شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو دامەزراوە و پێکهاتەکانی دەوڵەت بەشێوەیەکی ئاسۆیی و ستوونی[٧].

**ئامرازەکانی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار:**

بەشێوەیەکی گشتی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار تواناکانی

لەئاستی دامەزراوەکاندا دەبن، وەک:

١- سوپا و دامەزراوە ئەمنییەکان[٨]

ئەوانی پشتگیریی ئەم بۆچوونە دەکەن، چەند بیانوویەک دەخەنەڕوو، دەربارەی دەستڕۆیی و زاڵبوونی دامەزراوە سەربازیی و ئەمنییەکان بەسەر ژیانی سیاسیدا لەهەر وڵاتێکدا، لەو بیانووانە:

أ- بە بۆچوونی چەند توێژەرێک، ئەو وڵاتانەی بەرەورووی دیاردەی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار بوونەتەوە، ئەو دەوڵەتە لەسەر بنچینەی میراتی و تاکڕەوی دروستبووە لەحوکمڕانیدا، لەبنچینەدا دەستپێوەردانی ڕاستەوخۆی سوپا و دامەزراوە ئەمنییەکانی تێدا هەبووە، بۆیە ئەگەر گۆڕانێک ڕوویدا و سیاسییە هەڵبژێردراوەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست، ئەوە ڕۆڵی سوپا هەر ڕیشەیی دەمێنێتەوە، ئەویش بەهۆی پێگە مێژووییەکەی و کاریگەریی لەسەر دۆخی ناوەندی دەوڵەت.

**عێراق بەرەورووی حاڵەتی گەورەی گەندەڵی بووەتەوە، لەو دەوڵەتانەیە، کە لە گەندەڵیدا پلەی پێشکەوتووی هەیە، کۆڵەگەکانی دەوڵەتی یاسایی و دەستوری تەواو نییە**

ب- بەشێکی دیکە باوەڕیان وایە ئەو وڵاتەی ئامادە و لەبارە بۆ ڕوودانی دیاردەی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار، ئەو دەوڵەتە بەردەوام هەڕەشەی لەسەر بووە، ئەگەر ناوخۆیی بێت، یان دەرەکی، لەم بارەدا متمانە و پشتبەستن بەحکومەتی مەدەنی لاواز دەبێت و ڕوو لەدامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکان دەکرێت ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

ج- بیروڕایەکی دیکە هەیە، باوەڕی وایە کە دەستڕۆیی دامەزراوە ئەمنییەکان بەسەر ژیانی سیاسیدا، لەو بوارەدا ناوەستێت تەنیا بەرگری لەبەرژەوەندییە گشتییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە بکات، بەڵکو بەڕۆڵی پارێزگاریکردن لەدەستکەوتی ئەندامانیشی هەڵدەستێت.

د. بیروڕای چوارەم، دەڵێت: بەردەوامی باڵادەستی دامەزراوەی سەربازی و ئەمنی لەسەر بواری سیاسیی لەچەندین وڵات، هۆیەکەی بۆ پاڵپشتی و هاوکاری دەرەکی دەگەڕێتەوە، بەتایبەتیش ئەو دەوڵەتانەی بەرژەوەندییان لەو وڵاتەدا هەیە.

بەکورتی: دامەزراوەی سەربازی و ئەمنی لەهەر وڵاتێک، ئەگەر لەناخەوە ویست و ئارەزووی هەبوو، دەتوانێت دەست بەسەر وڵاتێکدا بگرێت، بۆیە بەشێوەیەکی باو و نەریتی بەبنچینەی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار دادەنرێت.

٢- دادوەری[٩]: لەدەوڵەتە دیکتاتۆرییەکان، دادوەری سەربەخۆیی و پاکی تەواوی نییە، بەزۆری وەکو ئامرازێک بەدەستی دەسەڵاتی تاکڕەوی دەمێنێتەوە، ئەوە جگە لەدیاردەکانی بەرتیل و گەندەڵی و خزمایەتی ئەگەر لەنێو دەزگاکەدا بڵاوبێتەوە و تەشەنە بکات.

٣- چینی پیاوانی کار و پرۆژەکان و سوودمەندان و سەرمایەداران.

٤- ڕاگەیاندن: ڕاگەیاندن هێزێکە هاوتای هێزی چەکدار، دەتوانێت پشتگیری جەماوەری فراوان کۆبکاتەوە، بەتایبەتیش کە زۆر کەناڵ و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن موڵکی تایبەتین، هەروەها ئەو حزبانەی، کە ڕژێم پشتگیریان دەکات، زۆرینەیان خاوەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنن، سەرەڕای بوونی سەدان پێگە و پەیجی جیاوازی ئەلیکترۆنی، کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئامانجی جیاواز بەکاردەهێنرێن.

٥- بوونی سەرکردەی کاریزما، دەرکەوتنی (یان دەرخستنی) ئەستێرەیەک لەنێوان پیاوانی دەسەڵات و ڕازاندنەوەی و بەرزکردنی پێگە و تواناکانی وەکو قارەمانێکی نیشتمانی، کە توانای ڕاپەڕاندنی ئەرکە گرینگ و نا ئاساییەکانی دەبێت.

٦- ئاژاوە و بێ یاسایی: بەشێک لەوڵاتانی جیهان بەدۆخێکی پڕ ئاژاوە و ململانێ و شۆڕش تێپەڕ دەبن و تێپەڕ بوونە، ڕەنگە ئەو دۆخەش دەرفەت خۆش بکات بۆ گەیشتن بەناوەندی دەسەڵات. بۆ ئەو ئامانجەش دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەڵدەستن بەخلافاندن و خەریککردنی جەماوەر بەچەند بابەت و کێشەیەکی لاوەکی ناهەستیار و بەرزکردنەوەی دروشمی بریقەدار و لەبیرکردنەوەی کێشە گرنگ و ناوەندییەکانی وڵات. ئەو ستراتیژییەتە، میکیاڤیلی لەکتێبەکەی (میر) باسی کردووە، کە چۆن فەرمانڕەوای ملهوڕ بەرەو ڕووی میللەتەکەی دەبێتەوە لەکاتی ڕاپەرین و شۆڕشدا، پلانەکەش بریتی دەبێت لەدەستهەڵگرتنی دەسەڵات لەهەندێک دەستکەوت و پێگەی ناهەستیار، بەپێچەوانەش تووندگرتنی ناوەند و پێگە هەستیارەکان.

٧- دامـەزراوە ئایینیەکان: بەکارهێنانی وتـاری ئایینی لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاپەرینە جەماوەرییەکان، هەروەها پشتگیریکردنی دەسـەڵات لەرێگەی فەتوا و وتاری ئایینی.

**دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار (عێراق وەک نموونەیەک):**

عێراقی ئەمرۆ، کە پێشتر بەوڵاتی نێوان دوو ڕووبار ناسرابوو، لەسەر خاکەکەی چەندین شارستانی مەزن سەریان هەڵداوە، دەیان شاری گەورەی وەکو سۆمەر، ئەکەد، بابل، نەینەوا، قەڵاکانی هەولێر و کەرکووک دروستکراون، شوێنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون.

ئەم وڵاتە لەمێژووی هەزاران ساڵەیدا بەقۆناغی جیاوازدا تێپەڕ بووە، تا جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ - ١٩١٨) کە لەشکری بەریتانیا گەیشتە ناوچەکە و لەشکری داگیرکاری عوسمانی تێشکا.

ساڵی ١٩٢١ لەکۆنگرەی قاهیرە لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەریتانیا بریار لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی پاشایەتی لەعێراق درا، یەکەم شای عێراقیش، میر فەیسەڵی کوڕی حوسێن بوو، لەبنەماڵەی میرەکانی ناوچەی حیجاز[١٠]

سەردەمی پاشایەتی کە لەنێوان (١٩٢١ - ١٩٥٨) درێژەی کێشا، دیاردەکانی چەمکی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار دەرنەکەوتبوو، ئەگەرچی ئەو دەوڵەتە هێشتە بەتەواوی کۆڵەکەکانی نەچەسپابوو، بنەما یاساییەکانیشی، بەهۆی بارودۆخە دواکەوتووەکەی، وەکو پێویست پێڕەو نەدەکرا، بەڵام دەسەڵاتە ڕەسمی و شەرعییەکان لەو وڵاتە تا ڕادەیەکی باش ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکرد.

لەگەڵ ڕوخاندنی ڕژێمی پاشایەتی و دروستبوونی ڕژێمی کۆماریی دوای شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨، دۆخەکە ڕووی لەگۆڕان کرد، دیاردەکانی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار (دەوڵـەت لەنێو دەوڵـەت) وردە وردە سـەری هەڵدا، نیشانەکانی لەنێو دامەزراوەکانی دەوڵـەت پەیدابوون. هـەر لەگەڵ بـەردەوام بوونی کودەتا سەربازییەکان و زاڵبوونی دەسـەڵاتی ئەفسەرانی نێو سوپا و حزبە سیاسییەکان بەسەر کاروباری گشتیی وڵاتدا، بەهەردوو ئاستی ستوونی و ئاسۆیی، ئـەو دیـاردەیـە ڕووی لەپەرەسەندن دەکرد.

دامەزراوە سەربازیی و ئەمنییەکان، چەند حزبێکی سیاسی سـەر بـەدەسـەڵاتداران، هـەروەهـا هەندێک کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەرۆک عەشیرەتەکان، لەنێو دامەزراوەکانی دەوڵەت تا ڕادەیەکی گەورە و کاریگەر ڕۆڵیان زۆرتر دەبوو، لق و پەلیان درێژەی دەکێشا.

دیاردەی ـ دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار ـ لەسەردەمی ڕژێمەکەی سەدام حوسێن (١٩٦٨ - ٢٠٠٣) گەیشتە لووتکەو بووە تۆزێک لەنێو جەستەی هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.

**دۆخی دەوڵەتی عێراق پاش ٢٠٠٣:**

تۆژینەوە و نووسینەکان دەربارەی بارودۆخی دەوڵەتی عێراق پاش ڕوخاندنی ڕژێمەکەی سـەدام حوسین لەنیسانی ٢٠٠٣ زۆرن، توێژەر و نووسەران دەربارەی (بوونی یان نەبوونی) دیاردەی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار و کاریگەری لەڕەفتار و هەڵسوکەوتی توانای دامەزراوەکان، جیاوازی گەورەیان لەنێوانیاندا هەیە.

بەشی یەکەم لەو توێژەرانە، هەڵگری تیۆری نەبوونی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدارن لەعێراق.

**حکوومەت پەککەوتە بوو لەوەی هەر جۆرە ئاستێکی باش لەخزمەتگوزاریی پێشکەش بکات، بەڵام بوارێکی باشبوو بۆ گەندەڵی و خۆدەوڵەمەند کردنی ناڕەوا**

ئەوانە بۆچوونیان وایە، کە عێراق لەبنچینەدا لەقۆناغی - نادەوڵەت - دەژیێ، کەوابێت چۆن دەوڵەت لەنێو دەوڵەت پێکدێت.

یـەک لـەو تـوێـژەرانـە بـاس لـەوە دەکـات، کـە عێراق هـەوڵـدەدات پێکهاتەکانی دەوڵـەت بـەدەس بێنێت، واتە بەخۆی دەوڵەتێکی لاواز و شکست خواردووە.

ئەو وڵاتە بەپێی پێکهاتەکانی، ئێستە، بریتیە لەکۆمەڵە پێناسەیەکی جۆراوجۆر، ئەوانە لەملمڵانێدان بۆ دەستگرتن بەسەر حوکمڕانی و باڵادەستی لەنێو دەسەڵاتدا.

عێراق بەرەوڕووی حاڵەتی گەورەی گەندەڵی بووەتەوە، لەو دەوڵەتانەیە کە لەگەندەڵیدا پلەی پێشکەوتووی هەیە، کۆڵەگەکانی دەوڵەتی یاسایی و دەستووری تەواو نییە.

ئـەو حاڵەتەی لەعێراقدا هەیە پشت بە بەکارهێنانی

تووندوتیژی و ئاژاوە دەبەستێت، ئەو جۆرە نا دەوڵەتە بەهێز دەجووڵێت[12]

بەڵام ژمارەیەکی زۆری توێژەری دیکە، لەگەڵ ئەو بۆچوونە نین کە عێراق لەحالەتی نادەوڵەتیدایە، لەبەر ئەوەی چەمکی نا دەوڵەت ئەوە دەگەیێنێ کە پێکهاتە و کۆڵەکەکانی دەوڵەت بەچەمکە سەردەمیەکەی بوونیان نییە، هەروەها کۆمەڵگانی نادەوڵەت تووندوتیژی حوکمرانیان ناکات، بەڵکو جۆرێک لەدابونەریت و کەلتوری تایبەت بەخۆیان بەڕێوەیان دەبات کە دژ و بەرهەڵستی کۆمەڵگاکانی دەوڵەتیش دەکات، چونکە پشت بەو بیرۆکەیە دەبەستێت کە دەسەڵاتداری سیاسی دەبێ لەدەستی یەک کەسدا بێت، لەڕووی دەسترۆیی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە.

لەم بارەدا جیاوازی دەبێت لەنێوان سیستمێک لەدۆخی ئاژاوە و ململانێی سیاسیدا بژێت، لەگەڵ جۆرێک

**ئەو وڵاتانەی بەرەورووی دیاردەی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار بوونەتەوە، لەسەر بنچینەی مێراتی و تاکڕەوی لە حوکمڕانیدا دروستبوون**

لەژیانی کۆمەڵایەتی بەبێ بوونی کۆڵەکە و دامەزراوە کارگێڕییەکان. بۆیە ئەوەی لەعێراقدا ڕوودەدات، تەنیا ململانێی سیاسییە کە چەند شێوەیەکی وەرگرتووە، نزیکە لەوەی ناوی لێبنرێت جەنگی ناوخۆیی[13]

دیارە پاش ساڵی ٢٠٠٣ بارودۆخی عێراق گۆڕانی گەورەی بەسەر داهات، دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەداری کۆن ڕوخاو و دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەداری نوێ بەدەرکەوت، کە خۆی دەنوێنێ لەهێزە سەربازییە میلیشیاکان، حزبە سیاسییەکان لەگەڵ جیاوازی ئایدیۆلۆژیاکانیان، بەتایبەتی حزبەکانی ئیسلامی سیاسی بەهەردوو باڵی (سوننە و شیعە) کە هاوکاری دەرەکیشیان هەیە.

بێگومان ئەو پێکهاتە قوڵە ئاڵۆزە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق، فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ سەرنەکەوتنی حکومەتە عێراقییە یەک بەدوایەکەکانی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ وە. لەو هەلومەرجەدا، دەکرێ بوترێت کە دەرکەوتنی دەوڵەتی ڕەگ داری نوێ بەراستی بۆ ساڵی ٢٠٠٨ دەگەڕێتەوە، کاتێ حزبی دەعوەی ئیسلامی بەسەرکردایەتی نوری ئەلمالکی گەیشتە دەسەڵات، ئەو حزبە دامەزرێنەری سیاسییە بۆ دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار، پاشانیش ڕێکخراوی بەدر دەستی بەسەر زۆرینەی وەزارەتەکان گرت[14]

ئەو پلان و ڕێبازانەی کە سیاسییەکان لەو سەردەمە پیادەیان دەکرد، کاری بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی کارگێڕی دەکرد کە لەڕووی ئایدیۆلۆژیاوە نزیک بێت لەدەسەڵات بەمەبەستی بەرز ڕاگرتنی بەرژەوەندییەکانیان بەپلەی یەکەم. بەشێک لەشارەزایان دەربارەی دۆخی عێراق، وا پێشبینی دەکەن کە حەشدی شەعبی جێگای حزبی بەعس بگرێتە، ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ڕۆڵیانیش لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەت لەو ئاستەدا بێت. بەڵگەشیان لەسەر بوونی ڕەگەز و پێکهاتەکانی دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەدار، ئەوەیە کە هێزە سیاسییە شیعەکان بەخودی خۆیان ململانێی توند هەیە لەنێوانیان، لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتیەکان و دەسترۆییان لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەت[15]

**دەگەینە ئەو دەرئەنجامانە:**

١- دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار لەعێراق کۆنە و ڕەگی داکوتاوە لەسەردەمی دەسەڵاتی حزبی بەعسەوە.

٢- دەرکەوتنی دەوڵەتی ڕەگ و ڕیشەداری نوێ لەعێراقدا، دوای داگیرکاری ئەمریکا لە (٢٠٠٣) دەرکەوت.

٣- دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار لەعێراق پشت بەفاکتەرە تائیفیەکان دەبەستێ بۆ بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتەکانی.

٤- هێزەکانی ڕەگوڕیشەدار لەعێراقدا بریتین لەچەند گروپێکی سیاسی چەکدار (سوننە، شیعە، کورد) بەڵام هێزی شیعە زیاتر دەسەڵاتی بەسەر بڕیاری سەربەخۆیی و سیاسی عێراق هەیە، ئەویش بەپاڵپشتی هێزی دەرەکی.

٥- دەرکەوتنی هێزەکانی ڕەگوڕیشەدار لەعێراق بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی گەندەڵی سیاسی و کارگێڕی بەشێوەیەکی فراوان و کاریگەر.

٦- ڕزگار بوون لەو بارودۆخە پێویستی بەهەوڵێکی گەورە و درێژخایەن هەیە.

**ئەزموونی دەوڵەتی ڕەگوڕیشەدار لە عێراقدا:**

دکتۆر حەسەن ئەلجەنابی، لەکتێبەکەی (الدولە العمیقە)[16] ئەزموونی خۆی لەحکومەتی عێراق باس دەکات. ناوبراو لەو کتێبە باس لەزۆر لایەنی وروژێنەر دەکات کە عێراق

پێیدا تێپەڕ بووە، دەکرێ لێرەدا بەکورتی ئاماژە بۆ چەند بابەتێک بکەین: لەعێراقدا دەوڵەتی ـ بریکاران ـ دامەزراوە، واتە بەکارهێنانی دەسەڵات و فەرمانە کارگێڕییەکان لەنووسینگەکانی بەرپرسان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت ئەگەر بەشێوەی بریکاری بێت یان پێ سپاردن.

دامەزراندنەکان لەپلەوپایە باڵا هەستیار و ئەمنییەکان بەپێی چەند پێوەرێک دەبێت، پێوەرەکانی لێهاتوویی و پیشەیی لەو بوارە لاوەکین، پێوەری گرینگ بۆ دامەزراندن پێوەری حزبی و تائیفی و خزمایەتیە، دیارە ئەوەش بەپێی بنەمایەک کە دەڵێت (خاوەن متمانەپێکراوەکان چاکترن لەخاوەن ئەزموونەکان).

بەم شێوەیە بنەماکانی پشک پشکێنە سەری هەڵدا و وردە وردە بووە بونیادێکی بەهێز یاخود کۆڵەگەیەکی متمانە پێکراو کە دەوڵەتی دوای ساڵی (٢٠٠٣)ی لەسەر دامەزرا. هەموو هێزە عێراقییەکان بەم ئاراستەیە ڕۆیشتن، ئەگەر هۆیەکەی نەزانین بوو بێت، یانیش پێداگری و سووربوون، دەکرێ چەند حالەتێک لەو ئاراستەیە دەربکەین کە باوەڕیان بەپێناسەی نیشتمانی هەبووە لای چەند حزبێکی سیاسی. حزبی دەعوەی ئیسلامی، ڕۆڵی حزبی دەسەڵاتی دەبینی هەر لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە، ئەگەرچی ئەو ڕۆڵە لەپشتی پەردەوە و بەشاراوەیی بوو، ئەویش بۆ ئەوەی بتوانێت بەڕاستی کار لەم بوارە بکات و دووریش بێت لەلێپرسینەوە.

ئەنجومەنی وەزیران وەک بەرزترین پێکهاتەی حکومەت، ئاگاداری زۆرشت نەبووە، ئەندامی حزبی نزیک لەسەرۆک وەزیران دەستی لەوەزیر زیاتر دەرۆیشت.

(سادق ئەلحوسینی) سکرتێری تایبەتی حەیدەر ئەلعەبادی ـ بەرپرسی دەستەی حیمایە کەسێکی نزیکی عەبادی بوو، ناوبراو بەئارەزووی خۆی دەهاتە ناو هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران، هەر کاتێ پێویستی بکردایە. دیارە کاریگەری گەورەی بەسەر (عەبادی) هەبووە، لەدوو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران عەبادی داوای لێکرد ئامادە بێت و بەشداری بکات لەگفتوگۆکان دەربارەی پلانی کشتوکاڵی حکومەت بۆ ساڵی ٢٠١٨.

دیاردەیەکی نائاسایی و چاوەڕوان نەکراو بوو، ڕێگا بەفەرمانبەرێک بدرێت کە هیچ پلەیەکی ڕەسمی نەبێت و ئامادەی گفتوگۆکانی کۆبوونەوەی تایبەتی ئەنجوومەنی وەزیران بێت. ئەنجومەنی وەزیران تەنیا لەوە دەچوو گردبوونەوەیەک بێت بۆ چەند کەسانێک، هەر یەکە نوێنەری بەرژەوەندی لایەک بێت، کە هەر جۆرە خاڵێکی هاوبەش بەیەکیانی نەدەبەستەوە. ئەو ئەنجومەنە هاوسەنگییەکی گوماناوی بەڕێوەی دەبرد، هەر جۆرە ڕێککەوتن و سازانێک لەنێوان ئەندامەکانی، یان لەنێوان وەزیرەکان و سەرۆک وەزیران نەبووە.

حکومەت پەککەوتە بوو لەوەی هەر جۆرە ئاستێکی باش لەخزمەتگوزاری پێشکەش بکات، بەڵام بوارێکی باشبوو بۆ گەندەڵی و خۆدەوڵەمەند کردنی ناڕەوا. بۆیە سامان و داهاتی ژمارەی کەسانێک لەئەندامانی ئەنجوومەنەکان زۆر گەورە و بەرهەمداربوو، تا ئاستێکی مەترسیدار، هەموو ئەو هەلومەرجانە، بوون بەهۆی تووڕەیی و هەڵچوونی جەماوەر، سەرەڕای کەڵەکە بوونی کێشەکان و ڕەگوڕیشە داکوتانی گەندەڵی بەهەموو شێوە و ئاستەکان.

**سەرچاوەکان:**


١- على الجرباوى ـ الدوله العميقه ـ محاوله لضبط المفهوم. مجله دراسات سياسيه عربيه ـ العدد / ٣٤ ـ أيلول ٢٠١٨ ص٧.
٢- پەیجی سی.ئین.ئین ٢٠١٧/٣/١١ (www.arabic.com).
٣- ڕيم عبدالمجيد ـ نحو تأصيل نظرى لمفهوم الدوله العميقه ـ المركز العربى للدراسات والبحوث ـ عن شبكه الانترنيت ٢٠١٨/١٢/٢٨.
٤- عباس شريفه ـ الثوره والدوله العميقه ـ بحث ـ مركز بحوث للدراسات ٢٠١٧ ص٦.
٥- باستربيك اونيل، ترجمه الحسن مصباح ـ الدوله العميقه ـ المفهوم الناشى و فى علم السياسه المقارن، مجله سياسات عربيه / العدد / ٣٠ كانون الثانى / ٢٠١٨.
٦- عباس شريفه ـ سەرچاوەی پێشوو.
٧- مصطفى شفيق ـ الدوله العميقه ـ المفهوم والتجليات ـ المركز العربى للدراسات الانسانيه ـ القاهره ـ مجله البيان / ٢٠١٥ ص٥٨.
٨- عبدالله الاشعل ـ خرافه الدوله العميقه فى مصر ـ مقال فى ٢٤/ ايلول/ ٢٠١٧ عن شبكه الانترنيت (www.alhayat.com).
٩- على الجرباوى ـ سەرچاوەی پێشوو ص١٢.
١٠- عباس شريفه ـ سەرچاوەی پێشوو ص١٢.
١١- ابراهيم الحيدرى/ العراق مهد أقدام الحضارات الانسانيه ـ مقال عن شبكه الانترنيت ٢٠٠٩/١١/١٧ (www.elaph.com).
١٢- مجاهد الطائى ـ هل هناك دوله عميقه فى العراق ـ عن شبكه الانترنيت مقال فى ٩ / شباط / ٢٠١٩.
١٣- بيار كلاستر ـ ترجمه محمد حسين كروب ـ مجتمع اللادوله/١٩٩١/ ص٣٨ ـ المؤسسه الجامعيه للدراسات والنشر ـ بيروت.
١٤- خلود عبدالكريم المسعودى ـ الدوله العميقه فى العراق ما بعد/ ٢٠٠٣ ـ الجامعه المستنصريه ـ كليه العلوم السياسيه ـ المركز الديمقراطى العربى ـ عن شبكه الانترنيت ـ ١٢ / نيسان / ٢٠٢٢.
١٥- على الكاشى/ الدلوه العميقه فى العراق ـ مقال ـ عن شبكه الانترنيت فى ١٩ / ٢٠١٩.
١٦- حارپ حسن ـ العلاقات الشيعيه فوق الوطنيه والدوله ـ دراسات عربيه المركز العربى للدراسات ـ الدوحه ـ أيلول / ٢٠١٨ ـ ص٢٠.
١٧- حسن الجنابى ـ الدوليه العميقه ـ دار المدى ـ بغداد ـ ٢٠٢١ / ص ١١٨ ـ ١٩٦١.

## لە سەردەمی جیهانگیریدا

# هەژاری فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەران، لە بەرهەمهێنانی وشە و زاراوەی نوێیدا

عومەر عادل عەبدوڵلا



بەشی یەکەم

**پێشەکی:**

وشەکان، بە یارمەتی چەند پیتێک دروست دەبن و واتای نوێ دەخەنە نێو زمانەوە، چونکە لەگەڵ دەرچوونی هەر ئامێر و کەرەستەیەک، مرۆڤ بۆ ناسینەوەی ئەو ئامێرە و کەرەستانە پێویستی بە ناوێکی دیاریکراو هەیە. وشە نوێیەکان، ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندان و لەگەڵ بچووکترین چالاکی، یان بچووکترین داهێنان لە هەر بوارێکدا بکرێت، ڕاستەوخۆ دوای ئەو داهێنانە وشەیەک و هەندێکجار زیاتر لە دایک دەبن. بێگومان ئەمەش لە سوودی ئەو نەتەوانەدان، کە داهێنانیان کردووە، چونکە ئەو کەرەستەیە، یان ئەو جووڵانەوە ڕامیارییە، کە لەو وڵاتەدا دێتە کایەوە، هەر لەلایەن ئاخێوەرانی ئەو وڵاتەوە ناوێکی نوێی بۆ دادەنرێت، کە پێی بناسرێتەوە. لەگەڵ لە دایکبوونی وشەکەدا، لە ڕێی جیهانگیرییەوە، بەنێو گەلانی جیهاندا بڵاودەبێتەوە و پێگەی خۆی لەنێو زمانەکانی دی پتەو دەکات، واتە جیهانگیری لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەستێکی گەورەی هەیە، لە بڵاوبوونەوەی ئەو وشە نوێیانە.

**فەرهەنگی ئاوەزیی:**

فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا بەو پەرتووکە دەگوترێت، کە ئەرکی گەنجکردنی وشە و زاراوەکانی هەیە، لەباتی فەرهەنگیش دەتوانین وشەدان، یان وشەنامە بەکاربهێنین، دیارە ئەم ئیلهامی وشەیەش لە گوڵدانەوە وەرگیراوە، چونکە گوڵدان بەو شتە دەگوترێت کە گوڵی تێدایە و گوڵییان تێدا هەڵگرتووە، مەبەست لە وشەدانیش ئەو شتەیە کە دانە وشەکانی تێدا گەنج دەکرێت (دەربڕیەکە بەڵگەی دەوێت، واتا: بە یاسای ناو+/-دان/. لە زمانی عەرەبیشدا (قاموس) و(معجم)ی بۆ دانراوە، واتە: وشەی (معجم) نزیک واتای وشەی (قاموس)ە (رادیة حجبار، ٢٠١٤، ٩)

لە زمانی عەرەبییدا، زانایان لەسەر ئەوە کۆکبوون، کە فەرهەنگ بریتییە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی وشەسازییانەی زمانێک، کە بەشێوەیەکی دیاریکراو و ڕێکخراوە و ڕوونکراوتەوە، لەگەڵ باسکردنی ئەو بنەچەیەی، کە لێیەوە وەرگیراوە. (عبابو نجاة، ٢٠١٦، ٤)

یان لە سەرچاوەیەکی دیکەدا پشتڕاستکراوەتەوە: فەرهەنگ کتێبێکە، کە کۆمەڵێک وشە لەخۆدەگرێت، کە بە ڕێکوپێکی ڕێکخراون بەپێی ئەلفوبێ، یان لە پێڕەوێکی دی دیاریکراودا بە ڕوونکردنەوەی واتاکانیان و بەزۆری باسکردنی زانیارییەکانی بە هەمان زمان، یان بە زمانەکانی دی؛ جگە لەوەش فەرهەنگەکە بەو شێوازە دەگوترێت، بێژەکردن، وەرگرتن، هاوواتا و ڕێکەوتننامەکان، لەگەڵ بەڵگەی وێناکردن تێدایە. (Bahawalpur,mu jam,dalah, ٢٠٠٩,١٧٤)

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنت، کە فەرهەنگ تەنیا وشە ڕەسەنەکان لە خۆ ناگرێت، بەڵکو وشە وەرگیراو و خواستراوەکانیش دەگرێتەوە و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. لە بارەی پێناسەی فەرهەنگەوە (شێخ مەحەمەدی خاڵ)یش دەڵێت:

(کتێبێکە، کە وتەی زبانێک بگرێ و ڕاڤەی بکا). واتە فەرهەنگ تەنیا وشەکانی تێدا تۆمارناکرێت و لە بەرانبەریدا واتاکەی دابنرێت، بەڵکو دەبێت شیکردنەوەی تەواو بۆ ئەو وشەیە بکات، بۆ زیاتر ئاسانکاری و تێگەیاندنی ئەو کەسانەی، کە خواستی دەستکەوتنی زانیاری زیاتریان هەیە.

بەشێوەکی گشتی، دوو جۆر فەرهەنگ هەیە، فەرهەنگی نووسراو، کە ئەو فەرهەنگانە دەگرێتەوە، لە دووتوێی پەرتووکەکاندا لەلایەن فەرهەنگنووسەکانەوە دەنووسرێنەوە. هەر بوارێک فەرهەنگێکی نوسراوی تایبەت بەخۆی هەیە، کە هەموو ئەو چەمک و زاراوانەی تێدا گەنجکراوە کە پەیوەندییان بەو بابەتەوە هەیە. جۆری دووهەمی فەرهەنگیش، فەرهەنگی ئاوەزییە، کە هەر کاتێک ناوی فەرهەنگی ئاوەزی دێنین، ڕاستەوخۆ دەزانین فەرهەنگێکە و لەنێو ئاوەز دایە و سەروکاری لەگەڵ وشەکانی دایە.

ئەم فەرهەنگە (فەرهەنگی ئاوەزی) بەوە لە فەرهەنگی ئاسایی جیادەکرێتەوە، تەنیا بریتیی نییە لە فەرهەنگی کۆکردنەوەی گشتی وشەکان، بەڵکو لە پاڵ ئەوەدا وشەکان کارا و چالاک و گەنجینە دەکرێن و لەلایەن قسەکەرەوە دەگێڕدرێنەوە (سەباح ڕەشید قادر، بروا ڕەسول ئەحمەد، ٢٠٢١، ٢١٦).

واتە کاری فەرهەنگی ئاوەزی، کارێکی یەکجار ئاڵۆز و جەنجاڵە، چونکە پەیوەندی بە مێشکی مروڤەوە هەیە و مێشکی مرۆڤ ئاڵۆزترین دەزگایە، لە لەشی مرۆڤدا، هەروەها بێجگە لە فەرهەنگی ئاوەزی، فەرهەنگی ناوەکی و فەرهەنگی زمانیشی پێدەگوترێت، کە مەبەست لە فەرهەنگی زمان "ئەو کۆمەڵە وشەیەیە کە لە مێشکی مرۆڤدا بە پێی یاسایەک کۆبووەتەوە و دانراون و پەیوەندی بەیەک گەیاندن لە نێوانیاندا هەیە، بەپێی یاساکەش یەک دەگرن و دەردەبردرێن، بەهۆی ئەو داخوازییەی مێشک لەڕێی کۆئەندامەکانی قسەکردنەوە وەکو (سی و لووت و دەم و دان و مەڵاشو و لێو) دەری دەبڕێت. (هیدایت عبدالله محمد، ٢٠٠٧، ٢٧)

لە ئانوساتی لەکارکەوتنی هەریەک لە کۆئەندامەکانی قسەکردنەوە، ئاخاوتن کێشەی تێدەکەوێت و ئاخێوەر ناتوانێت هەموو پیتەکان وەکو خۆی دەربڕێت. ئەم لەکارکەوتنەش، دەچێتە خانەی نەخۆشییە زمانەکانەوە. ئەم نەخۆشییە بریتییە لەو دیاردانەی، کە دەبنە گرفت و لەمپەر و کردەی دەربڕین و ئاخاوتن لە نێوان مرۆڤەکاندا، بەپێی تەمەنە جیاجیاکان هەستیان پێدەکرێت (سلام ڕحیم خورشید، ٢٠١٩، ١١٧).

فەرهەنگی ئاوەزیی، پەیوەندی پتەوی بە بیرکردنەوە هەیە، چونکە "فەرهەنگی ئاوەزی هەڵگری گشت کۆزانیارییەکانە بە هەموو چەشنەکانییەوە، بەڵام ئەم هەڵگرتنە لە دوو توێی وشەکاندا دەردەکەوێت و لە لۆژیک و لە هزرییانیشدا لە ڕێگەی پرۆسەی بیرکردنەوە و هەڵگواستنەوە دەخرێتەڕوو، خودی ئەم دوو پێکهاتیش بە تەواو پێکەوە بەستراوەن (ئاڤێستا کەمال مەحمود، ٢٠١٦، ٢٨) واتە، بەبێ بوونی فەرهەنگی ئاوەزی بیرکردنەوە نەنگی تێدەکەوێت و بگرە بەرەو پووکبونەوەش دەڕوات.

> **لە ئانوساتی لە کارکەوتنی هەریەک لە کۆئەندامەکانی قسەکردنەوە، ئاخاوتن کێشەی تێدەکەوێت و ئاخێوەر ناتوانێت هەموو پیتەکان وەکو خۆی دەربڕێت**

کاری فەرهەنگی ئاوەزی تەنیا دانە دانە هەڵگرتنی وشەکان نییە، لەنێو ئاوەزدا، بەڵکو ڕیزییان دەکات و بەشێوەی ڕێکخراو لەکاتی دەربڕیندا دەریاندەبڕێت. ئەم دەربڕینەش، تەنیا لە ئاستی ئاخاوتندا خۆی نابینێتەوە، ئاستی نووسینیش دەگرێتەوە، واتە فەرهەنگی ئاوەزی بیرۆکە بەستووەکان دەکاتە دەربڕاوی زمانیی. ڕەنگە ئەمە تۆزێک سەیر بێت، چونکە ئێمە هەرکاتێک باسی فەرهەنگمان کردبێت، ڕاستەوخۆ بەستوومانەتەوە بە زمانی ئاخاوتنەوە، بەڵام زمانی نووسینیش، بەشێکە لە پرۆسەی فەرهەنگی ئاوەزیی، چونکە زمانی نووسین هەر زمانی ئاخاوتنە و بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە و زانستیانە دەخرێتە سەر پەڕەکان. دەبێت ئەوە بگوترێت: کە ئاوەزی فەرهەنگی تاکێک جیاوازە لە تاکێکی دی، بۆ نموونە تاکێک کە لە لادێدا ژیابێت و کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵی کردبێت، جیاوازە لە خوێندکارێک، یان مامۆستایەکی زانکۆ، چونکە هەندێک وشە و چەمک و دەستەواژەی زانستی هەن، بەلای یەکێکیانەوە نامۆییە و تاکو ئێستە نەیبستووە، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. بۆیە هەر کاتێک ویستمان لە فەرهەنگی ئاوەزی بکۆڵینەوە،

دەبێت ئەو بارودۆخ و جیاوازییانە لەبەرچاو بگرین و بەپێی شوێن و کات و دونیابینی کەسەکان لێی بکۆڵینەوە.

**جیهانگیریی و وشە نوێیەکان:**

جیهانگیریی چەمکێکی فرەڕەهەندە، کە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ لەخۆدەگرێت، لەوانە ڕەهەندی ئابووری، کلتووری، سیاسیی و ژینگەیی. بۆیە بە مانایەکی گشتیی دەتوانرێت جیهانگیریی وەکو زیادبوونی وابەستەیی یەکدی پێکهاتە دوورەکان سەیر بکرێت (واتە لەبارەی مرۆڤ و وڵات و کۆمپانیا و ...هتد (کمال عبدی، ١٣٩٥، ٢٩٥)

هەروەها، بە واتای بەستنەوەی جیهان دێت، لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئامرازەوە، وەکو تەکنۆلۆژیا

> **هەرکاتێک باسی فەرهەنگمان کردبێت، ڕاستەوخۆ بەستوومانەتەوە بە زمانی ئاخاوتنەوە، بەڵام زمانی نووسینیش، بەشێکە لە پڕۆسەی فەرهەنگی ئاوەزیی**

و بازرگانیی و ئابووریی و زانست. واتە کاتێک لە شوێنێک باسی جیهانگیریی دەکرێت، واتەی ئەوە دەگەیەنێت، هۆکاری سەروو نەتەوەیی لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووریی و کلتووریی هەموو وڵاتان وروژێنراون، ئەم پەرەسەندنە خەریکە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەی دەگۆڕێت (اسماعیل بایبوردی، ١٩٩٣، ٨٠)

بەشێوەکی گشتی، بەکارهێنانی چەمکی جیهانگیریی دەگەڕێتەوە بۆ  ساڵانی ڕابردوو، بە دیارکراویش پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیێتیی (جلال امین،١٩٩٨، ١٧)

بەڵام پێشتر خەڵک و گەلانی دی هەوڵی بەجیهانگیریی جیهانییان داوە، لە ڕێگەی بازرگانیکردن و گەشتکردن بۆ دۆزینەوەی ناوچەی نوێ.

تایبەتمەندی جیهانگیری لەوەدایە، کە هەموو وڵاتان دەگرێتەوە و هیچ وڵاتێک ناتوانێت لێی دەرباز بێت، مەگەر ئەو نەتەوانە نەبن، کە تاکو ئێستەش لە سنووری خێڵ ماونەتەوە، لەگەڵ ئەو وڵاتانەش کە تاک دەسەڵاتن. زیاتر دروستبوونی جیهانگیریی بەهۆی پێویستی وڵاتانی جیهان بەیەک دی پەیدابووە، بەتایبەتی لە بوارەکانی بازرگانیی و ڕامیاری و ئابوورییدا، چونکە ئەستەمە هیچ وڵاتێک بتوانێت هەموو پێداویستییەکانی خۆی لەنێو وڵاتەکەیدا پڕبکاتەوە، هەربۆیە پەنا دەباتە بەر وڵاتانی دی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە. بەم شێوەییە دەتوانیین بڵێن: جیهانگیریی بەرهەمی سێکوچکەی بازرگانی و ڕامیاری و ئابوورییە و بەم هۆیەوە نەتەوەکان لە ڕووی کلتوور و شارستانیەتەوە تێکەڵاوییەک لە نێوانیاندا دروستبووە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، جیهانگیریی ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت، لە ئاراستەکاری زانستەکان و کاریگەری کردووەتە سەر هەموو کایەکانی ژیانمان. بەهۆی جیهانگیریەوە و بەستنەوەی جیهان بەیەکدییەوە، ئاڵوگۆڕەکان لە هەموو بوارەکاندا، بەردەوامی هەیە و لە زیادبووندان، لە گرنگترین ئەوە ئاڵوگۆڕانەیش ئاڵوگۆڕی وشە و چەمکی زمانە، لەنێو یەکدا. ئەم ئاڵوگۆڕەش زۆرجاران بەهۆی داهێنان و وەبەرهێنان و هەندێک هۆکاری دیکەوە دێنە کایەوە، بۆ نموونە ئامێرێک لە وڵاتێکدا دروست دەکرێت و داهێنەرانی ئەو ئامێرە ناوێکی لێدەنێن، ئیدی ئەو ئامێرە بەو ناوە دەناسرێتەوە و بڵاودەبێتەوە.

جیهانگیریی زمانیی و بڵاوبوونەوی بەنێو وڵاتانی جیهاندا، پەیوەندی بە پتەوی و دەوڵەمەندی زمانەوە نییە، بەڵکو هەندێک لەو زمانانە پاش بە جیهانی بوونییان دەوڵەمەند و بەهێز دەبن. "ئەگەر قسەکەرانی خۆماڵی و ناوچەیی لە ئاستی نێونەتەوەییدا سەرکەوتنگەلێکی بەرچاویان لە بوارە جۆراجۆرەکانی زانستی، ئەدەبیی، هونەریی و ئابووریی بەدەستبهێنا، زمانەکەش لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانەوە پێشوازی بەرچاوی لێدەکرێت (حوسێن یەعقووبی،٢٠٠٧، ١٠٤)

خۆیەتی، جیا لە زمانەکانی دی. بەدەربڕینێکی دی، زمان بە بنچینەی بیرکردنەوەی مرۆڤ دادەنرێت. بەڵام بیرکردنەوەش دەبێتە بنەمایەک بۆ فۆرمەکانی پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕ (نەوزاد جەمال، ٢٠١٦، ٤)

ڕووە مەترسییەکانی جیهانگیریی لەسەر زمان لەوەوە دەستپێدەکات، کە جیهانگیریی هەوڵدەدات بۆ کاڵکردنەوەی شوناسی ڕۆشبیریی و نەتەوەیی و کارکردن بۆ سڕینەوەی تایبەتمەندییەکان (حەسەن بارام،٢٠١٧، ٩٤)

بێگومان زمانی نەتەوەش بەشێکە لەو شوناس و تایبەتمەندییانەی، کە نەتەوەی پێدەناسرێتەوە. کاریگەرییەکەش، لە ئاستی فەرهەنگ و وشەکانی زماندا زیاتر هەستی پێدەکرێت، چونکە وەکو کاڵا و شتومەک، بەهۆی جیهانگیرییەوە وشەکان لەنێو وڵاتاندا بڵاودەبنەوە، وشە نوێیەکان خێراتر لە ڤایرۆسێک بڵاودەبنەوە و ناتوانرێت بەر بەم لێشاوە بگیرێت، بەڵام دەتوانرێت، لە ڕێگەی وشەڕۆنانەوە تاڕادەیەکی باش ئەم لێشاوە خاو بکرێتەوە. ئەمەش وادەکات، ئاخێوەران زیاتر ئاوڕ لەو وشە جیهانییانە بدەنەوە و وشە ڕەسەنەکانی پشتگوێ بخەن. میللەتان هەندێکجار سەرکەوتوو دەبن لە دۆزینەوەی وشەیەک، بۆ کاڵایەک، یان ئەو پێداویستییە و لە ڕێگەی یاساکانی وشەڕۆنانی زمانەکەیانەوە دەتوانن وشەیەکی بۆ داڕێژن، تاڕادەیەک دەتوانین بەم ڕێگەیەدا تێپەڕین، بەڵام هەنگاوی دووەم سەختە، ئەویش بەکارهێنانی ئەو وشەیە لەلایەن ئاخێوەرانەوە، واتە ڕۆیشتنی وشە، چونکە هەندێک لە ئاخێوەرانی زمان، بە هەر هۆکارێک بێت، قایل نابن بەو وشەوە و لە کاتی ئاخاوتندا وشە بیانییەکە بەکاردەهێنن.

بێگومان ئەو زمانەش، کە زیاتر وشەکانی بەنێو وڵاتانی جیهاندا بڵاودەبێتەوە، زیاتر زمانە جیهانییەکانن، زمانی جیهانیش، زمانێکە لە بوارە زانستییەکان و هەردوو بواری بازرگانی و سیاسەتدا زۆر بەکاردەهێنرێن. ئەم شتەش لەسەر چەند زمانێک پراکتیزە دەبێت، هەرچەندە لە ئاستەکانیاندا تۆزێک جیاوازی هەیە، وەکو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ڕووسی عەرەبی (د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو،٢٠١٦، ٤٣)

> “ بەشێوەکی گشتی، بەکارهێنانی چەمکی جیهانگیریی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ڕابردوو، بە دیاریکراویش پاش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤێتیی ”

**زمانی کوردیی ئەو تایبەتمەندییانەی لە دەستداوە و بووە بەیەکێک لەو زمانانەی، کە جیهانگیریی کاریگەری نەرێنی کردووەتەسەر**

باشترین نموونەش بۆ ئەم پێشوازیکردنە، زمانی ئینگلیزییە، کە لە ئێستەدا باڵی بەسەر هەموو وڵاتانی جیهاندا کێشاوە و وەکو زمانێکی گرنگ و بەهەند سەیر دەکرێت و پاشماوە کاریگەرییەکانی بە نێوچاوانی زۆر زمانەوە دەبنیرێت. زمانە جیهانییەکان، تەنیا کاریگەری بەسەر زمانە ناوچەییەکانەوە بەجێناهێڵن، بەڵکو زۆر زمانی دی هەیە، کە خاوەن ئاخێوەرێکی زۆرە و داد و بێدادیەتی بەدەست جیهانگیریەوە، بۆ نموونە وەکو زمانی عەرەبی، چونکە لە سەردەمی گۆڕانکارییەکان و تەکنۆلۆژیا و جیهانگیریی، زمانی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتیی ڕووبەڕووی ئاستەنگ و سەختییەکان بووەتەوە (د. راضية بن عريبة،٢٠١٦، ٩) سەرچاوەکانی کاریگەریی جیهانگیریی هاوچەرخ لەسەر زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیی، کاریگەرییان ڕاستەوخۆ بووە هۆی ئەو هەلومەرجە مێژووییەی، کە زمانی عەرەبی پێیدا تێپەڕیبوو. سەبارەت بە کاریگەریی جیهانگیریی لەسەر زمانی عەرەبی، زۆربەیان نەرێنین، هەرچەندە هەندێکیان ئەرێنین، یان ئەگەری لە گەیشتنی بە جیهانگیری زمانی عەرەبیی (طلال وسام احمد بكري، ٢٠١٥، ٤٨).

وڵاتە جیهانییەکان، لە ڕێگەی بەجیهانیکردنی زمانەکەیانەوە، توانیویانە کلتوور و ناسنامەی خۆیان لەنێو وڵاتەکاندا بسەپێنن، چونکە جگە لەوەی زمان ناسنامەیە، ناسنامەش لە ڕێگەی زمانەوە، خۆی بەرجەستە دەکات، زمان کەرەستەی دەربڕین و دواندنە، هەڵگری ناسنامەی

دوو کۆمەڵە هۆکار دەبنە پاڵپشتی بۆ ئەوەی زمانێک وەکو زمانێکی جیهانی ڕۆڵبگێڕێت و بەخێرایی لە وڵاتانی تردا بڵاوبێتەوە و سنووری زمانەکانی دی ببەزێنێت، بەشێک لە هۆکارەکان نازمانین، وەکو پێشینەی مێژوویی و ڕۆشنبیریی و کلتووریی و سیاسی و ئابووریی و زانست و تەکنۆلۆژیا و ڕاگەیاندن و حەزوئارەزوو و لە فێربوونی ئەو زمانە و...) هەر کۆمەڵێک لەم بوارەدا سەرکەوتوبێت، ئەوە بەهەمان شێوە زمانەکەی سەرکەوتودەبێت، شانبەشانی بڵاوبونەوەی ئەو بوارانە بڵاودەبێتەوە، بەشێکی دی لە هۆکارەکان، زمانین و پەیوەستن بە خودی زمانەکەوە، وەکو تایبەتمەندی خێرا فێربوون و خۆشەویستی زمانەکە (مهاباد کامیل، پێشکەوت مەجید،٢٠٢١، ١٠٠)

لەڕاستییدا ئەو هۆکارانەی، وادەکەن زمانێک ببێتە زمانێکی جیهانی، زۆربەی هۆکارە نازمانییەکانن، بەتایبەتی تەکنۆلۆژیا و داهێنانەکان. ڕەنگە لێرە بپرسن: وشە نوێیەکان چ پەیوەندییان بە زمانی جیهانییەوە هەیە؟ کە باس لە جیهانگیریی کرا، لەنێو زانستی زماندا، نابێت هەرگیز بابەتی زمانی جیهانی لەبیر بکەین، چونکە ئەو هۆکارانەی ئەو زمانەیان کردووەتە جیهانی کۆمەڵێک هۆکارن پەیوەستن بە جیهانگیرییەوە، بەبێ بوونی جیهانگیریی زمانی جیهانی بوونی نییە، واتە زمانی جیهانی زادەی هەڵکشانەکانی جیهانگیرییە. وشە نوێیەکانیش، کە دەبنە چەمکی زانستی و لە دونیادا بڵاودەبنەوە.

وشە نوێیەکان، لە ئەنجامی چالاکی و گەڕانەکانی مرۆڤدا دروست دەبن. هەندێک لە مرۆڤەکان توانایەکی باشیان هەیە لە داهێنانی ئامێر و کەرەستەی نوێدا و دەتوانن داهێنانێک بکەن، بەوهۆیەوە کەسێک داهێنانێک لە بوارێکدا لە بوارەکانی ژیان دەکات، بۆیە هەندێکجار ئەو کەرەستەی دێتە ئاراوە، بەناوی داهێنەرەکەوە دەکرێت، هەندێکجاریش کەرەستەکەی بەناو ناکرێت و دەکرێتە ناوی کۆمپانیایەک یان گرووپێک (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، ٢٠٠٩، ٤٣٥)


مەرجیش نییە تەنیا لە بواری داهێنان و زانستدا وشەی نوێ لە دایک بێت، زۆرجاران دۆخێکی ڕامیاری، یان کۆمەڵایەتی، یان پزیشکی وا دەخوازێت، وشە و چەمکی نوێی بۆ دابنرێت، بۆ ئەوە پێی بناسرێتەوە. بۆ نموونە وەکو ئینترپۆل، کە»ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی١٩٢٣ بەمەبەستی بەرگریکردن لە تاوان و سووکە تاوانی یاسای گشتی و سزادان و ڕادەستی تاوانباران لە شاری (ڤییەنا) نەمسا دامەرزاوە و ئێستە پتر لە ١٧٦ وڵات بوونەتە ئەندام تێیدا (ئەحمەد شەبانی،٢٠١٠، ٣٧)

کەواتە: لەپێش پەیدابوونی ئەم چەمکە، کۆمەڵە هۆکارێکی یاسایی و سیاسی هەیە، کە ڕێگەخۆشکەر بوون، بۆ پەیدابوونی ئەم چەمکە. ڕەنگە لێرەدا پرسیارێک بێتە پێشەوە: ئایا بە چ پێوەرێک وشەی نوێ بۆ کەرەستە نوێیەکان دادەنرێن؟ دەتوانیین بڵێین: باشترین ڕێگە بۆ هەڵبژاردنی وشەی نوێ بۆ کەرەستە نوێیەکان خوێندنەوەیەکی سەرتاپاگیرە بۆ کەرەستە نوێیەکە، بەپێی ئەو ئەرک و ئامانجەی کەرەستەکە هەیەتی. دەتوانیین ناوێکی پڕبەپێستی، بۆ ئەو کەرەستە هەڵبژێرین، بۆ نموونە ئامێری جلشۆرین ئەرکی شووشتن و پاکردنەوەی جلەکانە، بۆیە لە فەرهەنگدا لە ڕێگەی پرۆسەی لێکدانەوە وشەی (جلشۆر)یان بۆ دروستکردووە. بێجگە لەوەش ئەم ئامێرە ئەرکی دیکەی هەیە، بەڵام ئێمە هەوڵدەدین ئەرکە سەرەکییەکی هەڵبژێرین. ئەو وشە نوێیانە، کە بەرهەمی داهێنان و تەکنۆلۆژیا و بازرگانی و...هتد و دێنە نێو زمانی کوردی و زمانەکانی ترەوە، زۆربەی هەر زۆری بەهۆی جیهانگیرییەوەیە، جیهانگیریی ڕێگەی خۆشکردووە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو وشانە بەنێو جیهاندا، نەک هەرئەمەش بگرە بە جۆرێک پرۆسەکەی خێرا و خێراتر کردووە، هیچ بوارێکی وای نەهێشتووەتەوە، بۆ ڕزگاربوونێکی ڕەها لێی. پاشان هەرچەندە هۆکارەکانی هەڕەشەی سەر زمان جیاوازبن وەکو هۆکاری سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، جوگرافیی، ئەدەبیی، ڕۆشبیریی، تەکنۆلۆژیی، بەڵام دەرئەنجامەکان یەکن، ئەویش جێنوسایدی زمان و لەناوچوون و لەناوبردنی زمانەکانە (د. دارا حەمید محەمەد،٢٠١٧، ٤) ئەگەر هەموو ئەم هۆکارانە کۆبکەینەوە لەنێو یەک هۆکاردا دایان بنێین، ئەوە ناوی دەنێین جیهانگیریی.

> ❝ ئەو هۆکارانەی، وادەکەن زمانێک ببێتە زمانێکی جیهانیی، زۆربەی هۆکارە نازمانییەکانن، بەتایبەتی تەکنۆلۆژیا و داهێنانەکان ❞

# پێداویستییەکانی بەکوردی کردن

## بەکوردی کردنی تابلۆ بە نموونە



تاریق جامباز

هەرکاریێک بتەوێت ئەنجامی بدەیت، پێویستی بە سێ کۆڵەکە هەیە، تاوەکو بە ڕێکوپێکی و لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت، وەک: (پلاندانان، مرۆڤی شیاو لەشوێنی شیاو، دابینکردنی پێداویستییەکان) بەتایبەتی بودجەیەک، کە بەشی ئەنجامدانیان بکات، چونکە تەنیا پێشنیاز و پرۆژە و بڕیار و یاسا بەس نین، بۆیە ئەگەر ئەو سێ مەرجانە جێبەجێ نەکرێن، کارەکە هەروەک مەرەکەبی سەر کاغەز وایە.

پێویستە ئامادەباشی بۆ ڕەخساندنی زەمینەی گونجاو بکرێت تاوەکو بە کردەوە جێبەجێ بکرێ و بەردەوامیش بەدواداچوون و پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، نەوەکوو هەر بە بۆنە و جاروبار و بە لاوەکی باسی لێوە بکرێت، مەبەستم لایەنی ناسنامەی هەر نەتەوەیەکە، کە (زمانەکەیەتی) ئەگەر پێشتر سیاسەتی زمانی نەبووبێت، ناتوانرێت ببێتە بەشێک لە هزری تاکی ئەو نەتەوەیە.

لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٢- ٢٠٢٢) فەرامۆشی و بێباکی و کەمتەرخەمییەکی زۆر لە چوار دەسەڵاتەکە دەبینرێت (گەر جاروباریش لەپڕ بەبیریان هاتبێتەوە) پێویستە زەمینە خۆشکردن ئامادەباشی پێشوەختە هەبووە، تاوەکو بە ڕێکوپێکی جێبەجێی بکرێت لە بەراییدا لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بانگەشی بۆ بکرێت و کۆڕ و کۆبوونەوەی بۆ ساز بکرێ و مامۆستایانی ئایینی لە ڕێگەی بڵندگۆکانی مزگەوتەکان بایەخ و بەهای زمانناسان ڕاڤە بکەن، لایەنەکانی سیاسیی بەهەموو جۆرەکانییەوە، سیاسەتی زمانیان لە پەیڕەو و پڕاگرامیان و لە بەرنامەی هەڵمەتی هەڵبژاردن و کارنامەی حکومەتدا هەبێت، کە تاوەکو ئێستە ناوی (سیاسەتی زمانیان) نەهێناوە، ئەگەر وشە و دەستەواژەی خۆمان نەبێت، دەبێت پەنا بۆ زمانی عەرەبی ببەین کاتی خۆی لە ئێران، ئەگەر وشە، یان دەستەواژەیەکیان نەبوایە، ئەوەی عەرەبیان بەکار دەهێنا و دەیانگوت جاری بەم جۆرە کارەکانمان راهی دەکەین، کە وشەی پڕ بە پێستی خۆمان دۆزیەوە، یان داڕشت، ئەوکاتە هی خۆمان بەکاردەهێنین، دەپرسم لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران کۆبونەوەیەکی تایبەت بۆ سیاسەتی زمان تەرخانکراوە؟ یان لە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی بۆ کراوە؟ دەبێت وشیاری و ڕۆشنبیریی لەم بارەوە لە قۆناغەکانی خوێندنەوە دەست پێبکات.

تاوەکو زمان نەبێتە بەشێک لە هزری تاکی کورد، دژوارە هەر پێشنیاز و پرۆژەیەک، کە ئەم لایەنە دەگرێتەوە، سەر بکەوێت و جێی خۆی بکاتەوە و ئەوانەی سەردانی کوردستان دەکەن بزانن لەسەرتاسەری عێراقدا (زمانی کوردی) هاوتای زمانی عەرەبییە، تا ئێستە هەست بە دەستپێکی ئەنجامدان ناکرێت، ئەگەرچی بۆ ئەنجامدانی، پێویستی بە سێ کۆڵەکە هەیە:

١- پلاندانان: پلانی کورت و ناوەند و درێژ خایەنی بۆ دابنرێت و پێداچوونەوە و بەدواداچوونی لەلایەن لیژنەیەکی هەمیشەیی، کە لە لایەنی پەیوەندیدار پێک بهێنرێت و ئەوانەی ئەندامی لیژنەی سەرەکین پێویستە پسپۆڕی ئەم لایەنە بن و لەم بوارەدا بە لانی کەم دە ساڵ ئەزموونی کردەییان هەبێت و بە خێرایی کەموکورتی و کێماسییەکانی، چارەسەری بە پەلەی بۆ بدۆزنەوە و لیژنەکانی لاوەکی بەردەوام لەکاردابن، لیژنەی سەرەکی لەم لایەنانە پێک بهێنرێت، کە پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتیی کەمتر نەبێت لە: (وەزارەتی شارەوانی، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتی پەروەردە (مامۆستایانی زمانی کوردی) وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (بەشی زمانی کوردی)

"


**ڕێکلامکردن لە میدیاکان بەدوو زمان بێت، کارمەندان لە هەرێمی کوردستان خولی زمانی کوردییان بۆ بکرێتەوە تاوەکو بتوانن قسەی پێ بکەن**

"

ئەندامێک لە هەریەک لە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان، کە زمانزان بن، ئەکادیمیای کوردی، دەستەی گەشتوگوزار)
٢- مرۆڤی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت: نەوەک لایەنیکی سیاسی ئەندامێک، یان خزمی بەرپرسێک دابنێت، بەلکو دەبێت لیژنە سەرەکی و لاوەکیەکان لە پارێزگاکان و قائیمقامەکان و ناحیەکان و شار و گوندەکان و کەسانی پسپۆڕ بن و ئەزموونی کەمتر لە دە ساڵیان نەبێت، لە وەرگێڕان بە کوردی، هەروەها زمانناس و یاساناس و زمانزان بن، بەردەوام سەردان و بەدواداچوون بکەن، لەکاتی پێویستدا بە پلانەکانیاندا بچنەوە، پێویستە لیژنە مەیدانیەکان لە سەرۆکی لیژنەکە و کارمەندی دیکە پێک بێت و پۆلیس یاوەریان بکات و کاغەزی پێراگەیاندن و هۆشداری و پێ بژاردن و داخستنی شوێنەکە (کافتریا و چێشتخانە و هۆتێل و مۆتێل و سوپەرمارکێت و جێی (وەرزشکردن) و مەلەوانی و ئەکوا و دوکان و نووسینگەی کۆمپانیا و پارێزەرایەتی و ئەندازیاری و هەر نووسینگەیەکی دیکە هەبێت و زانکۆکان، جەختیش لەسەر قوتابخانە ئەهلی و تایبەتیەکان بکرێتەوە، بە مەبەستی کردنەوەی کۆرسی زمان فێربوون.
لەشوێنی دەستشۆر و ژوورەکان و مینۆی خواردن و خواردنەوە و پسوولەی وەرگرتنی پارە بەهەردوو زمانی ڕەسمی عێراق، بە عەرەبی و کوردی بێت، بەمەرجێک کوردییەکەی دوو بە قەد عەرەبییەکە بێت، تاوەکو لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش وابکرێت.
ڕێکلامکردن لە میدیاکان بەدوو زمان بێت، کارمەندان لە هەرێمی کوردستان خولی زمانی کوردییان بۆ بکرێتەوە تاوەکو بتوانن قسەی پێ بکەن، تاوەکو خولەکە نەبینن و لە تاقیکردنەوەی زمان دەرنەچن لەهیچ شوێنێ دانەمەزرێندرێن، نابێت چاوپۆشیش لەم شوێنانە بکرێت، لەبەر ئەوەی هی دەسەلاَتدارێکە.
پێشتر پسوولەکان، لەلایەن زمانناس و یاساناسان بکرێنە کوردی و عەرەبی و بەناوی لیژنەی بەکوردی کردن و جێبەجێ کردنی مادەی (٤) لەدەستووری کۆماری عێراق و یاسای زمانە فەرمییەکان لەهەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ چاپ بکرێن و بدرێنە ئەو شوێنانەی ناومان هێنان دواتر سەردان و بەدواداچوونی چڕ و پڕی هەمیشەیی بۆ بکرێت نەک جاروبار لیژنە سەرەکی و لاوەکیەکان (لیژنەی نووسینەوەیان هەبێت بۆ شوێنەکان و زمانناسان لەوێ دەوامی ڕەسمی بکەن و ژووری تایبەتیان هەبێت، گرنگترە ئەگەر هەموارکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان لەهەرێمی کوردستان بکرێ و کۆمسیۆنی زمانە فەرمییەکان زیاتر بکرێ کە چەندین مادە لەخۆ دەگرێ ئەوا لیژنەکان چاکتر و ڕێکوپێکتر دەتوانن کارەکانیان ئەنجام بدەن.
٣- دابینکردنی پێداویستیەکان بەتایبەتی (دارایی و کارگێڕیی) تاوەکو یەکیان لە چاپکردنی پسوولە و سەردانی شوێنەکان بۆ دابینکردنی بەنزین بۆ ماشێنەکانیان و پارەی خواردنیان بۆ تەرخان بکرێت و پاداشت بکرێن، ئەوکاتەش کە زانرا لیژنەکە ناتوانێت بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەستێت، بگۆڕدرێت و لیژنە هەمیشەییەکان کار و پلانەکان جێبەجێ بکەن و لە کاتی پێویستدا پێداچوونەوە بە کارەکاندا بکرێت.
خەڵکانێک هەن، کە بە چاوێکی کەم و نزم و خوارتر لەزمانی باو ڕاهاتوون و کۆسپ و تەگەرە دەخەنە بەردەم لیژنەکان و پەنا دەبەنە بەر واستە و بەڕێ لادان و بەخشیشدان، بە مەبەستی شاردکردنەوە و خاوکردنەوە و سستکردنی پرۆسەکە، بەشێوەیەک زۆرجار پەنا بۆ دەسەلاَتداران دەبەن، بۆیە پێویستە لە ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەلاَتی دادوەری بە توندی پاڵپشتی و پشتگیریی ئەو لیژنانە بکرێت، چونکە ئەگەر وا نەکەن زمانی کوردی پتر فەرامۆش دەکرێت و بە غەمساردی و بێباکی سەیر دەکرێت، ئەوانەی پاشخانیان کوردیی نییە، بە چاوێکی سووک و نامۆ لە پرۆسەکە دەڕوانن، ئەنتی کوردیش هەن دژی زمانی کوردین بەهەموو جۆر و شێوازێک هەوڵی لەباربردنی دەدەن و کوێریان بۆ چاویان دەوێ، نەک پرۆسەکە سەر بکەوێت، بە کوردی کردنی شوێنەکان ماوەیەکی زۆری دەوێت و پشوو درێژی و دووربینی گەرەکە، بە کۆسپ و تەگەرەکانیان نابێت لیژنەکان هەناسەیان سواربێت و تەنگەنەفەس بن.

> خەڵکانێک هەن، کە بە چاوێکی کەم و نزم و خوارتر لەزمانی باو ڕاهاتوون و کۆسپ و تەگەرە دەخەنە بەردەم لیژنەکان و پەنا دەبەنە بەر واستە و بەڕێ لادان و بەخشیشدان

# ناشیرینکردنی بینین



قەرەنی جەمیل

جیاوازی لەنێوان کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و دواکەوتوو گەلێ زۆرە. لەو وڵاتانەی، کە سەدان ساڵە خەریکی بونیادنان و داهێنانن، هەردەم ڕەچاوی لایەنی جوانیی شوێن دەکەن و دیمەنەکانی بەرچاوی مرۆڤ سەرنجراکێش دەکەن، چونکە جوانی لەدروستکردنی شارستانی و شار بنەمای کۆمەڵگەیەکی ڕەسەن و جددییە، کە گرنگی بەژیان و داهاتوو دەدات، مرۆڤ لە کەشوهەوایەک و دەوروبەرێکی خۆش و جوان ژیانی ڕۆژانەی بەسەر دەبات. سیستمێکی ئێستێتیکی زانستیانە بەکاردێنن بۆ دارشتنی ئەو دەوروبەرە و بەردەوامی چێژ وەرگرتن. بۆ بەدیارخستنی جوانییەکان هەمیشە فەزایەکی هارمۆنی لەنێوان ئاسمان و شاردا هەیە.

ئاسەواری مێژوویی شارستانییە کۆنەکان لەشارە پێشکەوتووەکانی ئەوپەڕی مۆدێرنیزم، لەهەموو لایەکدا دیارە و زۆر گرنگی پێدراوە، هیچ شتێک بۆی نییە دایپۆشێت، وەکو تابلۆی پرۆپاگاندە و عاموودی گەورە، هەمووی بەشێوازێکی زانستیانە نۆژەنکراونەتەوە، بەردەوامیش جێگەی سەرنجی گەشتیارانن، ساڵانە بەملیۆنان دۆلار داهاتی هەیە. ئەو هەموو گرنگیدانە بەجوانکاریی وڵات کاریگەری لەسەر جوانیی دابونەریت و شێوازی جلوبەرگ پۆشین و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خەڵکیش هەیە، ئەوە جگە لەپەرەسەندنی ئابووریی و بەرهەمهێنانی مۆدێل و دیزاینی هەمەجۆری نوێ.

ئەگەر هونەرمەندێک بیەوێت لەناوەندی شاردا ڕاستەوخۆ تابلۆیەک بکێشێت، چ بەڕەنگی زەیتی، یان بەڕەنگی ئاوی، ئەوە هیچ بەربەستێکی ناڕەوا و ناشیرین لەپێش ئەو دیمەنەدا نییە، تا سەر لەبینینی هونەرمەندەکە بشێوێنن، بۆیە تابلۆی زۆر نایاب و چێژبەخش بەرهەم دەهێنن، بەڵام لێرە، کە مەبەستی من ئەو بەراوردە (ناڕەوایە)یە لەگەڵ ئەو ناوچەیەی ئێمەدا، بەتایبەتی کوردستان.

بە نموونەش، شاری هەولێر، کە شارێکی زۆر کۆنە، پایتەختی کوردستانی باشوورە و چەندین ئاسەواری دێرینی تێدایە و تائێستەش مێژووەکەی نەزاندراوە، ئینجا دەبینین قەڵات لە هەموو لایەکەوە بە ئەپارتمانی بەرز و بازاڕی زەبەلاح و عامودی بەرز و بێ کەڵک دەوری دراوە، کە بەهیچ شێوەیەک لەدوورەوە نابیندرێت. هیچ شەقامێک، یان کۆڵانێکی ڕێک و جوان لەم شارەدا نییە، جگە لەوەش شارێک تائێستا ئەو هەموو کارەی تێدا کراوە، بەڵام زۆربەی زۆری گەڕەکەکانی، ئاوەڕۆیان



نییە، هەروەک سەردەمی کۆن، کۆڵان و شەقامەکانی پڕن لەجۆگەلەی پیس و بۆگەن، کە هاووڵاتی هەمیشە هەست بەبێزاری و شەرمەزاری دەکات، شار پڕە لەعاموود و تێل و وایەری کارەبا، شوێن هەیە تەنانەت ئاسمانیشی شێواندووە.

ئەگەر هونەرمەندێک بیەوێت تابلۆیەکی زەیتی، یان ئاوی لەنێو شار دروست بکات، بێگومان هیچ دیمەنێکی جوان نادۆزێتەوە تا بتوانێ کارێک بکا جێگای ڕەزامەندیی و چێژی ئێستێتیکیی مرۆڤ بێت.

ئەم شێوە لەدروستکردن و بەڕێوەبردنی شار لەهەموو شارەکانی کوردستان بەگشتی هەمان ستایلی بێ سەروبەرییە، بەداخەوە زۆر هەرەمەکییە، تا ڕادەی بێ بەهایی ئێستێتیکیی (مەقسوود) تەنانەت لادێکانیش لەنێو ئەم سروشتە جوان و پیرۆزە خانووەکان بەبێ هیچ بنەمایەکی ئێستێتیکی بۆ ژیانی مرۆڤ و داهاتووی نەوەکانیان دروست نەکراون، بەڵکو بۆ ئەو ساتە ژیانەی کە قەناعەتی پێ هەیە دروستی کردووە!

بۆچی ناتواندرێت شار جوان بکرێت و ڕێکوپێک و پاکوخاوێن ڕابگیرێت؟ وەک ئەو شارانەی وڵاتانی پێشکەوتوو، خۆ ئەوانیش هەر وەکو ئێمەن، بۆ ئێمە ناشیرین و ئەوان جوان؟ بۆچ لەپێش شوێنەوارە کۆنەکان شاشەیەکی دیعایەی گەورە و چەندان جۆر ئیعلانات و پەرۆی بێ مانا داندراون، کە ڕێگری لەچێژی بینین دەکەن؟ بۆچی ناتوانین ژێرخانی کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ و شێوازێکی دیاری بیناسازیی هاوچەرخمان هەبێت؟ خۆ زۆربەی بەرپرس و کاربەدەستان، وەک سەرۆک وەزیران و هەموو وەزیرەکانمان لەئەوروپا ژیاون و



لەوێ خوێندوویانە، پارێزگارانیش زۆر باش دەزانن وڵاتانی ئەورووپی چ کارێکی گەورە دەکەن؟ ئایا چاو دەپۆشن، یان خۆیان نازانن و هەر ئەوەندەیان لەبارە؟

بۆچی کە پردێک، شۆستەیەک، چیمەنێکی نێو گەڕەکێک، تێکدەچێت و ڕزی دەبێت هیچ ستافێکی تایبەتیی نۆژەنکردنەوە نییە بۆ نوێکردنەوەی؟ بۆچی ئەو هەموو عاموودی کارەبایە لەنێو شار، لەگەڵ هەزاران کێبل و وایەر، بەهەموو لایەکدا بڵاوبۆتەوە و ئاسمانی لێ گرتووین؟


بۆچی ئەو هەموو زبڵ و خاشاکە لەکۆڵان و گۆڕەپان و پارکەکان بڵاوبوونەتەوە و پاک ناکرێنەوە؟ زۆر بەداخەوە مرۆڤی کورد هەردەم کاری لەسەر کەسایەتی خودی خۆی کردووە بێ ئەوەی بیر لەبەرژەوەندی گشتی بکاتەوە و حیساب بۆ بنەمای جەوهەریی نیشتیمان بکاتەوە. ئەوەش لەسەر کەسایەتیی دەزگاکان و بەرپرسانی حکومی ڕەنگی داوەتەوە. هەموو بەرپرس و کاربەدەستان ماڵی جوان و ڕێک بەبەرزترین کوالێتی، لەدەرەوە و ناوەوە دیزاین کراوە، کارەکەر و خزمەتکاریان هەیە، بەڵام شار، شۆستە و شەقامەکانی نارێک و پیسن، ئەو سیفەتە ناشیرینە بەگشتی خەڵکی کوردستان هەیانە، بەتایبەتی ئەوانەی خانووەکانیان مولکی خۆیانە.

بەڕێوەبردنی وڵات و شار تەنیا دانیشتن نییە لەسەر کورسی و پلەوپایەی سیاسی و حکوومی هەبێت، بەتایبەتی شارەوانی و پارێزگا، پێویست بەعەقڵێکی ئێستێتیکیی کراوەی هاوچەرخە، کە زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ شوێنە دیار و گرنگەکانی شار بکرێت، هەروەاش بەگوێرەی شارۆچکە و لادێکان، بەڵام ئەوەی دیارە بەڕاستی شار وێران و ڕزی بووە، جوانی لەهیچ کونجێکی ئەم شارە دیار نییە، هیچ هارمۆنییەک لەنێوان شتەکانی بەرچاوی مرۆڤ نییە، تەنانەت ئەو شێوە بیناکردنی ئەپارتمانی بەرز و سەرنجڕاکێش لەدەرەوەی شار، بێ پلانی داهاتوویی و دوور لەڕوئیای ئێستێتیکی ئەنجامدراون (تاڕادەیەکیش شتێک لەهەڵخەڵەتاندنێکی بازاڕیی تێدایە).

ئەو شێوە و دیمەنانەی نێو شار کە بۆ هونەرمەندی شێوەکار هیچ هارمۆنییەک لەنێوان فۆرم و فیگەرەکاندا نییە، تووشی بێهوودەیی و بێئومێدیی ئێستێتیکی دەکات، چونکە جوانی لەڕێککەوتن و گونجانی هەموو فۆرمەکانی نێو دیمەنەکە پێک دێت، هەروەها هارمۆنی و کۆنتراستیش گرنگی خۆی هەیە لەنێو جوانی دیمەنی نێو شار.

# دیدار

# جەلال بەرزنجی



زۆربەی زۆری نووسەرانی کورد، ئەوانەی ڕەخنە، یان ڕانان دەنووسن سەر بەحزبێکن، منیش نووسەرێکی ئازادم



## جەلال بەرزنجی:

# پێم وانییە ئایدۆلۆژیا لە شیعردا جێی ببێتەوە

جەلال بەرزنجی، سەرنووسەری گۆڤار بووە و کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە، شیعر و ڕۆمان و یادەوەری نووسیوە، دەڵێ لەژیان زۆر بەورد و باریک بوومە و درەنگ بڕیارم داوە، بۆیە کەم شت هەیە لەژیان کردبێتم و لێی پەشیمان بووبم، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لەتەمەنی ٤٥ساڵی وەک خۆی ئاماژەی پێدەکا، خۆی ڕادەستی قاچاخچی دەکا و هەولێر جێدێڵێت و کەنەدا دەکات بەنیشتمانی دووەم و مەنزڵی خۆی.

لەوێوەش دیسانەوە بەگڕوتینەوە تێهەڵدەچێتەوە و دەستدەکاتەوە بەنووسین و چالاکی ڕۆشنبیری، دواجار یەک لەزانکۆ گەورەکانی ئەو وڵاتە دکتۆرای فەخری پێ دەبەخشێت، کە پێشتر دکتۆرای بەچەندین کەسایەتی دیکەی جیهانی بەخشیوە و ئەویش دەچێتە ڕیزی ئەو کەسایەتییە جیهانیانە.

ئەو ئێستا بەسەردانێک گەڕاوەتەوە هەولێر، لەگەڵ ئەوەی باری تەندروستیشی تەواو نەبوو، بەڵام کاتەک بۆ دیوان داوای دیمانەیەکمان لێکرد، بەخۆشحاڵییەوە قبووڵی کرد و وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

**دیمانە: بێکەس حەمە قادر**

**-لەدەستپێکی ژیاندا چەند ڕێگەیەکتان تاقیکردەوە، پاشتر نووسینتان هەڵبژارد، لەنووسینیشدا شیعر، ئەوە چۆن بوو؟ لەو سەردەمەدا فەزای نووسین و نووسەران چۆن بوو؟**

+ سەرەتا ڕێگەی وەرزشم هەڵبژارد، خولیای تۆپی پێ بووم، هەندێک جار ئێواران هەتا خۆراوابوون لەگەڵ هاوڕێ و هاوتەمەنەکانم یاریمان دەکرد. زۆرجار شەوان کە دەخەوتم تۆپێکم لەباوەش بوو. ئەوکات سایزی خێزانەکەمان وەک سایزی زۆربەی خێزانەکانی کوردستان گەورە بوو، لەنێو ئەو قەرەباڵغیە سەعیم پێ نەدەکرا. لەپۆلی پێنجەمی ئامادەیی بووم کتێبخانەی گشتی هەولێرم دۆزیەوە. لەمە بەولاوە بۆ سەعیکردن دەچوومە وێندەر، ئەوەش وەکو بەدی هاتنی خەونەکی خۆشبوو بۆ من!

لەکتێبخانە حەزم چووە خوێندنەوەی کتێبی ئەدەبی، ئەوەش وایکرد لەخوێندنەوەی کتێبی قوتابخانە زوو وەڕس بم، وردەوردە نمرەکانم

دابەزین. من هیچ کۆرسێکی فێربوونی نووسینی ئەدەبیم وەرنەگرتووە، لەخوێندنەوەوە حەزم چووە نووسین! بەشیعر دەستم پێکرد، یەکەم شیعرم بەناوی (گۆڕستانەکی قلیشاوە) لەساڵی ١٩٧١ لەگۆڤاری (چوار چرا) بڵاوکردەوە، کە کۆمەڵێک قوتابی بەهاوکاری مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی، لەئامادەیی کوردسان لەهەولێر دەرمان دەکرد.


ئەوکات ستایلی ڕیالیزمی سۆشیالیستی، شۆڕشگێریی باوبوو. من لەگەڵ کێشەی نەتەوەکەم بووم، بەڵام پێم وانییە ئایدۆلۆژیا لە شیعردا جێی ببێتەوە، بۆیە هەرگیز شیعرم نەکردە قوربانی ئایدۆلۆژیا. بە بۆچوونی من دەبێت نووسەران ئازاد بن لەوەی چۆن بیر دەکەنەوە، ئاوا بنووسن، بەمەرجێک لایەنی هونەری جوانی بەرهەمەکانیان لەبەرچاو بگرن.

**زانکۆی ئەلبێرتا لە کەنەدا کە دکتۆرای فەخری پێ بەخشیم، پێشتر دکتۆرای بە نێلسۆن ماندێلا، دیلی لاما، ماپیلۆتوتو، ڕۆمیۆ دیلێر و دێڤد سوزوکی داوە**

**- لەو سەردەمەدا کێ بوون ئەوانەی کە نووسینەکانیان بۆ تۆ نموونەی باڵا بوون؟**

+ زەحمەتە بتوانم بەتەواوی بگەڕێمەوە بۆ ژینگەی ئەوکات. بیرمە دوای بەیانی ١١ی ئازار بۆ ماوەیەک، کە شوهەوایەکی ئازاد هاتە ئاراوە، بەڵام ژینگەکە لەڕووی سەرچاوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان هەژاربوو، بۆ کتێب کڕین دەچووینە بەغدا، ئەوکات لەهەولێر دوو چاپخانە هەبوون، یەکیان کوردستانی گیو موکریانی و ئەوەی دیکەیشیان سەلاحەدین بوو، هەردووکیان





کۆن بوون، چاپخانەی کوردستان خەریکی چاپکردنەوەی دیوانە کلاسیکییەکانی شیعری کوردی بوو، سەڵاحەدنیش وەسڵی دائیرەکانی چاپ دەکرد، کتێب چاپکردن زەحمەت بوو، بۆ چاپکردنی (سەمای بەفری ئێواران) لەموسڵ چاپخانەیەکم دۆزیـــەوە، نـاوی جمهور بوو، چاپکردنی کتێبەکە نزیکەی شەش مانگی برد. ئەوکات مۆبایل نەبوو، چەندەها جار چوومە چاپخانەکە تا کتێبەکەم چاپ بوو!

من بەخوێندنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی دەستم پێکرد، حەزم لەشیعرەکانی نالی بوو، دوایی هاتمە سەر گۆران و شاعیرانی دوای ئەوە، ئاگاداری بەیانی ڕوانگە و گۆڤاری شیعری یوسف خاڵ و بەیانی شیعری عێراقی بووم، بەڵام بەڕاستی هیچی وایان پێنەدام لەیادم بمێنێتەوە، کەوتمە سەر خوێندنەوەی سەرچاوە ئەسڵییەکەی شیعری نوێ، کە لای من شیعری مۆدێرنی ئەورپییە، چێژم لەستایلی نووسینی شیعری بۆدلێر، ڕامبۆ و سان جۆن پیرس، دوایش ئەزراپاوند و ت.س. ئیلیۆت دەبینی.

**– کاری جددی ئێوە لەنووسینی دیوانی (سەمای بەفری ئێواران)ەوە دەست پێدەکات، لەکاتی دەرچوونی ئەو دیوانە، چۆن لەنێو ناوەندەکانی ڕۆشبیریی کوردیدا پێشوازی لێکرا؟**

+ ئەویش وەک بەرهەم و چالاکییە ئەدەبییەکان و ئەو خەڵاتانەی بردوومنەتەوە لەگۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوکات گرنگی پێویستی پێنەدرا، بەڵام لە لایەکی دی، لای عاشقانی شیعر پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و بەدیوانەکی جیاواز لەستایل و ناوەرۆک لەو دیوانانەی ئەوکات دەردەچوون دانرا. (٣٠٠٠) دانەم لێی چاپکرد، لەماوەی سێ چوار مانگ، لەبازاڕ نەما.

**–دیوانی سەمای بەفری ئێواران، جۆرێک لەسیحری خلود و هەمیشە تازەیی پێوە دیارە، زەمەنێکی زۆر بەسەر چاپکردنی ئەو دیوانەدا تێپەڕیوە، ئێستا کە (جەلال بەرزنجی) کەسێکی زۆر ئەزمووندارتر و جیهاندیدەترە، بەراورد بەو کاتە؛ بۆچوونت لەسەر ئەو دیوانەی ئەوکات چییە و چۆنە؟**

+ لەسەمای بەفری ئێواران، شێوازی وێنەی شیعریم بۆ دەربڕین بەکارهێناوە. وشەکان بەئازادی هەڵقوڵاون، وەک ئەوەی دیمەنە کێوییەکان بگەڕێنمەوە شوێنی ڕاستی خۆیان! بە پوخت و ڕوونی هەستی خۆم دەردەبڕم. لەو دیوانەدا شیعری کورت و گێڕانەوە بەشیعر هەیە، بڕوا ناکەم کەس ئەو ستایلەی شیعری پێش من

**هەرچەندە هەولێر گۆڕاوە و شوێنی زۆربەی یادەوەرییەکانم نەماون، بەڵام ڕەگم لێی بەجێ هێشتووە، کە بۆی دەگەڕێمەوە هەستدەکەم قاچم بە تەواوی عاردی دەگرێت**

تاقی کردبێتەوە.

ئەو دیوانە بوو بە شوناسی شیعریم، هەتا ئەو ساتەش بەشیعری جوانیان دەزانم. ئەو دیوانە لای پسپۆڕانی شیعر لەزانکۆی ئەلبێرتا لەکەنەدا و خوێنەرانی شیعر لە باکووری ئەمریکادا، جێگەی بایەخە!

ساڵی ٢٠١٥ زانکۆی ئەلبێرتا بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی مەشیگان لەئەمریکا بڕیاریاندا هەڵبژاردەیەک لەشیعرەکانم چاپ بکەن، لەهەموو دیوانەکانم؛ «گەرم نەبوونەوە، بارانی ڕەحمەت، یادەوەری کەسەکی بەربا، ناوم بنێن ماڵەوە، بەیەکەوە تەنیاین و هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان»، شیعریان هەڵگرت، بەڵام هیچ شیعرێکیان لەسەما هەڵنەگرت! ئەوەش ڕاستیەکی دیکەیە بۆ بەرز نرخاندنی ئەو دیوانە لەچاوی پسپۆڕانی شیعر لەوڵاتەکی پێشکەوتوو.


**– سەردەمانێک سەرنووسەری گۆڤاری (ڕێبازی نوێ) بوویت، ئایا بۆ ئەدیبێک، ئاوێتەکردنی ڕۆژنامەوانی و ئەدەب سەخت نییە؟**

+ هەڵبەتە سەختە، چونکە پەیامی کاری ڕۆژنامەوانی و شیعر جیاوازن، لەکاری ڕۆژنامەوانی تۆ کار لەسەر پرۆژەکانی خۆت ناکەیت. من لەکاری ڕۆژنامەوانیش هەمیشە بیرم لەئەدەب کردووەتەوە! لەگەڵ ئەوەی ڕێبازی نوێ، گۆڤارەی ناوەندی یەکێتیی نیشیمانیی کوردستان بوو، سیاسیی و پەیامی هوشیارکردنەوەی ئەندامان بوو، بەڵام من لەوێندەریش ئەدەبم فەرامۆش نەکرد، هەمیشە بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیریم دادەنا، لەوێندەر نەمام، ئەگەر نا، دامنابوو لەهەر ژمارەیەک شیعرێک دابنێم. ڕەوشی ئەوکاتی کوردستان جیاوازبوو، بەڵام لەبەر ئەو هۆیانەی ئاماژەم پێدان، جارێکی دیکە کاری ڕۆژنامەوانی ناکەمەوە.

**– ساڵی چەند کوردستانت جێهێشت؟ غوربەت و بارودۆخی سەردەمی جێهێشتنی کوردستان چەندە لەئەدەبیات و نووسینەکانت ڕەنگی داوەتەوە؟**

+ ساڵی ١٩٩٦-١٩٩٧ لەسەردەمی تاریکی شەڕی ناوخۆ، لەتەمەنی ٤٥ ساڵان چارەنووسی خۆم دایە دەست قاچاخچیان، دوای بڕینی سنووری عاردی و ئاوی کێشوەر و وڵاتان، ساڵی ١٩٩٨ گەیشتمە کەنەدا، هەڵبەتە چیرۆکی بەجێهێشتنی زێد و لەدەستدانی ئەوەی هەمبوو لەماوەیەکی کورت و ملدانە گەشتەکی دوورودرێژ و هەستیار و پڕ مەترسی، دەستپێکردنەوەی ژیانی تاراوگە، پانتاییەکی زۆریان لەڕووبەری بەرهەکانم گرتووە.

**– لەکەنەدا وەک لەبەرهەمەکانت دیارە، ئێوە نەک هەر لەنووسینی بەرهەمی ئەدەبی سارد نەبوونەوە بەڵکو گەرمتر لەجاران خەریکی بەرهەمهێنان بوون؛ ئایا ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە عەشق جوگرافیا ناناسێت؟ بۆیە عەشقی ئێوە بۆ ئەدەبیات لەنێو ساردی غوربەت و بەفری کەنەدا بلێسەدارتر بوو؟ دەشمەوێت بپرسم، کە**






**ئاخۆ ستایل و بیرکردنەوە و ڕوانین و بابەتەکانت لە کەنەدا چ گۆڕانکارییەکیان بەسەر داهات بەبەراورد بەنووسینەکانی نیشتمان؟**

+ ڕاستە عەشق جوگرافیا ناناسێت، بەڵام ئەو هەستە بەئاسانی دروست نابێت، ئەزموونی من بەرهەمی شەونخونی، هیلاکی و کۆڵنەدانە. من هەر لەسەرەتای دەستپێکردنم، نووسین خولیا بوون و خۆشەویستی بووە، هەمیشە ئەولەویەتی هەیە و شتەکانی دیکەم کردووەتە قوربانی ئەو! ئەوەش داینەمۆی بەردەوامیمە. هەڵبەتە بڕینی سنوورەکان، ژیانی تاراوگە و ئەو هەموو گەڕانە و گەشتە و خوێندنەوەی ئەدەبی ئینگلیزی لەدەستی یەکەمی گۆڕانکارییەکانن، کە بەسەر بینینم و ستایلی نووسینمدا هاتووە!

پێش کۆچ کردنم بۆ کەنەدا، بەخەیاڵ باسی تاراوگەم دەکرد، وەک لەشیعری مەرحەبا تاراوگە (مەنفا) بەڵام دوای ئەزموونکردنی ژیانی تاراوگە، باسی ناوەڕۆکی تاراوگە دەکەم، چەمکی شتەکانی دیکەیش وەک دووری، ماڵ، گەشت، غەریبی و بوون، لەدیدم گۆڕانیان بەسەردا هات، بەڵام وردبینی، ڕوونی و قوڵی دەربڕین بەکوالیتیەکی باش وەکو جاران لەبەرچاو گیراوە.

**– کاتێک دەستت بۆ نووسینی ڕۆمان برد، هۆکارەکەی هی ئەوە بوو، کە نەتدەتوانی ئەوەی بەڕۆمان دەیڵێی، بەشیعریش هەمان مەبەست و پەیام بگەیەنی؟!**

+ ئەوە پرسیارەکی میلۆن دۆلاریە! شیعر زیاتر دەربڕینی هەستە بەزمانەکی باڵا. من لەشیعر وردەکاری نادەم، چڕ دەنووسم، ماوە بەخوێنەر دەدەم چێژ ببینێت، ڕەنگدانەوەی هەستی لەسەر وێنەکان هەبێت، وەڵامی پرسیارەکان نادەمەوە، بەڵام نووسینی ڕۆمان جیاوازە، گێڕانەوە، یان ژیانەکی دیکەیە، دەبێت وردەکاری و هۆکاری ڕووداوەکان بنووسیت، وەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە، خوێنەر لەگەڵ خۆت ببەیت.

من هەر منداڵییەوە تا مێردمنداڵی و گەورەیی ژیانم بەهێڵەکی ڕاستدا نەڕۆیشووە، بۆ پێشەوە هەنگاوم ناوە، بۆ دواوە گەڕاومەوتەوە، لەتەمەنی ٧ ساڵی ڕژێمی عێراق گوندەکەمان، قوتابخانە و خەونە سەرەتاییەکانی سووتاندم، بەدەست بەتاڵی ڕامان کردە هەولێر، لەساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٨٨ ژیانم لەزیندانە ڕەش و ڕووتەکانی بەعس بەڕێکرد، ساڵی ١٩٩٦-١٩٩٧ لەشەڕ هەڵاتم، بۆ بڕینی سنووری کیشوەران پشتم بەقاچاخچیان بەست، ژیانی تاراوگە و چوونم بۆ بەستەڵەکی باکوور و ژیان لە ٧٠ پلە لەژێر سفر. نامەوێت بێ توانای شیعر لەهێنانە پێشچاوی دیمەنەکان کەم بکەمەوە بەڵام گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانە، دەبێت بەڕۆمان، یان نووسینەوەی یادەوەری بێت.

نزیکەی نیو سەدەیە شیعر دەنووسم، لەبەرئەوە جاری یەکەم ڕۆمان، یان نووسینەوەی یادەوەری ئاسان نەبوو، بەڵام لەگەڵ نووسین و تێپەڕبوونی کات ڕاهاتم.

**– کۆی بەرهەکانی ئێوە لەکوردستاندا چاپکراون، بەڵام تاکو ئێستا هیچ بایەخێکی ئاوای پێ نەدرایە، کە جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردن بێت؟ ئێوە ئەمە بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

+ زۆربەی زۆری نووسەرانی کورد و ئەوانەی

**یەکەم شیعرم بەناوی (گۆڕستانەکی قڵیشاوە) لەساڵی 1971 لەگۆڤاری (چوار چرا) بڵاوکردەوە**

ڕەخنە، یان ڕانان دەنووسن سەر بەحزبێکن، منیش نووسەرەکی ئازادم، من چیرۆکی نەتەوەکەم بەدیدەکی مرۆڤدۆستانە دەگێڕمەوە، بۆیە پشتگیریم لەنێو میدیای حزبەکانی کوردستان نییە، ڕەنگە ئەوانە هەندێک بن لەهۆکارەکان، کە جێگەی داخە، بەڵام لەهەمانکاتدا کێشەیەک نییە و لەگەڵی ڕاهاتووم. لەدەرەوە، لەوڵاتی دووەمم، تۆڵەیان بۆم کردووەتەوە!

**– دوای جێهێشتنی کوردستان، هەوڵە ئەدەبیەکانی دوای خۆت چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ کێن ئەو ناوانەی کە دەیانخوێنیتەوە؟**

+ لەبەر ئەوەی ٢٧ ساڵە لەکوردستاندا دوورم، زۆر لەنزیکەوە ئەو ئەزموونانە نابینم، بەڵام زۆرجار کە دێمەوەو دیوانەکانیانم پێشکەش دەکەن، وەکو بەڕێزت پێش چەند ساڵێک دیوانە نوێیەکەت پێشکەش کردم، یان هەندێک شیعر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەبینم، شتی جوانن، دەیانخوێنمەوە. لەبەر ئەوەی لە بیرهاتنەوەی ناو زۆر خراپم، دەترسم ناوی یەکێک لەبیر بکەم، بۆیە داوای لێبووردن دەکەم، کە لەو بەشەی پرسیارەکە باز دەدەم!

**– لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی سۆسیال میدیا لەسەر ئەدەبیات و نووسین چۆن دەبینی؟**


+ لایەنی پۆزەتیڤی سۆشیال میدیا، ئەو سەکۆیە (پلاتفۆرمە) ئەوەیە، کە دەتوانین زۆر بەخێرایی زانیاری وەربگرین و بەرهەمەکانمان لەئاستەکی بەرفراوان بگەیەنینە خوێنەران و بینەران، لەم سەر بۆ ئەو سەری دونیا، لایەنی نەگەتیڤیشی ئەوەیە، کە وادەکات زۆرجار بەخێرایی و بێ بیرکردنەوە و ڕامان، بەڕووکەشی بنووسین! ئەوەش وادەکات کوالیتی نووسینەکانمان باش نەبن.

**– هەندەی تێبینیم کردبێت سۆزێکی سەیرت بۆ نیشتمان هەیە، وەک مەلێ، کە بۆ لانەکەی خۆی هەیەتی؛ تۆش نیشتمان بەماڵی یەکەم و ئەخیرت دەزانیت، ئەوە لەدیوانی (هەمیشە لێرە.. هەمیشە لەماڵەوە)دا بەڕۆشنی دیارە، ئەگەر لەدیدگایەکی شاعیرانەوە تەماشا بکەین؛ پەیوەستبوون بەزادگە و شوێنزا چی دەگەیەنێت؟**

+ لەبەرئەوەی ماڵی یەکەمم نیشتمانە، لەو شوێنە یەکەمجار هەوام لێی هەڵمژیوە، قاچم لەسەری عاردی خۆی گرتووە، یەکەم یادەوەریم لێی داناوە، ئەوانە بەشێکە لەیادەوەریم هەرگیز ناسڕێنەوە و بۆ هەر کوێندەر بچم هەتا سەر مەریخیش لە گەڵمن، بەڵام ئەوە مانای وانییە بەتەنیا لەسەر نوستالیژیا بژیم.

ماڵ یان زێد پانتایەکی زۆری لەئەدەبدا گرتووە، جەلالەدینی ڕۆمی لەسەدەی سێزدە و هەڵگری خەڵاتی نۆبل بۆ شیعر (ت.س ئیلیۆت) لەسەدەی بیست باسی ئەو سۆزەیان کردووە.

**– زمانی نووسینت سادەیە، بەڵام پڕە لەقوڵایی، ستایلەک هەیە ئاوی نێو ڕستەکانیان شێلو دەکەن تا خوێنەر قوڵی ببینێ، پێتوایە جیاوازییەکی زۆر**



**لەنێوان شەفافی قوڵ و ئاڵۆزی دەستکردا هەیە؟**

+ «ئاوی نێو ڕستەکانیان شێلو دەکەن» ڕستەکی جوانە. لەدیوانی «گەرم نەبوونەوە» نەبێت، بۆ دەربازبوون لە سانسۆر لەهەندێک شیعر، ڕەمز و ڕستەی ئاوێتەم بەکارهێناوە ئەگەر نا، من هەر لەسەرەتای دەستپێکردنم تا ئێستە، هەوڵمداوە ڕوون و قوڵ بنووسم، چونکە لەنێو ئاوی شێلو قووڵایی دیار نابێت!

**– ئەو دکتۆرایە فەخریەی لەکەنەدا بەئێوە بەخشرا، ئەمە لەسەر چ پێوەر و بنەمایێک بوو؟ ئایا ئەو زانکۆیەی دکتۆراکەی بەئێوە دا، پێشتر بەکەسی دیکەی داوە؟**

+ لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانم و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانم دکتۆراکەم پێدراوە، کەوا کاریگەری جوانیان هەبووە و سنووری وڵاتانیان بڕیوە، هەروەها داکۆکیکردنم لەئازادی نووسین و

## لە تەمەنی (٤٥)ساڵی، چارەنووسی خۆم دایە دەست قاچاخچیان

ڕادەربڕین. بەڵێ زانکۆی ئەلبێرتا لە کەنەدا، پێشتر ئەو بڕوانامەی داوە بەچەندەها نووسەر و کەسایەتی دیاری جیهانی لەوانە: نێلسۆن ماندێلا، دیلی لاما، ماپیلۆتوتو، ڕۆمیۆ دیلێر و دێڤد سوزوکی.

**– نەوەی ئێوە بەشیعر دەستتان بەنووسین کرد، بەڵام نەوەی ئێستە بەرۆمان دەست پێدەکەن، بە بۆچوونی ئێوە هۆکاری ئەمە چییە؟**

+ ئەوە پەیوەندی بەقۆناغەکە و ژیان و ئەزموونی نووسەرەکەوە هەیە. بە ڕای من گرنگ نییە بەچ ژانرێک دەست پێدەکەی، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چۆن دەستپێدەکەی، چەندە لەهونەری نووسینی ئەو ژانرە گەیشتووی و چۆن دەنووسی؟ بەڵام نابێت ئەوەش لەبیر بکەین زمان و بینینی شیعریانە، هۆکارەکی سەرەکی جوان نووسینن. ڕۆمان هونەرەکی ورد و قورسە، ستایلی جیاوازە لەگەڵ شیعر، بۆ نووسینی، یان دەبێت ئەزموونی زۆر جۆر ژیانت کردبێت، وەک (ئارنست هیمنگوای) یان ڕۆشنبیری و خەیاڵەکی زۆر فراوانت هەبێت و پشتی پێ ببەستیت، وەک (مارسێل پرۆست) و (جیمس جۆیس).

ڕۆژانە لەدونیادا بەسەدان ڕۆمان بڵاودەبنەوە، بەڵام ئەوانەی دەبنە پڕفرۆش و لای خوێنەران پەسند دەکرێن، لەپەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن. هیوادارم دەستپێکردنی نەوەی ئێستە بەڕۆمان لەئەزموون و دەوڵەمەندی ژیان و خەیاڵ هاتبێت، نەک چاو لێککردن.

**– لەژیاندا لەچ شتێک پەشیمانی؟**

+ من کەسەکی بەلێکدانەوەم، زۆرجار دووربینم، بەزۆری پێش ئەوەی کارەک بکەم دەرئەنجامەکەی دێنمە بەرچاوم، بۆیە پەشیمانی زۆرگەورە لەژیانمدا نابینم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێک لەو کار و پەیوەندییانە پەشیمانم کە کاتیان لێ بە فیڕۆ داوم.

**– حەنینت بۆ هەولێر وەک خۆر لەنێو هەنی، لەنێو شیعرەکانتدا دەدرەوشێتەوە؟**

+ هەر چەندە هەولێر گۆڕاوە و شوێنی زۆربەی یادەوەرییەکانم نەماون، ئینتمای منیش بۆ شوێنەکانی ئەو کاتانەیە، بەڵام چونکە سێ بەشی ژیانم لەهەولێر بەڕێکردووە و ڕەگم لێی بەجێ هێشتووە، کە بۆی دەگەڕێمەوە هەستدەکەم قاچم بەتەواوی عاردی دەگرێت، لەهەموو شوێنەک زیاتر بیر لەهەولێر دەکەمەوە، هەتا ئێستەش بەماڵی یەکەمم دەزانم.

**– خێزان و منداڵەکانت چەندە هاوکارت بوونە لەکاری نووسیندا؟**

+ لەگەشتی نووسین و گەشتی هەستیاری دوورودرێژی بڕینی سنوورەکان، سەباحەتی خێزانم، ئێوار، نیگا، کچم و جوامێری کوڕم، هەمیشە پشتیوان و هاوکارم بووینە و خۆشم دەوێن.

**– هیچ پڕۆژەیەکی نوێتان لەبەر دەستە کە بۆ داهاتوو ئیشی لەسەر بکەن؟**

+ بەڵێ، پڕۆژەی داهاتووم ئیشکردنە لەسەر ڕۆمانێک و کۆمەڵە شیعرێکی نوێم.

# هونەر

- **هونەری پۆرتریێت و تارا خەلیل**

تاریق کارێزی

- **مۆنۆدرامای نوکتەچی لە فۆرمێکی گرۆتێسکییدا**

حەمەسوار عەزیز

- **سروودی ئەی رەقیب لە تای تەرازوودا (بەشی چوارەم و کۆتایی)**

ئەسعەد قەرەداخی

- **فیلمی دیکۆمێنتاری لە کوردستان .. هونەرێکی فەرامۆشکراو**

ستار محەمەدئەمین



# هونەری پۆرترێت و

# تارا خەلیل

تاریق کارێزی

لە لای هونەرمەندانی شێوەکار، زاراوەی پۆرترێت بە ڕێنووسی کوردیی لاتینی (portrete) واتاکەی ڕوونــە، بــەڵام بۆ کەسانی دەرەوەی بازنەی هونەری شێوەکاری، بۆ حاڵی بوون لەم زاراوەیە پێویستە بڵێین، ئەم زاراوەیە لە زمانی فەرەنسییەوە پەڕیوەتە نێو هەموو زمانانەکانی دنیا. بە فەرەنسی (Portrait) بە ئینگلیزی (portraiture) واتە هونەری کێشانی وێنەی کەس چ بە تابلۆ، یان پەیکەر، یان هێڵکاری، یان دیواربەند، یان وێنەی فۆتۆگراف، بەو مەرجەی ڕووکار و ڕوخساری پێشەوەی کەسەکە بکێشرێت، ڕوونتر بڵێین، دەموچاوی کەسەکە بڕوانێتە بینەرەکەی. هونەری پۆرترێت دێرینە، لە بەشی هەرە زۆری شارستانیەتەکانی بەرەی مرۆڤایەتیدا، هونەری پۆرترێت ئامادەیە. کەسایەتیی پاشا، سەرکردە، پیاوانی هەڵکەوتووی بواری زانین و زانست و ئایین، کەسانی خۆشەویست و ناسراوی نێو خەڵک، هەر کەسێک کە مایەی سەرنج بێت بۆ هونەرمەند، لە لای نەتەوە و وڵاتانی شارستاندا کراوەتە پۆرترێت، بە شێوەیەک لە شێوەکان پۆرترێتی بۆ کێشراوە.



هونەری پۆرترێت سیمای کەس دەخاتە ڕوو، شکۆ و سام و هەیبەتی پێ دەبەخشێت، لەنێو جڤاک و وڵاتی خۆیدا دەیکاتە کەسێکی نەمر، تەنانەت لەنێو تەواوی مرۆڤایەتیشدا، جۆرێک لە مانەوە و ناوبانگ و نەمرییەکی کاتیی پێ دەبەخشێت. لێرەوە گرنگیی هونەری پۆرترێت دەردەکەوێت.

تابلۆ و وێنەی مۆنالیزا بەرهەمی گەورە نیگارکێشی ئیتاڵیا لیۆناردۆ داڤینشی، پۆرترێتێکە بە درێژایی چەندین سەدە، بووە بە ئەفسانەیەکی هونەری نیگار. نیگارکێشی فەرەنسی پول سیزان (١٨٣٩–١٩٠٦) پێی وایە «ترۆپکی هەرە بەرزی هونەر لە کێشانی وێنەی ڕوخسار و ڕووی مرۆڤدایە» وردەکاریی لە هونەری نیگاردا، بە گوتەی ئەو

گەورە نیگارکێشە، خۆی لە کێشانی وێنەی ڕووی مرۆڤدا دەنوێنێت. فیرعەونی باوەڕیان بە ژیانەوەی دوا مردن هەبوو، بۆیە لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زایینەوە، پۆرتریێتیان بۆ پاشا و کەسانی گرنگ و شکۆداری وڵاتەکەیان کێشاوە یان بە دیواربەند ئەوانیان بەرجەستە کردوون.

سەرەتای سەردەمی ڕێنیسانس لە ئەوروپا، لە سەدەی شازدەمدا، ڕیزبەندییەک بۆ بابەتەکانی هونەری پەیکەر و نیگار دەست نیشان کرا، بابەتی ئایین و ئەفسانە لە پلەی یەکەمدا هاتن، دوای ئەوان پۆرترێت هات، ئینجا دیمەنی ژیانی ڕۆژانە، سروشت، ئاژەڵ و گیانداران، پاشان ستیلاف (بابەتی بێ گیان) هەموو ئەمانە لە ڕووی گرنگییەوە بە گوێرەی ئەو ڕیزبەندییەی گوتمان، دوا بە دوای یەک دەهاتن. ئەم ڕیزبەندییە تا سەدەی نۆزدەم بڕی کرد، لەسەر ئەو بنەمایەش دامەزراوە، کە هونەرمەند بە گوێرەی ڕیزبەندییەکە، بۆ بەجێ گەیاندنی بەرهەمێکی هونەر، تا چەند زەین و بیری دەخاتە کار. هەرچەندی بەرهەمی هونەر، زیاتر وەگەڕ خستنی بیر و زەینی بوێت، لە ڕیزبەندییەکەدا دێتە پێش، دەشبینین پۆرترێت لە پلەی دووەمی ڕیزبەندییەکەدا هاتووە. ئەمەش دەری دەخات، هونەری پۆرترێت ئەرکێکی زۆری زەین و بیری دەوێت.


هونەری پۆرترێت تەنیا ڕواڵەتی کەس ناگوازێتەوە، تەنیا شێوە و سیمای بەرجەستە ناکات، بەڵکو قووڵتر ڕۆ دەچێتە نێو وردەکاریی توخم و ڕەگەزەکانی پێکهاتەی کەسایەتیی کەسەکەوە، بە ناخی کەسایەتیی ئەودا دەچێتە خوارێ، گوزارشت لە پێگە و ژینگە و جۆر و باری دەروون و گەلێک لایەنی دیکەی ئەو دەکات.

پۆرترێت دەروازەیەکە هونەرمەند لە ڕێی ئەوەوە، بە چڕی کەسایەتیی کەسمان پێ دەناسێنێت. بۆیە هەر هونەرمەندێک بەر لەوەی بڕیار بدات پۆرترێتێک بکات، پێشتر بە قووڵی بە کەسایەتییەکە ئاشنا بووە، پێی سەرسام و ئەڵها بووە، بۆیە هەوڵ دەدات لە ڕێی دەسەڵاتی هونەرەوە، جۆرێک لە مانەوە و نەمری بەو کەسە بدات.

دەموچاوی مرۆڤ ئەندازەیەکی سیحراوییە. ڕازی خوداوەندە بە جین سپێردراوە، تەلیسمی گەڕ و گەردانی جین ئەوەی کردووە بە یاسا و ڕێسا، نەبووە و نابینین شێوە و ئەندازەی دوو دەموچاو چون یەک بن. بە ملیار مرۆڤ هەن و کەس بە کەس ناچێت، هەر هەمووشیان ملکەچی یاسای ئەندازەی پێکهاتەی دەموچاون، هەر هەموویان وابەستەی ڕیتمی دابەش بوونێکن، کە سیحر و جوانییەک لە سیمای مرۆڤدا بەرجەستە دەکات. پۆرترێت زۆر بە چڕی کەسایەتی گەڵاڵە دەکات، چەشنی نیگار و قەڵەمکێشییەکی خێرا، یان وێنەیەکی فۆتۆگراف نییە، ئەمانە هەموو لە سیحری هونەر بەدەرن، پۆرترێت ئەو ڕازەی گرتووەتە ئەستۆ، کە کەسایەتیی کەسێکت بۆ دەخاتە ڕوو. هونەرمەندیش تا نەکەوێتە بەر کاریگەریی کاریزمایانەی کەسەکەوە، ناتوانێت پۆرترێتی بۆ بکات.



**“ تارا خەلیل لە ژینگەی خۆیەوە، لە ژینگەی کوردەواریی کەرکووکەوە مۆدێلی پۆرتریێتەکانی هەڵبژاردووە ”**



له هەموو شارستانیەتێکدا هونەری پۆرترێت ئامادەیە، سەرچاوەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەس و کاریزمای کەسایەتی ڕۆڵی کاریگەریان لە مێژوودا هەبووە، ئەوان بوون بە سەرمەشقی گەشەکردن و پێشکەوتن و بەرەو پێش چوونی ڕەوڕەوەی شارستانیەت و ژیار، ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی پۆرترێت ئافەرین و ستایش بکرێت. لە مێژووی دووچۆمان (میزۆپۆتامیا) کوردستان، میسر، هیندستان و چین، لە لای گەلانی ئەفریقا و هیندی سووریش، هونەری پۆرترێت ئامادە بووە، هەبووە و خۆی نواندووە. لە هەزارەی یەکەمدا هونەری پۆرترێت، بەتایبەتی پەیکەر پۆرترێت بە ترۆپک دەگات. پەیکەرتاشانی گریک لە کاردا ئازاد بوون، ئازادی شامەرجی هونەرە، بۆیە ئەوان لە سایەی ئەو ئازادییەدا، پۆرترێتی پاشا و میر، فەیلەسووف و نووسەر، بیرمەند و شاعیرانیان دروست کرد. لە بەرجەستە کردندا زۆر بە قووڵی وابەستەی وردەکاری بوون، ئەمەش نەمری و شکۆی بە بەرهەمی دانسقەی هونەر و شارستانیەتی گریک بەخشی.

هەندێک ژێدەر، سەرەتای هونەری پۆرترێت بۆ ماوەی نێوان هەردوو سەدەی یەکەم و سێیەمی زایین دەگێڕنەوە، لەوکاتەدا گریک و ڕۆم حوکمڕانی میسریش بوون، لە ناوچەی فەییووم لە میسر ٩٠٠ تابلۆ پۆرترێتی کەسانێکی مردوو دۆزرانەوە، پۆرترێتەکان لەسەر تابووت کێشرا بوون. ئەو ژێدەرانە بەرەو ئەوە دەچن، کە تابلۆ پۆرترێتەکانی فەییووم بوون بە بنەمایەک بۆ هونەری بیزانس، ئەو هونەرەی بایەخی زۆری بە پۆرترێت دەدا، لەوێشەوە (لە هونەری بیزانسەوە) ئەو هونەرە بە میرات بۆ هونەری سەردەمی ڕێنیسانس مایەوە، ئەمیش بوو بە بنەما بۆ هونەری وڵاتانی ئەوروپا (ڕۆژاوا) ئەمانیش وەکو سەرقافڵەی شارستانیەتی سەردەم، بنەماکانی خوێندنی ئەکادیمییان دارشت، لەمەشدا پشتیان بە میراتێکی گەورەی هونەری شێوەکاری بەست، کە ئێستا لەنێو مۆزەخانەکانی هونەردان لە وڵاتانی ئەوروپا و چەندین وڵاتی دیکەی جیهاندا.

لەوە زیاتر لە بارەی پەیدابوون و گەشە و مێژووی هونەری پۆرترێت قسە ناکەین، دێینە سەر ئەزموونی هونەرمەندێکی کوردستان لە بواری هونەری پۆرترێتدا.

**ئەزموونی تارا خەلیل**

تارا خەلیل یەکێکە لە هونەرمەندانی دیاری شاری کەرکووک. بەکالۆریۆسی لە پەروەردەی هونەردا بەدەست هێناوە، لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کەرکووکدا مامۆستایە. دوای ئەزموونێکی باش لەگەڵ دنیای ڕەنگ و شێوەدا، لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا دەستی داوەتە پۆرترێت کێشان. بە چەندین شێواز و کەرەستەی هەمەجۆر هەوڵی داوە پۆرترێت بکێشێت و زۆری کێشاوە، بەرهەمەکانی لە ڕێی سۆشیال میدیاوە بۆ هەوادارنی هونەر دەخاتە ڕوو. تارا خەلیل پۆرترێتی هێڵکاریی هەیە، پۆرترێتی ڕۆن ڕەنگی هەیە، پۆرترێتی ئاوڕەنگی هەیە. ئەو پتر خولیای کێشانی پۆرترێتە بە ئاوڕەنگ، لەم چەشنە

پۆرتریتەشدا شارەزایی و کارامەییەکی باش دەنوێنێت. کەسێک شارەزای هونەری نیگار بێت، ئەوەی لە لا ڕوونە، کار کردن بە ئاوڕەنگ فرە هەستیارە، ئاستێکی بەرزی کارامەیی دەخوازێت. چەوت وەشاندنی یەک فڵچە بۆی هەیە تابلۆ بشێوێنێت و بەتاڵی بکاتەوە.

بەوەی بەشی هەرە زۆری پۆرتریتەکانی تارا بە ئاوڕەنگ کێشاونی، ئەمە دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێت.

بە دیوێکدا، خولیای قووڵی ئەو بۆ هونەری پۆرتریت دەخاتە ڕوو، بە دیوێکی دیکەشدا ئەوەمان پێ دەڵێت، تارای هونەرمەند لە بەکاربردنی ئاوڕەنگدا دەسەڵات و کارامەیی بەدەست هێناوە. ئەگەر ئەوەشی بخەینە پاڵ، کە ئاوڕەنگ ئەگەر زەحمەت دێتە دەست، تەنانەت وەشاندنی یەک فڵچەی چەوت و دانانی یەک پنتە ڕەنگی هەڵە قبووڵ ناکات، بەڵام خەسڵەتی ئەوەشی هەیە کە تابلۆ لە ماوەیەکی کەمدا بەرجەستە دەبێت، بەرهەمی نیگاری ئاوڕەنگ هێندە کات نابات، هێندەی بڵێی یەک و دوو، تابلۆ خۆی بە دەستەوە دەدات و بە ئاکام دەگات. ئەمەش بۆ خۆی هاندەرێکی باشە، بەوەی نیگارکێش ئەگەر بخوازێت لە ماوەیەکی کەمدا دەتوانێت تابلۆ بەرجەستە بکات. خەسڵەتێکی دیکەی ئاوڕەنگ زوو وشک بوونەوەیەتی. هەر بەدەم وشاندنی فڵچەوە، ڕەنگ وشک دەبێتەوە و بە ڕووبەرەوە دەنووسێت و جێگیر دەبێت. بۆ نیگارکێشێک، کە کاتی زۆری نەبێت بۆ نیگار، ئاوڕەنگ بەدەم خواستییەوە دێت، ئەو بە سایەی ئەم جۆرە ڕەنگەوە دەتوانێت لە ماوەیەکی کورتدا تابلۆ تەواو بکات.

پۆرتریت هونەری گواستنەوەی ڕواڵەتی وێنەی کەسێکە بۆ سەر ڕووبەری تابلۆ یان بەرجەستەکردنی بە ماتریاڵی ڕەق وەکو پەیکەر. کامیرا و وێنەی فۆتۆگراف بۆمانی ئاشکرا دەکات، هیچ دوو وێنەی مرۆڤێک چون یەک نابن، تەنانەت ئەگەر ئەو دوو وێنەیە بە چرکە دوا بە دوای یەکیش گیرا بن. لێرەدا هونەرمەند لە بەردەم زنجیرەیەکی بێ کۆتای وێنەی کەسە، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە تا تەمەنی ساتەوەختی بڕیاردانی دروستکردنی پۆرتریتەکە. هونەرمەند کام گرتەی وێنەی کەسەکە دەکاتە بنەمای

**هونەری پۆرتریت تەنیا ڕواڵەتی کەس ناگوازێتەوە، تەنیا شێوە و سیمای بەرجەستە ناکات، بەڵکوو قووڵتر ڕۆدەچێتە نێو وردەکاریی توخم و ڕەگەزەکانی پێکهاتەی کەسایەتیی کەسەکەوە**

پۆرتریتەکەی؟ ئیدی وێنەی کەسەکە فۆتۆگراف بێت، یان لە زەینی نیگارکێشدا خۆی بنوێنێت، یان وەک مۆدێل ڕۆنیشت بێت. پێم وانییە نە تارای نیگارکێش و نە هیچ هونەرمەندێکی دیکە، بیری بە لای ئەم پرسیارەدا چوو بێت. هونەرمەند خۆڕسکانە خولیای وێنەیەکی کەسەکە دەبێت، لە چرکەساتێکدا وێنەی کەس لە لای هونەرمەند



و کڕیاری هونەردا نییە. گرنگتر لە هەر شتێش ئەوەیە، تارا خەلیل لە ژینگەی خۆیەوە، لە ژینگەی کوردەواریی کەرکووکەوە مۆدێلی پۆرترێتەکانی هەڵبژاردووە. هەر ئەمەشە ڕێی بۆ ئەوە خۆش کردووە، پۆرترێتەکانی ئەو دەکرێت ببنە مۆدێل بۆ گەلێک نموونە لە مرۆڤی کوردستانی، بە تایبەتی سیمای مرۆڤی کوردستانی لە دەڤەری کەرکووک و گەرمیان. ئەو هەر لەو بازنەیەدا نەسووڕاوەتەوە، بەڵکوو زۆر جار پۆرترێتی بۆ گەلێک کەسایەتی کێشاوە کە بە لای ئەوەوە کاریگەر بوون، کەسانێک بوون شایستە بەوە دیون، هونەر و شارەزایی خۆی بخاتە خزمەتیان و پۆرترێتیان بۆ بکێشێت.

قسەیەک من لێرەدا بە گرنگی دەزانم بیکەم، تارای نیگارکێش لە هونەری پۆرترێتدا شارەزایی و کارامەییەکی باشی بەدەست هێناوە. پۆرترێت و تابلۆکانی هی ئەوەن لەنێو مۆزەخانەی هونەردا جێی خۆیان بگرن. پەیوەست بەم ڕاستییەش زۆر پێویستە تارا بیر لەوە بکاتەوە، پۆرترێت بە جۆرە کەرەستەیەک بکێشێت، بەرگەی مانەوە و خۆڕاگرتنی هەبێت هەمبەر بە زەبری زەمان و گۆڕانی کەش و هەوا و ڕەگەزەکانی دیکەی ژینگە.





دەبێتە بابەت، ئەویش دەست بۆ کەرەستەی نیگار دەبات. پاشان هەر ئەو پۆرترێتەی هونەرمەند بۆ کەسی دەکێشێت، وەک وێنە ناسنامەی کەسەکە لە لای هەمووان و لە زەینی هەر کەسێکدا جێگیر دەبێت. کەس مۆنالیزای نەبینیوە، بەڵام هەر هەمووشمان باوەڕمان وایە مۆنالیزا ئەوەیە کە لیۆناردۆ داڤینشی کێشاویەتی. زنجیرەیەک لە شاعیرانی کلاسیکی کورد، ئەگەرچی کەس ئەوانی نەدیوە، وێنەشیان لە هیچ شوێنێکی کوردستان و جیهاندا دەست ناکەوێت، بەدیع باباجانی بلیمەت بە پۆرترێتەکانی وێنەی ئەو زنجیرە شاعیرە کلاسیکەی کوردی لە زەینی ئێمەدا چەسپاندووە.

بێینەوە لای تارا خەلیلی نیگارکێش. ئەو بە هەر شێوەیەکی پۆرترێت بکێشێت، واتە ڕاستەوخۆ لە مۆدێلی کەسەکەوە بێت، یان پشت بە وێنەی کەسەکە ببەستێت یان بە گوێرەی ئەوەی لە زەین و خەیاڵی خۆیدایە، ئێمە پۆرترێتەکانی ئەو وەک ناسنامە و تەنیا وێنەی خاوەنەکانیان دەزانین، بێ لەوە هیچ بژاردەیەکی دیکە لە بەردەم ئێمەی بینەر



# مۆنۆدرامای نوکتەچی
# لە فۆرمێکی گرۆتێسکیدا



**حەمەسوار عەزیز**

لە نووسینی عەلی عەبدولنەبی زەیدی و دەرهێنان و نواندنی (مەریوان زەنگەنە) مۆنۆدرامای نوکتەچی لە شاری سلێمانی لەسەر شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی لە ڕۆژانی ١٤-٢٠٢٣/١/١٥ پێشکەشکرا، پێشتریش ئەم نمایشە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە هەردوو شاری کەرکوک و دەربەندیخان نمایش کرابوو.
بە گەڕانەوە بۆ بابەتی تێکستەکە دەردەکەوێت، ئەو تێکستە یەکێکە لەو تێکستانەی لەسەردەمی کۆڕۆنا نووسراوە، بەڵام نووسەر زۆر زیرەکانە بەراوردێک لەنێوان مەترسی کۆڕۆنا و ئەو مەترسییانە دەکات، کە لە واقیعیدا بەریدەکەوین. دەردەکەوێت ئەو مەترسییەی کۆڕۆنا، کە لە دەرەوەی ماڵ هەڕەشەمان لێدەکات، زۆر سادە و دۆستانەیە، بە بەراوورد بەو مەترسییانەی لەنێو ماڵەوە بەرمان دەکەون، بێگومان لێرەدا ماڵ هاوتاکراوە بەو واقیعەی، کە مرۆڤی عێراقی تیایدا گیری خواردووە و ناتوانێت لێی دەرباز بێت و تیایدا هەست بە دڵنیاییەکی ساختە دەکات.
شێوازی داڕشتنی ئەم تێکستە لەسەر گرۆتێسک (ئەوەی کە پێی دەڵێن کۆمیدیای ڕەش) بونیادنراوە، نووسەر لە ڕێگەی کارەکتەری نوکتەچی و (نوکتە)وە، کە یەکێکە لە گرنگترین داهێنانەکانی مرۆڤایەتی، هەوڵدەدات بۆ بەتاڵکردنەوەی پاڵەپەستۆ و فشارەکانی ژیان و لە هەمانکاتدا گوزارشتکردنێکی ڕاستگۆ و واقیعییانە، لەو ڕەوشەی کۆمەڵگە پیایدا تیپەڕ دەبێت، بەڵام ئەوەی جیاوازە لە بونیادی ئەم کارەکتەرە ئەوەیە، کە ئەم نوکتەچییە لەسەر بونیادێکی تەواو پێچەوانە داڕێژراوە و هەموو نوکتەکانی، جگە لە مەرگەساتێکی جەرگبڕ شتێکی دی نین، خودی کارەکتەری نوکتەچی دەرهاوێشتەی واقیعێکی ئازارئامێزە و هەمیشە لە ڕێگەی نوکتەوە ئازار دەبەخشێتەوە و دەروونەکان پڕدەکات لە ناسۆر، کەچی لە حاڵەتی ئاسایی نوکتەچی دڵی خەڵک خۆش دەکات و دەیانخاتە پێکەنین، بەڵام لێرەدا نوکتەکان توانای ئەوەیان لەدەست داوە، ئەوەش ئەوپەڕی گرۆتێسکە کاتێک هەوڵبدەی لەنێو فۆرمێکی کۆمیدییەوە ئازارەکان وێنا بکەیت، کەواتە لەم تێکست و نمایشەدا ئەگەرچی کارەکتەرێک هەیە، کە لە ڕواڵەتدا لە فۆرمێکی کۆمیدی دەردەکەوێت و وەکو موهەڕیجێک جلی ڕەنگاوڕەنگی پۆشیوە و ڕوخساری بۆیە کردووە،

> ***نووسەر لە ڕێگەی کارەکتەری نوکتەچی و (نوکتە)وە، کە یەکێکە لە گرنگترین داهێنانەکانی مرۆڤایەتی، هەوڵ دەدات بۆ بەتاڵکردنەوەی پاڵەپەستۆ و فشارەکانی ژیان***



گوایە دەیەوێت چێژ بە بینەر ببەخشێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا کارەکتەرێکی تا سەرئێسقان تراژیدییە و لەنێو مەرگەسات و برین ژیان بەڕێدەکات و هەموو بینراوەکانی بینراوی تراژیدی سەختن، کە دڵی مرۆڤ دەکەن بە ئاو، بەو مانایەی لەم نمایشەدا بوونی کارەکتەری (نوکتەچی) تەلەیەکی نووسەر و دەرهێنەرە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو فۆرمەوە بینەر بە ئاگا بێنێتەوە و ڕووبەڕووی ئەو تراژیدییا سەختە ببێتەوە کە هەموو ژیانی داگیر کردووە.

ئەم ئاوێتەبوونەی کۆمیدیا و تراژیدیا لە بونیادی یەک کارەکتەر ترازانە لە بونیادی کارەکتەری تەقلیدی، کە پێشتر لە شانۆی ئەبسوردی تیۆری بۆ

**بوونی کارەکتەری (نوکتەچی) تەڵەیەکی نووسەر و دەرهێنەرە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو فۆرمەوە بینەر بە ئاگا بێنێتەوە و ڕووبەڕووی ئەو تراژیدییا سەختە ببێتەوە کە هەموو ژیانی داگیر کردووە**

داڕێژراوە و لێرەدا ژیان بەشێوەیەک ئاڵۆز بووە، سەختە تاکە چەمکێک بتوانێت دەرەقەتی وێناکردن و بەرجەستەکردنی ئەندێشەکانی مرۆڤ بێت، بۆیە لەم سەردەمی پەرتبوون و بەیەکداچوونەدا هەموو سنوورە نەریتگەراییەکان پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە، بۆ ئەوەی چەمک و ڕووبەری تازە بدۆزێتەوە، کە توانای ئەوەی هەبێت وەڵامی ئاڵۆزییەکانی سەردەم بداتەوە.

من پێموایە نووسەر بۆ داڕشتنەوەی فۆرمی کارەکتەری (نوکتەچی) بەشێوەیەکی بەرچاو سوودی لە کارەکتەری سینەمایی (جۆکەر) وەرگرتووە، تا ئەو ڕادەیەی ئەو کارەکتەرە بە تەواوی لە ڕێگەی پرۆسەی دەقئاوێزانەوە هێنراوەتە نێو ئەم تێکستە، بۆیە بینەر زۆر بە ئاسانی ئەو خواستنە دەبینێت، کە نووسەر لە ڕێگەی ئەو داڕشتنەوەیەو گواستنەوەی کارەکتەری جۆکەر بۆ نێو ڕووبەرێکی ڕۆژهەڵاتی (عێراقی و عەرەبی) کردوویەتی. ئەوەی کە یارمەتی نووسەریشی داوە لەو خواستنەدا سەرکەوتوو بێت و بتوانێت تەبا بێت لەگەڵ ئەو ڕووبەرە تازەیە، ئەو واقیعە گرۆتێسکیەیە، کە لەنێو کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتدا بەگشتی و عێراق بەتایبەتی هەیە، زۆرێک لەو کارەساتە سەختانەی، کە لەنێو کۆمەڵگەی عێراقی ڕوودەدەن شایستەی ئەوەن، بەشێوەیەکی گرۆتیسکیانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و بەو فۆرمە گوزارشتیان لێوە بکرێت، بۆیە ئەو دەقئاوێزانە زۆر یارمەتی نووسەری داوە، تێکستە شانۆییەکەی بەشێوەیەکی جیاواز دابڕێژێتەوە و لە کاتی بەرجەستەکردن و نمایشکردندا، تایبەتمەندی خۆی هەبێت، بۆیە هەرچەندە کارەکتەرەکە خواستراوە، بەڵام زۆر یەکانگیرە لەگەڵ ئەو فەزا و واقیعیەی نووسەر تیایدا بەکاری بردووە.

هەڵبژاردنی مەریوان زەنگەنە بۆ ئەو تێکستە کارێکی زۆر باشە و بژاردەیەکی زیرەکانەی مەریوانە، چونکە ئەم تێکستە ڕووبەرێکی باشی تیایە بۆ ئەکتەر و دەرهێنەر، تا بەشێوەیەکی جیاوازو لە فەزایەکی جیاواز و لە تێکستێکی جیاواز، دوور لە کۆمەڵێک بابەتی دووبارە، فۆرمێکی جیاواز تاقیبکەنەوە.

ئەوەی بۆ منیش گرنگ بوو لەم نمایشەدا تێگەیشتنی دروستی مەریوان زەنگەنە بوو، بۆ

بنەماکانی گرۆتێسک، وەکو شێوازێکی ئەداکردن و دروستکردنی نمایشی شانۆیی، مەریوان زەنگەنە وەکـو ئەکتـەر زۆر بـە وردی و داهێنـەرانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو فۆرمە بەرجەستەکردنە کـردووە، کە پشت بـە ئـەدای پێشکەشکاری دەبەستێت و ئەکتەر تیایدا وەکو یاریکەرێک، لە ڕێگەی جەستە و جووڵە و پلاستیکا و نامۆ بوونـەوە حاڵەتە جۆراوجۆرەکان، بەشێوەکی بەشانۆکراو پێشکەش بە بینەر دەکات، بەڵام هەندێک کەموکورتی فۆنەتیکی مـەریوان لەو نمایشەدا بە خاڵی ئەرێنی دادەنرێن، ئەمەش لەنێو فۆرمی ڕەسمکردنی ئەو کارەکتەرە و هەموو ئەو کارەکتەرە جیاوازانەی، کە لە سێبەری ئەم کارەکتەرە لیبۆکەوە پێشکەش دەکرێن.

مـەریوان وەکو ئەکتەر دەزانێت چۆن ڕیتمی ئەداکردنەکەی وێنا بکات و کاتی تایبەت بە هەموو ئەو فۆرمە جیاوازانە ببەخشێت، کە پێشکەشیان دەکات و بەشێوەیەکی بەرچاویش موقنیع بێت بۆ بینەر کاتێک لە کارەکتەرێکەوە باز دەدات بۆ کارەکتەرێکی دی جیاواز و ناتەبا.

ئەداکردنی ئەم هەموو کارەکتـەرە، بەوشێوە سەرکەوتووە، لە زەمەنێکی کورتی کەمتر لە یەک سەعات دا، بۆ من توانایەکی گـەورەی نواندن و بەرجەستەکردن و ئـەداکردن لای مەریوان کەشف کرد، ئەکتەرێک بە وریایی مامەڵە لەگەڵ جەستە و دەنگ و جووڵە و هەستەوەرەکان و دەنگ و تۆنی دەنگ دەکات، ئەکتەرێک درک بە کەموکورتییەکانی جەستە و دەنگ و تۆنی خۆی دەکـات و زیرەکانە لە داڕشتنەوەی کارەکتەر بەشێوەی ئەرێنی بەکاریان دەهێنێت، دەیانکات بە خاڵی هێز و پشتیوانی لە وێناکردنی کارەکتەر، ئەکتەرێک لە بونیادی ئەدای گرۆتێسکی تێدەگات و دەزانێت چۆن بینەر لەگەڵ خۆی دەبـات و چۆنیش بەئاگای دینێتەوە و چۆنیش سـەرنجی ڕادەکێشێت.

مـەریوان زەنگەنە وەک دەرهێنـەر، ئەگەرچی هەوڵدەدات سوود لە تەکنیکی داتاشۆ و گرافیک و چەند کەرەستەیەکی ئەندازەیی سـەر شانۆ وەربگرێت، بەڵام کێشەی لەگەڵ کات و شوێن هەیە، بۆ نموونە لە دیمەنی یەکەم کاتێک لەنێو داتـاشـۆکـەدا کۆمـەڵێک جل هـەڵـواسـراون و ئەکتەر لەسەر شانۆیە و ڕووی لە سکرینە و

**من پێموایە نووسەر بۆ داڕشتنەوەی فۆرمی کارەکتەری (نوکتەچی) بەشێوەیەکی بەرچاو سوودی لە کارەکتەری سینەمایی (جۆکەر) وەرگرتووە**

پشتی لە بینەرە، گوایە جلی تایبەت بە نمایش هەڵدەبژێرێت، ئەم کردارە ڕەگێکی قوڵی کرداری (بـەشـانـۆکـردن-الـتـمـسـرح)ی تێدایـە، چـاوەڕێ بووین ئەم کردارە ببێتە بنەمای نمایش، چونکە بونیادی سـەرەکی گرۆتێسک لە شانۆدا کرداری بە شانۆکردن و شێوازگەرییە، بەڵام بەداخەوە مـەریـوان وەک دەرهـێـنـەر ڕووبـەڕ بـەم کردە شانۆییە نـادات، لـە ڕێـگـەی مـامـەڵـەی ئێرە و ئێستایی لەگەڵ بینەر، دواتریش لیڤڵی ئەم کردە شانۆییە زۆر دادەبـەزێت، لە هەندێک شوێندا خۆی وەکو نمایشێکی تەواو واقیعی بەرجەستە دەکات، ماڵ وەکو بونیادێکی نیمچە واقیعی دەبێتە



کوتلەی زالی نێو نمایش، ئەوەش تەواو ناکۆکە لەگەڵ ئەو تەرزە شانۆییەی، کە دەرهێنەر هەم فۆرمی کارەکە و هەم ئەدای ئەکتەریشی لەسەر بونیاد نابوو، ئەم جۆرە نمایشە لەسەر فۆرمی یاریکردن و نامۆبوون دروست دەکرێت، هەر بۆ نموونە پێویست نەبوو ئەکتەر بچێتە پشت کالوسەکانەوە، کاتێک جلەکانی دەگۆڕێت، زۆر ئاسایی بوو ئەم جلانە لەسەر شانۆ بن و ئەکتەر بە بەرچاوی بینەرەوە بیانگۆڕێت، چونکە ئەکتەر لەم تەرزە شانۆییەدا تەنیا وێنای کارەکتەر بۆ بینەر دەگوازێتەوە و کارەکتەر بەرجەستە ناکات.

## هەڵبژاردنی مەریوان زەنگەنە بۆ ئەو تێکستە کارێکی زۆر باشە

خاڵێکی دی، کە بۆ من جێگەی سەرنج بوو مامەڵەکردن بە هەردوو ڕەنگی ڕەش و سپی لە وێناکردنی کەرەستە ئەندازەییەکانی سەرتەختەی شانۆ بوو، یەکێک لە وەزیفە گرنگەکانی گرۆتێسک لە شانۆ ڕەتکردنەوەی دوو جەمسەری و داهێنانی فرەجەمسەرییە، بۆیە کاتێک دەرهێنەر کەرەستەکانی لەسەر شانۆ بە ڕەش و سپی وێنا دەکات، جۆرێک لە دوو فاقی لەگەڵ گوتاری نمایشەکەی دروست دەکات، بۆیە دەبوو لەوە تێبگات کە ئیدی ژیان لەوە ترازاوە لەو هێزە دوانەییە کۆبکرێتەوە، جونکە گرۆتێسک دەمانباتە نێو شەبەنگێک، کە تیاییدا زۆرینەی چەمکە دوانەییەکان، تاکمانایی لە دەست دەدەن و بەیەکدا دەچن، لە هەمان بونیادیشدا دەکرێت جوانی و ناشیرینی، باش و خراپ ، چاکە و خراپە، ڕەش و سپیشی تیابێت.

لەگەڵ ئەوەشدا بەدەر لەو نۆیزەی لە سپیکەری دەنگەکەوە دەردەچوو، مەریوان لە بەستنەوەی فەزای نمایشەکەی بە جیهانی دەرەوەی ماڵەکە و بەرجەستەکردنی جیهانی گریمانەکراوی گێڕانەوەی نوکتەکان، بەشێوەی زۆر تایبەت سوودی لەو ڤیدیۆسکرینە و دەنگ و گرافیک وەرگرتبوو، کە پێموایە وەکو دەرهێنەر پێویستی بە چارەسەری زیاتر بوو بەتایبەت نوکتەی یەکەمیان، کە باکگراوەندەکەی موقنیع نەبوو.

لە سەرەتای نمایشەکەشدا کێشەیەک هەیە لە گرافیک، چونکە وەکو پێشتر باسمکرد یەکەم لۆکەیشن ماڵ نییە و تەختەی شانۆیە، چونکە یەکێک لە خەسڵەتەکانی مۆنۆدراما، بەتایبەت ئەو نمایشە ئەوەیە، کە لێرە و لە ئێستەدا ڕوو دەدات، چونکە لە دیمەنی یەکەمەوەش ڕوونە ئەکتەر جلی لیبۆک لەبەر دەکات و دێتە بەردەم مایک و دەیەوێت نوکتە بگێڕێتەوە، کەواتە دەبێت بپرسین نوکتە بۆ کێ دەگیرێتەوە، مەگەر ئەو شوێنە شانۆ نییە؟ کەواتە ئەو دیمەنە لێرە و ئێستەی ئێمەدا ڕوودەدات، دەبێت دیمەنی یەکەم و دەسپێک تەختەی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بێت، دواتر هەموو دیمەنەکانی دواتر دەبنە دیمەنی گریمانەکراو، کە دەرهێنەر لە ڕێگەی ڤیدیۆسکرین و گرافیکەوە بۆمانی بەرجەستە دەکات.

مۆسیقا و دەنگ و گۆرانی و ڕووناکی کاریگەری ئەرێنییان بەسەر نمایشەوە هەبوو، بەتایبەت مۆسیقا و ئاوازی گۆرانییەکان، کە زۆر یەکانگیر بوون لەگەڵ ئەو کەشە شانۆییە گریمانەکراوە، سیروان عومەر خەریکە وەکو دانەرێکی مۆسیقی ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لە نووسینەوەی نمایشی شانۆیی لە ڕێگەی دەنگ و مۆسیقاوە، هیوام وایە بەردەوام بێت، چونکە لەم نمایشەدا سەلیقەیەکی زۆر تایبەتی نیشاندا، لە هەمانکاتدا گرافیک و تەکنیک لەم نمایشەدا و لە وێناکردنی ئەو جیهانە فەنتازییەی کە نمایشی لەسەر بونیاد نرابوو ڕۆڵی گرنگیان هەبوو بۆ تێکشکاندنی هەموو جۆرە ئیهامێکی بینەر بۆیە دەستخۆشی لە هەوراز فوئاد دەکەم، کە ئەو ئەرکەی بەباشی ئەدا کردبوو.

*گرۆتێسک لە سادەترین پێناسەییدا فۆرمێکی هونەرییە، کە دەتوانێت دژەکان کۆبکاتەوە، هەندێک جاریش لە شانۆ بە کۆمیدیای ڕەش ناوزەد دەکرێت، واتە کۆکردنەوەی تراژیدیا و کۆمیدیا لەیەک فۆرمدا، بنچینەی وشەکەش بۆ هونەری شێوەکاری دەگەڕێتەوە، کاتێک لە سەدەی پازدەدا کۆمەڵێک دیواربەندی مرۆڤی نیوە ئاژەڵیان دۆزیەوە و بە هونەری گرۆتێسک ناوزەدیان کرد.

# سروودی ئەی ڕەقیب لە تای تەرازوودا





ئەسعەد قەرەداخی
سوید

لە بەشێک شیعرەکەی ئەی ڕەقیب-دا گوزارەیەکی تێدایە کە دەڵێت:

دینمانە ئایینمانە نیشتمان. بە مانای زەویڵ (ضمیر) و ویژدان، ڕێوڕەزم لێکدەدرێتەوە.

سەرەتا دەڵێم، کە ڕەچەڵەکی وشەی دین، کە بووەتە زاراوەیەکی ئاماژەدراو. لە دەئینە-ی ئاڤێستاییەوە هەڵێنجراوە و بە سەرانسەری ناوچەکەدا بە نەجد و حیجاز-یشەوە بڵاوبووەتەوە، لە زوانی کوردیی و دواتر کە چووەتە نێو زوانیی عارەبییەوە بووەتە دین، ئیدی ئەو شێوگ و گۆ (لفظ)یەی وەرگرتووە. لە زوانی یۆنانی زۆر کۆندا بە ذینیا-دینیا هاتووە، کە بەمانای بیر و مەبەست هاتووە. دانیۆن بەمانای قەرز دێت.

لە قورئانی پیرۆزدا نزیکە ٩٧ جار وشەی دین بە چەندین مانا هاتووە، بەپێی تێڕوانینی زۆر لە زانایانی ئیسلام، دەشێت لێکدانەوەی ئەو مانایانەیش لە چوار خاڵدا کۆبکرێنەوە، کە لە هزر و بۆچوونێکی عارەبییەوە هەڵێنجراون.

دین لە زوانی عارەبیدا بە چەند مانایەک لێکدراوەتەوە، لەوانەیش:

یەکەم: ڕەوا و پێڕەویی دەسەڵات. وەک دەفەرموێت: كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ ﴿يوسف:٧٦﴾

مانای: لە ڕەوای مەلیک نەدەبوایە براکەی گل بدرایەوە، مەگەر خوا بیەوێت.

دووەم: مانای ڕێگە، وەک دەفەرموێت:ـ لَكُمْ دِينُكُمْ وَ لِيَ دِينْ ﴿ الكافرون:٦﴾ مانای: هەریەکەو ئازادە بەخودی خۆی، ڕێگەی خۆتان هەیە و منیش ڕێگەی خۆم.

سێیەم: دادرەوی، وەک دەفەرموێت: وَ قَاتِلُوهُمْ حَتَّى لا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَ يَكونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلّـهِ ﴿ الأنفال:٣٩﴾

مانای: بکەونە شەر لەگەڵیان تاکو فیتنە و ئاژاوە نەکەوێتەوە و دین-یش هەمووی بۆ حەق (خودا) بێت.

چوارەم: شەرع، یاسا و دەستوور، کە خودا لێی ڕازییە بۆ بەندەکانی، وەک دەفەرموێت: شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِ نُوحًا ﴿الشورى ١٣﴾ مانای: لە دەستوورەکەوە، ئەو ئاراستەیەی بە نووح سپێردرابوو.

پێنجەم: خاوەنی لێپرسینەوەیە لە ڕۆژی پەسڵان (قیامەت) وەک دەفەرموێت: مالك يوم الدين ﴿الفاتحة٤﴾

شەشەم: زاڵ و بەزاندن و پەرویزیی، وەک دەفەرموێت لِيُظْهِرَهُ على الدِّينِ كلِّهِ وَ لَوْ كرِهَ الكافِرونْ ﴿التوبة ٣٣﴾

مانای: تاکو بۆ گشت زاڵ و دەسەڵاتێک پێشانبدات، با موشرکەکانیش حەزیان پێنەبێت.


حەوتەم: ئاشتیی و بزواندنی ویژدان و زەویڵ (ضَمِير) وەک دەفەرموێت: إنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللهِ الإسلامُ ﴿آل عمران ١٩﴾ مانای: خۆڕادەست (تەسلیمبوون) بە خودا، کە دەبێتە ئیسلام (سِلْمْ) ڕەگی وشەکەیە بە مانای ئاشتیی.

بەگشتیی، دروستی مانای وشەی دین، گەیاندنی دەستوورێکی ڕۆحیی ئاسمانییە، کە بە سرۆش پەیامێک لەلایەن خودای بەکەسێکی بژاردە بەناوی پێغەمبەرەوە دەسپێردرێت و بۆ سەرانسەری پسات (بەشەرییەت) ڕادەگەیێنرێت. وشەی ئایین-یش بە مانای ڕێوڕەسمی دینی، ڕەوش، شێوە، دەشێت بچوێنرێت بە شعائر و مراسیم، ڕێباز و سرۆت (طقوس) بۆ هەر دینێک.

هیچ گۆمانی تێدا نییە، کە خۆشەویستیی نیشتمان لەو پەڕ لە وارسکییەیە (غريزة فطرية) کە لە سروشتی هەموو زیندەوەرێکدا هەیە، بەتایبەتی مرۆڤ، کە بە گیانلەبەرێکی بژاردەی دروست دادەنرێت لە چاو زیندەوارانی دیکەی سروشتدا. لەبەرئەوە، دەکرێت بڵێین؛ جێی سەرنجە بۆ مرۆڤ، کە نیشتمانی خۆی و ئەو شوێنەیش، کە تێیدا لەدایکبووبێت، پەروەردە بووبێت و هەموو خۆشی و ناخۆشییەکی تێدا بەسەر بردبێت. لەهەمان کاتیشدا، هیچ جێی سەرسوڕمانیش نابێت، کە سۆزیشی بۆ ببزووێت، کاتێک دەرەتان دەکرێت و دەگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە.

پێغەمبەر(د.خ) لە ئاخاوتە (حديث)یەکیدا، شاری مەککە/ی بە (أمُّ القُرى) ناوبردووە کە بە گوزارەی سەردەم بە (وَطَـنْ) ناودێرکردووە و دەفەرموێت: (ما أطيَبُكَ مِنْ بَلَد، وأحبَّكَ إليَّ، ولولا أنَّ قومي أخْرَجوني مِنك، ما سَكَنْتُ غَيرَكَ) باشە دەبێت ڕاز و نهێنی ئەو

هێزە پەیوەندییە لەنێوان ئەو خاکوخۆڵە و ڕاسگۆیی خۆبەستنەوە پێوەی چی بێت؟
بێگومان هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەو خۆماکە سرشتییە، نەک هەر لە خودی ئینسان-دا بەڵکو لە هەموو زیندەوەرێکدا هەیە. بۆنموونە نەبیستراوە لە مێژوو و سەردەمی ئێستایشدا، کە دارگوێز لە بیابانی کاکی بە کاکیدا ڕوابێت، نەیشبیستراوە خورما لە جەمسەربەستەڵەکی باکووری زەوی ڕوابێت. ڕەنگبێت ئەمە زیاتر پەیوەندی بە جین (Gen) و ژیوار (بيئة) هەبێت، بەڵام دەبێت ئەوەیشمان لەبیر نەچێت، کە هەموو زیندەوەرێک هەستونەستی بەرانبەر بەو ژیوارە هەیە، کە تێیدا دەچێنرێت و گەشەدەکات. هەر بەهەمان ڕەوش و شێوە، ئینسان، کە بوونەوەرێکی دروستە لەچاو بوونەوەرانی دیکەدا، ئەو هەستونەستە و ئاوەزە لای باڵاترە، ئەو هەستونەستەی دەگوردرێت بۆ سۆز و خوشەویستی بەرانبەر شتێک، کە ڕایکێشێت و بیگەیێنێتە پلەی شەیدا و خۆبەندبوون پێوەی، لەوانەیش خۆبەندبوون و شەیدایی دەربرین بۆ زێد و نیشتمان. ئامادەبێت خۆی لەپێناویدا بەخت بکات. دەبێت چ نەنگی و لەنگییەکی تێدابێت ئەگەر نزیکی بکاتەوە لە خۆشەوێستی دین و ئایین (ڕەوشی دین) خۆبەختکردن و خۆبەختکردن لە پێناویدا وەک شەهیدبوون وایە لە پێناوی ڕاستیی دین و ئایین-دا.




لە قورئانی پیرۆزدا وشەی (وطن) کە ئێمە پێی دەڵێین (نیشتمان) مانای ئەو شوێنەی تێیدا پێوەی هۆگربووین، یەک جار بە شێوگی مواطن لە سوورەتی تۆبە ئایەتی/٢٥ هاتووە، کە دەفەرموێت: لَقَدْ نَصَرَكُمُ اللهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ. وشەی مُواطِن کۆی مَوْطِن-ە مانای شوێن، جێگە، زێد، بەڵام وشەی دار یاخود دیار، کە هەموو زانایانی ئیسلام بەبێ ئاوارتە بە مانای زێد یاخود نیشتمان لێکیانداوەتەوە. هەژدە جاریش لە سوورەتە جیاجیاکاندا ئاماژەی پێدراوە. لەوانەیش: ئایەتی/٢٤٦ ی سوورەتی البَقَرَة (معنى حاوية المواضيع المعرفية) کە دەفەرموێت: (وَمَا لَنَا أَلَّا نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَارِنَا)

کە لە زێدمان دەرکرابین، بۆ لەسەرمان نەبێت لە پێناوی خوادا شەڕ بۆ نەکەین. لە ئایەتی/٨، سوورەتی الحشر، دەفەرموێت: لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللهِ وَرِضْوَانًا وَيَنصُرُونَ اللهَ وَرَسُولَهُ ۚ أُولَٰئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ بۆ ئەو هەژار و کۆچکردووانەی، کە لە زێد و ماڵیان دەرکروان، چاوەڕوانی فرایستە (فضْل) و ڕەزامەندی خودان و پشتگیری خودا و پێغەمبەر دەکەن، ئەوانە ڕاستگۆن.
لێرەدا چەمکی نیشتمان یاخود زێد لە قورئاندا بەشێوگی دیار، یاخود دار هاتووە. زۆرجار گوزارەی دیار المسلمين دەبیستین، کە مەبەست بە مانای (بِلادْ) یاخود أوطان دێت. چەندین ئایەتی پیرۆزی دیکە هەن، کە وشەی دار یاخود دیار–ی تێدایە، هەر هەمووی مەبەستی لەو شوێنەیە، کە تێیدا بووین و خۆمان بەخاوەنی دادەنێین، یاخود بڵێین ئەو (کە نیشتمانە) خۆی بە دایکمان دادەنێت. ئەرکێکی مرۆیی و ئەخلاقی و ویژدانیشە، کە هۆشوگۆشمان، دڵ و دەروونمان بۆی بزوێت. لە ئایەتی/٩٢، سوورەتی الأنعام، وشەی أم (مانای دایک)ی بە نیشتمان چوواندووە، کە دەفەرموێت: وَهَٰذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا. ئەم چوواندنی دایک–ە، بە نیشتمان، لێکدانەوەیەکی ڕاستیی بەدیی و بەڵگە نەخواست و لەبەرچاوە، لە هەموو زوانانی هەموو گەل و میللەتانی سەرانسەری جیهاندا. لە ئایەتی/٤١، لە سورەتی حەج-دا دەفەرموێت: الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ .... مانای: ئەوانەی شوێنمان بۆ دانان لە زەوییدا. وشەی زەویی لێرەدا مانای زێد یاخود نیشتمان دەگەیێنێت. لە ئایەتی/ ٧٦، سورەتی الإسراء، دەفەرموێت: وَإِن كَادُوا لَيَسْتَفِزُّونَكَ مِنَ الْأَرْضِ لِيُخْرِجُوكَ مِنْهَا مانای، هێندەی نەمابوو بتپلمێنن لە زەوییدا (مەبەست شاری مەککەیە) تاکو

دەرتکەن لێی. لێکدانەوەی وشەی ئەرز یاخود زەویی بە مانای (وطن) یاخود زێد دەیێت، کە نیشتمانی پێغەمبەر بووە. شوێنی لەدایکبوونی، پەروەردەکردنی و لاوێتی و هاوسەرگیریی و سرۆش (وَحِيٌ) و بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی بووە. دوا ئایەت، بۆ نموونە، کە زۆر گرنگە ئایەتی /٥٥ لە سوورەتی النور، دەفەرموێت: وَعَدَ اللهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا

لێرەدا دوو گوزارەی تێدا بەدیدەکرێت، کە وەک دوو چەمکی هاوهێز بە یەکتر و تەواوکاری یەکدین، ئەویش: چەمکی الإستخلاف في الأرض، بە مانای نەوە خستنەوە و التمكين للدين-یش چەسپاندنی دەستوور دەگەیێنێت، دوو چەمکن بەهیچ جۆرێک یەکدووی لێناکرێت و گومانی تێدانییە چ بە عەقڵ و چ بە واقیع (بویار) کە مەبەستی لە زەوییەکی تایبەتە بەو خاکوخۆڵە کە تێیدا جێنشینی و دامەزراندنی تێدا دێتە دی. ئەویش شوێن و زێدە، کە بە نیشتمان ناوی دەبرێت. دەبێت ماناکەی لە شێکردنەوەیەکی عەقڵانیی و زارشتیی (منطقي)ەوەڕا بێت، زێد و دین دوو وشەی ئاوێزەی یەکدی بن.

جا کەسێک ئەمەکی بۆ زێد نەبێت، بێگومان بۆ دین-یش نایبێت. هەر زیندەروەرێکی ئەم گەردوونە سەرنج بدەین، ئەوەندەی بە تەنگ خودی ژیانییەوەیەتی، ئەوەندەیش بە تەنگ زێد و ژینگەوەیەتی و پارێزگاریی لێدەکات.

لەم دیدگایەوە، ئاکار و نەریتێکی زۆر ئاسایی و سروشتییە، کە بووترێت (دینمان ئاییننامە نیشتمان) دەشێت خۆشەویستیمان بۆ نیشتمان بگەیێنرێتە ئەو ئاستەی، کە چەند باوەڕمان بە دین هەیە و ڕێوڕەسمی بۆ دەگێڕین، ئیتر هەر دینێک و ئایینێک بێت، با ئەوەندەیش باوەڕمان بەو زێد و ژینگەیە هەبێت، کە لێی ئافراوین (خوڵقاوین) و تێیدا دەمرین، ئەمەکمان هەبێت بۆ ئەو هەڕە (قوڕ) خۆشەکراوەی وەک فەخار لێی ئەفرێنراوین. وەک لە ئایەتی/١٤، سوورەتی الرَّحْمَنُ، دەفەرموێت: «خَلَقَ الْإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ »

لە پەیامی هەرسێ دینە ئاسمانییەکەدا (تەورات، ئینجیل و قورئان) زۆر بە سپەنتا (مقدس)ییەوە لەبارەی لافاوەکەی سەردەمی حەزرەتی نووح-ی پێغەمبەر(د.خ) دەدوێت، لەبەرئەوەی، کە گوایە بە دووەم نەوە خەرەوەی پسات دادەنرێت لەدوای ئادەم. لە لەنگەرگرتن و گیرسانەوەی کەشتی نووح-دا ئاماژە بۆ ناوی چەند چیایەک کراوە.

لەوانەیش: ئارارات، قوردای (بەسریانیی، کە کوردای دەگرێتەوە) ئاغری داغ (بەتورکیی) کارداخ (یۆنان و ڕۆمەکان) گوتی (بەسۆمێریی) و جودي (بەعارەبیی) لە دیرۆکی سۆمێریدا کەشتی زیوسودرا Ziusudra (لە دیرۆکی بابلییدا بە ئوتناپیشتیم Utnapishtim ناوی هاتووە) لە دامێنی چیای نیسیر Nisir لەنگەری گرتووە. هەندێک ژێدەر بە چیای پیرەمەگروون ناودێر کاراوە، کە دەڕوانێتە شاری سلێمانی- باشووری کوردستان.

لە ئینسایکلۆپیدیای ئەرمەنیی-دا نووسراوە، کە ئارارات سێ ناوی هەیە: جودیی، کوردیی و ئارارات. زۆر لە بەڵگەنامە مێژوویی و دینییەکان-یش گۆواهی و ئاماژە بەوە دەدەن، کە کەشتی نووح لە یەکێک لەو زنجیرە چیایانەی ئارارات لەنگەری گرتووە و گیرساوەتە. بێگومان ناوی ئەو سێ چیایەیش هەر لە دێر ڕۆژگارەوە بەوە ناسراون، کە کەوتوونەتە خاکی کوردستانەوە: لە چەرخی کۆندا (سفری پێکبوون؛ سفر التكوين، بەندی/٨) هاتووە ﴿کەشتی پێغەمبەر نووح لە دامێنی چیای ئارارات گیرساوەتەوە﴾ لە قورئان-یشدا هاتووە، کەشتی نووح لە دامێنی چیای جودی (کە ڕەچەڵەکی وشەکە گوتی-یە) لەنگەری گرتووە ﴿وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ﴾ [سورة هود، ئایەتی/٤٤]. جودی-یش کەوتووەتە دامێنی شاری ئاگری، لە باکووری کوردستان.

شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت الرومي (٥٧٤ - ٦٢٦ هـ) لە کتێبە زۆر بەناوبانگەکەیدا «معجم البلدان»دا ئاماژەی بە زانا شمس الدين القُرطبي (٦٧١ هـ) داوە، کە بە یەکێک لە هەرە گەورە زانایانی ئیسلام دادەنرێت و دەڵێت: «الْجُودِيّ مِنْ جِبال الجَنَّة و لهذا استَوتْ عليه السَّفينة» مانای: یەکێکە لە چیاکانی بەهەشت، بۆیە کەشتییەکە تێیدا گیرساوەتەوە. هەروەها دەڵێت: «أكرم الله ثلاثة جبالٍ بثلاثةِ نَفَرِ: الجوديُّ بنوح، و طورِ سِيناء بموسى، و حَرّاءْ بمحمَّدٍ صلوات الله و سَلامِهِ عليهمْ أجمعينْ». مانای: خودا لەسایەی سێ کەسەوە شکۆی بە سێ چیا بەخشیوە: جودی بە نووح، توری سینا بە موسا، حەڕرا بە محەمەد درووودی خوایان لێبێت.

ئەم نموونانە، هەموویان ئەوە دەسەلمێنن، کە خاک بەتایبەتی خاکی کوردستان چەندە پیرۆز و سپەنتایە. جا کاتێک کەسێکی ئیماندار بە خودای پەروەردگار، ئیتر لە ئامێزی هەر دینێکدا بێت، کە لەبەردەم خودا ڕادەوەستێت، خۆی لەوپەڕی کەساسی و لاوازی و ڕانەوییدا پێشان دەدات. هەر بۆ خۆپێشاندانی ئەو

هەڵوێستەی، کڕنووش دەبات و سەری بۆ سەر خاک دادەنەوێنێت، ئەو کڕنووشە مانای ئەوەیە، کە خودای گەورە و خوڵقێنەر شیاوی ئەوەیە ئەم کڕنووشەی بۆ بەرێت، لەسەر پاکترین و پیرۆزترین و سپەنتاترین شوێن، کە ئەویش خاک، یەکێک لەو خاکە سپەنتانەیش، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا «خاکی کوردستانە» بە کوردێتیی و بە کوردیی، سپەنتایی ئاخە لەوەدایە، کە لێی خوڵقاوین و پێگەیوین، پاشان دەگەڕێینەوە بۆی و دەبینەوە بە ئاخ (كُلُّكُمْ لِآدَمَ وَآدَمُ مِنْ تُرَابٍ). لەم لێکۆڵینەوەیەدا زۆر پەرۆشمەند بووم ڕوونی بکەمەوە کە: سپەنتای سروودی ئەی ڕەقیب لەوەدایە کە هەر وەک ئەو سروودە دێرینانەی بە نموونە هێنامەتەوە. لە ڕووداوێکدا و لە هەناوی نەتەوەیەکەوە دەرچووە و هاتووەتە سەر زار، بەبێ ئەوەی بەرنامە و بڕیاری لێ درابێت. ئەو وڵاتانەیش، کە بە نموونە هێناومنەتەوە، ئێستا لە پێشەنگی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهانن و لەو سەردەمە دێرینانەیانەوە تاکو ئێستا ئەم سروودانە پەیڕەوی دەکرێن بەبێ گۆڕینی، چ لە تێکست و چ لە ئاواز. ئەگەرچی بۆ نموونە لە سروودی فەرەنسا و ئەڵەمانیادا گۆڕانێکی زۆر کەمیان تێداکراوە، بەبێ ئەوەی هیچ دەستکارییەک لە ناوەڕۆکدا کرابێت. سروودی (ئەی ڕەقیب)یش هیچی لەو نموونە دێرینانە کەمتر نییە، بۆیە دەبێت زۆر بەشکۆ و پیرۆزییەوە لێی بڕوانرێت.




خۆ ئەگەر خوانەکردە بیر لە گۆڕانی بکرێتەوە. دەبێت بەر لەهەر هەنگاوێک، بخرێتە بەر ڕاپرسی سەرانسەریی، تاکو گەڵ دواڕای خۆی بدات، پاشان لە ڕێی پەرلەمانێکی ڕاستی هۆشمەند بڕیار لە گۆڕینی بدرێت، ئیدی لە تێکستەکەیدا بێت، یاخود ئاوازەکەی، بەڵام چۆن؟ ئەمەیش نارەوایی و ناپەسەندیی و ناپاکیی لێدەکەوێتەوە و دەکەوێتە ژێر نەفرەتی مێژوو.

چەندە ڕێگەمان سەخت و گران بێت
چەندە دوژمنیش بەهێز و توانا بێت
چەند بارودۆخیش لەنگ و ناپۆڕ بێت
دەبێت کوردستان هەر ڕزگاری بێت

**سەرچاوە و ژێدەرەکان:**

١- قورئانی پیرۆز
٢- محەممەد مەردۆخی کوردستانی، مێژووی کورد و کوردستان، وەرگێڕانی بۆ کوردی عبدولکەریم محمد سەعید
٣- سفر التكوين
٤- جيمس ميلارت James Mitaart، أقدم الحضارات في الشرق الأدنى
٥- شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الحموي الرومي، معجم البلدان
٦- د. أحمد خليل و أسعد قرەداخی، نحو مشروع كوردستاني استراتيجي، الحلقة/٣٨
٧- الدكتور محمد علي الصويركي، الدور الكردي يتجدد في مصر مرة أخرى خلال القرن التاسع عشر
٨- An ancient Indo-Aryan language that is the classical language of India and of Hinduism.
٨- Classical Sanskrit together with the older Vedic and various later modifications of ٣. John ١٠. John Julian, Dictionary of Hymnology (١٩٠٧)
٩- Wilkinson, Richard William (١٩٨٥). A History of Hymns Ancient and Modern (PhD). University of Hull.
١٠- classical Sanskrit— see Indo-European Languages Table.
١١- http://en.wikipedia.org/wiki/National_anthem
١٢- http://en.wikipedia.org/wiki/Marseille
١٣- http://en.wikipedia.org/wiki/Deutschlandlied



## فیلمی دۆکۆمێنتاری لە کوردستان

# هونەرێکی فەرامۆشکراو

ستار محەمەدئەمین

فیلمی دۆکیۆمێنتی، یان بەڵگە فیلم، بەو فیلمانە گوتراوە، کە دوورن لەخەیاڵ، بەهەموو ئەو چیرۆک و ڕووداوە ڕاستیانە دەگوترێن، کە وەکو خۆیان بەبێ دەستکاری تۆمارکرابن، کەواتە فیلمی دۆکیۆمێنتی یان بەڵگەنامەیی بەمانای پیادەکردنی ڕاستگۆیی، بەهیچ شێوەیەک نابێت لەڕاستگۆیی لابدات، دەبێت لەنێو بەڵگەفیلم پیادەکردنی ڕاستییەکان لە گەیاندنی ڕووداوەکان بەبینەر لە پێشەوەی هەموو شتێک بێت.

سیناریۆ و ڤۆیز و (تۆمارە دەنگییەکان) و کامێرا و میوزیک و دەنگ و کورتە ڤیدیۆی تۆمارکراو و مۆنتاژ، ئەوانە هەر هەمووی فاکتەر و تەواوکەری یەکدین بۆ دروستکردنی فیلمێکمی دۆکیۆمێنتی پوختەکراو، بەڵام لەهەموویان گرنگتر ئەو چیرۆک و ڕووداوە مێژووییە ڕاستیانەن، کە دووربن لەخەیاڵ و ئەو فانتازیایەی لە فیلمی ئەکشن و دراماکاندا هەن، هەروەها ئەو سیناریۆ و فانتازیایەی لەئەکشن و داراماکاندا پێویستە هەبن، بەهیچ شێوەیەک لەنێو فیلمی دۆکیۆمینتیدا هێندە پێویست ناکات هەبن، بەڵام لەنێو فیلمی دۆکیۆمێنتی چیرۆکی ڕاستەقینەی زۆرهەنە، وەکو ئەو چیرۆکە ڕاستەقینانەی لەنێو ژیانی خوا لێخۆشبو و دکتۆر (کامیل



دیمەنێک لە فیلمی دۆکۆمێنتاری هۆزی بەختیاری

> **فیلمی دۆکیۆمینتی جۆری زۆرە، بەڵام ئەوەی ئێمەی هونەرمەندانی کورد کاری لەسەر دەکەین، زیاتر ئەرشیفی و تەفسیرین**

بەسیر) یان (مام حەمید ڕەشاش)دا هەن، کە دەتوانرێت بۆ نێو فیلمی سینەمایی و دراماکان کەڵکیان لێ وەربگیرێت، بۆ نموونە: ئەوەی کە لەنێو درامای گەردەلوول-دا کراون بەفیلم، هەر هەمووی چیرۆک و بیرەوەری مێژوویی خەباتی شار و شاخن و ڕاستەقینەن. دەرهێنەری گەورەی کورد جەلیل زەنگەنە هاتووە بە ئەزموونی هونەری خۆی سیناریۆی بۆ داناوە، کە هەموو ئەوانەی لەو سەردەم ژیاون خۆیان لەنێو دیمەنەکانی ئەو فیلمەدا دەبیننەوە، یاخود لەخەرمانەی دەشتی هەولێر، کە باس لەژیان و کلتور و فۆلکلۆری جووتیاران و خەڵکی دەشتی هەولێر دەکات، دەمانباتەوە بۆ سەردەمی زووی کشتوکاڵی و گوزەرانی گوند، کە لەزوووەوە چۆن بووە. ئەم کلیپە لەدەرهێنانی هونەرمەند (تەنیا کەریم)ە بەرهەمی تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان کەنالی هەولێرە.

سەرهەڵدانی فیلمی دۆکیۆمێنتی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، هەرچەندە لەسەرەتاوە ئەمریکییەکان پێیانگوتووە فیلمی گەشتوگوزار، بەڵام لەپاشان فەرەنسییەکان ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ فیلمی دۆکیۆمێنتاری، ئەوان بەهەموو ئەو چیرۆک و ڕوداوە ڕاستیانەیان گوتووە، کە لەلایەن کەسێکەوە خۆی لەنێو ڕووداوەکان بووبێت، یان لەسەرزاری یەکێکی نزیک لەخۆیەوە گوێی لەچیرۆکەکە بووبێت، یان نزیک لەڕووداوەکان بووبێت، یان لەیەکێک لەتۆمارکراوەکان لەلای خۆی پارێزراوبێت، ئینجا چ مێژوویی، یان کلتوری بێت، یان لەسەر پارچە شوێنەوارێک تۆمارکرابێت، یان ئەوەتە نووسراوێک بەدەستخەتی کەسێک نووسرابێت و لەنێو دەفتەری بیرەوەرییەکانی پارێزراو بێت، جا لەسەر زاری کەسێکی شارەزا بگێڕدرێتەوە، یان دڵنیابیت لەوەی لەدامودەزگاکانی کلتوری ئەرشیف کرابێت وەکو ئەوەی لەوڵاتانی پێشکەوتوو هەیە، کە پێی دەڵێن ئەرشیفی نەتەوەیی.

هەندێک جار وێنەیەکی تەشکیلی لەلایەن هونەرمەندێکی تەشکیلی وێنەی بۆ کێشرا بێت، یان فۆتۆی فۆتۆگرافەرێک، یاخود بیرەوەری سەرکردە سیاسییەکان، بیرمەندەکان و ڕۆشنبیرەکان و ئەدیب و ڕۆژنامەنووسەکان، بە مەرجێک، کە تۆمارەکان جێگەی گومان نەبن و تۆمارێکی دەنگی و وێنەداربێ لەسەر زاری خۆیانەوە، هەموو ئەوانە پێیان دەڵێن بەڵگە و دۆکیۆمێنت.

یەکەم فیلمی دۆکیۆمێنتیش لە ساڵی ١٩٢٢ لەلایەن دەرهێنەری ئەمریکی (ڕۆبەرت فلاهێرتی) تۆمارکراوە، کە باس لەژیان و گوزەرانی دانیشتوانی جەمسەری باکوور دەکات لەئەسکیمۆ، کە ماوەکەی ٧٨ خولەک بوو، بەناوی فیلمی (نانۆک) ڕۆبەرت فلاهیرتی توانی بۆ ماوەی سێ ساڵ خۆی و خانەوادەکەی لەم شوێنە بمێنێتەوە و خەریکی وێنەگرتن بێت، هەموو جووڵە و ژیان و گوزەرانی ناوچەکە تۆماربکات و لەلای خۆی بیانپارێزێ، پاشان بیانکاتە فیلمێکی دۆکیۆمێنتی، کە ئەوکات پێیان دەگوت فیلمی گەشتوگوزار، چونکە بەرهەمی سێ ساڵی گەشتی ئەو هونەرمەندە بووە لەگەڵ خانەوادەکەی.

هەروەها لەو سەردەمەدا ئەو فیلمانەی لەسەر دۆزی کورد تۆمارکراون لەلایەن هونەرمەندە ئەمریکییەکان وەک ئەوەی لەسەر (عەشیرەتی بەختیاری) لەئێراندا. ئەو فیلمە لەساڵی ١٩٢٣ لەلایەن دوو قوتابی ئەمریکی بەرهەم هێنراوە، لەمیانەی گەشتێکی شەش مانگی لەوێ ماونەتەوە و هەموو جووڵە و ژیان و گوزەرانی ئەو هۆزە وێنەی گیراوە، دواتر کردوویانە بەفیلم. بۆیە ئەگەر باسی هونەری فیلمی دۆکیۆمێنتی بکەین، دەبێت باسی ئەو فۆتۆگرافەر و هونەرمەندە ڕاستگۆیانەش بکەین، کە دەورێکی کاریگەریان هەبووە لەتۆمارکردنی ژیانی سەختی شۆڕش و پێشمەرگایەتی لە شاخ ئەوانیش (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، عەباس عەبدولڕەزاق) کە دەوری بەرچاویان هەبووە لەنیشاندانی ژیانی شاخ و تۆمارکردنی مێژوویێکی ڕاستگۆیانە، کە لەوانەیە خەڵکی دیکەیش هەبووبن، بەڵام ئەوانە بەرچاون و کارەکانیان گەورە و شایەنی باسکردنن.

بێگومان فیلمی دۆکیۆمینتی جۆری زۆرە، بەڵام ئەوەی ئێمەی هونەرمەندانی کورد کاری لەسەر دەکەین، زیاتر ئەرشیفی و تەفسیرین. بۆ نموونە، کە باس لەشەهابەی هەولێری دەکەین، ئەوە ئەرشیفی و مێژوویی دەگرێتەوە، بەڵام کە باس لەئامێری تەنبور، یان ساز دەکەین ئەوە دەبێتە

تەفسیری، بەراورد بەوڵاتانی دیکە، ئێمەی کورد هێشتە لەهەنگاوی سەرەتاین.
لەم چەند ساڵەی دوایی توانیومانە لەڕیپۆرتاژی تەلەڤزیۆنی دەربچین و هەنگاو بنێین بۆ فیلمی سینەمایی، وەکو هونەرمەندی کورد (ئەیاد جەبار) کە کۆمەڵێک کاری بۆ تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان کردووە، هەنگاوی باش و دڵخۆشکەرن بۆ هونەری کوردی.
ساڵی ٢٠١٧ فیلمی (یاسر) کە تەواو سینەمایە، بەشداری چەندین ڤیستڤاڵی کردووە، کە دەکرێت بەنموونەی کاری سینەمایی بیهێنینەوە، کە توانای خۆی لەم فیلمەدا بەرجەستە کردووە و باس لەشەڕی دژی تیرۆر دەکات لەچاوی کامیرای یەکێک لەو وێنەگرانەی، کە بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کردووە و توانیوێتی ببێتە نموونەی فیلمی دۆکیۆمێنتی سینەمایی هونەرمەندی کورد، یاخود ئەوەی هونەرمەند (کەریمۆک) لەفیلمی جەژنانە بەرجەستەی کردووە، ئەوانە بازدانن بۆ پێشەوە، قۆناغی دڵخۆشکەرن بۆ پیشەوەچوونی هونەری فیلمی دۆکیۆمێنتاری.
بۆیە هونەری

**لە سەرەتادا ئەمریکییەکان پێیانگوتووە فیلمی گەشتوگوزار، بەڵام فەرەنسییەکان ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ فیلمی دۆکیۆمێنتاری**

دۆکیۆمێنتاری، جگە لەوەی چێژ و توانایە، لەهەمانکاتدا دۆکیۆمێنتار پێویستی بەژێرخانێکی ڕۆشنبیری دەوڵەمەند هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت فیلمێکی پڕ لەزانیاری و ڕاستگۆیی بەبینەر نیشان بدات و زۆرترین زانیاری بگەیێنێت، چونکە بینەری فیلمی دۆکیۆمێنتی



دیمەنێک لە فیلمی دۆکۆمێنتاری هۆزی بەختیاری



دیمەنێک لە فیلمی دۆکۆمێنتاری ژیانی ئەسکیمۆکان

تایبەتترە، لەبەر ئەوەی زیاتر خەڵکی نوخبەویی بینەریەتی، لای خۆشمان بینەری ئەم هونەرە کەسی دیار و تایبەتن. هەر چەندە لەناوەندەکانی هونەری کوردی گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە و دەتوانم بڵێم فەرامۆشکراوە، لە کۆلێژ و پەیمانگە هونەرییەکان کەمتر لەنێو بەرنامەکانی خوێندنە ئەکادیمییەکان دەردەکەوێت، هەروەها کەمترین ڤیستیڤاڵ و کۆڕ و کۆبوونەوەی لەسەر دەکرێت. ئەوەی هەیە زیاتر ئەو تەلەڤزیۆنانەن، کە لە دوای ڕاپەرین بەتایبەتی تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی هەولێر و سەتەلایتی گەلی کوردستان بەدڵنیایەوە تەلەڤزیۆنەکانی دیکەیش دەوریان هەبووە، هەرچەندە گەلێکجار کارەکانیان دەکەونە بەر شک و گومان لەنێوان ڕیپۆرتاژ و فیلمی دۆکیۆمێنتی، بەڵام هاوکات هونەرمەندێکی زۆر هەنە زۆرجدی کاری لەسەر دەکەن.
کەمتەرخەمی بۆ حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە لەدابین نەکردنی شوێنێک بۆ پاراستنی هەموو ئەو بەڵگانەی دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کەوتە دەست خەڵکەکە، کە زۆربەیان فەوتان، لەکاتێکدا دەبووایە زۆر گرنگی پێ بدرابایە و لەشوێنێکی پارێزراو هەڵیگیرابایە و وەک ئەرشیفی نەتەوەیی پارێزگاری لێکردبایە، دواتر دەتوانرا دۆکیۆمێنتار سوودی زۆری لێ ببینن، چونکە ئەو بەڵگانە بەدەیان تۆن دۆکیۆمنتی نوسراو و بینراو وێنەی فۆتۆ و دۆسیەی گرنگ بوون و کەمترین سوودمان لێ وەرگرت، کە دەیانتوانی ئەرشیفێکی نەتەوەیی گەورە و بەهێزی لی دروست بکەن.
زۆرجار بەناوی دۆکیۆمێنتاریش گوناحی گەورە بەرانبەر ئەم هونەرە دەکرێت، کە بەهەڵە کاری لەسەر دەکرێت، بۆیە بەشێکی فیلمە، بەشەکەی دی ڕیپۆرتاژی تەلەڤزیۆنییە، ئەوەشیان لە ئەنجامی ئەو ناتێگەیشتنەیە، کە دۆکیۆمێنتار بەهەڵە بەکاری دەهێنێت. هۆکارەکەش نەبوونی باگڕاوندی ڕۆشنبیرییە، هەم لەسەر بابەتەکە، هەم لەسەر هونەری دۆکیۆمنتەری. بۆ نموونە وێنەگرێک حەزی لە فیلمی دۆکیۆمینتی هەیە، لەوانەیە وێنەگرێکی زۆرباش بێت و لەکاتی وێنەگرتندا گۆشەنیگای جوان دیاری بکات، بەڵام هیچ زانیاریەکی ڕۆشنبیریی ئەوتۆی لەسەر هونەرەکە نییە. من خۆم دۆکیۆمێنتارێکی ئەکادیمی نیم، بەڵام خاوەنی ئەزموونی زۆرم لەسەر ئەم هونەرە، هەرچەندە لەسەرەتای کارکردنمدا تووشی هەڵەی زۆر بوویمە، بەڵام پێم لەهەڵەکانی خۆم ناوە و لەکارەکانی دواترم چاکم کردوونەتەوە، ئەویش لەڕێگای بەشداری بوونەکانمە لەو ڤیستڤاڵانەی بۆ فیلمی دۆکیۆمێنتی ئامادەکرابوون و ئاشنابوونم لەگەڵ دۆکیۆمێنتارانی شارەزا و بەئەزموون، وەک ئەو وۆرک شۆپانەی لەگەڵ دۆکیۆمێنتارە فەرەنسییەکان و ئەمریکییەکان تێدا بەشداریم کردووە و لەلایەنی ئەکادیمی ئەزموونی باشم لێیان وەرگرتووە.

**سەرچاوەکان:**



١- گۆڤاری سینەما کورد، ژمارە (٣) فیلمی دۆکیۆمێنتاری، ڕزگار سەعید.
٢- گۆڤاری کورد دۆکیۆمێنت، ژمارە (١) (الوثیقة الدلیل الدامغ.. بین الشک والیقین) خالد بکر أیوب.
٣- گۆڤاری کورد دۆکیۆمێنت، ژمارە (١) مەلەفێک لەسەر پرۆژە یاسای دیکۆمێنتپارێزی لەهەرێمی کوردستان) تاریق جامباز.


**یەکەم فیلمی دۆکیۆمێنتی لە ساڵی ١٩٢٢ لەلایەن دەرهێنەری ئەمریکی (ڕۆبەرت فلاهێرتی) تۆمارکراوە**

# خوێندنەوەی کتێب

- **مێگەل**


د. مەولود ئیبراهیم حەسەن





# مێگەل

مەولود ئیبراهیم حەسەن



(یڵماز گونەی:  ئەو فیلمە لە ڕاستی دا بەسەرهاتی گەلی کوردە، بەڵام ڕێگەیان نەدا لە دروستکردنی فیلمەکەدا سوود لە زمانی کوردی ببینین! ئەگەر زمانی کوردیمان بەکاربهێنایە، ئەوە تەواوی هاوکارانی فیلمی مێگەل دەخرانە بەندیخانە)

**پێشەکی**

لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئێمە لە بەغدا دەمانخوێند لە ڕاگەیاندنەکانی عەرەبی، بەتایبەت لە بابەتی هونەر و  ئەدەب و سینەمادا جارجار ناوی دەرهێنەرێکی گەورەی تورکیا (هونەرمەند یڵماز گونەی) دەهات، هەندێجاریش ئەوە باس دەکرا، کە کوردە، پاشتر لە ناوەڕاستی هەشتاکان ئێمە چەند برادەرێک دوو فیلمی ئەو دەرهێنەرەمان بە ناوەکانی (مێگەل و ڕێگا) دەسکەوت، شەوێک بە دزی و لەماڵەوە سەیری ئەو دوو فیلمەمان کرد، ئاستی بەرزی درهێنان و گرنگی ناوەڕۆکەکەی بۆ ئێمە جێی شانازی بوون، بە تایبەت، کە هەردوو فیلم باسی کۆمەڵگەی کوردەواری، بەتایبەت کوردەواری ژێردەستی تورکیای دەکرد؛ ئەوەشمان دەبیستەوە، کە ئەم دوو فیلمە لە ئاستی جیهانیدا دەنگیان داوەتەوە، ڕۆژێک لەگەڵ یەکێ لە برادەرەکان، کە سەر بە سیاسەت بوو، باسی فیلمەکانی یڵماز گۆنای هاتەپێش، من گوتم: (یڵماز گۆنەی خەباتی کوردی




لەباری سیاسی و چەکداریەوە بردە نێوەندی ئەدەب و هونەر و سینەما! ئەمە وەک ئەوە وایە بەرەیەکی دی خەبات، بۆ بەدەست هێنانی مافەکان کورد بکرێتەوە)

ئەو بەڕێزە ئەوکات ئەو قسەی ئێمەی زۆر بە دڵ نەبوو، بەڵام دواجار ڕۆژگار هێنایە سەر ئەو باوەڕەی، کە کاریگەری ئەدەب و هونەر بەتایبەت سینەما هیچی لە خەباتی چەکداری کەمتر نییە! ئەگەر خەباتکارێکی سینەمای وەک یڵماز گونەی کاری تێدا بکات.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕی گەورەی کورد (مامۆستا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) کتێبی (مێگەل)ی وەک دیارییەکی گرنگ بە ئێمە ڕەوا بینی.

ئەو کتێبە جارێکی دی منی بردەوە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، هەمان دڵگەرمی و تینوێتی بۆ یەکەم جار بینینی فیلمی (مێگەل) کتێبی مێگەل وەک مامۆستا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە سەر بەرگەکەی نووسیویەتی (چیرۆک، سیناریۆ، فیلم)ە، ئەو کتێبە بەلای منەوە هێندە گرنگە پێویست دەکات هەموو خوێندەوارێکی کورد زۆر بە وردی بیخوێنێتەوە، بەتایبەت سینەماکارانی کورد، ئەوکتێبە (١٩١) لاپەڕەیە واتە، مێگەل بۆ خۆی چەندین کتێبێکە لەنێو یەک کتێبدا!

یەکەم: چیرۆکێکی گرنگی ژیانی ڕابردوو و داهاتووی کوردە.

دووەم: هونەرێکی بەرزی سیناریۆ نووسینە.

سێیەم: فیلمێکی ئاستبەرزی کوردی و گرنگی جیهانییە.

چوارەم: بە کۆی ئەمانەی سەرەوە خەباتێکی هونەری سینەمایی چینایەتی نەتەوەیی گرنگە.

پێنجەم : بەرگرییەکی ڕەوایە، لە ژن و مافەکانی لە کۆمەڵگەیەکی باوکسالاریدا.

**کورتەیەک لە ژیانی یەڵماز گۆنەی:**

لە دایکبووی ١٩٣٧و لە دونیا دەرچوونی ٩ی سپتێمبەری ١٩٨٤ ناوی ڕاستی یەڵماز (یڵماز پۆتۆن)ە، بەڵام، ئەو خۆی بە یەڵماز گۆنەی ناساندووە. لە ماوەی ژیانیدا جگە لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی لە (٦٤) فیلم-دا دەرهێنەورو ئەکتەر بووە.

دەرهێنەر و سیناریۆنووس و ئەکتەر و نووسەری کوردی ئاوارە لە تورکیا، ئەو لە ساڵی ١٩٣٧ لە ماڵباتێکی هەژار و گوندنشین لە دەوروبەری شاری (ئەدەنە) لە خانەوادەیەکی زازایی هاتووەتە دونیا، لە منداڵییەوە بە هۆی هەژارییەوە ناچاربووە لە کێڵگەکاندا کار بکات، دواجار لە کۆلێژی ماف لە زانکۆی (ئەنقەرە) خوێندوویەتی و ئاشنایەتی بە سیناریۆ نووسین، چارەنووسی ئەوەی گۆڕیوە! ئەو کەسایەتیەکی ناسراوی نێو هونەرمەندانی چەپی جیهانە و بە فیلمەکانی خەریکی بەرچاوخستنی جیاوازییە گەورە و دڵهەژێنی خۆرهەڵات و خۆراوای تورکیا و بەگشتی ناوچە زازانشینەکان لەگەڵ ناوچەکانی دی تورکیا بوو! پاش کودەتای سەربازی نەتەوە پەرستان، یڵماز خرایە بەندیخانە و بەسوود وەرگرتن لە ڕوخسەت پێدانێکدا لە بەندیخانە خۆ دەگەیێنێتە فەرەنسا و لەوێ وەک پەناهەندەیەک وەردەگیرێت، هەر لەوکاتەدا ڕەگەزنامەی تورکی لێدەسێندرێتەوە! یەڵماز لە دوا چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەیی لە گەڵ (کریس کۆچێرا) لە بارەی فیلمی (مێگەل) دەڵێت: (ئەو فیلمە لە ڕاستیدا بەسەرهاتی گەلی کوردە، بەڵام، ڕێگەیان نەدا لە دروستکردنی فیلمەکە سوود لە زمانی کوردی ببینین! ئەگەر زمانی کوردیمان بەکاربهێنایە، ئەوە تەواوی هاوکارانی فیلمی مێگەل دەخرانە بەندیخانە)

دواجار لە ساڵی ١٩٨٤ پاش ئەو هەموو ڕەنجەی بەدەست تورکەوە کێشای بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (پەرلاشیر)ی گەورە پیاوانی فەرەنسا بە خاک سپێردرا. لە هەواڵی مەرگی ئەو گەورە دەرهێنەرەدا، یەکێ لە ڕۆژنامە ناودارەکان نووسی: (ئیدی فیلم کۆتایی هات)

**چاوپێکەوتنەکانی یڵماز گونەی لە بارەی (مێگەل) ەوە.**

ئەم چاوپێکەوتنە لە لاپەڕە (١ تا ٣٦) ی کتێبی مێگەلی گرتووتەوە و یڵماز باسی چۆنیەتی نووسینی سیناریۆکە و گرفتەکانی نێو بەندیخانە و سەختیەکانی دەرهێنانی فیلمەکە دەکات، ئێمە لێرەدا هەندێک هەڵبژاردە لە قسەکانی یڵماز دەگوێزینەوە، بەوهیوایەی خوێنەر کاتی ئەوەی هەبێت هەموو چاوپێکەوتنەکە و تەواوی کتێبەکە بەوردی بخووێنێتەوە.

لە سەرەتادا یەڵماز دەڵێت: (چیرۆکی مێگەل لە ساڵانی ١٩٧٢- ١٩٧٣ لە مێشکمدا بوو، ئەو ساڵانەی لە حەپسخانەی سەلیمییە بووم، هێڵە سەرەکیەکانم لەدەفتەرێکی گەورەدا تۆمارکرد، یەکێبوون لەو چیرۆکانەی، کە بۆ فیلم دەمنووسین، بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو و نەمدەزانی دەبێتە کارێکی گرنگ و وەرچەرخانێک لە مێژووی سینەمادا، خەڵاتی گەورەی نێودەوڵەتی بەدەست دێنێ! ساڵانێکی زۆر لەسەر لاپەڕەکانی ئەو دەفتەرە گەورەیە بێ سەدا و بێ دەنگ مایەوە، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٨ بە ڕێککەوتێک لە حەپسخانەی (ئیزمیت) ڕۆشنایی بینی، ڕەنگە ساڵانێکی درێژ لەسەر ئەو لاپەڕە زەرد هەڵگەڕاوانە بمایەتەوە و شانسی ئەوەی

> “ ئەو فیلمە لە ڕاستیدا بەسەرهاتی گەلی کوردە، بەڵام، ڕێگەیان نەدا لە دروستکردنی فیلمەکە سوود لە زمانی کوردی ببینین ”



> **یلماز لەکاتی نووسینی سیناریۆکە و باسکردن لە کارەکتەرەکان ڕەنگ و ڕوو و باری دەروونی کارەکتەرەکانی گرتووە**

نەبووایە بکرێت بە فیلم، بڕوام نەدەکرد شانسی ئەوەی هەبێت بکرێت بە فیلم) ل١-٢

دواتر یڵماز لە بارەی ئازادی نووسینەوە دەڵێت: (من لە نووسینی سیناریۆ دا دەبووایە ئازاد بم، ڕازی نابم کارەکانم لە لایەن یەکێکی دیکەوە سنووری بۆ دابندرێ) ل٨

لەبارەی ماوەی نووسین و کات و باری نووسینەوەی سیناریۆکەوە یڵماز دەڵێت: (سێ مانگ و نیوم بەدەستەوە بوو، بۆ نووسینی سیناریۆیەکی تۆکمە نەدەگونجا، لەم ماوەیەشدا لە هەموو حەپسخانەکانی تورکیا بارودۆخێکی ئاڵۆز پەیدا بوو بوو، بەندییەکان مانیان لە خواردن دەگرت، بەرگریکردن و یاخی بوون لەو حەپسخانەی منیشی تێدا بووم، وەک حەپسخانەکانی دیکەی تورکیا ئارام نەبوو، ماوەیەکی زۆر لە حەپسخانە مابوومەوە، لە ئاداری ١٩٧٤ لە حەپسخانە هاتمە دەرەوە، بەڵام، هەر دوای سێ مانگ قەت چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد، لە ئەنجامی ڕووداوێکدا جارێکی دیکە کەوتمەوە حەپسخانەوە)ل١٠

هەر لە بارەی نووسینی سیناریۆ لە بەندیخانەوە دەڵێت: (کارکردن لەنێو قاوشی حەپسخانە دا ئاسان نییە! لەنێو قاوشێکدام لەگەڵ کەسانێکدا




گەلێ تاوانیان ئەنجامداوە، جێخەوەکان دوو ڕێز بەرامبەر یەکن، هەر قەرویڵەیەک یەکێ لە خوارەوە و یەکێ لە سەرەوە دەخەون، ڕێڕەوێک لەنێوان جێخەوەکانی بەرامبەر دا، مەترێک دەبێ و نابێت،

ئەو جێخەوانەی لای دیوارەکانەوەن، سێ قاتە ئەو لایەی پەنجەرەی هەیە، جێخەوەکان دوو قاتن، جێخەوەکەی من کەوتووەتە لای پەنجەرەکەوە، لەنێوان جێخەو و ئەوەی دیکەدا مێزێک و تەختەیەکی دانیشتن هەیە، ئا لەوێ دا لەو زەل زەلە و دەنگە دەنگەدا دەبێت سیناریۆکە بنووسم) ل١٤ سەیرکە برای سینەماکارم ئەو فیلمە گرنگ و جیهانی و خاوەن ئەو هەموو خەڵاتە ئەوەتا لەنێو بەندیخانە نووسراوە، بەندیخانەش بەندیخانەی تورکیا!

لە ڕوویێکی دیکەوە یڵماز لەکاتی نووسینی سیناریۆکە و باسکردن لە کارەکتەرەکان ڕەنگ و ڕوو و باری دەروونی کارەکتەرەکانی گرتووە، یڵماز خۆی دەنووسێت: (دەبێ هەوڵبدەم لە کاتی نووسیندا بچمە نێو ڕوحی کەسەکەوە، شێوەی ڕوخسارم لە کاتی نووسیندا لەگەڵ باری کەسەکەدا دەگۆڕا، هەندێ جار ڕووم کز دەبووەوە و تووڕەدەبووم، هەندێجاریش غەمگین و ڕوخسارم ئازاری دەردەبڕی، بە گوێرەی حاڵ و باڵی کەسایەتییەکان، دەچوومە دۆخی ئەوانەوە، ئەو بەشەی بێزیڤانم دەنووسی، هەوڵم دەدا بچمە دۆخی ئەوەوە، لە نێو بێ دەنگی ئەودا دەژیام، کە دەهاتمە سەر باسی شڤان و دەمدواند وێران بوون و پەرێشانی و ئازارەکانی ئەوم هەست پێدەکرد و تیادا دەژیام) یڵماز بەردەوام دەبێت و دەنووسێت: (کە لە بارەی حەمۆوە دەمنووسی و بە قسەم دەهێنا پیاوکوژیی لە ڕوومدا دەردەکەوت، ڕەنگ و ڕووخسارم دەگۆڕا، دەچوومە پێست و ڕەنگی ئەوەوە، لە بارەی هەر کەسایەتییەک دەمنووسی، بە گوێرەی ئەو کەسایەتییە منیش ڕەنگ و ڕووم دەگۆڕا، کە دەمنووسی ئەو برادەرانەش (مەبەستی یەڵماز هاوبەندیەکانیەتی) بە مەراقەوە لە منیان دەڕوانی، لە پڕ یەکێکیان دەهات و دەیپرسی: کاکە ئەوە چییە خێرە؟ چ بووە شتێک ڕووی داوە، وایدەگوت: چی بووە؟ شتێک قەوماوە؟ یەکێکی دیکە دەهات و دەیگوت : شتێکی خراپ ڕوویداوە؟ دەمگوت: قارەمانی

حەکایەتەکە خەم و دڵتەنگی هەیە، دەیگوت: گوێی مەدەرێ کاکە، خۆت دڵتەنگ مەکە، ئەم ڕۆژانەش تێدەپەڕن، وایان دەگوت، لە لایەکەوە دەمنووسی و لە لایەکەوە وەڵامی دەوروبەرەکەم دەدایەوە، حەپسخانە ئاوایە دەردی زۆرە ..)ل١٤،١٥،١٦

یڵماز لەنێو بەندیخانەدا ئاوا کاری دەکرد و حەکایەتی دەنووسی و وەڵامی جۆراوجۆری بەندیە جۆراوجۆرەکانی دەدایەوە و ڕێزی لە هەمووان دەگرت و لە کاری نووسینی سیناریۆکەشی دانەدەبڕا: (خەریکی وێنە گرتن و دەرهێنانی فیلم بووین، لە لایەکی ترەوە سیناریۆم دەنووسی. سەرپەرشتی کاری فیلمەکانم دەکرد، زۆربەی کارەکان سەرشانی من کەوتبوون، بەڕاستی کاروبارەکان سەخڵەتیان کردبووم، کاتم نەبوو سەرم بخورێنم، کاری پێنج شەش کەسم هەڵدەسووڕاند)ل١٨

بەڵێ ئەوەتە دەرهێنەری کورد ئاوا کار دەکات و سیناریۆ دەنووسێ و فیلم دەردەهێنێت، لەو ماوەیەشدا لە چەند بەندیخانەیەکەوە دەیگوێزنەوە بۆ بەندیخانەیەکی دی، یڵماز بەو حاڵەشەوە خۆی لە بەندییەکان دانابڕێت و وەک ئەوان ماندەگرێت و یاخی دەبێت و وەک ئەوانیش سزا دەدرێ.

### ئەو خەڵاتانەی بەم فیلمە دراون

بەپێی ئەو لیستەی لە لاپەڕە چواردا هاتووە، فیلمی مێگەل نۆ خەڵاتی نێودەوڵەتی گەورەی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٧٩ دووجار لە بەرلین خەڵاتکراوە، لە بەلجیکا و لەندەن و ئیسپانیا، جگە لەوەی لەنێوەندە هونەری و سینەماییەکانی جیهان باسکراوە و هەڵسەنگێندراوە و گرنگی زۆری پێدراوە، لەوەش گرنگتر فیلمی (مێگەل) بووە هۆی چارەسەری زۆر کێشەی عەشایەری و تۆڵەکردنەوەی نێو کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەت و تورکیا بەگشتی، کە ئەمەش مایەی شانازی میللەتی کورد و هەموو سینەماکارەکانیەتی.

### دەنگدانەوەی فیلمی مێگەل

فیلمی مێگەل بەو ئاستە بەرزەی هونەری سینەما و دەرهێنان و بەرجەستەکردنی ئەکتەرەکان و ناوەرۆکە دەوڵەمەندەکەی، جگە لەوەی کێشەی کوردی لە هەموو ڕوویەکەوە خستبووە بەرچاو باسی کێشەکانی خێزان و عەشیرەت و کۆمەڵگە و دەوڵەتی کردبوو، وەک سۆنەرێکیش وابوو بۆ دەرخستنی نەخۆشییەکانی ڕژێمی تورک و جۆری حوکمکردنی و بەتایبەت دژ بە کورد. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی مێگەل لەسەر شاشە زێڕین و گەشەکانی جیهان، بە هونەرێکی سەردەم دابنرێت و کێشەی کورد باشتر بە دونیا بناسێنێت و لە ڕێگەی هونەری سینەمای ئاستبەرزەوە دۆستی زۆرتر بۆ کورد پەیدا بکات.

ڕۆژنامەی (لە ڕیپەپلیکا) دەنووسێت: لە فێستیڤالی لۆکارنۆ مێگەل گەورەترین خەڵاتی بەدەست هێنا.
ڕۆژنامەی (پۆمۆلۆ) دەنووسێت: گونەی ژیانی هەژاری کولەمەرگی کۆچەرانی ئەنادۆڵی لەم فیلمەدا سەرکۆنە کردووە.

(لونیتا) دەنووسێت: کارێکی کلتووری گەورە و بەڕاستی داهێنانێکی گەورەیە.

(پرۆڤینسیال) دەنووسێت: ئەم فیلمە فیلمێکی جیهانییە، دەبێت بەو چاوەوە تەماشا بکرێت.

(لیکۆ دی لۆکارنۆ) دەنووسێت: دوای بینین ئەم جۆرە فیلمە، بۆمان دەردەکەوێت، ئومید دەکەین لەسەر شاشەی سینەماکاندا لەم جۆرە فیلمە ببینین.

### نووسەر و دەرهێنەر و بەڕێوەبەر و کارەکتەرەکانی مێگەل

پێکهێنانی: گونە فیلم
بەڕێوەبەر: زەکی ئۆکتان
سیناریۆ: یڵماز گونەی
کامیرا: عزەت ئاکای
دەنگ: تونجەر ئایدن ئۆغلو
بڵاوکەرەوە: ئۆزدەمیر ئاریتان
موزیک: زولفو لیکانلو
ئەکتەرەکان
مەلیکە دەمیرداغ: بێریڤان
تاریق ئاکان: شڤان
تونجەلی کورتز: حەمۆ

### وشەی (مێگەل) لە دوای فیلمی مێگەل

وشەی مێگەل، وشەیەکی کوردی یەکرەهەند بوو، لە کاروناوچەیەکی بەرتەنگ بەکاردەهات، بەڵام فیلمی مێگەل ئەم وشە و ناوەی گەشاندەوە و بۆ ئاستێکی دی بەرزکردەوە و بە دونیای ناساند،

> “
> **ئەو کتێبە جارێکی دی منی بردەوە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، هەمان دڵەرمی و تینوویێتی بۆ یەکەم جار بینینی فلمی (میگەل)**
> ”



وێنەی وەرگێڕی کتێبی مێگەل

> "کارکردن لەنێو قاوشی حەپسخانەدا ئاسان نییە! لەنێو قاوشێکدام لەگەڵ کەسانێکدا گەلێ تاوانیان ئەنجامداوە"

یەڵماز گونەی وەک ئەو پاشا ئەفسانەییە وابوو، کە دەستی بەر هەرشتێک کەوتبا دەیکردە زێڕ، بەڵێ یڵماز ئەم وشەییەی شێلاو شێلاو شێلا، دواجار لە فەرهەنگە کلتوورییەکەی دەرهێناو بردیە نێو چەندین فەرهەنگی زیندووی جیهانی و بە دونیایدا بڵاوکردەوە و زیندوویێتیەکی بەردەوامی پێبەخشی. هەر بۆیە ئێستا هەرکەس وشەی مێگەل دەبینێت و دەبیستێت و دەخوێنێتەوە، چەندین مانای بە خەیاڵدا دێت:

یەکەم: مێگەل فیلمێکی سینەمایی ئاست بەرزی جیهانی دەرهێنەرێکی جیهانی کوردە، ئەویش یڵماز گونەیە.

دووەم: مێگەل واتە میللەتێک و کۆمەڵگەیەک کەوتبێتە ژێر دەستی ڕژێمێکی دیکتاتۆر و لە خەمی ئازادی خۆی دانەبێت.

سێیەم: مێگەل واتە: چیرۆک و سیناریۆیەکی بەرزی پڕ هونەری دونیای نووسینی کاری ئەدەبی و هونەریی.

چوارەم: مێگەل واتە: خەباتێکی هونەری سینەمایی چینایەتی نەتەوەیی، بە ئاستێکی جیهانی سەرکەوتوو.

پێنجەم: مێگەل واتە: ژیانی کوردە کۆچەرەکانی ئەنادۆڵ و ژیانی بێریڤان و سلۆ و حەمۆ و کێشەی خوێنداری عەشیرەتی.

شەشەم: مێگەل وشەیەکی ئایدۆلۆژی سیاسییەو باسی ژیانی کوردەکانی ژێردەستی حکوومەتی تورک دەکات و بووەتە نموونەی هاوبەشی نێو میللەتان.

حەوتەم: وشەی مێگەل واتە مێگەلی مەڕ و ژیانی کۆچەری کوردەکانی ئەنادۆل.

**مامۆستا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل:**

مامۆستای گەورە، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕی ناسراو و ناوداری کوردە و لە ناوچەکەدا ناسراوە، وەرگێڕانەکانی لە کوردی بۆ عەرەبی و تورکی دەکات و لە تورکی و عەرەبیەوە بۆ کوردی و تورکی وەردەگێڕێت، لەم کارەشدا جێ دەستی دیارە لەنێو کتێبخانەکاندا، وەک من بزانم، مامۆستا خەریکی وەرگێڕانی تەواوی کتێب و سیناریۆکانی یەڵماز گونەیە، هەندێکیانی تەواوکردووە و چاپکراون و هەندێکیان ماون چاپ بکرێن. هیواخوازم مامۆستا بە تەندروستییەکی باش و دەروونێکی ئاسوودەوە بتوانێت وەرگێڕانەکانی تەواو بکات و دەزگاکانیش بڵاوییان بکەنەوە.

**پێشنیاز:**

من بەچاکی دەزانم، کە نێوەندەکانی هونەر و سینەما لەمەودوا، لەکاتی کردنەوەی خول و کۆرسی هونەریی بۆ گەنجانی ئارەزوومەندی سیناریۆ نووسین و کاری سینەمایی و دەرهێنان، داوا لەو گەنجانە بکەن سەرەتا ژیان و بەرهەمەکانی یەڵماز گونەی بەوردی بخوێننەوە و فیلمەکانی ببینن! چۆن یڵماز بە باوکی سینەمای کوردی ناسراوە و ناوبانگێکی جیهانی هەیە و ئاستێکی بەرز لە کوردناسیی لە نووسین و فیلم و ڕۆمانەکانی دا هەیە.


***ئەم پرۆژەی وەرگێڕان و چاپکردنی بەرهەمەکانی یڵماز گونەی، پرۆژەی چاپەمەنییەکانی (هاوار فیلم)ە کە هاوار مستەفا خان بەڕێوەی دەبات و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە تورکییەوە کردوونی بە کوردی.**

**** بۆ نووسینی ئەم بابەتە جگە لە کتێبی مێگەل چەند سەرچاوەیەکی دیو سایتێک سوودیان لێ بینراوە.**

# لەبری بیرەوەری

- **شەو لەکێوان - بەشی (١٤)**

د. ئەرسەلان بایز






د. ئەرسەلان بایز

(١٤)

وەنەبێت شۆڕش و پێشمەرگایەتی هەر هەمووی تەق و تۆق و شەڕ و شۆڕ و پەلامار و کوشتن و برین بووبێت، بەڵکو وەکو هەر شوێن و بوارێک لە بوارەکانی دی قۆناغەکانی ژیان، جۆرەها ڕووداو و بەسەرهات و گاڵتە و گەپیشی تێدابوو، هەندێک لەو بەسەرهات و ڕووداوانە سەیر و جێی پێکەنین بوون، لەوانە:

+ (ئەو) لە سەردەمی گەنجێتیدا هیچ ئاشنایەتی و کارێکی لەگەڵ دونیای مۆسیقادا نەبوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان کاتێک خوێندکاری بەشی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بوو کاک (هۆشمەند عەبدولمەجید)ی برای کاک (ئازاد هەورامی) سەردانی کرد، مامۆستا (هۆشمەند) مامۆستای ئامادەیی بوو لە یەکێ لە قوتابخانەکانی شاری کۆیە، هەرلەوێش هاوسەرگیریی لەگەڵ (چوار باخ)ی خوشکی شەهید (د،خالید) کردبوو، مامۆستا (هۆشمەند) پیاوێکی دەنگ خۆشی مۆسیقا دۆستی هەست ناسکی ڕووخۆشی سیاسی بوو، لە شەستەکانەوە ئەندامێکی کارای ڕێبازی سیاسی (مام جەلال) بوو، لەگەڵ تێکەڵاوبوونەوەی هەردوو باڵی (پارتی دیموکراتی کوردستان)یش بوو بە ئەندامی ناوچەی کۆیەی پارتی،

لەو سەردانەیدا بۆلای (ئەو) لە بەغدا بەیەکەوە سەردانی بنکەیەکی مۆسیقایان کرد، لەو بنکەیە کاک (هۆشمەند) بۆ ماوەی نیو سەعات ئامێری (کەمان)ی ژەند، بەڵام (ئەو) بە حوکمی ئەوەی خەڵکی گوندێکی گەرمەسێر بوو، هیچ سەروکارێکی لەگەڵ مۆسیقا نەبوو، بۆیە کاتێک کاک (هۆشمەند) ئامێرەکەی دەژەند هیچ کاریگەرییەکی لەسەر (ئەو) نەبوو، لە کۆتاییدا کاک (هۆشمەند) پێیگوت: دیارە هیچ هەستێکی مۆسیقات نییە، لەڕاستیدا وابوو، ساڵان هاتوو و ساڵان ڕۆیشت، دوای پێوەندیکردنی (ئەو) بە پێشمەرگایەتی، کاتێک یەکێک لە ڕۆژەکان بۆ جێبەجێکردنی هەندێک پێویستی چووە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە (ناوزەنگ) لە بارەگای ڕادیۆوە تەلەفۆنیان بۆ کرد و پێیانگوت (ضابط إیقاع)ێک هاتووە بۆ بارەگاکەیان و داوای پێشمەرگایەتی دەکات، کاتێک (ئەو) گوێی لە (ضابط) بوو وایزانی ئەوەی هاتووە ئەفسەرێکی سەربازییە، بۆیە یەکسەر هەواڵەکەی بە (مام جەلال) گوت: وەڵلە دەڵێن ئەفسەرێک پێوەندی کردووە و ئێستا لە بارەگای ڕادیۆیە لە (توژەڵە) (مام جەلال)یش زۆر دڵی بەو هەواڵە خۆش بوو، گوتی: دوای گەڕانەوەت یەکسەر بۆلای منی بنێرە، دوای گەڕانەوەی بۆ بارەگای ڕادیۆ لە (توژەڵە) یەکەوسەر لە هەواڵی ئەفسەرەکەی پرسی، دوای ڕێنماییکردن چووە چادرەکەی کاک (ئاراس ئیبراهیم) کە مۆسیقا ژەنێکی ناسراو و لێهاتوو بوو، تازە خەریکی پێکهێنانی بەشی مۆسیقا بوو، کە چاوی بە کوڕە میوانەکە کەوت زۆری پێ سەیر بوو، لەشولار و هەڵسوکەوتی میوانەکە لە ئەفسەر نەدەچوو، بۆیە ڕووی لە (ئاراس) کرد و لێیپرسی: (اختصاص)ی ئەم میوانە چییە؟ ئەویش گوتی ئەمە تەپڵ لێدەرە و لە بواری مۆسیقاش پێیان دەڵێن (ضابط إیقاع). (ئەو) لەناخەوە بەخۆی پێکەنی و هەندێک بەسەر خۆیدا شکایەوە، دواتر بیری لەوە کردەوە، چ وەڵامێکی (مام جەلال) بداتەوە، باشبوو نە (مام جەلال) لێیپرسیەوە و نە ئەویش جارێکی دی باسی ئەفسەرەکەی کردەوە.

+ کوردێکی گەنجی ڕۆح سووک لە دایکبوو و پەروەردەی شاری بەغدا باوک کورد و دایک عەرەب، زمانەکانی کوردی و عەرەبی دەزانی، واش باوبوو گەنجە لە دایک بوو و پەروەردەکانی شارەکانی گەورەی وەکو (بەغدا، تاران، قاهیرە، ئەستانبوڵ هتد) کەسانی هۆشیار و وریان، لەڕاستیدا ئەو گەنجە بەغداییە ناهۆشیار نەبوو،

بەڵام شارەزای نەریت و چۆنیەتی ژیانی گوند و لادێکان نەبوو، نیوەڕۆیەک لەسەر نانخواردن (ئەو) گوێیی لێبوو پێشمەرگە و کادیرە دەشتییەکان باسی (ڕاوە ژووژگ)یان دەکرد، ئەو یارییە بۆ کڵاونانە سەر و پێڕابواردنە، ئەگینا هیچ بنەمایەکی نییە، تەنیاوتەنیا دەشتەکیەکانیش بە فیڵەکەی دەزانن، کاتێک هەستی ڕاگرت، بینی پیلانەکە بۆ کوردە بەغدادییەکەیە، چونکە هەندێک جار وا خۆی نیشاندەدا، کە کڵاو ناچێتە سەری (ئەو)یش هەر بۆ دڵنایی پێیوت: فڵان! ئاگاداری خۆتبە کڵاوت نەکەنە سەر، ئەویش بە زمانی عەرەبی وەڵامی دایەوە: (انا ابن بغداد) ناتوانن کڵاو بکەنە سەرم، ڕۆژان هاتوو و ڕۆژان ڕۆیشت، لە نێوان بانگی خۆراواو خەوتنان (ئەو) لەگەڵ (شارا) لەبەردەم زۆپا دارەکەی ژوورەوە دانیشتبوون و قسەیان دەکرد، لەپڕ شارا گوتی: ئەرێ من گوێم لە تەقە تەقێکە (ئەو)یش هەستی ڕاگرت بەڕاستی دەنگی تەقە تەقێک دەهات و دەشیان زانی تەقەی تفەنگ نییە، کاتێک (ئەو) هاتە دەرەوە و گوێی لە دەنگەکان ڕاگرت، یەکسەر زانی ئەمە ڕاوە ژووژکە و کڵاویان کردووەتە سەر کوردە بەغدادییەکە، بۆیە هەر بەو نەعلەی لەپێیدا بوو بەڕاکردن بەرەو تەقە تەقەکە ڕۆیشت ئاگرێکی گەورە کرابووەوو (ڕەنجە و ڕێبوار) سەرو گونیەکیان بە کۆڵی خۆیان دادابوو دەیان گوت: ئەرێ وەڵلە گرتم، کابراش هەتا توانای هەبوو بەدار لە تەنەکەی دەدا، کاتێک ئەو هاواری لێدەکرد و بانگی دەکرد کابرا بە توندتر لە تەنەکەی دەدا هەتا لێی نزیک بووەوە و پێیگوت: ئەی پێم نەوتی ئاگاداری خۆتبە کڵاوت نەکەنە سەر، ئینجا کورە گەنجەکە حەپەساو گوتی: وەڵلە ڕاست دەکەی بە قسەی تۆم نەکرد، ئەوانە فیڵیان لێکردم، تاکو یەک هەفتە گرژی و تووڕەیی کەوتە نێوان پێشمەرگەکان، تاکو دواتر ئاشت کرانەوە.

+ (خەجێ) کچە کوردێکی سیاسی چەپی شۆڕشگێڕی کوردستانی باکوور بوو، ئەوسا لە تەمەنی سی و چەند ساڵێک بوو، ژنێکی وریا و ئازا و لەبلەبان، خۆی و زیاتر لەسەد پێشمەرگەی (ئاڵای ڕزگاری) کە گروپێکی سیاسی بوو، بە سەردان و لە پێناو مەشقکردن لەسەر خەباتی پارتیزانی هاتبوونە (ناوزەنگ) ئەو ژن و پێشمەرگانە جێی ڕێز و حورمەتی سەرکردایەتی و کادیر و پێشمەرگەکانی (ی،ن،ک) بوون.

ئەو ڕێکخراوە لە گوندی (شێنێ) بارەگایەکیان بۆ کرابوویەوە، باقی پێشمەرگەکانی دیکەیشیان بەسەر بارەگاکاندا دابەش کرابوون، جارجارە لەگەڵ مەفرەزە گەڕۆکەکان دەچوونە جەولە، هاتنی (خەجێ) و ئەو

**بەهۆی نەداری و دەستکورتی شۆڕش سیستەمێک بۆ نان و چا خواردنەوە لە بارەگاکان دانرابوو، بەپێی ئەو سیستەمە نەئەبوو لە ژەمەکان، زیاتر لە کوپێک چا بخۆیتەوە**

پێشمەرگانە جموجۆڵێکی ڕووناکبیرییان لە بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی،ن،ک) دروستکرد، دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە ئەنجامدرا، ئێوارەیەکیان (خەجێ لەگەڵ کاک مەلا بەختیار و ڕووناک خان میوانی (ئەو)و شارا خان بوون) بەو زستانە ساردە خەریکی قسەی خۆش و پێکەنین بوون، لەپڕ یەکێک لە دەرگایدا، کاتێک (ئەو) دەرگای کردەوە، یەکێک لە کادیرەکان بوو (ئەو) پێیگوت: فەرموو، گوتی: ئیشم بە هاوڕێ (خەجێ) هەیە، کاتێک هاتە ژوورەوە ڕووی لە خەجێ کرد و گوتی: بەداخەوە ئێستا هەواڵێکمان پێگەیشتووە تفەنگ لە دەستی پێشمەرگەکانت دەرچووە و دووانیان شەهید بوون، ئیدی دانیشتنە خۆشەکە بوو بە خەم و پەژارە و هاوار هاوار، هەموویان لە شوێنی خۆیان وشک بوون (خەجێ) دەستی بە گریان کرد و هەڵسایەوە، خۆی کۆبکاتەوە و بە دوای هەواڵەکەدا بڕوات (ئەو) و (مەلا بەختیار)یش خۆیان کۆکردەوە و ویستیان لەگەڵ خەجێ بەدوای ئەو هەواڵە ناخۆشەدا بڕۆن، کاتێک کادیرەکە سەیری وەزعەکەی کرد، کە هەموویان شڵەژاون و هەواڵەکە هەموویانی تاساندووە، ڕووی تێکردن و گوتی: بابە خۆتان مشەوەش مەکەن، هەواڵەکە درۆی نیسانە، چونکە سبەینێ یەکی نیسانە (مەلا بەختیار) زۆر تورە بوو، گوتی: بەشەرەفت ئەمەش





گاڵتە و کڵاوە، کادیرەکە زۆر بەسەر خۆیدا شکایەوە پەشیمان بوویەوە، بەڵام تازە فایدەی چی، دانیشتنە خۆشەکەیان لێبوو بە شڵەژان و خەمێکی گەورە، ئیدی هەر بەو هەستەوە شەوەکەیان بەڕێکرد.

+ سەعات (٩)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی پاشتر دوای نان و چا خواردن میوانەکان بە دڵشکاویەوە ڕۆیشتن، نیو سەعات دواتر زەنگی تەلەفۆنی ماڵەکەیان لێیدا، شیاوی باسە بە هۆی (بەداله)ێکی سەربازییەوە، کە لە شەڕەکان دەست پێشمەرگە کەوتبوو، زۆربەی بارەگا سەرەکییەکانی سەرکردایەتی (ی،ن،ک) بە تەل بەیەکەوە بەسترابوونەوە، کاتێک (ئەو) تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، یەکێک لەو سەرەوە گوتی: باوکت (مام بایز) هاتووە و لە ماڵی ئێمەیە لە گوندی (شێنێ) (ئەو)یش مارانگەستی دوێنێ شەو بوو، هەر وای زانی دیسان درۆی نیسانە و دەیانەوێت کڵاوی بکەنە سەر، بۆیە زۆر بە هێمنیەوە وەڵامی دایەوە: باشە برام زۆر سوپاس، ئیدی خۆی بەو هەواڵە سەرقاڵ نەکرد، چونکە لەلایەکەوە هەرگیز بە بیریدا نەدەهات ڕۆژێک لە ڕۆژان باوکی، کە لە تەمەنی (٦٠) ساڵیدا بوو سەردانی بکات، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی درۆی نیسان، سەعاتێک دواتر بە ئیسراحەتی خۆی بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێک کاروبار بەرەو (ناوزەنگ)

***دوای پشوودان و نان خواردنی نیوەڕۆ (ئەو) لە باوکی پرسی: بۆچی هاتووی؟ (مام بایز)یش لە وەڵامدا گوتی: وەڵلە دەزگاکانی ئەمنی هەولێر بە زۆر ناردوویانم بتبەمەوە***

بەڕێکەوت و سەردانی کاک (نەوشیروان)ی کرد، کاتێک کاک (نەوشیروان) چاوی پێکەوت گوتی: ئەوە چۆنە هاتوویت و باوکت جێ هێشتووە؟ (ئەو)یش پێکەنی و گوتی: هاتنی چی دەیانەوێت کڵاوم بکەنە سەر، کاک (نەوشیروان) گوتی: کورە بابە کڵاوی چی بەڕاستی باوکت هاتووە (ئەو)یش جارێکی دی لە کاک (نەوشیروان)ی دووبارە کردەوە، کاکە وەڵاهی دەترسم کڵاو بێت، نا دڵنیابە کڵاو نییە و باوکت وا لە (شێنێ)یە، ئینجا (ئەو) بەپەلە پروزێ ڕایکرد و چووە (شێنێ) و باوکی دۆزیەوە و دواتر بەیەکەوە چوونەوە توژەڵە.

دوای پشوودان و نان خواردنی نیوەڕۆ (ئەو) لە باوکی پرسی: بۆچی هاتووی؟ (مام بایز)یش لە وەڵامدا گوتی: وەڵلە دەزگاکانی ئەمنی هەولێر بە زۆر ناردوویانم بتبەمەوە، ئەگینا خۆم و دایکت زیندانی دەکەن، ئەگەرچی من پێم گوتون: بچم، یان نەچم وەکو یەکە، چونکە کوڕەکەم بە قسەی من ناکات، ماوەی حەوت ساڵە مەگەر بە سەردان ئەگینا هیچ پێوەندییەکی بە ئێمەوە نەماوە، بەڵام هەر سوور بوون لەسەر هاتنم، ئینجا دەبێت بەیەکەوە وێنەیەک بگرین و تۆش چەند ڕستەیەک بنووسی، کە من هاتووم، تاکو بزانن تۆم دیوە و بە قسەت نەکردووم و گەڕاومەتەوە.

(ئەو)یش لە وەڵامدا گوتی: جارێ تۆ لەو ڕێگا دوورەوە هاتووی چەند ڕۆژێک پشوو بدە، دواتر شتەکانیش جێبەجێ دەکەین، دوو ڕۆژ دواتر وێنەیەکیان بەیەکەوە گرت، ئینجا ئەم نامەیەی خوارەوەشی نووسی:

(بەڕێوەبەرایەتی ئەمن لە هەولێر، من کە ناوم (ئەرسەلان بایز ئیسماعیل)ە لە دایکبووی ساڵی (١٩٥٠) دەرچووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، ماوەی چوار ساڵ بەهۆی ئەندام بوونم لە ڕێکخراوێکی (مارکسی کۆمەڵە) زیندانی ئێوە بووم لە (ئەبو غرێب) دواتر لە پێناوی وەدیهێنانی مافەکانی گەلەکەم پێوەندیم بە شۆڕشەوە کرد، من لێرە پێشمەرگە و خاوەنی ژن و ماڵی خۆمم و هیچ پێوەندییەکم بە باوکم و بنەماڵەکەمانەوە نەماوە، زیاتر لە پێنج سەد کیلۆمەتر لێیانەوە دوورم، بۆیە ناهەقی دەکەن ئەگەر کەس و کارم لەسەر من سزا بدەن و بیانخەنە زیندانەوە).

دوای سێ شەو مانەوە باوکی وەکو چۆن هاتبوو، بەهەمان ڕێگە بە پشتی وڵاخەوە بە وێنە و نامەکەوە گەڕایەوە بۆ هەولێر، دوای چەند مانگێک هەواڵ گەیشت دایک و باوکی، کە تەمەنیان لەسەرەوەی (٦٠) ساڵی بوو لەگەڵ حاجی (ئیبراهیم)ی برای (٢٨) ساڵ وەکو سەدان کەسوکاری دی پێشمەرگە گیران و ڕەوانەی زیندانی (فزەیلیە)ی بەغدا کراون، ئیدی ئەوان ماوەی دوو ساڵ

لەو زیندانە مانەوە.
+ بەهۆی نەداری و دەستکورتی شۆڕش سیستەمێک بۆ نان و چا خواردنەوە لە بارەگاکان دانرابوو، بەپێی ئەو سیستەمە نەئەبوو لە ژەمەکان زیاتر لە کوپێک چا بخۆیتەوە، ڕۆژێک لە بارەگای سەرەکی ڕادیۆ لەکاتی نانخواردنی نیوەڕۆ، دەنگە دەنگێک لە نێوان کاک (ڕزگار شێخانی) و لێپرسراوی ئیدارەی بارەگاکە دروست بوو (ئەو)یش پرسی: ئەو دەنگە دەنگە چییە؟ کاک (ڕزگار) گوتی: لەسەر خواردنەوەی کوپێک چا لێپرسراوی بارەگا لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا دەکات و دەیەوێت ڕۆژێک خەفارەت بە زیادەوە بگرم، دواتر (ئەو) لە لێپرسراوی ئیدارەی پرسی: ئەوە چییە؟ ئەویش گوتی: (ڕزگار) یاسا شکێنی دەکات، بە ڕێنماییەکانی ئێرە پابەند نییە، نیوەڕۆ نانێکی زیاتری خوارد قسەم نەکرد کەچی ئێستا کوپێک چای زیاتری خواردەوە، هێندە ئازووقەمان نییە هەرکەسە و لە خۆیەوە بێت و نانی زیاد، یان چای زیاتر بخواتەوە (ئەو) کێشەکەی چارەسەر کرد و گوتی: کاک (ڕزگار) لە ئێمەمانان قەڵەوترە، بۆیە با بەسکی خۆی نان و چا بخواتەوە.
+ کۆتایی مانگی هەشت و سەرەتای مانگی نۆی پایزان وەرزی پێگەیشتنی فەریکە گوێزە، فەریکە گوێز چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە، پێشمەرگەکانیش جارجارە دەچوونە ژێر دار گوێزەکان، ئەو گوێزانەیان هەڵدەگرتەوە کە باران و ڕەشەبای پایزان دەیتەکاندن، هەندێک جاریش بەهۆی چێژی فەریکە گوێز، چەند دانەیەکیان بۆ خۆیان دەتەکاند، کاتێک مرۆڤ فەریکە گوێز دەشکێنێت و دەیخوات دەستەکانی ڕەش دەبن، دەشڵێن ژنان پەلکی فەریکە گوێز لەگەڵ (خەنە) تێکەڵاو دەکەن و بۆ گۆڕینی ڕەنگی قژی سەریان بەکاری دێنن، جووتیارەکانی گوندی (توژەڵە و شێنێ و زەڵێ)ش لە تەکاندنی ئەو فەریکە گوێزانە نارەحەت دەبوون، بۆیە ڕۆژێک دەچنە لای (خەجێ)ی ژنە شۆڕشگێڕی کوردستانی باکوور و بەرانبەر ئەو کارەیان، گلەیی لە پێشمەرگەکانی دەکەن، جووتیارەکان دەڵێن: پێشمەرگەکانت هێندەیان فەریکە گوێز تەکاندووە و خواردوویانە، هەمووشیان دەستیان ڕەش بووە، ئەگەر بە ئێمەش بڕوا ناکەیت، بانگیان بکەو سەیری دەستیان بکە، کاتێک (خەجێ) گوێی لە ڕەشبوونی دەستی پێشمەرگەکانی دەبێت، نازانێت چۆن ناو لەپی دەستەکانی خۆی بشارێتەوە چونکە خۆشی وەکو پێشمەرگەکان هێندەی فەریکە گوێز خواردبوو، هەردوو دەست و ناولەپی دەستەکانی ڕەش بوو بوون.
+ هەرچۆنێک بێت (خەجێ) دڵی جووتیارەکان دەداتەوە و

**خۆی و زیاتر لەسەد پێشمەرگەی (ئاڵای ڕزگاری) کە گروپێکی سیاسی بوو، بە سەردان و لە پێناو مەشقکردن لەسەر خەباتی پارتیزانی هاتبوونە (ناوزەنگ)**

بەڵێنیان پێدەدا ئامۆژگاری پێشمەرگەکانی بکات و نەهێڵێ چیدی فەریکە گوێز لێ بکەنەوە.
+ بنەماڵەی (فوئاد مەستی) بنەماڵەیەکی دیار و نیشتیمانپەروەر و ناسراوی شاری سلێمانین، کاک (نەوشیروان مەستی) پێشتر دەرچووی کۆلێژی ئەفسەری عێراق بوو، لە سەردەمی گەنجێتیدا وەکو ئەفسەرێک ڕیزەکانی سوپای عێراقی جێهێشتبوو و پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردبوو، ماوەیەکیش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیری پێشمەرگە بوو (نەریمان مەستی) گەنجێکی بیست ساڵەی خوێندکاری زانکۆی بەغدا، دوای ئاشکرابوونی لە ڕیزەکانی کوردایەتی لە (ئەبو غرێب) لەگەڵ (لەیلا قاسم) و چەند هەڤاڵێکی دی لە سێدارە دران (میران مەستی و شادمان مەستی) هەردووکیان خوێندکاری زانکۆکانی یوگسلافیای جاران بوون (د.





> **لە بارەگای رادیۆوە تەلەفۆنیان بۆ کرد و پێیانگوت (ضابط إیقاع)ێک هاتووە بۆ بارەگاکەیان و داوای پێشمەرگایەتی دەکات، کاتێک (ئەو) گوێی لە (ضابط) بوو وایزانی ئەوەی هاتووە ئەفسەرێکی سەربازییە، بۆیە یەکسەر هەواڵەکەی بە (مام جەلال) گوت**

شادمان) خوێندنی پزیشکی تەواوکردبوو، لە ساڵی (١٩٨٠) لە یوگسلافیاوە هاتەوە و پێوەندی بە شۆڕشەوە کرد لە (ناوزەنگ) بەمەبەستی چارەسەرکردنی پێشمەرگە و دانیشتوانی ناوچەکە چادرێکی لە نزیک گوندی (نۆکان) هەڵدابوو، ڕۆژانە تیماری خەڵکی دەکرد، ئەو ساڵانە شۆڕش زۆر بێ پارەوپول بوو (د. شادمان)یش هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو دەرمان بۆ چارەسەری نەخۆشەکانی پەیدا بکات، ئەگەرچی جارجارە هەندێک دەرمان بە دزییەوە لەلایەن ڕێکخستنە نهێنییەکانی شارەوە دەهات، بەڵام قەبارەی زۆر کەمبوو، بۆیە ڕۆژێکیان کاک (د. شادمان) بە کاک (حەمە تۆفیق دەڵێت: (کاک حەمە توفیق ئەندازیاری میکانیک و دەرچووی بەریتانیا بوو) پێیدەڵێت هەرکاتێک کاک (نەوشیروان) دەرفەتی هەبوو میزاجی باشبوو، تەلەفۆنم بۆ بکە دێمە لای و بۆ کڕینی دەرمان بۆ نۆڕینگەکەم داوای هەندێک پارەی لێدەکەم، بۆیە ڕۆژەکیان کاک (نەوشیروان) بە هەچ هۆیەک بووبێت دڵی توند و تورە دەبێت، ئا لەو ساتەدا کاک (حەمە تۆفیق) تەلەفۆن بۆ (د. شادمان) دەکات و دەڵێت: دکتۆر ئێستا باشترین کاتی هاتنی تۆیە وەرە کاک (نەوشیروان) زۆر ئاسوودە و بێ کێشەیە و داواکەی خۆت بکە.
(د. شادمان)یش بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە بارەگای کاک (نەوشیروان) داوای دە هەزار دینار دەکات، کاتێک کاک (نەوشیروان) گوێی لەو گوژمە پارەیە دەبێت، هەڵدەچێ و دەڵێت: (د. شادمان) تۆ وادەزانی ئێمە لەسەر بانک دانیشتووین، ئێستا بە هەموو سەرکردایەتی دوو هەزار دیناریشمان پێ پەیدا نابێت (د. شادمان)یش وەکو بێدەنگ و هێمنیەکەی خۆی قسەی دی ناکات و دەزانێت کاک (حەمە تۆفیق) کڵاوی کردووەتە سەری، دەچێتە لای کاک (حەمە) و دڵی خۆی بە کاک (حەمە تۆفیق دەڕێژێت.

+ کاک (حەمە توفیق و کاک میران مەستی) لە (دیمەشق) بەیەکەوە دەبن بە نیازن بگەڕێنەوە بارەگای سەرکردایەتی، برادەرانی (ی،ن،ک)یش لەوێ چەند نامەیەکیان دەبێ، کە بگەیەنرێتە مەکتەبی سیاسی (ی،ن،ک) لە (ناوزەنگ)
بەپێی ئەزموونەکانی ڕابردوو کاک (حەمە توفیق) هەمیشە لە لایەن پۆلیسی فڕۆکەخانەکان چاوی لەسەر بووە و هەمیشە لە گەشتەکانی دەپشکنرا، بۆیە بۆ دڵنیابوونی گەیاندنی نامەکان بە مەکتەبی سیاسی داوا لە کاک (میران) دەکات نامەکان لای خۆی هەڵگرێت، چونکە دموچاوی کاک (میران) هیچ گومانێکی نەدەچووە سەر، بە دەگمەن ئەگینا قەت لە فڕۆکەخانەکان نەدەپشکنرا، کاتێک کاک (میران) دەزانێت ناوەڕۆکی نامەکان شتی تێدایە، بە داواکارییەکەی کاک (حەمە) ڕازی نابێت، کاک (حەمە تۆفیق)یش چیدی باس لە نامەکان ناکات، لەکاتی ڕۆیشتنیان بۆ نێو فڕۆکەخانە، بەدەم ڕێگاوە و بە هێمنی و بێ ئاگاداری نامەکان دەخاتە گیرفانی چاکەتەکەی کاک (میران) و ئیدی هەردووکیان بەرەو کۆنترۆڵ هەنگاو دەنێن، هەروەکو چاوەڕوان دەکرا کاک (میران) بێ کێشە لە کۆنترۆڵ دەڕوا و کەس قسەی لەگەڵدا ناکات، کاک (حەمە تۆفیق)یش وەکو هەموو جارەکانی دی دەیپشکنن، دوای دەرچوونیان لە کۆنترۆڵ و پشکنین، کاک (حەمە تۆفیق) هێمنانە بە کاک (میران) دەڵێت: کاک (میران) لە سایەی خوا هەردووکمان بە سەلامەتی لە کۆنترۆڵ دەرچووین، ئینجا نامەکانم بدەوە، کاک (میران)یش هەروا دەزانێت گاڵتەیە، دەڵێت: نامەی چی ئەی نەمگوت وەری ناگرم و دەبێت خۆت هەڵیانبگریت، کاک (حەمە) بە پێکەنینەوە دەڵێت: نامەکان لە گیرفانتە و توخوا بێ زەحمەت بمدەرەوە، کاتێک کاک (میران) دەست دەخاتە گیرفانی وشک دەبێت و دەکەوێتە قسەی توند بە کاک (حەمە) و دەڵێت: ئەگەر منیشیان بپشکنیایە و نامەکانیان بگرتایە، کاک (حەمە)ش خۆی شێلو ناکات و بە پێکەنینەوە نامەکانی لێ وەردەگرێتەوە.

# وێستگەی دیوان

- (١) پرسیار (وەلید مەعرووف)
- یەکەم بابەت ( حوسامەدین سەرداری)
- گۆشەی دیوان.. نامەکانی مەم
- بەدووا داچوون و چەند ڕاستکردنەوەیەک

جیهانبەخش کۆیی

- دیوانی هەولێر (مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی)

نازم دڵبەند

- لە دەفتەری نەمریدا (پ.د. ئازاد عوبێد ساڵح)
- لە دەفتەری نەمریدا (عومەر چاوشین)
- ساڵۆنی لاپەڕە (٩)


پرسیار (١)

## شانۆگەری ئەژدیها، یان شاری ئەوین

# چیرۆکی ئەو شانۆگەرییە چی بوو؟

ئەوەی بە بیرم بێت ساڵی ١٩٨٥ بوو فێستڤاڵێک لە دیمەشق هەبوو، فێستڤاڵی شانۆی جیهانی دەبوایە ئێمەش بەشداری بکەین، تەڵعەت سامان گوتی: ئێمە بەشداری دەکەین، ئەوەبوو لە ڕێگەی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لە هەولێر دەستمان بە پرۆڤە کرد، دوای ماندووبوونێکی زۆر گەیشتە سەر شانۆ.

یەکەم ڕۆژ شانۆگەرییەکە بە ناوی (ئەژدیها) نمایش کرا، بینەرێکی یەکجار زۆر ئامادەی شانۆگەرییەکە بوون، لە پێشەوەش کەسانێک وەک لیژنەی هەڵسەنگاندن دانیشتبوون، بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کە ئەم شانۆگەرییە بچێتە فێستیڤاڵ، یان نا، لەنێو لیژنەکەدا کۆمەڵێک هونەرمەندی کوردیشیان لەگەڵ بوون، حەزناکەم ناویان بێنم، کە شانۆگەرییەکەمان نمایش کرد و تەواو بووین لیژنەکە گوتیان: تەواو ئەم شانۆگەرییە نابێت نمایش بکرێت، دواتر مەسەلەکە گەیشتە (دائیرەی ئەمن) و بەدواماندا دەگەڕان، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ خۆمان بزر کرد، دواتر برادەرێکمان هەبوو، سەرۆکی کۆمەڵە بوو، ئەرکی کێشا و لەماڵەکەی ئەو کێشەکە چارەسەر کرا، زۆر دەستەواژە، کە ڕایان لێنەبوو قووتیان کرد و هەندێکیشیان دەستکاری کرد، دواتر گوتیشیان نابێت ناوی شانۆگەرییەکە (ئەژدیها) بێت، چونکە پێیان وابوو ئەژدیها مەبەستمان سەدام حوسێن-ە دوای بینە و بەردەیەکی زۆر گوتیان بەوشێوەیە دەتانەوێ باشە، ناتانەوێ لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ دەکەین، کاک تەڵعەت سامان ڕازی بوو. ناوونیشانی شانۆگەرییەکە لە (ئەژدیها)وە



گـۆڕا بـۆ (شــاری ئـەویـن) نـاوەڕۆکـەکـەشـی دەستکاری کرا، خۆی (شاری ئەوین)ەکە لەنێو شانۆگەرییەکەدا هەیە.

ڕۆڵی منیش لە شانۆگەرییەکەدا یەکێک بوو لە ڕۆڵە سەرەکییەکان، کە ئەژدیهاکەم دەکوشت، بەداخەوە هەر یەک ڕۆژ بەو ناوە نمایش کرا، نەگریسەکان نەیانهێشت.

دوای ئەو دەستکاریکردنە، کە زۆربەی ماناکەی گۆڕی دەبووایە دەست پێبکەینەوە، بەڵام من هەڵوێستم وەرگرت و بە کاک تەڵعەتم گوت: من ناتوانم بەشداری بکەم، گۆتی بۆ؟ گوتم لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکەکەی گۆڕا، لە کوێ شتی وابووە دەقێک بنووسرێت، دوایی بێیت ناوونیشان و حیوارەکانی نێوی بگۆڕیت، تەنیا لەبەر ئەوەی ڕژێم ڕازی نییە.


دوای قسە و باسێکی زۆر لەگەڵ کاک تەڵعەت گوتم ئێمە هەر براینە، دەزانم تۆ فشارێکی زۆرت لەسـەرە، من داوای لێبووردن دەکـەم بـەشـداری نـاکـەم، بـەوشـێوەیـە ڕێککەوتین، هەرچەندە پێشی خۆش نەبوو، دڵی لێم شکا و نزیکەی هەشت مانگێک نێوانمان سارد بوو، هـاتـووچـۆی کـۆمـەڵـەم نـەدەکـرد و سـەلامـم لێنەدەکردن، کاک تەڵعەتیش بۆخۆی پیاوێکی دڵ ناسک بـوو، گوتی تۆ منت بەجێهێشت. چونکە شـەوێـک مـن چـوومـە مـاڵـیان قسـەم لەگەڵی کرد، ئەو ئەوەی پێخۆش نەبوو، بەڵام لەبەر کۆمەڵێک هۆکار دەبووایە بەوە ڕازی بێت، پێی گوتم وەلید فشارم لێمەکە، ئەگەر منیش وەک تۆ بکەم هەموو ئـەوانـەش، کە لەگەڵم کار دەکەن تووشی کێشە دەبین و تێدەچین، تۆ هەڵوێستی خۆت وەرگرتیە، من ئەوەم پێ جوانە و تۆ لای من خۆشەویستی، کە سەیری چاوکانیشم دەکـرد، فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس مابوون.

ئێستەش هـەروایـە، هـونـەری شانۆ مـردووە، لەبەر ئەوەی هونەرمەندان دژی یەکدین، پڕن لە ڕق، لە ژیانمدا نەمدیوە هونەر، یان شانۆ ڕقی تێدابێت، هونەر خۆشەویستی و خۆشەویستی وڵات و خەڵکە.

**وەلید مەعرووف**

*** تەڵعەت سامان لە کتێبی کۆبەرهەمەکانی کە دوای مردنی چاپکراوە ئاماژەی بەو شانۆگەرییە داوە، بەم شێوەیە (شاری ئەوین، نووسین و دەرهێنانی ١٩٨٤، هەولێر هۆڵی ڕۆشنبیریی، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی شانۆ) هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر ئەوە نەداوە، کە پێشتر بە ناوی شانۆگەری (ئەژدیها) بووە دواتر ناوەکەیان پێگۆڕیوە.**







(یەکەم بابەت گۆشەیەکی گۆڤاری دیوانە، تێیدا هەرجارەی یەکەم بابەتی نووسەرێک، یان شاعیرێک، یان هونەرمەندێک دەخەینەڕوو، بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەران بە سەرەتا و یەکەم بەرهەمیان)

## حوسامەدین سەرداری:

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ واتە (پێش ٥١ ساڵ) بەڕێز مومتاز حەیدەری، کە برادەری نزیکی مامم خوالێخۆشبوو (یونس عەتار) بوو زوو زوو لە بازاری قەیسەری سەردانی دەکرد، چونکە هەردووکیان سەر بە یەک حزب بوون، دەشمزانی بەڕێزییان ڕۆژنامەنووسن. منیش وێنەی ئەم سەرتاشەی شەقامی شێخەڵڵام گرتبوو، بابەتێکی کورت بوو، بە زمانی عەرەبی نووسیبووم چاوەڕێی سەردانی کاک (مومتاز)م دەکرد تاکو بابەتەکەی بدەمێ و لە ڕۆژنامە، یان گۆڤارێک بۆم بڵاوبکاتەوە. کە وێنە و بابەتەکەم دایێ گوتی تەنیا وێنەکەت بۆ بڵاودەکەمەوە، زۆر ڕای لە بابەتەکەم نەبوو، ئەوەبوو پاش ماوەیەک تەنیا وێنەکەی لە ڕۆژنامەی هاوکاری بۆ بڵاوکردمەوە بە ناوونیشانی (سەرتاشین لەسەر چەقی ڕێگا) وێنەیەک لە کوردستانەوە، دیاری کاک حوسامەددین سەرداری.

دڵم ئاوی نەخواردەوە، ناچاربووم وێنەکە و بابەتەکەم بە پۆست ناردە گۆڤاری (الف با) کە هەموو هەفتەیەک گۆڤارەکەم دەکڕی، تاکو لە ١٩٧٢/٧/٢٦ لە ژمارە (٢٠٦) بابەتەکە و وێنەکە لە بەرگی یەکەمی ناوەوەی گۆڤارەکە بڵاوبووەوە، بەڕاستی زۆر زۆر کەیفم هات و نیشانی برادەرانی قوتابخانەم دا و سینگم دەرپەڕاند و خۆم بە ڕۆژنامەنووس زانی، بەڵام زۆر پێم سەیر بوو پاش ماوەیەکی کەم سەرتاشەکانی سەرشەقام لە لایەن شارەوانی دەرکران و قەدەغەکران. لە هەمووی سەیرتر باپیرم خوالێخۆشبوو (حاجی محەمەد توتنچی) کەزانی من ئەم بابەتەم بڵاوکردووەتەوە و ئەم سەرتاشانەش دەرکراون، زۆر ڕەخنەی لێگرتم و گوتی: تۆ هۆکار بووی لە بڕینی رزقی سەرتاشەکان.



الف باء

مجلة اسبوعية سياسية جامعة

رئيس التحرير

سامي مهدي

العدد ٢٠٦ في ٢٦ تموز ١٩٧٢

المحررون :
فاضل العزاوي · زيد الفلاحي · ماجد السامرائي · رشيد الرماحي · آمال الزهاوي · نبيل ياسين · ثامر الفلاحي · عبدالستار ناصر

المساهمون : سالمة صالح · خالد علي مصطفى · موفق خضر · عبدالطيف السعدون · حسين مردان · مالك المطلبي · يوسف نمر ذياب · هاديا حيدر · ماجد العامل · محمود شبيب · فرج عربي · مخلص خليل ·

القسم الفني : عبدالنافع الملاح · غالب زنجيل · فيصل لعيبي · بسام فرج · عزيز النائب ·

المساهمون : ناظم فرمان · صلاح جياد ·

تصدر عن : دار الجماهير للصحافة

الادارة والتحرير : الوزيرية - قرب الجسر الحديدي

هاتف خمسة خطوط ٦٩٧٢١ ، ٥٠٤٠٣٠٢٠

الاشتراكات : دينارن ونصف سنويا ... ٥٠ فلسا

الاعلانات : يتفق بشأنها مع الادارة

دار الحرية للطباعة

« حلاق الرصيف » ·· فولكلور

عزيزي المحرر :

من المشاهد المؤذية في بلادنا ، مشهد حلاق الرصيف ، الذي يتكرر في العديد من الاماكن العامة في العراق !·· وفي محافظة اربيل ، ما زلنا نعاني من هذا المشهد ، على طول رصيف « شارع شيخ عبدالله » !! ما اعرفه هو اننا ننفرد في جميع شعوب الارض بهذا ( الفولكلور ) الغريب ·· فاذا كانت الحلاقة جزءا من النظافة والصحة العامة ·· فان ممارستها بهذا الشكل لا يحقق ادنى درجات الصحة ·· فما هو الحل ؟؟

نرجو ان ينتبه المسؤولون الى هذا العمل غير الصحي ، والذي يتنافى مع ابسط آداب الشارع ويوقفوه ··

اربيل — حسام‌الدين السرداري

حول أخطاء الطوابع

عزيزي المحرر :

ورد في العدد ٢٠٣ الصادر بتاريخ ٥-٧-٩٧٢ من مجلتكم الغراء باب الرسائل من اخطاء في الطوابع بقلم السيد خالد عامر الخميس ·

اننا في الوقت الذي نشكر فيه كاتب المقال على معلوماته الواسعة والملاحظات التي ابداها بدافع الاخلاص والحرص على سمعة طوابعنا بصورة خاصة ، نود ان نبين للكاتب الكريم بان ما جاء بالطابع هو الترجمة الحرفية ليوم العمال كما يبدو على الطابع نفسه · اما تسمية التي ذكرها الاخ الكاتب

رسائل

مع اعتزازنا بتسميتها كاصطلاح عام ، الا انه غير متداول بصورة واسعة هنا والشائع استعماله ( يوم واحد ايار ) كرمز ليوم العمال العالمي ·

اما بصدد الغلطة التي وردت على طوابع الفواكه ، فنود ان نعلم الاخ الكريم بان هذه الادارة كانت قد اصدرت في حينه نشرات خاصة باللغتين العربية والانكليزية ، ذكرت فيها المراحل التي ادت الى طبع الاسم العلمي للطابع على الطابع الثاني ، حيث جاء الاسم العلمي مغلوطا وبالنظر لجسامة الكمية ··· فلم يكن بالمستطاع استغلالها من قبل بعضهم واصبح متداولا في شكله الحالي ·· هذا وان هذه المصلحة على استعداد تام لتقبل كل نقد بناء ، طالما يخدم المصلحة العامة ·· مع جزيل شكرنا ··

المدير العام

لمصلحة البريد والبرق والهاتف

اسماعيل عبدالرزاق عبدالمجيد الحديثي

النفط (بالكسر) هو الافصح

عزيزي المحرر :

غلط السيد سلمان حسين، المذيعين الذين يتلفظون ( النفط ) بكسر النون ·· ونسب ذلك للدكتور مصطفى جواد (رحمه الله) ·· وذلك في حقل « رسائل » من العدد ٢٠٤ من الف باء ·· الا ان كتب اللغة المعتبرة على خلافه : ففي ( لسان العرب) (٧-٤١٦) ضبطت الكلمة بكسر النون وفتحها ، ثم قال المؤلف « والكسر افصح » ·· واعتبر (ابن السكيت) في كتابه ( اصلاح المنطق ص٣٦ ) ·· ان كلا من اللغتين فصيحة ، الا انه عاد واعتبر ان الكسر هو الصحيح والفتح من استعمال العامة وذكر ( النفط ) في باب ( ما كسر اوله والعامة تفتحه ) · اما ( الفيروز بادي ) فلا شك بصحة فتح النون اذ قال في ( القاموس المحيط ) : « والنفط بالكسر وقد يفتح او هو خطأ » اي : ان الفتح خطأ ··

وبعد هذا فهل ان السيد سلمان ما زال يطالب المذيعين بالكف عن التلفظ بكسر النون الذي اعتبره خطأ لغويا ؟· ويصر ان القول للمرحوم جواد ؟!

مهدي الظالمي — النجف

غلاف العدد

في هذا الفصل من السنة، حيث ترتفع الحرارة يهرب الناس عادة الى المسابح ليطفئوا الشمس في مياهها الباردة · وللتعرف على هذه المخابيء التي تحارب الحر ذهب أحد محرري الف باء الى هناك وعاد بتحقيق موسع عنها ·

دەقی بابەتەکە لە گۆڤاری (ئەلف با)

**سەرتاشی سەرشەقام**

لە دیاردە ئازار بەخشانەکانی وڵاتەکەمان دیاردەی سەرتاشی سەر شەقامە، کە لە زۆر شوێنی دیکەی گشتی عێراق-یش دوبارە بووەتەوە، لە پارێزگای هەولێر تا ئێستە بەم دیاردەیەوە دەناڵێنین. بەدرێژایی شەقامی شێخ عەبدوڵڵا-ی گرتووەتەوە. ئەوەی بزانم تەنیا ئێمە میللەتێکین لە نێوان هەموو میللەتانی گۆی زەوی خاوەنی ئەم فۆلکلۆرە نامۆیەین. ئەگەر سەرتاشین بەشێک بێت لە پاکوخاوێنی و تەندروستی گشتی، ئەوە پەیڕەوکردنی بەم جۆرە زۆر دوورە لەوە

کەوابوو چارەسەر چییە؟ داواکارین لە بەرپرسان ئاگاداری ئەم کارە ناتەندروستییە بن، کە لەگەڵ داب و نەریتی شەقامیش یەک ناگرێتەوە، بۆیە پێویستە رایبگرن

**هەولێر-حوسامەددین سەرداری**



کاتێک محەمەد مەولود (مەم) دیمەنی ئەوەی، کە کەسێک بەهۆی دزیکردنەوە دەستگیر دەکرێت و بەسەر تاشراوی، کە ماستیان بەسەر و دەمووچاویدا کردووە و بەسواری ئۆتۆمبێلێکەوە بە نێو ئاپۆڕای خەڵک و شەقامەکانی هەولێردا سووڕاندوویانەتەوە، وایکردووە نامەیەک بۆ (شێخ ڕەزا گوڵانی) بەڕێوەبەری ئەوکاتی پۆلیسی هەولێر بنووسێت، بەمشێوەیە:

**لە مەم- ەوە بۆ:**

- مامۆستا شێخ ڕەزا گوڵانی.
- دەستەی نووسەرای گۆڤاری ڕۆژی نوێ.
- یەکیەتی نووسەرانی کورد.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیراسەی کوردی.
- جمعية الفنون والاداب الكردية.
- الامانه العامه لإداره الثقافة والشباب.

**هەولێر**

**٢ ـ٣ /٨/ ١٩٧٠**

بۆ: گەورەو بەڕێز مامۆستا شێخ ڕەزا گوڵانی - بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر

چۆنن... تکامە لە خۆشی و کامەرانیدا بژین.

کە یەکەم وشەی ئەم نامەیەم نووسی کات (١٢,١٠)ی پاش نیوەشەو بوو: دە شەو پترە بەربەرەکانی لەگەڵ دڵ و دەروونم ئەکەم، بۆ ئەوەی ساتێک خەو بچێتە چاوم و بەهەسێمەوە و شۆڕشی بیر و پەشێوی گیانم دابمرکێنم! کەچی سوودی نەبوو ناچار هەر ئەبێ ئەم چەند دێرەت بۆ بنووسم!؟

ئەزانم تۆ کێی و چۆن لە هەولێر و لەسەر ئەم کورسیەت جێگیربووی، بێگومان ئەوە شتێکی نهێنی نییە، کورسیەکەش ئەگەر بۆ تۆ بچووک و کەم نەبێت، گەورەتر و پتریش نییە، لام وایە کورسیەکە بەتۆوە گەورە بووەو نەک تۆ بە کورسیەکە گەورە بووی، ئەمە بڕوایی تایبەتی خۆمە.

ئینجا ڕەنگە بپرسیت: هۆی چی بێت، کە دە شەوە ناخەوم، وە سەبارەت بە چییە شۆڕشی دەروونم، شەپۆلی داوەتەوە و ڕام ئەماڵێت بۆ ئەم هەڵوێستە و نووسینی ئەم چەند دێرە؟! هەروا جێی خۆیەتی ئەگەر بشپرسی:

ئەم کابرایە کێیە خۆی دەکاری من هەڵئەقورتێنی و دەم درێژی ئەکات و خۆی لە دەریایێک ئەدات، کە ئەنجامی مەلەکردن لەناویا مسۆگەر نییە؟! هەقە وا پرسیار بکەی، یا بیری وا بکەیتەوە، بەڵام جاری گوێ بگرە پێت بڵێم بۆچی دە (١٠) شەوە چۆنیەتیم وایە،



محەمەد مەولود (مەم)

وەکو لە سەرەوە باسم کرد؟

ڕۆژی (٢٤)ی تەمموزی (١٩٧٠) لە شەقامە گەورەکەی شار ڕائەبوردم، چاوم بە دیمەنێکی سەیر کەوت! دوو توموبیلی پیکاپی پۆلیس لە جادەکە لەسەرخۆ ئەجولانەوە. کابرایێک لەسەری سەرەوەی قەمارەی تومویبلێک سندم کرابوو سەری تاشابوو، ماست بەسەر و گوێلاک و ڕوو، گەردەن و سنگی بڵاو ببوەوە، کۆمەڵێکی زۆر لە منداڵە وردکە، بە هۆی ها، هۆی ها، دەورەی ئوتومبیلەکەیان دابوو، کابرای سەرتاشراو و ماست بەسەرداکراویش ملی کەچ و چاوی شۆڕکردبوون، جارجار لەژێرەوە، بریسکەی چاوی کوسکی، پڕ تووڕەیی و قین و ڕکی، وەک تیر ئەهاوێشتە دەوروبەری.

عالەمەکەی جادەش، ئەوەی پیاو بوو، هەر سەیری دیمەنەکەی ئەکرد و پاشگەز ئەبووەوە؟! بەگورجی، بەهێزێکی سیحریی سەیر، چاویان لە دیمەنەکە ئەگوازتەوە و ملیان شۆڕ ئەکرد و بە پەلە ڕێگایان ئەگرتە بەر، هەندێکیشیان هەر بە ڕاکردن، لە زەماوەندەکە! دوور ئەکەوتنەوە؟!

لە یەکێکم پرسی: ئەمە چییە، چە قەوماوە؟!

کابرا بە تاڵی و پێکەنینێکی ساختە پێی گوتم: ئەمە دزە سزای خۆی وەرئەگرێت؟! دزەو سزا ئەدرێت؟ خەریک بووم بەکابرا بڕوا نەکەم و لە مەسەلەکە هەمووی بکەومە گومان، بەڵام یەکسەر خەیاڵ بردمییەوە، دەوری منداڵیم، دیمەنێکی وەکو ئەم دیمەنەم هاتەوە خەیاڵ، کاتی خۆی کە منداڵ بووم، باوکم بۆی گێڕابوومەوە، ساڵان لەبیرتان بردبوومەوە، هەڵوێستی ڕۆژەکەی (٧/٢٤) هێنایەوە یادم!

کە منداڵ بووم، باوکم بۆی گێڕامەوە گوتی: لە سەرەتای بیستەکانی ئەم سەدەیە، کە (میرانی قادر بەگ) حاکمی شەقڵاوە بوو، کابرایێک هەبوو ناوی (مستۆ) بوو، شەوێک ماڵێک دزرا و لەسەر (مستۆ) ساغ بووەوە! میر، مستۆی هێنا و سەری تراشی و ڕووی بە (تەنی) ڕەش کرد و کۆتکە ماستێکی بەسەردا کرد و لە ناو گوندی شەقڵاوە، بە هەموو کۆڵانە و گەڕەکەکاندا گێڕای، بۆ (عیبرەت).

ئیتر مستۆ لەو ڕۆژەوە، کەس لە ناو خەڵکیی نەئەدیت، ڕقێکی گەورەی لە کۆمەڵ پەیداکرد، پاش ئەو ڕووداوەش، دزی زۆر ئەکرا و بگرە خەڵکیش ئەکوژرا! بەڵام ئایا مستۆ کە هەر کەس، لە ناو ئینسانان چاوی پێی نەئەکەوت، ئاگای لەو دزی و کوشتنانەش هەبوو، کە پاش سزادانەکەی ئەو ڕوویان ئەدا؟! ئەمە تا ئێستاش ئاشکرا نەبوو!.

(مام مستۆ) من دیبووم، تەنها خۆی لە بچووکان، لە منداڵان نەئەشاردەوە، ئەگەر بیرم بە هەڵەم نەبات، پاش تەمەنێکی درێژ، لە سەرەتای نیوەی دووەمی ئەم سەدەیە، سەری نایەوە، خوا لێی خۆش بێت.

کوڕێکی بەجێهێشت لە هیچ خراپەیێک لای نادا، تەنانەت ئیشی هەرە گرنگی ئەوەبوو، کە هەر گەنجێکی شەقڵاوەیی، کوڕێکی باش بووایە و بیری نیشتمانی هەبوایە ڕاوی ئەنا و ماڵی وێران ئەکرد! جگە لەو کوڕە، کچێکیشی بەجێهێشت کە بەسەر دایکێکی خاوەن (١٠) منداڵ بەژن چوو. ژیانی ئەو خێزانەی تاڵ کرد، بە ڕای من ئەگەر (مام مستۆ) لە دەستی هاتبا، هەموو شەقڵاوەی ئاگر ئەدا و ئاگرەکەشی ناکوژاندەوە، ئەگەر هەموو عالەمی گرتبایەوە و خۆشی تێدا چووبا!.

بەڵێ کە دیمەنەکەی (٧/٢٤)م دیت، یەکسەر مستۆم هاتەوە یاد و بەتاڵی خوزیێکم قووت دایەوە. گەورەم گیرا. هەناسەم تەنگ بوو، لە دڵی خۆما پرسیارم ئەکرد:

ئایا ئێمە لە سەدەکانی ناوەند و لەژێر نیری ئاغا و میر و دەرەبەگ ئەژین؟! یان لە عەسری ئەلەکتریک و ئۆتۆم و چوونە ئاسمان و ناو مانگ؟

لەناو گێژاوی ئەم خەیاڵانە، ئاوڕێکم لە پشت خۆم دایەوە، نازانم بۆ چ ئاوڕم بەرەو پاش دایەوە، ڕەنگە (لا ارادی) مەترسی ئەوەم بووبێ، کە لە پشتەوەم پەلامارم بدەن وەکو کابرای دزم لێ بکەن؟! بەڵام لە پشتەوەم تەنها دوو سێ کەسی بێگانەم هاتنە بەرچاو یەقین خەڵکی ئەم (ڕۆژهەڵاتە) نەبوون، کە بەواق ورماوی سەیری دیمەنەکەیان ئەکرد و سەریان ئەهەژاند! لێت نەشارمەوە کە چاوم بەو بێگانانە کەوت، خەریک بووم لە شەرما بتوێمەوە، بەتایبەتی کە بیری ئەوەم ئەکردەوە، ئەگەر ئەمانە لە چۆنیەتیەکە تێبگەن و بزانن ئێمە لە کوردستان وا چارەسەری گیروگرفتی کۆمەڵمان ئەکەین ڕاستەوخۆ وا لێک ئەدەنەوە.

(ئەم میللەتە، هێشتا لە قرون وسطی ئەژین)

(ئەم میللەتی کوردە، هێشتا ژیانی دارستان و تیرە و قەبیلەی هەر لا باوە)

(ڕاستە ئەم کوردە، هێشتا کێوی و دڕندەن) و... هتد

بەڕاستی خەریک بووم لە شەرما ببمە دڵۆپە ئاوێک، لەشم عارەقەی کرد، بەبێ شعور لاشەم ڕەکیش کرد و وەکو شەرمەزارێک، یان وەکو (مستۆ) خۆم لە

کۆڵانێکی تەسکی بازاڕ شاردەوە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە خەیاڵی ڕەش بەرۆکم بەر نادەن. وشەو خەوم لێ ئەپچڕێت. لە خەوما خۆم وەکو دڕندەیەک دێتە بەرچاو کە ددانی درێژ و تیژم گڕ کردوونەتەوە و گاز لە لەشی خۆم ئەگرم.

لە کتێبێکی (علم النفس) حاڵەتێکی وەکو هی خۆم، هاتبوە بەرچاو و بۆ عیلاجی ئەم جۆرە حاڵەتانە. هەر ئەم ڕێگایە هەیە، یان ئەبێ بە نووسین، یان بە دەنگدان، ئەم بیرانە لە دڵی خۆم ببەمە دەرەوە.

منیش وام بەباش زانی کە ئەم چەند دێرەت بۆ بنووسم. لە بەینی من و خۆت باشترە لەوەی عالەم و کۆمەڵ هەستدار بێت و شتەکە بزرێت.

کاکە برا، ئێمە لە کوێ ئەژین، لەم عەصرە کەی چارەسەری تاوان بەم ڕەنگ کراوە، بێ گومان ئەزانیت کە هەموو زانا و ڕۆشنبیرانی جیهان دژی ئەم ئسلوبەن لە مکافحە و نەهێشتنی تاوان هەموو زاناکانی کۆمەڵایەتی و قانونی لەسەر ئەمە ڕێکن کە تاوان (جریمە) هۆ و پاڵپێوەنەری هەیە و لە هەندێ وڵاتان تەنانەت بەندیخانەش کراون بە تیمارخانە و قوتابخانە و کتێبخانە، بۆ چارەی تاوان و تاوانباری، ئەوەیان لا ڕوونە کە تاوان لەسەر بنجی نەخۆشی ڕواوە و چارەسەری نەخۆشییەکە چارەی تاوانەکەشی پێوەیە.

کاکە شێخ ڕەزای عەزیز

وابزانم پێویست بەوە ناکات کە بچمە ناو دەریای زانست و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە، چونکی لە وەختێکا کە من لەم ڕووەوە، کەموکوڕیم هەیە، گومانم نییە تۆش لە من شارەزاتری و لە من دڵپاک و دڵسۆزتری بۆ گەل و نیشتمانەکەت، بۆ مرۆڤایەتی بە تێکڕایی.

بڕوام پێ بکە. مرازم لەم نووسینە مناقشەی تیوری زانستی و دەرسدان نییە و تەنیا غەرەزم هەر ئەوەیە، کە دەروونی خۆم ڕوون و پاک بکەمەوە و پەستی و نالەباری و پەشێوی بڕەوێنمەوە.

بە ئومێدی ئەوەی لەم کابوسە ڕزگاربم کە (١٠) دە شەوە تووشم هاتووە، بەهیوای ئەوەی ساتێک بە حەساوەیی چاوم بچێتە خەو و جستوجۆی ئەو دەروونە شۆڕشی بیری ئاڵۆزاومی پێ دابمەزرێنمەوە.

ئیتر هەر بژی بە سەرکەوتوویی و سەربەرزی

لەگەڵ ڕێزی برای بچووکت: محەمەد مەولود (مەم)



شێخ ڕەزا گولانی

ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نووسەرانی کورد و سەرەکی نووسینی گۆڤاری (هەولێر)

* شێخ ڕەزا گوڵانی پێش وەفاتکردنی بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی بووە و یەکێک بووە لە پێشمەرگە دێرینەکانی شۆڕشی ئەیلول (نازەنین کەریم بەگی موغاغی) خواستووە و دوو کوڕ و دوو کچی لێی بووە (سورێن، سەفین، سۆزان، ئەڤین).

شێخ ڕەزا لەدوای ڕێکەوتنی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ کرا بە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر. لەساڵی ١٩٧٣ کە گواسترایەوە بۆ سلێمانی.

شە وی ١٩٧٤/٣/١٠ کاتێک گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم سەرکەوتوو نەبوو، هەموو زیندانیانی ئازادکرد و پۆلیسەکانی شار و خەڵک سەعات سێی شەو رایانکرد بۆ ئەزمر و گردی کوران و شارباژێرو چووە باراو. لەوێش ڕژێمی وازی لێ نەهێناو فرۆکەی نارد بۆمبارانی باراوی کرد.

*** سەرچاوە: نامەکانی (مەم) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٢**

# بەدووا داچوون و چەند ڕاستکردنەوەیەک

لە ژمارەی (١٩)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٢)ی گـۆڤـاری دیـوان دۆسـیـەیـەکـی بـۆ حـەمـەجـەزا کردووەتەوە، کە چەند کەسێک نووسینیان هەیە، بە باشم زانی چەند ڕاستکردنەوەیەک ئاماژە پێبکەم، کە بە هەڵە نووسراون.

بە حوکمی برادەرایەتیم لەگەڵ کاکە حەمە لە کاتی هاتنی بۆ هەولێر لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکان تاکو کۆچی دوایی ئاگاداری هەموو کارە هونەرییەکانیم و زۆرینەی ئاهەنگەکانی خۆم تۆمارم کردوون و ماون.

لە لاپەڕە (٢٤) د. عەبدولواحید ئیدریس بابەتێکی بەپێزی نووسیوە، چونکە ئەو زۆر دۆستایەتی لەگەڵ کاکە حەمە هەبوو، ئاگاداری ژیانی بوو، زۆر تایبەتمەندیشی پێداوە، لە لاپەڕە (٢٥) نووسیویەتی لە ئاهەنگی یاریگەی هەولێر (دەمگریّ – هێمن)ی گوت، لە نەورۆزی (١٩٧٦) لەگەڵ چەند گۆرانییەکی دی. ڕاستییەکەی ئەو ئاهەنگە لە (١٩٧٧/٣/٢٤) کرا، کە خۆم تۆمارم کرد.

لە لاپـەڕە (٢٦)ش دەڵـێـت سـاڵـی (١٩٨٠) لـە یـادی دامەزراندنی ئێستگەی کوردی بەغدا بەشداری کرد، بەڵام ئەو ئاهەنگە لە (١٩٧٩/١١/١٥) کرا لە بەغدا، ئەویش خۆم تۆمارم کرد و لەگەڵ هاوڕێم (نازم دڵبەند) چووین بۆ بەغدا.

هەر لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێت حەمەجەزا و تایەر تۆفیق ئامادە نەبوون گۆرانی بۆ ڕژێم بڵێن، بۆیە گۆرانییان لیّ قەدەغەکرا، بەڵام نە حەمەجەزا و نە تایەر تۆفیق گۆرانییان لیّ قەدەغە نەکراوە، بە حوکمی ئەوەی تۆمارگەم هەبوو، چونکە هەر گۆرانیبێژێک گۆرانی قەدەغە کرابووایە، بە نووسراوی ڕەسمی بۆمان دەهات.

لە لاپەڕە (٢٨)دا کاک ناسری ڕەزازی دەڵێت: چووم بۆ هەولێر لە ماڵی کاک حەمەجەزا میوانداری کرام ساڵی (١٩٨٠) من و حەمەجەزا کاسێتێکمان تۆمارکرد، بەڵام ئەو کاسێتە لە (١٩٧٩/١٠/٢٩) بوو، ئەو ئێوارەیە ناسر و حەمە هاتنە لای من لە تۆمارگە حەمە تۆمارکارێکی ( ئەکای ـ AKAI) بەکرە و تۆمارکارێکی (سانکۆ ـ SANKO)ی کاسێتی برد ناسریش وێنەیەکی خوالێخۆشبوو (ڕەسوڵ گەردی)ی برد، کە من وەکو دیاری پێشکەشم کرد.

لە لاپەڕەی (٣٢) کاک (وریا ئەحمەد)یش بابەتێکی هەیە، کە باسی ئاهەنگەکەی ساڵی (١٩٩١) دەکات دوای گەڕانەوەی کاکە حەمە و هاتنی بۆ هەولێر لەگەڵ گەیشتنی کاکە حەمە سیّ شەو لای من ماوە و فیکرەی ئاهەنگەکە، هی من بوو، کە لە (١٩٩١/١٠/٣) لە یانەی مامۆستایان سازکرا کاک وریا دەڵێت: ئامێری دەنگ (نەجات جەوهەر و سیروان) دایاننابوو، ڕاستییەکەی ئامێری دەنگ (ئەمجەد ئەسعەد) دایـنـابـوو، خـۆشـم هـەمـوو ئاهەنگەکەم تۆمارکرد، بەداخەوە کاک وریا ئاماژەی بە تۆماری من نەکردووە، وێنەکانی پرۆڤەش، کە لە هۆڵی (گەل) دەکرا کامیرای خۆم بوو، ئاهەنگەکەش تایبەت بوو بە تیپی هونەری هەولێر.

لە کۆتاییدا کاک ڕزگار خۆشناو-یش بابەتێکی نووسیوە لە لاپەڕە (٢١) دەڵێت: (عەشق و ئازادی) کە شیعری (م.هێمن)ە ئەو شیعرە (هێمن)ی بە خەڵکی کوردستانی باشوور ناساند، ئای کە چ غەدرێکە (هێمن) لە باشوور ناسراوتر بوو، وەک لە ڕۆژهەڵات کەسێک هەیە لە ئێمە شیعری (گەر چی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن)ی ئەزبەر نەبێت (ساقیا وا بادەوە) کە مامۆستا تایەر تۆفیق لە (١٩٧٦/١٢/٢٦) لە هۆڵی (گەل) گوتوویەتی.

ئـەدی (ڕۆژی شـادی ـ ماچی شیرین ـ هێلانەی بەتاڵ ـ نەورۆزی ڕزگاری) کە هەمووی (م. تایەر) گوتوونی، ئەدی شاکارەکانی (مامڵیّ) کە شیعری (هێمن)ن.

ڕقی پیرۆز (م. تایەر) ساڵی (١٩٧٤) گوتوویەتی زۆری تر.

تا ئەمڕۆکەش زۆر خەڵک دیوانی (تاریک و ڕوون ـ عەشق و ئازادی) چنگ نەکەوتووە.

لە کۆتاییدا دەستخۆشی بۆ گۆڤاری (دیوان) کە لە بەسەرکردنەوەی کەسانی گەورە و شایان کەمتەرخەم نەبووە.

جیهانبەخش کۆیی

نازم دڵبەند

# مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی

کەسانێک هەن لەم هەولێرە وەکو ناسین و خۆناساندن دووربوونە لە ڕۆشناییەکانی قەڵەمی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران، هەرچەندە لای خەڵک لە شەقام و گەڕەک و نێوشار شوهرەتێکی زۆریان هەیە.

هەندێکیان بەنازناوێک دەناسرێنەوە، ئەگەر ئەو نازناوە بەناوە ئەسڵییەکەی خۆیانەوە نەبێت، بە زەحمەت دەناسرێنەوە.

من وەکو خۆم، کەم و زۆر لەسەر ئەو کەسانەم نووسیوە، بەڵام پێموایە تا ئێستە ئەو حەقەی خۆیانم پێنەداوە، بۆیە وەک ئاوڕدانەوەیەک و پڕکردنەوەی ئەو ناحەقیەم دەرهەق بەم کەس و کەسایەتیانە، لەسەر پێشنیازی سەرنووسەری گۆڤاری (دیوان) بڕیاری نووسینیدا.

لە دەستپێکی ساڵی تازە و لەم بنمیچەی ئەم گۆڤارەوە ئەو کەسایەتییە جوانانە و نازناوەکانیان، لەم هەولێرە زیندوو بکەمەوە، چونکە بێشک ئەو نازناوانەیان دوای داهێنانێک، یان بە بنەماڵە و هەڵسوکەوتێک بەناوەکانیاندا لکاوە و بۆشیان بووەتە بەشێک لە خۆشویستنیان لای خەڵک.

هەندێک لەو مەلا و پیاو ماقوڵانەی باسیان دەکەین هیچیان کەمتر نەکردووە لەوانەی لەبواری نووسین و هونەر و داهێناندا کردوویانە و ناوێکیان بۆ خۆیان جێهێشتووە، کە لەنێویاندا هەیە هەر لە حوجرەکەی خۆیەوە توانیویەتی کتێبخانەیەک بونیاد بنێت و ڕەفەکانی تژی بێت لە دەستنووس و کتێبی چاپکراو.

یەکێ لەوانە مامۆستا (مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی)یە، کە ڕەنگە تا ئێستەکەش خەڵک و خوا ئەو کەسایەتییەیان هەر بە مزگەوت و خواناسی ناسی بێت، بەڵام ئەوەتا دەچینە نێو ئەرشیف و ژیان و داهێنان و ئەدەبیاتی ئەم پیاوە، کە بێجگە لەوانەی لە سەرەوە باسمان لێوە کرد، مامۆستا (مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی) کەسایەتییەکی دیکەی داهێنانە.

ئەمەش غەدرێکی گەورەیە لەم زانایە کراوە، کە تا ئێستە (٢٧) کتێبی هەیە، کە هەندێکیان چاپکراون، بێجگە لە پاراستنی ژمارەیەک دەستنووس، کە لە مزگەوتەکەی پارێزراون، منیش ئەمجارە بە یاوەری (حاکم عەبدولباست



مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی

فەرهادی)ی کوڕی بە ڕێچەکەی ئەم گۆشەیەوە دەڕۆم و لە دەرگای مەقامی مزگەوتی مامۆستا دەدەم و کتێب و دەستنووس و سەربردەی ژیانی ئەم کەسایەتییە هەڵدەدەمەوە.

نازناوی (فەرهاد) لە باوکەوە بۆ هەر پێنج براکە (محەمەد و صادق و عەبدولڕەحمان و ئیبراهیم و عەبدوڵلا) ماوەتەوە و تا هەنووکەشی لەگەڵدا بێت ئەم نازناوە بووەتە ڕەسەنایەتی بۆ نەوەکانیان و نازناوی ماڵباتەکەیان، بۆیە (مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی)یش کە لە ساڵی (١٩١٨) لە گوندی (لهێبان) لەدایکبووە، ئەو نازناوەی هەڵگرتووە و بۆ کوڕ و نەوەکانیشی جێهێشتووە، ئەو کەسایەتییە قەدەری خوا وایکردووە لە ساڵی (١٩٢١) باوکی ماڵاوایی بکات، بەڵام ئەو دانامێنێت و لەلای براکانی دەستی بە خوێندن کردووە و لە دەشتی هەولێر و کۆیە و خۆشناوەتی توانیویەتی (٧٣) قوتابخانەی ئایینی بگەڕێت، بۆ زیاتر فێربوونی پسپۆڕایەتیە ئاینییەکان، ئینجا بۆ تەواوکردنی خوێندن چووەتە کەرکوک و بەغدا، کە ئەوکات دەگمەن بوو (فەقێی کورد) بچێتە بەغدا.

لەسەر دەستی هەریەک لە: (شێخ ئەمجەد زەهاوی و شێخ سلێمانی ئەرزەڕۆمی و شێخ محەمەدی قزڵجی) کە دەکاتە مامی نووسەر و چیرۆکنووسی کورد (حەسەنی قزڵجی) خوێندوویەتی، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەو لە بەغدا فەقێی (شێخ ئەمجەدی زەهاوی) بووە، لەوکات و سەردەمیدا لەگەڵ خۆیدا (فەرهادی) بردووە بۆ (یانەی سەرکەوتنی کوردی ـ نادی الارتقاء الکردی) کە (مەعروف جیاوک) پەرلەمانتاری کورد لە سەردەمی (مەلەکی) ڕۆڵی کارای لەم یانەیەدا هەبووە.

هەروەها توانیویەتی (ئیجازەی دوازدە عیلمی و شەرعی و زانستی



**لە ڕاستەوە: حاکم عەبدولباست فەرهادی، دکتۆر ئەحمەد فەرهادی، مەلا عەبدوڵڵا عومەر فەرهادی، محەمەد فەرهادی**

فەرموودەیی) لەو زانایانە و (عزەدینی مەلا ئەفەندی) وەربگرێت، لە ساڵی (١٩٥٩) یەکێتیی زانایانی کوردی لەگەڵ چەند مامۆستایەکی ئایینی دیکە لەبوارە جیاجیاکانی زانستە شەرعییەکان و ئەدەب و مێژووی دامەزراندووە، دۆستی نزیکی (گۆران)ی شاعیر و مامۆستا (جەمال نەبەز)یش بووە.

(فەرهادی) لە پسپۆرایەتی خۆی و بابەتی دی تا ئێستەکە (٢٧) کتێبی نووسیووە و زۆربەشیانی چاپ کردووە، سەرباری چەند دەستنووسێکی دیکەی، کە لە کتێبخانەی مزگەوتەکەی پارێزراوە.

ئەم کەسایەتییە هەمیشە بایەخی بە بەهرەی خۆیداوە، لە ساڵی (١٩٤٦) لە بەغدا بەشداری تاقیکردنەوەیەکی لە پسپۆرایەتی خۆی کرد، لەسەر ئاستی عێراق پلەی دووەمی بە دەستهێنا، لە ساڵی (١٩٤٧)یش یەکەم (مەلا) بووە لە هەولێر، کە بە (اراده الملکیه) بە (واعظ) بە مووچەی مانگانەی (٥) دینار دامەزراوە، هەروەها لەبواری شیعر نووسینیشدا (فەرهادی) قەڵەمێکی کارا بووە، ئەوەتا دەستنووسێکی دیوانە شیعری بەناوی (مێرغوزار) هەیە، کە (دکتۆرە ساجیدە)ی کچی خەریکی نووسینەوە و ئامادەکردنیەتی بۆ چاپ، بریتیە لە شیعری ئایینی و نیشتمانی.

(مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی) ئەو کەسایەتییە کوردە هەولێرییەیە، کە لە ساڵی (١٩٧٥) بەشداری لە پێشبڕکێی قورئانی پیرۆز لە (سعودیە) کرد و لەسەر ئاستی وڵاتە ئیسلامییەکان پلەی یەکەمی بە دەستهێنا، ئەوەش وایکرد ببێتە میوانی (مەلیک خالید ئال سعود) کە ئەوساکە مەلیکی وڵاتی (سعودیە) بوو.

ئەو زانا ئاینییە لەبەر شارەزایی لەبواری (تەسەوف) بووە بە یەکێ لە ئەندامانی لێژنەی گفتوگۆ لە زانکۆی (سەڵاحەدین) بۆ دکتۆرانامەکەی (دکتۆر ئیبراهیم ئەحمەد شوان) لە پاڵ (دکتۆر مارف خەزنەدار) لەسەر تێزی دکتۆراکەی لەسەر (مەحوی) شاعیر.

بێجگە لەم بوارانەش (مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی) لەگەڵ هەموو مەینەتی و کارەساتەکانی

## یەکەم مەلای هەولێر بوو بە پێنج دینار دامەزراوە

میللەتەکەی ژیاوە و دەستیگرتوون، بەتایبەت لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا یارمەتی ئاوارەکانی (قوشتەپە) و (بادینان) و (جێژنیکان)ی داوە، ئەویش بە بانگهێشت کردنی خەڵکی خەمخۆری شارەکە بۆ مزگەوت و ماڵەکەی خۆی و هاندانیان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاری و ناردنیان بۆ ئەم شوێنانە، بۆیە یەکێ لە جارەکاندا ئەو پیکابەی، کە ویستی شتەکانی پێ بنێرێت ترسا و گوتی:

مامۆستا دەگیرێم

ئەویش گوتی: خۆم لە پێشەوەی پیکاب سوار دەبم.

لەکاتی گەیشتنیان بۆ بازگەی (بەحرکە) ئەمنەکان ڕێگرییان لێکردبوون، کەچی ئەو سوور بوو لە گەیاندنی هاوکارییەکان و پێی گوتبوون:

بەو سەر و مێزەرە و ڕیشە سپییەوە فەرموون بمگرن، خۆ من لە ئەنفالکراوەکان زیاتر نیم.


ئەمنەکان ناچار بوون ڕێیان پێدا و هەموو پێداویستییەکانی گەیاندە شوێنی خۆی.

(مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی) لە کارەساتی کیمیابارانی (هەڵەبجە) و تێکدانی گوندەکانی کوردستان، لە یەکێ لە وتارەکانی هەینی، زۆر بە تووڕەیی گوتی: (إنا من المجرمین منتقمون)

یەکسەر لەسەر مینبەر هاتە خوارەوە، یەکێ لەوانەی بۆ چاودێری مزگەوت دانرابوو عەرەبێکی خەڵکی (دێڵتاوا) بوو، دوای وتارەکە هاتە لای و گوتی: (دخیلک شیخ ما ترحم نفسک ارحمنی، عندی کومە اطفال اذا ما ابغ عنک اکو اکراد یوصلون کلامک سکوتی عنک)

دواجار دوای نەخۆشیەکی درێژخایەن لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٠/١٠/٤) ماڵاوایی کردووە و لە گۆڕستانی (معمل قیر) نێژراوە.

لە دەفتەری نەمریدا



# پ.د. ئازاد عوبێد ساڵح

## ١٩٥٥–٢٠٢٢/١٢/٢٧

له پایزی ساڵی ١٩٥٥ له گوندی (زیارەتی گەورە)ی بناری چیای سەفین له هەولێر له دایکبووه.
ساڵی (١٩٦٢-١٩٦٣) چووەته قوتابخانه و قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندەیی، له هەولێر تەواوکردووه.
ساڵی (١٩٧٦) بەشی ئەدەبی له قوتابخانەی دواناوەندی هەولێری ئێواران تەواوکردووه.
ساڵی (١٩٩٧) بەکالۆریۆسی له بەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین هەولێر وەرگرتووه.
* ساڵی (٢٠٠٣) ماستەری له مێژووی نوێ وەرگرتووه و نامەی ماستەرەکەیشی بەناوی (کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەوانیی کوردی لەباشووری کوردستاندا (١٩٦١-١٩٧٥) بوو، له بەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین.
* ساڵی (٢٠٠٩) بڕوانامەی دکتۆرای لەمێژووی نوێ و هاوچەرخ لەهەمان زانکۆ بەپلەی (زۆر باشەی باڵا) وەرگرتووه، نامەی دکتۆراکەشی بریتی بوو له (ڕۆڵی سیاسیی و کارگێڕیی و ڕووناکبیریی مەعرووف جیاووک ١٨٨٥-١٩٥٨)
* له (١٧)ی تشرینی دووەمی (١٩٧٦) له وەزارەتی کشتوکاڵ- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر بە فەرمانبەر له شارۆچکەی هەریر دامەزراوه، تا مایسی ساڵی (٢٠٠٥) لەو فەرمانگەیه له بواری کارگێڕیی و دارایی و ڕووپێوی و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی کاری کردووه و دواپلەی (شارەزا)
لەدوای ڕاپەڕینەوه لەشوباتی: (١٩٩٢)ەوه له ڕۆژنامەی: (ئاڵای ئازادی) حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەستی بەکاری ڕۆژنامەوانی کردووه، تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٦
* لەنێوان ساڵانی: (١٩٩٧- ٢٠٠٥) تا ژمارە: (٢٣)، بەشداری سەرەکی بووه لەدەرچوونی (گۆڤاری کشتوکاڵ) له وەزارەتی کشتوکاڵ.
* له ڕۆژنامەکانی (دەنگی میللەت، یەکبوون، ڕزگاری، نیشتمان)یش وەک نووسەر و بەڕێوەبەری نووسین کاری ڕۆژنامەوانی کردووه.
* له ژمارە یەکەوه وەک دەستەی نووسین و سکرتێر و بەڕێوەبەری نووسین له گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کاری کردووه.
* لەساڵی: (١٩٩٢)ەوه ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد_ لقی هەولێره.
* ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانه.
* ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی مێژوویی کوردستانه.
* ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانه.
* لەنێوان ساڵانی (٢٠١٣_ ٢٠١٨) بەشداری له زیاتر له (٥٠) پەنجا لیژنەی زانستیدا کردووه، له دیارترینییان لیژنەکانی: (بەرزکردنەوەی پلەی زانستی کۆلێژ، لیژنەی زانستی و خوێندنی باڵای بەشی مێژوو)

* سەرپەرشتی (٥) نامەی ماستەر و (١) تێزی دکتۆرای کردووه و تاوتوێی ( ١٣) نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای کردووه.

**بەرهەم و چاپکراوەکانی:**

- ئارشاک پۆلادیان-ی ڕۆژهەڵاتناس، کورد له سەرچاوه عەرەبییەکاندا، وەرگێڕانی له عەرەبییەوه، له بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٠، ٢٠٢لاپەڕه.
- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و ئازەر له ئێران، وەرگێڕانی له عەرەبییەوه، له بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ٩٥لاپەڕه.
- د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کورد و کوردستان له کۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا، وەرگێڕانی له عەرەبییەوه، له بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ١٧٥لاپەڕه.
- کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەوانی کوردی له باشووری کوردستاندا (١٩٦١-١٩٧٥) له بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧. ماستەرنامەکەیەتی.
- تاریق محەمەد ڕەحیم، ف. مینۆرسکی ڕۆژهەڵاتناس نووسراوه مێژووییەکانی لەبارەی کوردەوه هەر له سەردەمی ئیسلامەتییەوه تا سەرهەڵدانی خەلافەتی عوسمانی، وەرگێڕان، له بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان -بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوه، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.
- خەباتی سیاسیی و پێشمەرگایەتی شەهید مەئموون دەباغ، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩.
- الاثار الكامله للدكتور احمد عثمان ابوبكر، اعداد، جزوين، مركز ژين احيا و التراث الصحفيى و الوثائقى الكردى، الطبعه الاولى، سليمانيه، ٢٠١٠.
- سەرجەمی بەرهەمی مەعرووف جیاووک، ئامادەکردن، له بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠١١، ٧٨٢لاپەڕه.
- ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕیی ڕووناکبیریی مەعرووف جیاوک-١٨٨٥-١٩٥٨ له بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ٤٢٨لاپەڕه.
- ژیان وتێکۆشانی مەلا محەمەد شەریف عوسمانی ڕەنگەڕێژانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.
- مێژووی ئاڵای کوردستان.



# عومەر چاوشین

## ٢٠٢٣/١/١٥-١٩٤٢

لە ساڵی ١٩٤٢ لە گەڕەکی گۆیژەی سلێمانی لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٦٧ لە تیپی نواندنی سلێمانی بووەتە ئەندام. زۆربەی جار ڕۆڵی ئافرەتی بینیوە. لەگەڵ هونەرمەند مەکی عەبدوڵڵادا. کۆمەڵێک چیرۆکی تەمسیلییان بۆ تەلەڤزیۆنی کەرکووک دەرکردووە. لە ڕۆژی ١٥-٠١-٢٠٢٣ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

لەو بەرهەمە هونەرییانە بەشداری کردووە: - پیسکەی تەڕپیر - جەنابی موفەتیش - ژن بە ژن - ماوتە کاولی کەی - شایی خوێناوی - گۆڕ هەڵکەن - مشتەی ناو هەمانە - مەکری ژنان - لە چایخانەدا - بلیت و زاوا - کرێ گرتە - مەلموس - قڵیشایەوە - کێچ - سێ گوڵی ژاکاو - شێخی تەپڵە ڕەش - دڵۆپی خوێن - مامە خەمە

# سالۆنی لاپەڕە (٩)




## مانگرتنەکانی ساڵی ١٩٩١

ڕۆژی ٢٠٢٢/١٢/٢٤ لەسالۆنی لاپەڕە نۆی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی کۆڕێک بۆ ناساندنی کتێبی (مانگرتنەکانی ساڵی ١٩٩١) وەک یەکەم ئەزموونی خەباتی مەدەنی لەدوای ڕاپەرینی گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە نووسینی د.سەروەر عەبدولڕەحمان بەڕێوەچوو.

لەکۆڕەکەدا د. سەروەر عەبدولڕەحمان باسی لەناوەڕۆکی کتێبەکەی کرد و گوتی: کتێبەکە باسی مانگرتنەکانی ساڵی ١٩٩١ دەکات کە وەک یەکەم ئەزموونی دیموکراسی، یان خەباتی مەدەنی لەدوای ڕاپەرینەوە نوسراوە، کە پێکهاتووە لەتوێژینەوەیەک و ئەو دیکۆمێنتانەی، کە تایبەتن بەم ڕووداوە گرنگەی ئەوکات.

## فیلمی (لالش پەرستگای ئێزیدیەکان)




فیلمی (لالش پەرستگای ئێزیدیەکان)
ڕۆژی ٢٠٢٣/١/٧ لە سالۆنی لاپەڕە نۆی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان فیلمی (لالش پەرستگای ئێزیدیەکان) لەئامادەکردن و سیناریۆ و دەرهێنانی هونەرمەند تەنیا کەریم و وێنەگرتنی هونەرمەندی سینەماکار عەدنان عوسمان شاناز نمایشکرا.
لەسەرەتادا فیلمەکە نمایشکرا، کە فیلمێکی دیکۆدرامییە و باس لە مێژوو و ئایین و کلتووری ئێزدییەکان دەکات، کە لە نێو پەرستگای لالش و ئەو کەشوهەوا ئایینیەی، کە پەیڕەوانی ئایینی ئێزیدی لەهەرێمی کوردستان تێیدا پەیڕەوی دەکەن.
هەریەک لە هونەرمەندا ئیبراهیم ڕەمەزان کاریتانی و کەنار ستار وەک دوو ئەکتەر کاری نواندنیان تێیدا کردبوو.

## هەولێر لە بیرەوەرییەکانم-دا



ڕۆژی ٢٠٢٣/١/١٤ لە سالۆنی لاپەڕە (٩) کۆڕێک بۆ دکتۆر جەمشید حەیدەری، بەناونیشانی (هەولێر لە بیرەوەرییەکانم)دا ڕێکخست، کە تایبەت بوو بە ساڵەکانی ١٩٤٥ تاکو ١٩٦١، سەبارەت بەوەی، کە بۆ ١٩٤٥ دیاریکردووە گوتی: ئەوە سەرەتای ئەو ساڵانەیە، کە لە بیرەوەری مندا ماون و لەبیرمە، کە ئەوکاتە هەولێر شارێکی بچووک بوو، پێکهاتبوو لە قەڵای هەولێر و خانەقا و گەڕەکی عارەبان، سەیداوە و سێتاقان، تەیراوە و تەعجیل، لەو چوارچێوەیەدا باسی لە ئەزموون و کارکردنی خۆی کرد، وەک یەکەم بیرەوەریش، کە یادیەوەریدا تۆمار بوو بێت و باسی کرد، ئەو بیرەوەرییە بوو، کە بەچاوی خۆی ئەو ئاهەنگەی بینیوە، کە لەبەردەم قشڵەی هەولێر بە بۆنەی کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی گێڕدراوە.

# بە دەستنوێژەوە!

قسەیەکی باو هەیە دەڵێت هەمیشە
سەرکەوتووەکان مێژوو دەنووسنەوە، بە مانایەکی دیکە
ئەوانە مێژوو دەنووسنەوە کە سەرکەوتوون و بەو جۆرەش دەینووسنەوە کە
خۆیان دەیانەوێت!

بەدرێژایی مێژوو، یەکێک لە کێماسییەکانی کورد نەبوون یان فەوتانی مێژوویەتی، زۆرجار دەگوترێت داگیرکەرانی کورد نەیانهێشتووە کورد ببێتە خاوەنی مێژوو، ئەوەی هەشیبووە فەوتاندوویانەو لەناویان بردووە، هۆکاری هەموو ئەمانە نەبوونی کیان و حوکمڕانی کوردی بووە!

لەم دواییانە، دوای دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تێپەڕبوونی زیاتر بە سێ دەیە بەسەر تەمەنی ئەم حکومەتە، وردە وردە، لەملاو لەولا بەشێک لە سەرکردە سیاسییەکان، نووسەران و بەشداربووانی ئەم خەباتەی گەلی کورد خەریکی نووسینەوەی مێژوون! هەریەکەو لە دیدگای خۆی.

ئەوەی لەم وتارە دەمەوێ باسی بکەم بریتی نییە لەوەی کێ و چۆن ڕووداوەکان دەگێڕنەوە! مەبەستیشم نییە بڵێم زۆرینەی ئەوانەی ڕووداوەکان دەگێڕنەوە لە هەوڵی بە فریشتەکردنی خۆیان و بە شەیتان کردنی بەرامبەرەکانیانن، ئەمە ڕوون و ئاشکرایەو هەر ئەوەشە وامان لێدەکات بڵێین بەڵێ ڕاستە سەرکەوتووەکان مێژوو دەنووسنەوە.





لەم ماوەیەدا دیاردەیەکی تر لەنێو کورد پەیدابووەو جێی دڵخۆشییە، ئەویش کۆکردنەوەو چاپ کردنی ژمارەیەک بەڵگەنامەو نامەی نێوان سەرکردەکانە، ئەمە جێی دڵخۆشییەو بەشێکە لەپاراستنی مێژووی کورد، لەدواجاردا ئەم نامەو دیکۆمێنتانە دەبنە سەرچاوەی گرنگی مێژوویی و بەشێکی مێژووی ئەم گەلە.

ئـەوەی جێی پرسیارو هەڵوەستەکردنەو دەمـەوێ لەسـەری بدوێم ئیشکردنە بە دەستنوێژەوە!

لە کوردەواریـدا زۆرجـار دەگوترێ بە دەستنوێژەوە شت بکە یان ئاگات لە پانایی بێ، ئەمە لەوانەیە بۆ ژیانی ڕۆژانەو ئیدارەدانی خەڵک ئاسایی بێت و تاڕادەیەکیش ڕاست بێت، بەڵام لەنووسینەوەی مێژوو و بڵاوکردنەوەی بەڵگە شتێکی هەڵەیەو زوڵم کردنە لە مێژوو.

بۆ نموونە کاکی نووسەر لەگێڕانەوەی یاداشتەکانیدا بە دەستنوێژەوە شتی نووسیوە، ئەوەی لەژیاندا مـاوەو ترسی هەیە لـەوەی وەڵامی بداتـەوە زۆر بە سادەیی باسی کـردووە یان خـۆی بـواردووە لەو ڕووداوانەی پەیوەستن بەکابرای زیندوو، لە بەرامبەردا هیچ ڕەحمێکی بەوانە نەکردووە کە مردوون و لەژیان نەماون.

یان لە بڵاوکردنەوەی دیکۆمێنتەکان ناوی ئەو کەسانەی ڕەش کردۆتەوە کە لەژیان ماون و لەوانەیە ئەوانیش دیکۆمێنتی تریان لەلابێت، بەڵام ئەوەی مردووەو لەژیان نەماوە هەموو شتێکی بڵاوکردۆتەوە.

بەکورتییەکەی ئەگەر کەسێک چووە ژێرباری ئەوەی بڕیاربدات کۆمەڵێک دیکۆمێنت بڵاوبکاتەوەو خزمەتێک بەمێژووی کورد بکات، دەبێ بەبێ سڵەمینەوە لەهیچ شتێک و بەبێ ڕتوش کردن یان لابردنی هەندێک شت کارەکان ئەنجام بدات و بڵاوی بکاتەوە، ئاساییە لەبەر ڕوونەدانی کێشە یان دروستبوونی قەیرانی سیاسی هەندێک لە بەڵگەکان بڵاونەکاتەوە، بەڵام کە بڵاوی کردەوەو ڕتووشی کرد واتا زوڵم لەمێژوو و ڕووداوەکان دەکات و بە ئەمانەتەوە کارەکەی ئەنجام نەداوە!

هەمان بابەت بۆ نووسەریش ڕاستە، ناکرێ کە بڕیاری دا باسی قۆناغێک بکات خۆی لەهەندێ بابەت بدات و هەندێکیش باسی نەکات، لە بنەڕەتدا دەکرێ یان باسی نەکات یان کە باسی کرد هەموو بەشەکانی بخاتەڕوو.

ماوەتەوە بڵێم، نووسینەوەی مێژوو و بڵاوکردنەوەی دیکۆمێنتەکان کارێکی گەورەیەو بەشێکە لەمێژووی گەلەکەمان و خەباتی ئەم گەلە، بەڵام زوڵمە لەمێژوو کەسێک بڕیاری دا ئەم کارە بکات بە دەستنوێژەوە بیکات و خاترو خترو بەرژەوەندی لەبەرچاو بگرێت.

**مەسعودی مەلا هەمزە**